رۆمان

# ژانی ژینگه

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

کوردستان – هەولێر
٢٠٠٦



**ناوی کتێب: ژانی ژینگه**

– نووسینی: سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر
– نەخشەسازی ناوەوە: ۆران جمال رواندزی
– بەرگ: سەیوان سەعیدیان
– سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
– ژمارەی سپاردن: ٣٩٩
– تیراژ: ١٠٠٠ دانە
– چاپی یەکەم ٢٠٠٦
– نرخ: ٢٥٠٠ دینار
– چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب –٦٥– (١٦٨)

PDF4Kurd

**ناونیشان**
دەز  ای چاپ و بڵۆکردنەوەی موکریانی
پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.co
ژمارەی تەلەفۆن : 2260311
www.mukiryani.com

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| بەرچاوکە ........................................ | ٥ |
| سیّ دز ........................................ | ٧ |
| ماینی کەوێت و توولە ........................................ | ١٤ |
| شێخی گەورە ........................................ | ٣٩ |
| ڕاو ........................................ | ٤٧ |
| سەلۆ ........................................ | ٦٣ |
| تۆبزاوە ........................................ | ٧١ |
| سواری ئەسپ شیّ ........................................ | ٧٧ |
| حیزبگیری ........................................ | ٩١ |
| مەیدانی ژنان ........................................ | ١٠٣ |
| دەڵێن ........................................ | ١١٥ |
| سوارە و سینەم ........................................ | ١٢١ |
| دێوە کوێر ........................................ | ١٣١ |
| بارانی رەش ........................................ | ١٤٤ |
| ژانی ژینگە ........................................ | ١٥٥ |
| رەحۆ تەڕنابێت ........................................ | ١٦٥ |

## بەرچاوکە[1]

لەسەردەمی شارستانییەتی جەنجاڵ و ئەفسانەی ئەنتەرنێت و دێوی ئەتۆم و تۆڕی جیهانگەری و نوێگەریدا، منی دێرین پەرست، خەونم بە سەردەمی راو و رەوەندایەتی و دێو و درنج و شێر و تیرەوە دیوە... لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا کە هێشتا قۆناغی خوێندنی سەرەتاییم نەبڕیبوو، محەمەد بەربەیار ناوێك، ئەوکاتە پێشمەرگەبوو و لە ژێر تاوڵێك لە گوندی میرزاغا — قوشتەپە — دەشتی هەولێر- لە زەماوەندێکدا لاوکی زۆر چاکی دەگوت و ناوە ناوەش قسەی خۆش و بەسەرهاتی سەیر و چیرۆکی وای دەگێڕایەوە کە خەڵکەکە هەموویان بە حەپەساوییەوە دەمیان داپچڕیبوو و چاویان بڕیبووە دەمی، یەکێك لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی بە ناوی ((سێ دز و ماینێ کەوێت) بوو، ئەگەر لە یادم مابێت لە ژێر دەوارەکەدا فارس باوە و سەید کاکە و عومەرە رەش و سمکۆ عەلی و ئەحمەد دۆشکە و محەمەد بچکۆڵ و مام غەفە و مەحموود عەدۆ و جەوهەر قەهار گەلاڵی و یاسین کەردزی و... زۆری دیکەش دانیشتبوون.

((کەوێتی دامەنتاری)) م - کە کۆمەڵە ئەفسانەیەکی بیانییە بەڕێز پ. د. عەزیز گەردی لە ئینگلیزییەوە کردوویەتیە کوردی—خوێندەوە (سێ دز و ماینێ کەوێت) لە یادگەمدا چەکەرەی کرد و هەڵتووتایەوە، وردە وردە زۆربەیم بە ڕوونی و هەندێکیشیم لە لێلاییدا وەبیر هاتەوە، لە پێشدا نەموێرا خۆم لە قەرەی ئەفسانە بدەم، چونکە ئاگاداری ئەم بابەتە نیم، ترسام خۆم بە شتێکەوە ماندووبکەم کە پێشتر تۆمارکرابێت و منیش دەستم لەبنی هەمبانەکەوە دەربچێت، بەڵام زۆری نەبرد رەمەزانی ساڵی ٢٠٠٤ی بەسەرداهات و منیش خانەنشین و بێکار لە ماڵەوە لە خۆم بێزار بووم، رۆژێك بە مێشکم داهات کە بیرۆکەی چیرۆکەکە بە چوار پێنج لاپەڕە بنووسمەوە و تەکنیك و

١- بەرچاوکە: دەستە چیلەی ئاگر داگیرسان، خشڵێکی نێوچەوانی منداڵ و ژنانە.



دارشتنەکەشی مۆرکی فۆلکلۆری هەر پێوە بمێنێت، وەلێ ماینێ کەوێت سەرکێشی کردو هەڵیگرتم و جڵەوم لەدەست نەما...

دوو حەفتە کڕ کەوتم، کاتێکم زانی نیمچە رۆمانێکی دوڕەی[2] رەسەنی ریالستم هەڵێناوە! ئەگەر لە قەل و لە کۆتر نەبووبم، چونکە نە وەك شاڵی فۆلکلۆر شاش چنراوە، نە وەك کڵاوی ڕۆمانی هاوچەرخیش سخە...

هەر وەك زۆربەی ئەفسانەکان، هێماو خەیاڵی زانستین و زۆرینەشیان بوونەتە راستەقینەی بەرجەستە و دیار، ئاوهاش لە ئاسمانی ساماڵی ئەم رۆمانەدا، لەودیوی رێی کاکێشانی هێمای ئەفسانەوە، بە ئاستەم گرازەی رەوە قولنگ دەبیسترێت،دارژان و بەر یەك کەوتنی ئەستێرە کلکدارەکان بەدی دەکرێت

**سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر — هەولێر**

**٢٠٠٤/١١/٤**

٢- دوڕە: دووڕەگ، لێکدراو، تێکەڵاو.

## سێ دز

شەوی دووەم مانگە شەوێك بوو زەنگیانەت بە داو وەبکردایە، دیسان سەوەڕی سەگەل بوو، بە حەپە و مڕەمڕ لە رەشماڵ دوورکەوتنەوە و چەند جارێك شاڵاویان بەرەو کەرخەکە بردەوە، دوای ماوەیەك بە وەڕین و نووسکە نووسك گەڕانەوە، بە دەوری هۆبە رەشماڵەکەدا خولانەوە و چرنووکی پاشییان لە زەوی گیر دەکرد و رووەو شوێنەکە دەوەڕین.

شێرکۆ لە تاوڵە گەورەکە دوورکەوتبۆوە و چاوەدێری سەگوەڕەکەی دەکرد، پەریزاد و گوڵستانیش جلی پیاوانیان پۆشیبوو و لە نزیك دەرگای تاوڵەکەوە سەیری ئەم لا و ئەولایان دەکرد، هەرسێکیان گوێی خۆیان سووککردبوو و ناوەناوەش گوێیان بە زەوییەوە دەنا، هەست و خوستێکیان نەبیست، دانیشتن و ماوەیەك بەم لا و بەولایاندا روانی، هەڵستانەوە و دێدەوانی شوێنە دوورەکانیان کرد، هیچ تارماییەك لە دەوروبەری نزیك و دووریاندا نەجووڵایەوە، بگرە هەناسەی (با)ش وەستابوو. شوانەکان لە هەوێز دەزبێنیان گرتبوو و چوار سەگیش جووت جووت بە چوارکەناری هەوێزدا دەگەڕان و بەرەو هەمان جێگە دەحەپین و دەیانلووراند ... خرتە نێرییەك هەستایەوە، بە شاخی لاڕانی خۆی خوراند، دەنگی زەنگوڵەکەی برە مەڕێکی لەخەو کرد و قوڵاخبوون، مایینێ کەوێت و هەردوو جوانووەکەی لە نێوان هەوێز و رەشماڵاندا خەوتبوون، مایینەکە هەستایەوە و سەر و کلکی بەرزکردەوە و گوێی مووچکرد و حیلاندی، رەوەی وڵاخە شێیەکانیش لە بناری رۆژهەڵاتدا لە نێوان هەوێز و رەشماڵان بوو و هەندێکیان هەستابوون و سەریان هەڵدەکێشا و کلکیان بادەداو گوێیان مووچ و سمکۆڵیان دەکرد، بە حیلە حیل وەڵامی کەوێتیان دەدایەوە...

چەند ساتێکی دیکەش هەرسێکیان بەکپی لە شوێنی خۆیاندا رۆنیشتن. پەریزاد گەڕایەوە رەشماڵ و چاوێکی لە مایینێ کەوێت و هەوێز و گەلەی وڵاخە بەرزەکان کرد و هاتەوە شوێنەکەی پێشتری ...



دیسان سەگەکان بە زنجیرە شاڵاویان بەرەو هەمان کەرخ بردەوە، سەگوەڕێك بوو دەتگوت گەمارۆی دەستەیەك جەردەیان داوە و ناهێڵن پتر بێنە پێش، بەڵام قرووسکە و قووڕانەوەیان نەبوو، هەر هەتا سەر دەوەنە زییەکان[٣] بەتاو دەچوون و ماوەیەك لەوێ دەوەڕین و بە نووسکە نووسك و مل بادان و کلك کلافەکردن و مڕاندن و حەپین دەگەڕانەوە. کەخێراتر سەگوەڕیان برد، شێرکۆ دەنگی دان: دەی رۆڵە... هەوە بیگرە...

پەیتا پەیتا بەدوایاندا چوو، دوو ژنەکەشی دوور و نزیك بە دواوەی بوون، چەند ساتێك لە سەر بەرزاییەکەوە هەستی راگرت و چاوی گێڕا، لەبەر خۆیەوە: سوڕ دەزانم جەردە و پیاو خراپن، ئەم سەگوەڕە بێ هۆ نییە، بەڵام سەرم لەوە سوڕماوە، نە دێنە پێش و نە وازیش دێنن. سەگەکانی دەنگدانەوە: دەیکوڕم ...! گوێی بگرە و لە خرتۆڵێی وەردە! سەگیش لە جێگەی خۆیانەوە چەقیبوون و دەحەپین، کەمێك دەچوونەپێش، دەیانمڕاند و دەگەڕانەوە...

چێشتانەی رۆژی دوواتر چوونە سەر کەرخەکە و ناو دڕکەزییەکان گەڕان، شتێك، شوێنەوارێکیان نەدیت جێگەی گومان بێت، پەریزادیش بەر لە خۆرنشین تا تاریك داهات سایەدی[٤] کەرخەکەبوو و هیچی بەدی نەکرد.

ئێوارەی سێیەم زووتر لە رۆژان هەتا مانگ هەڵهات سەگەل شەش جار سەوەڕی برد، کە شەپۆلی تریفە، ئەبەنۆسی زەوی و ئاسمانی را ماڵی، شێرکۆ و ژنەکانی گەیشتنە ئەو کەرخەی دوێنێ لێی گەڕابوونەوە. بەبێ ئارامی و خێرا خێرا سەگەکانی دەنگدەدا: دەی رۆڵە بیگرە...! دزێکی ترسنۆك و حیز و خوێڕییە... لە سەگەکان نزیك کەوتەوە و دەنگی لێکردنەوە، بەڵام هەر لە جێگەی خۆیان چەقیبوون و دەوەنە زییە چڕەکانییان داگرتبوو، بانگی کردنەوە و بەردێکی بۆ دەوەنێکی گەورە هاوێشت و گوتی: ئەوەتە فسۆسە... دەربازی نەکەن... ئەوانیش مۆڕەیان لە شوێنەکە کرد و مڕاندیان و کشانەوە و بە ساردییەوە پێی حەپین... شیرەکەی بە رووتی بە دەستەوە گرتبوو و خەنجەرەکەشی نیوەکێش کردبوو... بانگی کردنەوە، ئاوڕی لە ژنەکان دایەوە و چەند هەنگاوێك بەرەو دەوەنە زییە چڕ و پڕەکە چووەپێش، بۆراییەکی لە سێبەری دەوەنێکدا کەوتە بەرچاو، لە دوورەوە بەردێکی لێدا، تەپەیەکی لێوەهات،

٣- دڕکە زیی: خەزێمە، دەوەنێکی دڕکاوی چڕ و پڕە.

٤- سایەدی: چاوەدێری

نەجوولاّیەوە، دیسان سەگەکانی دەنگداوە و تێی بەردان، بۆی نەچوون و لێشی نزیک نەکەوتنەوە، چەند ساتێکی دیکەش لە تارماییە بۆرەکە راما. بازنێکی کردە دەستی چەپی و سێ جار بەخێرایی بۆ لای راست و حەوت جاریش بە هێمنی بۆ لای چەپ بایدا، سەیری دەوروبەری خۆی کردەوە، دار و دەوەن و گیا و گوڵ لەگەڵ هەناسەی کزەبایەکی سارد دەشنانەوە، شەوئم پێڵاو و دەڵێنگی شەرواڵەکەی تەڕکردبوو، بە نزمی خورە خورێ ئاوی بەستەکەی بیست، ماوەیەکی درێژ هەستی راگرت، دەنگێك، جوولەی تارماییەك نەبوو، رووی وەرگێڕا و سەیری دواوەی کردەوە، ژنێکیان پتر دابەزیبوو و بە دانشتنەوە و بە وشتی چاوی دەگێڕا، ئەوی دیکەشیان هەر لەسەر بستیاییەکەوە بە پێوە سەیری دوور و نزیکی دەکرد. دەنووشتایەوە و ملی خواردەکردەوە، گوێی بە زەویەوە دەنا، هەڵدەستایەوە و هەنگاوێك بەرەو پاش دەگەڕایەوە و بەم لاو بەولادا رادەما... بەبێ ناوهێنان بانگی ژنە نزیکەکەی کرد: پیاو خراپێك لە ژێر ئەم دەوەنە زییەدا خۆی مەڵاسداوە، من لای ژێریم لێ گرتووە، ئەگەر حیزەڵە بەلای تۆدا دەرپەڕی، دەرباز نەبێت ... لێشی وردبووەوە بزانێ دەرناپەڕێت...

وردە وردە بۆی چوو، نووکە شیرێکی گەیاندێ، نەرم بوو، نەجوولا، نووکەکەی گواستەوە و بۆ ئەولاتری برد و دایگرت. هەستێکی نەبوو، هەر بە نووکی شیرەکەیەوە رایکێشایە بەر تریفەی مانگەکەوە، ئەمدیو و ئەودیوی کرد...داهاتەوە و لاچمکێکی گرت... : ئەمە پێستەی کەمتیارە و خاراوە! کەمێکیش لە پڵنگ دەچێت، وەك ئەو بەڵەکە بەلاّم کورت و بەرینترە... دەڵێن ((شێر دەمرێت، کەمتیار دەیخوات...)) کەچی پێستە کەمتیار دەیەوێت شێرکوژ بە زیندوویی بخوات... دوێنێ بە رووناکی هاتم و بەخۆم سەیری ژێر ئەم دەوەنانەم کرد، لە مشککەروێشکێك و ماسیگرەیێك و بۆقێکی یچکۆڵەی سەوز و شارەمێروولەیەك و دوو گووخلێنکە بەولاوە هیچیدیکەم نەدیت!؟. دووبارە بەبێ ناوهێنان بانگی ژنەکەی کردەوە: ئەها! پێستە کەمتیارە... دزە کەمتیارەکان بۆ تۆقاندنی سەگەکان هێناویانە، هەر ئێستا کەمتیارەکانی دیکەش دەبینینەوە و پێستەکانیان دەخارێنین. سەگەکانی دەنگداوە: دەی رۆڵە بیگرە و کنگی ئەم دۆخێن شلە بدڕە! دزە کەمتیارە! دەی شێرە! دزە حیزە بگرە... ئەوانیش بە دەوری دەوەنەکەدا چەرخەیان کرد و وەڕین، نەچوونە پێش، بەڵکو کشانەوە و بە رنە گیایان لە زەوی هەڵدەکەند و کلکیان لە بان پشتیاندا دەجوولاند و هانکە هانك و مڕە مڕیان بوو.شێرکۆ دەوەنە زییەکانی دیکەی دەوروبەری خۆی یەك یەك بەسەرکردەوە، شتێکی نەکەوتە بەرچاو



جێگەی گومان بێت. لە ناوەڕاستی دەوەنەکاندا راوەستا، مشتووی شیرەکەی لە دەستدا بوو. هەر لە شوێنی خۆیەوە دووبارە چاوی بە ژێر زۆربەی دەوەنەکاندا گێڕا، چەند جارێك بەدەوری خۆیدا سووڕا و چاوگێڕانەکەی دووبارە و سێ بارە کردەوە، لەخۆی بێزاربوو، لەبەر خۆیەوە: سێ شەوە ئەم دز و جەردە هیچ و پووچانە سەرەدیقانێمان[٥] لەگەڵ دەکەن.

نەختێك هەڵکشا و لە دەوەنەکان دوور کەوتەوە و گازی سەگەکانی کردەوە، ویستی بگەڕێتەوە، چەند هەنگاوێك بە تەلانەکەدا بەرەو ژنەکەی سەرکەوت، دووبارە داگەڕایەوە و چۆوە شوێنی پێشووی و ماوەیەکی دیکەش هەستی راگرت و چەند جارێك کۆخی، بە دەنگی بەرز: خۆم کۆنە دزم! چۆن دزۆکە پارێزم لێدەستێنن؟ ئەوە سێ شەوە چاوشارکێ دەکەین، سێ سالی دیکەش سەرە تاتکێ بکەن، وەڕس نابم و پارێزتان نادەمێ... بەلاّم مەرج بێت ئەگەر مەردانە و رووبەروو داوای شتێك بکەن کە سەرشۆڕی منی پێوە نەبێت.. ئەگەر بۆ ماڵ و وڵسات هاتوون ئەوا پەیمانی پیاوی مەردبێت بە دەستی بە تاڵ رەوانتان ناکەمەوە، چیتان دەوێت، بە دزی نا... بەڵکو مەردانە لەگەڵتان پێك دێم و گەردنیشتان ئازاد دەکەم، بەلاّم ناموسی خۆم نابەم، بڵێن دزیلێکراوە و نەیتوانیوە سامان و ئابرووی خۆی بپارێزیت... ئەگەریش رێی کەمایەتی بەر نادەن ئەوا ئێمە دەوری دەوەنەکانمان گرتووە و تا بەیانی بە دیارتانەوەین، کە خۆر هەڵهات ئەوکات دەرەوستتان دێن، واتان تەمبێدەکەین کە ناوچەکەش پەند لە ئێوە وەربگرێت، هەر لە ئێستا بە دواوە شەو و رۆژ بۆسەتان بۆ دەنێینەوە... خوێنی خۆتان لە ئەستۆی خۆتان... هەمان بانگی دووبارە کردەوە، بۆ جاری سێیەم گوتی: ئەمجارە دواجارتانە! وادیارە دەتانەوێت ژنەکانتان رەشپۆشبکەن، بەڵێنی پیاوان بێت فێڵتان لێ ناکەم و پەیمانەکەم دەگەیەنمە سەر و پاشگەزنابمەوە...

ئەو هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوون، کە دەوەنە زییەك لە زەوی بەرزبۆوە و لە چاڵێکدا دەمامك پۆشێك هاتە دەرەوە، سەگ پەلاماریان دا ، چەغەی لێکردن، پیاوەکە لەسەر لێواری چاڵەکە وەستابوو، کەلە خەنجەرێکی بە رووتی لە مست بوو و رووپۆشێکی رەشی پۆشیبوو، سەیرێکی دەوەنە زییەکانی کرد و گوتی: ئێوەش وەرنە دەرەوە! دوو بنە زیی، لە لای ژێری

٥- سەرەدیقانێ: سەرەتاتکێ.

بەرزبوونەوە و دوو پیاو لە ژێریاندا هاتنە دەرەوە و لە سەر لێواری چاڵەکانیانەوە رووپۆش لەسەر و دەست بە خەنجەر وەستان. ئەوی یەکەم رووی کردە شێرکۆ و گوتی:

خۆت بە پیاو داناو مەرجت کرد، بەڵێنیشت دا کە خاوەن گفتی خۆت بیت و دەستمان نەشکێنی، ئاوڕێکی لە دووەکەی دیکە دایەوە و رووی کردەوە شێرکۆ: ئێمەش بە پیاوانە و رووبەروو داواکەی خۆمانت پێدەڵێین و رەفتاریشمان مەردانە دەبێت...

شێرکۆ لە شوێنی خۆیدا واقی وڕمابوو، سەرما و دوو دڵی و ترس، سێ پشتەکی سواری هۆشی بووبوون، دوواتر بە حەپەساوییەوە فەرمووی لێکردن و گوتی: خاترجەم بن گفتی خۆم ناخۆمەوە. بە دەستیش ژنەکانی بەرەو ماڵکردنەوە...

سەگ کلکیان خستبووە ناو گەڵیان و مل و لمووزیان نویکردبوو و بە نووسکە نووسك هاتن و دووانیان بەرەو خانمەکان تێپەرین و سێیانیشیان بۆنیان بە شێرکۆوە کرد و لە پیاوەکانیشیان مڕاند. شێرکۆ لێی پاسکردن و فەرمووی لێکردنەوە: ئەوەی بۆی هاتوون لە باخەڵی مندا نییە تا لێرەوە بەرێتان بکەم، هەرچییەکتان بوێت وا لە ماڵەوەیە... نمەکیشمان بکەن ئینجا بڕۆنەوە...

سەردەستەکەیان لێی نزیك بۆوە و بە قوڕگێکی گیراوەوە گوتی: ئێمە بۆ ماینێ کەوێت هاتووین، ئەگەر نایدەیت ئەوا بۆ نان خواردن نە هاتووین. شێرکۆ لێی نزیك کەوتەوە و دەستی بۆ درێژکرد و دەستی گوشی، زۆر بە هێمنیش گوتی: لە مێژە میوانمان نەهاتووە، ئێوە گەورەمان دەکەن، تاکە ماینێکتان دەوێت، لەگەڵتان پێك دێین و بە گەردن ئازادیش بە رێتان دەکەین....

گەیشتنەوە هۆبەکەو لە رەشماڵە گەورەکەی لای پێشەوە لایاندا، رەشماڵەکە بە چیغ و تەختە کوین کرابووە دوو بەش، لایەکی بارگە و نوێن و جێگەی خێزان بوو و لایەکەی دیکەشی میوانخانەبوو. هەرچواریان لە میوانخانەکەدا دانیشتبوون کە سفرەیان راخست و پیاز و ماستاو و خوانچەیەکی زیوینی گەورەی پڕ قاورمەی بەرخیان دانا. بۆ ترسشکاندن و دڵنیابوون سێ جار خوانچەکەی سووڕاند و هەر جارەی لە لایەك پشکە قاورمەیەکی وەك پێشخۆر خوارد، ئینجا فەرمووی لە میوانەکان کرد، سەردەستە پێشتر بە گومانەوە سەیری دەکرد، ترسی کوشتن و ژەهر دەرخواددانی نەما، بەڵام دەستی بۆ خواردنەکە نەبرد، نەختێك لە شوێنەکەی خۆی کشایەوە و گوتی: ئەگەر بەڵێنەکەت ناگەینیتەسەر ئەوا نمەکت ناکەین!... شێرکۆ: ئەگەر



ماین بە رێشمە و هەوسار ببەسترێتەوە ئەوا پیاو بە زمان و... (دەستی گەیاندە سمێڵی) بە تاڵە سمێڵێك دەبەسترێتەوە، دڵ لە دڵ مەدەن! بەدەستی بێ ماین ناگەڕێنەوە...

تا نانیان خوارد، وڵسات بەرە و پاوان هەڵکشا، بەڵام ماینێ کەوێت و دوو جوانووەکانی لە بەرامبەری دەرگای میوانخانەکە مابوون، کە تیشکی خۆر لە کونە وردەکانی رەشماڵ و لە کەلێنی چیغەکەوە سەری هێنایە ژوور ئەوان چایان دەخواردەوە.

دەیرووانییە ماینێ کەوێت، گوتی: دەزانم سێ شەوە هەردوولامان نەخەوتووین، بەڵام لەپێشدا پێم بڵێن ئێوە کێن و چۆن دەنگوباسی ماینێ کەوێتتان وەرگرتووە؟ (بە پێکەنینەوە) چۆنیش لە ناو چاڵی ژێر زیپەکاندا هاتنە دەرەوە؟

سەردەستەکەیان، پیاوێکی بێ نموودی ئاوڵەداری کەم مووی چاوقایم و دەمتەڕ و دەنگ گەورەبوو و لە کاتی قسەکردندا جارجارە چاوە نەرمەکانی دەنووقاندن و لێوی سەرەوەشی هەڵدەپەڕی، گوتی: من رەحۆی رابییم، رەحمانۆك و خەمۆی رەواڵ رەوەندیشم پێ دەڵێن... دەستی بۆ چوارشانە سوور و قەڵەوە مل کورتەکەیان درێژکرد: ئەمەیان ئەنۆی تەڕە ئایشێیە! (بە زەردە خەنەوە) ئەنگێوە و جوانەگای ئینگلیزیشی پێ دەڵێن... دەستی بۆ باریکەڵە درێژەکەیان گواستەوە کە لە ترسانا رەنگی سپی بووبوو: ئەمەشیان دلۆی ئەبدالی فەقێ ئالی بێ رێیە... بۆیەش پێیان دەڵێن بێ ڕێ، چونکە بە خۆشیان نازانن رەگیان لە کوێیە و لە کوێوە هاتوون...

ماوەیەك بێ دەنگ بوو... کەوتەوە قسە: سێ چوار ساڵێکە لە نێرینەی بەهاراندا لە زووری (زەرگەتەن)ی هەڵدەدەن، هەموو خەڵکی ناوچەکە دەزانن وڵساتی زۆر و رەسەنی وەك هی ئێوە پێشتر لە ناوچەی ئێمەدا نەبینراوە، دەشزانن رەوەی ئەسپ و ماینی شێتان هەیە... سەگەکانیشتان ئەوەندە دڕن، باڵدار لە ئاسماندا دێننە خوارەوە، ئەو دوو شۆخەی پەری بەهەشتن و لە هۆبەی ئێوەدا بینراون لە ماڵی پاشایانیشدا زەری وەها نە بینراوە و لە چیرۆك و داستانانیشدا نەبیستراوە (دەیرووانییە ماینەکە) باسوخواسی کەوێتی دامەنتاری پەل رەشی سم کۆتك، لە هەرچوار کەناردا دەنگی داوەتەوە و دەڵێن لە شەودێز و لە دووڵدریش جوانتر و تیژباڵترە و ئاسکیش لەبەر دەستی دەربازنابێت. پارەکە، کوڕی چەند مەڕدارێك خۆیان خۆشکردبوو کاوڕە نێرت لێبدزن، بەڵام براگەورەی گوند گوتی: خۆتان رووڕەش مەکەن و ناوی گوندەکەش مەزڕێنن، ئەم دزییە بە پیاوی وەك ئێوە ناکرێت، ئەم وڵسات و گەلە رەسەنە پیاوی

ڕەشیدی خۆی لەگەڵدا نەبووایە نەدەگەیشتە زەرگەتەن و بەردەستی ئێوە... ئێمەش هەر لەو کاتەوە خولیای ماینێ کەوێتین (چاوی بە ماینەکە وە نووسابوو وقسەی بۆ شێرکۆ دەکرد) لەم بەهارەدا بەرلەوەی هۆبەکەتان بگاتە هەواری زەرگەتەنی، ئێمە ڕێککەوتین و من و ئەنۆ دەوروبەری هەوارەکەمان نیشان کرد و جێگە و ڕێگەی پارێزهاوێشتن و دەرچوونمان دانا و سێ چاڵیشمان لە تەلانەکەی ئەودیو لەناو دەونە زیپیەکاندا هەڵکەند و گڵەکەیمان کردە ناو بەستەکەوە. شەوی دووەم بوو لە هەواری هەڵتاندابوو، هاتین، لەگەڵ خۆر زەردبووندا گەیشتینە ناو دەوەنەکانی دەم چەمەکە، سێ بنە زیپی گەورەمان بە ڕەگ و خۆڵەوە هەڵکەند و لەگەڵ دار وگونییە و داو و قوڕ و گڵی دیکەدا کردماننە دەرخۆنەی چاڵەکانمان و وات دەزانی لە مێژساڵە ئەم دەوەنانە لەوێ ڕوواون... کە تۆ بەڵێنی پیاوانتدا! ئێمەش پیاو دەبین و هیچت لێناشارینەوە، پێستە کەمتیارمان لەگەڵ خۆماندا هێنابوو، ماڵنووستنان ویستمان بەرە بەرە بێینە پێش و پارێز بستێنین، بەر لە مانگ هەڵهاتن ماینەکە بدزین، بەڵام هێشتا لە چاڵەکانماندا دوور نەکەوتبووینەوە کە سەگەڵ کردیە چەقەلوورە و گەیشتە سەرمان، دەرزیمان لە نان دابوو و نانەکانمان دانێ بەڵکو بخنکێن یا بێدەنگ بن، نەیان خوارد، کەمتیارمان پیشاندان هەر نەگەڕانەوە، نەشمان وێرا لێیان بدەین وبیان تۆپێنین، چونکە ئەو کات دەقوڕانەوە و ئاشکرا دەبووین و ئێوەش دەگەیشتنە سەرمان، هەرسێ شەو ئێمە لە چاڵ دەردەهاتین و ئەوان دەیانکردینەوە نێو چاڵ، تا خۆتان هاتن و بەڵێنتان دا، ئێستاش چاوەڕووانی بەڵێنەکەتین...

شێرکۆ شیرێکیدایە دەست ڕەحۆ و گوتی: ئاگاداربن ئەگەر کەسێکی خۆمانتان لەگەڵدانەبێت لە ڕەشماڵەکە دەرنەکەون، هەتا بۆ چوونە سەر دەستاویش بێت، چونکە سەگەکان ناتاننناسن و هەڵتان دەدڕن و دەتانخۆن، پیاوەکانیشمان نەیانبینیون و بە جەردە و پیاوخراپتان دەزانن و دەستتان لێدەوەشێنن، ببوورن وا دەبێنن لە خەوان چاوم کەوتووە و بەزۆریش پێڵوم هەڵنایێن، جارێکی دیکەش دەڵێم ئاسوودەبن بەبێ ماین ڕەوانتان ناکەمەوە، سەماوەر نەکوژاوەتەوە، دیشلەمەی دیکە بخۆنەوە... ناڵێم ئێوەش هەرسێکتان پێکەوە بخەون، چونکە لەوانەیە متمانەم پێنەکەن، بەڵام هەندۆکەك چاولێك دەنێین ئینجا منیش بەسەرهاتی کەوێتی دامەن تاریتان بۆ دەگێڕمەوە، نانی نیوەڕۆش دەخۆین، ئەوکاتە بەکاوەخۆ بگەڕێنەوە، ئەگەریش زۆر بە پەلە نەبن ئەوا زۆر حەزدەکەم ئەمشەویش بە برا بچووکی خۆتانم دابنێن (بە دەم باویشکدان و زیندەخەوەوە) هەوار و ڕەشماڵ بۆ کەسی بێکار و بێ میوان و بێئاوەدانی... چاوی کەوت.



## ماینی کەوێت و توولە

تازە هەڵدەهاتم[٦] یان بڵێین لە تەمەنی ئێستای کاکە دلۆ دابووم، لەو تەمەنەشدا مرۆڤ کۆمەڵێك خەون و ئاواتی ئاڵ و زەرد و سەوزی هەیە، ڕۆژگاریش هێشتا ئەوەندە لە محەکی نەداوە، بۆیە زۆرجار هەڵدەخەڵەتێ و تێدەکەوێت، باژەکەی دەدات، ئینجا پەند وەردەگرێت، بەهارێکی لە ئێستا درەنگتر بوو، کۆچەر بەرەو کوێستان دەچوون، (ڕۆچەی زۆراب)ی و (چەتۆی ئەسکەندەر ئاسنگەر)ی هاوەڵ دزی هاتنە وێزەم و لە بن گوێیان خوێندم بچینە سەر ڕێگەی ڕەوەند و مەڕان بدزین، منیش لە پێشدا سووکایەتیم بە دزان دەهات و دزیشم لە لا شوورەییەکی گەورەبوو، سێچوار ڕۆژان ئەوەندەیان دنەدام و بە ئازایەتی دزان و دەسکەوتی سانا و دەوڵەمەندیی خێرا و ئاسانی کارەکەیان داهەڵگوت تا بەگەڵ خۆیاندام، زۆریش دەترسام ئەگەر لە گەڵیان نەچم بە پەندم ببەن.

بەیانییەك زوو بەرچێشتمان خوارد، یەك و ژەمە نانیشمان خستە ناو هەگبە و لە ئاوایی دەرچووین و بەرەو دەربەندەکە هەڵکشاین، لە بناری پێشەوە، چەتۆ چووە ناو جەنگەڵەکەوە و سێ گۆچانی هێنا و یەك و یەکێکمان گرتە دەست، هەر بە دەم ڕۆیشتنەوە (ڕۆچە) قەڵمبڕێك و قامکە بەنێکی دایە دەستم و فێری کردم چۆن دەم و لمووزی مەڕان ببەستم...

لە رووکاری ئەودیوی دەربەندەکەوە دوو ئاوی تیژ و تەسك لێکیان دەدا، دەبووە یەکاوێکی بەرین و مەنگ، بەناو دەربەندەکەدا بەرەو چەمێکی قووڵ و بێشەڵانێکی چڕ بە هێمنی دادەبەزی. ساڵانە ڕەوەند ولّساتی خۆیان بە زەحمەت لە یەکاوەکەدا دەپەڕاندەوە و بە ناو دۆڵەکەدا بەرەو کوێستان هەڵدەکشان، دەنا دەبوو ڕێگەیەکی زۆر دوور و سەختتر بگرن. ئەو

٦- تازە هەڵدەهاتم: تازە پێدەگەیشتم، فەریکە بووم.

سالّی بەهار تەڕتر و ئاویش پتربوو، لە رووکاری ئەم دیوەی دەربەندەکەوە دوو ملە چیا ملیان بۆ یەکتر هێنابۆوە و رێگەی خێڵی بە نێوانیاندا تێدەپەڕی، دامێن و قەدپاڵی دوو ملەکەش هەورازی زۆر سەخت و دارستانی گەلێك پڕ و هەزاری بەر هەزار بوو، پێش ئەوەی بگەیتە زارکی دەربەندەکە، کۆسپە شاخێکی چلکن و دڕ رێگەکەی تەنگ کردبۆوە، دەستە چەپی کۆسپەکە نشێواییەکی رك و دژوار دوو سێ بەژن قووڵ دەبوو، لە خوارتریشدا پانایییەکی تەسك هەبوو، بەڵام ئەگەر زۆر نەهاتبایتایە سەر لێواری لای ژێری رێگەکەوە، ئەوێ نەدەبینـدرا، دوو لای تەختاییەکە چیا و لایەکی رووبار و لای چوارەمیشی پەرژین کرابوو و چەپەرێکیش لە لای سەرەوە دەرگاکەی داخستبوو.

دوای ئەوەی نیوڕۆژمان لەژێر سووره چنارێکی کەنار رووبارەکە خوارد، دوو هاوەڵەکەم خۆیان لە نزیك کۆسپە شاخەکەوە دانووساند، کە نیوەی مێگەلی یەکەم تێپەڕی، ئەوان گەیشتنە سەر چەقی رێگاکە و خێرا خێرا مەڕ و شەکی باشیان بە نشێواییەکەدا بۆ من شۆڕکردەوە، منیش لە لای سەرەوەی پانتاییەکەوە دەم و لمووزم دەبەستان، نەوەك ئەم هەموو مەڕە پێکەوە بقاڕێنن و لە شاخەکەوە دەنگبداتەوە.

لە هەر مێگەلێکدا ئەوەندەیان دەگێڕایەوە کە شوانەکەی لەم ساتەدا پەی پێ نەبات.

کە دوایی مێگەلی یەکەم رەتبوو ئەوانیش هاتنەوە لای من و سەیری کارەکەیان کردم، بۆ دڵنیاییش رۆچە دەستی لە چەپەرەکەدا، ئامۆژگارییان کردم کە دەستگەرم بم و ئەوەندەش بەرە و خوار دانەبەزم، نەوەك لە رێگەکەوە بەدی بکرێم.

دەنگی شوانی دووەم هات، ناوەڕاستی مێگەل گەیشتە کۆسپەکە، ئەوان سەرکەوتنەوە و بە کارامەیی کاری خۆیان کرد.

لەکاتی تێپەڕبوونی مێگەلی چوارەمدا ئەوان سەرقاڵی کاری خۆیان بوون، کاتێك سەر بڵند دەکەن دەبینن سوارێك و تولەیەکی سپی لەلای سەرەوەڕا گەیشتوونەتە سەریان، سوارەکە تیری لە کەوان راکێشاوە و نیشانەی لێگرتوون، ئەوانیش دەرفەتی هەڵاتنیان نابێت، لە شوێنی خۆیاندا دەشڵەژێن و بە قسەی پچڕ پچڕ و حەلەق و مەلەق دەکەونە پاڕانەوە، گوایە هەژارن و ساڵێکە خۆیان و ماڵ و منداڵیان گۆشتیان نەدیوە و یەك و مەڕ بە خێری خاوەنەکەی بۆ



خواردن دەبەن، سوارەش هەر بەسەر ماینەکەوەیە و تیری راکێشاوە و پتر بەرەو لێواری کەنداڵەکە دێت و سەر بە سەر تەختاییەکە دادەگرێت، کوتەمەڕێك[7] لە پانایییەکەدا دەبینێ. بە توڕەییەوە: ئەم برە مەڕەی خوارەوە بۆ ژەمە گۆشتێکی منداڵەکانتانە وەنا؟ وا دیارە پاریش لێرە چوار کاوڕبەران و چەندین بەردیل و بەربواردی دیکەشتان بۆ گۆشتی منداڵەکانتان لە مێگەلەکەمان دەرکردبوو وەنا؟...

لە پارەوە بەڵێنم داوە کە دەبێ لەم بەهارەدا یان دزەکان بگرم یان جارێکی دیکە روو نەکەمەوە ئاوەدانی و لە ناو پیاواندا دانەنیشم! سێ شەو و چوار رۆژە نەخەوتووم و لە دەورەی مێگەلدا چەرخەڵە لێدەدەم... پار ئەو هەمووەتان دزی چیتان لێکرد؟ ماڵی دزیاری بەخۆڕایی دەست دەکەوێت و بە هەرزانیش بەبا دەدرێت... چوار کاوڕبەرانی پار خوێنی چوار پیاوان بوون, چیتان لێکردن؟ ئێوە دووانن و دووی دیکەشم لە خوێنی ئەواندا دەوێتەوە... هێمن بۆوە و گوتی:

لەم ساڵانەی دواییدا مێگەلەکەمان بێچووی گۆج و گێژ و کەم ئەندامی دەبوو، باوکیشم گوتی: دەبێ بەرانەکان بگۆڕین و خوێنی مێگەلەکەمان نوێ بکەینەوە، گوتیشی رەسەنە مەڕی حاجی ئۆمەری گەزنەی بەناوبانگە و دەڵێن چوار گورچیلکن...

سێ رۆژەرێم[8] بڕی و چووم لەوێ چوار بەرخە نێری رسەر[9] و شۆڕەی تیسکن و خوری سپی و بە کەلەشی هەڵبژاردەم هەڵبژارد، لانکانیمان[10] بڕینەوە، پار هەر چوارتان دزین، ئەمساڵ دووبارە چوومەوە ماڵی حاجی ئۆمەر و تکای چوار خوینانم لێکرد، بەرخە مێشکەیەکی[11] باقۆشی نەدامێ و گوتی: پار بۆ خاتری چاوی باوکت دام، لە مێژە وامداری باوکتم، جارێك لە شەرمەزارییەکی گەورە و تەنگاوییەکی بێ چارە ئەو دەربازی کردووم، هەتا دەمرم هەر منەتباری ئەوم، بەڵام بەران نادەمە کەسێك کە رێزی خۆم و رەسەنە مەڕی من نەزانێت. خەڵك

٧- کوتومەڕ: رانە مەڕێکی بچکۆلە، مێگەلێکی گچکە، پارچە مەڕێکی کەم .

٨- رۆژەڕێ: ئەو دوورییەیە کە بە رۆژێك رۆیشتن بە پێ یا بە سواری ولاخ دەبڕن.

٩- ڕسەر: مەڕ و سپیانێك کە رەنگی خووری سپیبێت و سەر و مل و چوار پەلیشی قاوەیی بێ.

١٠- لانکانی: جۆرێکە لە بڕینەوەی مەڕ، خووری هەردوو کەلەکەی دەبڕنەوە و سەر پشت و ئاستی هەر چوار پەلی جێ دێلن، بۆپاراستنی ئاژەڵەکە لە گەرما، پتریش بۆ ماڵاتی جوان و خۆشەویستە.

١١- بەرخە مێشکە:بەرخی بێ دایك کە بە مەڕی دیکە دەیمژێنن، بەزۆریش پەژمووردە و باقۆ دەبێت.

بەرانی رەسەن دەناسن، پوولی باشییان کردووە، من باوکت بناسم ئەو نەیفرۆشتوون، بەڵام چۆن چوار بەران بەجارێك شوونبزردەبن؟ هەرگوێیەکت هێنابوایەوە... بۆ مێگەلەکەی خۆتان ماوە و دز و گورگ هەر ئەو چوارەیان برد... ؟

سێ رۆژ لە ماڵی مامەوە و لێی پاڕامەوە، ئەو هەر گوتی: بەرخی خۆم نادەمە کەسێك نرخی شیر و خوری و گۆشتی رەسەنە مەڕی من نەزانێت و نەیپارێزی ... چوار ساڵی دیکەش لێرەبیت...چوار ماینی حدود و چوار ژنیشم بۆ بێنن... نایدەم و نایدەم... ئەگەر تۆ خۆت حاجی ئۆمەر ناناسیت، ئەوا من خۆم دەناسم ...

بە دەنگێکی بەرز بە چەتۆی گوت: ئەگەر گیسکێکتان بۆ گۆشت دابڕیبوایە، ئەوا منیش چاوپۆشیم دەکرد، بەڵام وا لە خوار کەنداڵەکەوە مێگەلێکتان گلداوەتەوە، دەبێ کارێکتان پێبکەم کە ئەم دەوروبەرەش لە سۆنگەی ئێوەوە پەند وەرگرن و جارێکی دیکەش پیرەمەڕێکی کەترە و گیسکەشەلێکی رەوەندان نەدزرێتەوە... گوتییە توولە سپییە تیسکنەکەی : هەی هەی ... دەی رۆڵە رۆژتە...

توولە سپی تا ئەو کاتە چاوی تێبڕیبوون و دەیمڕاند، یەکسەر تاوی دایە ناوگەڵی چەتۆ و بە قەپێك شەرواڵەکەی دادڕی و لەگەڵ دووەم قەپیدا چەرم و هێلکە گونێکی قەپاند، ئەویش وەك گا دەیبۆڕاند و خوێن بە لاقیدا دەهاتەخوارەوە، سوارەکە گوتییە رۆچەی: خۆت و گون دەرهاتووەکە بەبێ ئاوڕدانەوە و کلك بادان برۆنە ناو مەڕەکانی خوارەوە و لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا رووەو رووبار بوەستن! کارم پێتان هەیە! دەنا تیرێك لە ناوەندی چاوی راستت دەدەم لە پشتەسەرتەوە دەربچێت، بە چاوتروکانێك دەستی راستی گەیاندە دەسکی شمشێرەکەی: یا بەم شمشێرە وەك کاوڕبەرانەکان سەرتان ببڕم؟ بڕوا ناکەم ئەوەندەش گەلحۆ بن بتانەوێت لەبەر دەستی من و ماینێکەوێت و توولە سپی رابکەن و بە زیندوویی رزگاربن .

تا ئەوان چوون لە شوێنی دیاریکراودا وەستان، سوار و توولە بە پەلە بە رێگاکەدا داگەڕان و بەرەو گۆڕەپانەکە شۆڕبوونەوە و لەودیوی پەرژینەکەوە وەستان. منیش بێ ئاگا هەر خەریکی لمووز بەستن بووم، بانگی کردم و گوتی: گێلە پیاو! خێرا دەم و لموزیان بکەوە! دەنا دەم و لووتت دەبڕم و دەتکەمە داهۆڵی سەر ئەم رێگایە! ئاوڕم دایەوە بینیم هاوڕێکانم لە ناوەڕاسی پانتاییەکەدا بووینەتە داوەڵ و جلەکانیشیان لەگەڵ بایەکەدا نەدەجووڵایەوە.



شمشێرەکەی بە رووتی رووەو ئاسمان راگرتبوو و دەبریسکایەوە، چاوێکی بە منەوە و چاوێکیشی بەوانەوە بوو، مووچڕکێك لە بنی پێمەوە هات و لە تەوقی سەرمەوە دەرچوو، دەست و پێم تێکەڵبوون و لە جیاتی داوی لمووزی مەڕەکان ببڕم چەقۆم بە دەستی خۆم و لچی ئەوان دادێنا... کە دەم و لمووزی هەمووانم کردەوە گوتی: وەرە چەپەرەکەش بکەوە و مەڕەکانیش بگەیەنەوە سەر رێگا! بەڵام هەڵپەی هەڵاتن بکەیت ئەوا پەڵەقاژەی مردنت دەبێ (تیر و کەوانەکەی بە دەستەوەبوو) تیرێك لە شانی راستت دەدەم لە گۆی مەمکی چەپتەوە دەرچێت...

چەپەری تانۆکەکەم کردەوە و مەڕەکانم بەرەو دەرگا بردن. بە دەست و بە قسە توولە سپی تێگەیاند کە بە دوامدابێت، توولە لێمی مڕاند و وەکوو شوان مەڕەکانی بەرەو رێگاکە راونا، لێی بزر نەبووبووم کە بانگی کردمەوە: گێلۆ! بگەڕێوە و لەتەك ئەم دووپاڵەوانە دلێرە بووەستە!... پێم لە دوامدا نەدەهات، کوتە کوتی دڵم لە دوورەوە دەبیسترا، بە ناچاری و بێ پەلەقاژە چووم لە نێوان هەر دووکیاندا بووم بە داهۆل، هەر بەسەر ماینەکەوە شیرەکەی رووەو ئاسمان وەك ئاڵا راگرتبو، لە دەرگای تانۆکەکەوە هاتە ژوورەو و لە تەختاییەکەدا چاوێکی بە دەوروبەرەکەی داگێڕا، لە ژێر کەنداڵەکەوە کاوڕێکی بەپشتەکی[12] بینی هەردوو رانی شکابوو، سەری و دوو پەلی پێشەوەی دەجووڵاند و دەیقاڕاند. بڵێسەی ئاگر لە چاوانی دەرچوو کە گوتییە رۆچەی: کوڕی ماڵۆسی ئەم کاوڕبەرانە بە کەنداڵەکەدا سەربخەوە هەتا منیش هەردوو ران و ملتم نەشکاندووە، ئەگەر سەریشی نەخەیتەوە (دوو جار شیرەکەی نوی و بەرز کردەوە) ئەوا لە بەرچاوی ئەو سەرت دەبڕم، خۆ ئەگەر مرازی هەڵاتنیشت هەبێت ئەوا نەك هەر کەللەت دەسمم بەڵکو بە بریـنداری زمان و گوێ و لووتت دەبڕم، ماوەیەك خنەخنی بوو سەری بخاتەوە بۆی نەکرا، تیرێکی هاوێشت لە شاخەکەی ئاستی سەریدا و گوتی:گەلۆر! دەتەوێ شەوم بەسەر دابێنیت؟ تا تاریك دانەهاتووە بە تیر بتکوژم یا توولە سپیت تێبەربدەم؟ دووجار خۆی و کاوڕەکە لە کەنداڵەکەوە کەوتنە خوارەوە... گوتیە من: گێلە پیاو! بڕۆ بە هەردووکتان سەریخەنەوە، بەڵام ئەوەندە سەرنەکەون کە لەبەر چاومدا ونبن! چونکە ئەوەندە گەمژە و بێ دەست نیم ئێوە بتوانن هەڵبێن و بە گیانەوە دەربچن... سەرمان خست و هاتینەوە جێگەی خۆمان و بووینەوە شەموولە.

---

۱۲- بە پشتەك: جۆرە بڕینەوەێکی مەڕ و بزنە، خووری و مووی سەر پشتی نابڕنەوە.

بانگی منی کرد، بێڵێك و تەورێکی بۆ هەڵدام و گوتی زۆر بە خێرایی سێ چاڵ، هەریەکەی بەژنێك قووڵ و نزیکەی هەنگاوێکیش دوور لە یەکدی هەڵکەنن!ماوەیەك زۆر بە دەستوبردی کارمان کرد، لە ترسان و لە شەکەتییان بڕستمان لێبڕا. زۆر بە گووڕ تێی راخوڕین: زوو کارەکە تەواو دەکەن یا تا درەنگ دانەهاتووە سەرگۆی مەمکی چەپتان بکەمە نیشانی تیرەکەم یا توولە سپی گونتان دەربێنێ؟ خۆتان سەر پشك بن...

چاڵەکانمان تەواوکردن... توندتر تێی راخووڕینەوە: کورتەك و شەرواڵ و هەموو جلەکانی دیکەشتان بە پێڵاوەوە داکەنن! هەندێك تێك رامایین، نازانم ئەو کاتە بیرمان لە چی دەکردەوە، بەڵام دەزانم نەمان وێرا سەیری ئەو بکەین، لە دڵی خۆمدا گوتم سووکایەتییەکمان پێدەکا و بەرمان دەدات. کە گوتییە توولە سپییەکەی: هەی هەی... رۆڵە... یەکسەر رۆستەمی سەردەستەمان جلەکانی داکەند و ئێمەش چاومان لەو کرد، گوتییە رۆچەی: بڕۆ ناو چاڵی پەڕگەی ئەو سەرەوە! کە لە ناو چاڵەکەدا وەستابوو مووی بۆزی تەپڵە سەری لە دەرەوە دیاربوو. گوتی: گون دەرهاتوو! هەندێك خۆڵ بکە ژێر پێیەوە بۆ ئەوەی سەر و نیوەی ملی بەدەرەوە بیت! بە ملکەچی فەرمانەکەی جێبەجێکرد... دیسان گوتی: گڵ بکەوە ناوچاڵەکەیەوە تا تەواو پڕدەبێتەوە و شان و نیوەی ملیشی لە خۆڵبگرە! ئینجا باش باش بە پێت بیپەستەوە! بەبێ وەستان و بێ بیرکردنەوە کارەکەی تەواوکرد.

هەر لەسەر زینەوە گوتی: گون دەرهاتوو تۆش برۆ ناو چاڵی ناوەند، با گێلەش تۆ لە خاك بگرێت و خۆڵەکەشی بپەستێتەوە. بەرفەرمانی بووم. گوتییە من: تۆش دابەزە ناو چاڵەکەی خۆت! چوومە ناوی. هەر بە سواری ماینەکەوە شیرەکەشی بە دەستەوە گرتبوو و لێم نزیك کەوتەوە و گوتی راست و رەپ بوەستە و ئەژنۆکانت مەچەمێنەوە! کە تەواو خۆم راستکردەوە، شان و نیوەی سنگیشم بەدەرەوەبوو . پێکەنی و گوتی: گێلۆی لۆقدرێژ! چاڵەکەت ئەوەندە قووڵ بکە کە تۆش وەك ئەوان تەنها سەر و نیوەی ملت بەدەرەوەبێت، ئەگەر خۆت بنووشتێنیتەوە یا پترت دیاربێت ئەوا بەم شیرە راستت دەکەمەوە زیادەکەشت دەپەڕێنم... تەواوم کرد و لە لە ناویدا بە قیتی وەستام ... دابەزی و خۆڵەکەی کردە چاڵەکەوە، بەڵام نەیپەستایەوە و گڵی لاملو و سەر شانێکمی وەلانا.



دووجار گوتییە توولە سپی:. هەی هەی.. رۆڵە رۆژتە...! توولە گوێیەکانی مووچکردن و چاوی بڕیبووە ئەو، ئەویش چوو شیرەکەی دووجار بە شێوەی بازنە بە دەوری سەری رۆچە گێڕا و نووکەکەشی دەگەیاندە قرقتۆکی. وای لە چەتۆ و منیش کرد و گوتییە من: ئەگەر دەرباز ببیت هیوادارم پەندت وەرگرتبێت و جارێکی دیکەش بیر لە رێگری و دزی نەکەیتەوە. جلەکانمانی ئاگردا و ماوەیەك بە نۆرە تێمان راما...

کە بەرامبەر من بوو چاوم بڕیبووە چاوی: پیاوێکی باڵا بەرزی سوور و سپی چاو گەورەی برۆ رەشبوو، خاڵێکی رەشی لەبەر چاوی چەپی و بالووکویەکیشی لە خوارەوەی گوێی راستی بوو، کورتەك و شەرواڵێکی خاکی و کراسێکی سپی بە کەلەنگوچکی لەبەردابوو و پشتێندێکی ئامال زەردی گوڵ ئاڵی بەستبوو و هەورییەکی سووری تاریکی لە سەری نابوو. سواری ماین بۆوە و بۆم هاتەپێش و ماینەکە بۆنێکی بە دەم و لووتمەوە کرد و سەری بەرز کردەوە و چەپۆکی هاوێشت و لە شوێنی خۆیدا سووڕا و سووڕایەوە:

حدودێکی کەوێتی دامەنتاری چوار پەل رەش، سەر و کلکی وەك ئالا بەرز راگرتبوو. بژی، لاملی راستی بە تەواوی داپۆشتبوو و هەندێکیشی وەك پەرچەم بە نێوان هەر دوو گوێیە بچکۆلەکەیدا هاتبوو و بە سەر هەنیە و نێوان چاو و سەر لمووزیدا هاتبووە خوارەوە. سنگ پان و سمت و پاشەڵ خڕ و پڕ، چوار پەل باریك و سم کۆتك، تامووسکی کلکی ئەستووری لە زەوی دەخشان. ناوە ناوە لە جێگەی خۆیدا هەڵدەستایە سەر پاشییان و چەپۆکی لە ئاسمان دەدا و دەیحیلاند، لە چیرۆکاندا بیستوومە دەڵێن ماینی زەریا هەیە و زۆر جوان و بەهێز وخۆشبەزە و زۆر بە دەگمەنیش دەبیندرێت، سوڕ دەزانم ئەویش تۆزی ئەم کەحێلەی نەدەشکاند.

دووجار بە دەورەی هەرسێکماندا خولی خواردەوە و ئەوەندە بە خورتی چەپۆکی لە زەویدا کە خۆڵ و پڕیشکە بەرد خەریك بوو چاو و کونە گوێ و لووت و دەممان پڕبکاتەوە... دەترسام سمێك بخاتە سەر کەللەی سەرم ... بەرامبەرمان وەستا و گوتی: توولە سپیتان بۆ بەجێ دێلم.. لە ئێستا بەدواوە هەر دوو کاتژمێر قرقرتۆکەی یەکێکتان هەڵدەبڕێت و گۆشتی مل و سەروچاوتان دەخوات. ئەگەر رۆژتان نەهاتبێت ئەوا لە دوو کاتژمێری یەکەمەوە یەکێك بە سەرتان دادێت و هەرسێکتان دەربازدەبن، لە دووەمدا دووانتان و لە سێیەمیشدا گێلۆتان دەردەچێت. بۆ خۆتان هاواری کردەوە چاکەکانتان بکەن، بەڵکو ببێتە پیاوچاکێك و بە هاناتانەوەبێت، کردەوەکانتان چارەنووستانە...

قامچییەکی لە ماینەکەدا و سەرکەوتەوە، کاوڕەکەی سەربڕی و رانێکی بە پێستەوە لێکردەوە و هاتە سەر لێواری کەندالّەکە و رانەکەی بە دەستەوە گرتبوو کە گوتی: من تەنها رانێکم لە بەشەکەی ئێوە بردووە، ئەگەر دەربازبوون، ئەوا گۆشتی کاوڕبەرانەکە بە حەلاّلی بخۆن...

ناولەپی بە ئێمە و بە توولە سپی پیشاندا و گوتی: هەی هەی... رۆلّە رۆژتە... دایکە دز رۆژێك سنگ دەخوات و رۆژێکیش سنگ دەکوتێت...

ماینی کەوێتی وەرسووڕاند و قامچییەکی لە لاسمتی داو تێیتەقاند و لەبەر چاوان ونبوو...

توولە سپی بە دەورماندا سووڕایەوە و بۆنی پێوەکردین ملّومۆیکرد، ئێمەش لە خاکگیراوین و دەست و پێمان ناجوولێت و هەر سەر و ملمان بادەدەین و هاوار دەکەین، چاوەڕووانی خدری زیندەیەك بووین بە هانامانەوەبێت. توولە سپی بە سەر بەرد و پنچکی نزیك تانۆکەکەدا میست، هاتەوە و لووتی رۆچەی لستەوە، نەختێك دوور کەوتەوە و بەرامبەری هەلّترووشکا، چاوی تێیبڕی و ناوە ناوە سەیری کەرخی خۆر و سێبەری خۆی دەکرد، ئێمەش هەرسێکمان چاومان بە توولەکەوە نووسابوو:

توولەیەکی خەپانەی پەل کورتی تووکن، لە چوڕی شیر سپیتربوو، تالّ و تیسکە درێژەکانی کلك و تەنگە و نێوچەوانی دەتگوت ئێستا شووراوە و شانەکراوە، سەری لمووزی و کونە لووتەکانی وەك چارەنووسی ئێمە لە رەشیاندا دەبریقایەوە، دوو چاوە ئەفسووناوییەکەی لە کەلێنی تالّ و تیسکی پەرچەمیدا وەك بلّێسەی چاوی سوارەکە دەبریسکایەوە، دەمیدەکردەوە و کەلّبە سپییەکانی پیشان دەدان و دەیمڕاند، ناوە ناوە لێمان نزیك دەکەوتەوە بە نێوانماندا تێدەپەڕی، لێی دەمڕاندین، کلکی بەرز دەکردەوە و لە نزیك بەردێکدا لاقێکی بلّند دەکرد وپێیدا دەمیست[١٣]، دەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و لە ژێر پەرچەمییەوە سەیری رۆچەی دەکردەوە.

ئەویش تۆقی بوو و دەناورایەوە! بە هەنسکدانەوە گوتییە چەتۆی: لە بیرتە پار تۆ گوتت لە دزیدا هەموو جارێك نیوەم بردووە بەلاّم وا ئەمسالّ بووینەتە چوار بەش، من و تۆ و عەدۆی هاوڕێمان و شێخۆی پاشدزمان کە لە گوندەکەی ئەولاترمانەوە مەڕە دزیارییەکانی بۆ بەخێو

---

١٣- سەگ بە بەرد و پنچك دامیستن:دەلّێن:کە گەمالّ بالّق دەبێ بەو پنچك و بەردی دەوروبەری خۆی دادەمیزێت، بۆ ئەوەی بە بۆن نیشانی بکات کە ئەو تاکە نێر و میرکوڕی ژینگەکەیە و بۆ خۆی گڕی داوە.



دەکردین و هەر بەناوی مەڕی مێگەلی خۆییەوە دەیفرۆشتن و زۆریشی بە ناڕەوا لێ خواردین، منیش بە فێلّ دەست و پێی عەدۆم بەستا و خستمە ناو ئاوی ئەم چەمەوە، کە خنکا دەرم کرد و گوتمان خۆی لە گێژەنەکەدا و گیری خوارد و دوای ماوەیەك تەرمەکەی لە گێژەن دەرچوو، ئەوا ئەمسالّ توولە سپی لە تەك هەمان گێژاودا دەمخنکێنێتەوە... کردەوەکانم ئەوەندە رەشن لە سەرەمەرگیشدا ناوێرم ئاشکرایان بکەم......

چەتۆش بەدەم هۆڕژنی گریانەوە: منیش ئەمسالّ یان شێخۆ یا ئەم گێلەیەم لە ناودەبرد... دێوەرەیەکم لە چۆلی کوشتووە،ئەسپ و بارەکەیم خوارد. کچۆلّەیەکی هەتیویشم لە رێگەی پەرێزدا... دواییش لە ناو تەبارەدا سووتاند...

رۆچە کەوتەوە گریان و پاڕانەوە: خودایە پەشیمانم... گەلێك جاری دیکەش لە تەنگانەدا پەشیمان بوویمەتەوە و لە شێنەییشدا پاشگەز دەبوومەوە، بەلاّم ئەمجارەیان دەربازم بکەیت هەر پەشیمانم، دەربازیشم نەکەیت هەر پەشیمانم و پاشگەز نابمەوە، هەر خۆت دلّۆڤانی و خۆشت...

توولە سپی هەستایەوە و خۆی خاوکێش کرد، بە زمانە سوورەکەی دەم و لووتی خۆی تەڕکرد و چەند جارێك بە دەورماندا خولی خواردەوە و بۆنی دەم و لووتی کردین، سەیری کەرخی خۆر و سێبەری خۆی کردەوە.

رەشە مارێکی گەورەی شاخدار لە چەمەکەوە بۆ بەردەممان هات، لە بەرامبەر من، لە ئاستی لووتم وەستا و سەری بستێك لە زەوی بەرز کردەوە و کیفاندی، زلە مووی رەشیشی لێهاتبوو و دەبریسکانەوە، سەری هەر بلّند راگرتبوو کە بەرەو چەتۆرۆیشت، لە ئاستی ئەویشدا کیفاندی و چەند جارێك دەمی بۆ لووت و گوێ و چاوی برد و ئەویش زیڕەی دەکرد، خۆی لوولدا و گەپکەی کرد، سەری سووڕاند و بەرەو سەردەستە خزی، ماوەیەك چاوی لە چاوی بڕی، خۆی لە ملی ئالاّند، سەرە سێگۆشەییەکەی بەرەو لووتی برد، دەمی داپچڕی و زمانە سوورە دوولکەکەی بە نێوان دووکەلّبە قولاّبەییەکانیدا دەرکرد، خۆی گوشی و خەریك بوو بیخنکێنێت... توولە سپی مڕاندی و بۆ مارەکە هات، ماوەیەك چاویان لە یەکدی زەقکردەوە، مارەکە خۆی خاو کردەوە و بەرەو چەمەکە خشی، توولەش کشایەوە شوێنی خۆی...

لە ئاسمانەوە هەڵۆیەکی سەر و مل و کلك سپی سیڕاندی و دابەزییە سەرمان، لە سەر سەری من نیشتەوە، چڕنووکی تیژی لەپێستی سەرم گیرکرد، وەختابوو کەللەی سەرم بسمێت و بگاتە مۆخم، سیڕەیەکی کرد و هەڵفڕی و بەرزبۆوە و هاتەوە سەر کەللەی چەتۆ، بە چڕنووك و دەندووکە تیژ و قووڵابییەکەیەوە هەندێك کەوڵە سەری هەڵپچڕی و خوێن بە تەوێڵ و بنا گوێیدا هاتە خوارەوە. دووبارە سیڕەیەکی دیکەی کرد و هەڵفڕی و تا سەر رووبار و قەدپاڵی شاخەکە چوو، گەڕایەوە و نزم بۆوە و لەسەر سەری رۆچەدا نیشتەوە، بە دەندووکێك، نەرمەی لووتی و لالێویی سەرەوەی کرتاند، هەرسێکمان قیژە و هاوارمان لێ هەڵسا، بەڵام ئەو خۆی لە گوورە نەبرد، ئەمجارەیان دندووکێکی لە چەرمی بەری چاوی چەپی گیرکرد و رایکێشا، ئەوەندەی دەمان کرایەوە و سنگمان لە ناو خۆڵدا هەوای هەڵکێشا قیژاندمان... توولە سپی مڕاندی و بۆی هات، باڵەکانی کردبوونەوە و فڕە فڕی بوو، دەندووك و چەنگ و باڵی بۆ شەڕ ئامادە کردبوو، ماوەیەك چاویان لە یەکدی زەقکردەوە و ئەمیان دەیسیڕاند و ئەویشیان دەیمڕاند، حەپی و بەدەمی کراوەوە لێی نزیك کەوتەوە و بە چنگ و بە دەم بارانگژی بوو و بە دەوریدا سووڕایەوە، هەڵۆ فڕی و چوو بەسەر سوورەچنارەکەی نزیك گێژەنی رووبارەکەوە نیشتەوە ...

تا ئەو کات زراوم لە توولە سپی چووبوو، بەڵام ترسەکەم رەوییەوە، وام هەست کرد کە توولە نییە، بەڵکو فریشتەیەکی سپییە و ناهێڵێ مار و هەڵۆ و شتی دیکە بمانکوژن... توولە سپی بەرامبەر سەردەستە هەڵترووشکایەوە و زمانی بە لمووزی داهێنا و سەیری کەرخی خۆر و سێبەری خۆی کردەوە... گوێی مووچکرد، لە ناکاودا فرتکەیەکی هاوێشت و دەمی خێواندە قووڕقووڕاگەی و رایتەکاند، هەر چەندی هاوارمان کرد: چەغ چەغ ، پخ پخ، وەو وەو، حەپ حەپ... بێ هوودەبوو، خنکە خنك ولرخە لرخی بوو، هێشتا زیندووبوو کە توولە سپی گۆشتی ملی و روومەتی رنیبۆوە...

خوێن و روومەتی رناوە و هێسکە شەویلاك و کەللە سەری رۆچەمان بەرامبەرە، توولە سپیش دەمی بە خوێنی لستەوە و لمووزی بە دەستەکانی داهێنا و ناوە ناوە سەیری چەتۆی دەکرد، توولە دەنگ دەدەین، دان بە چیڕەوە دەبەین، دەگریێن و دەناورێینەوە, هاواردەکەین، هاژەی چەمەکە نەبێت، کەسێکی دیکە دەنگمان نابیستێ، پەلەقاژەمانەو سنگ و سکمان لە ناو خۆڵدا لە قالب دراوە و هەر ئەوەتەو هەناسەمان دێت و دەچێت...



گوێی مووچکرد و ددانی گڕکردەوە و ملی نوی کرد و کلکە تووکنەکەی بەرزکردەوە و بایداو وردە وردە بەرەو چەتۆ چوو، ئەویش دەمی بەشکردبۆوە و ددانەکانی خۆی پیشان دەدا و سەری بەم لاو بەولادا دەجووڵاند، چەند جارێك ددانیان بەر یەك کەوتن و تەقەیان هات،توولە کشایەوە و بۆلای من هاتەوە، ئەوەند لە نزیکمەوە تێپەڕی کە تیسکەکانی لە لووتم خشان، چوو بەرامبەر چەتۆ هەلترووشکایەوە و لمووزی خستە سەر هەردوو دەستی، سەری بەرز کردەوە و سەیری کەرخی خۆر و سێبەری خۆی کردەوە... باویشکێکی هاتێ و هەستایەوە و گوێی مووچکرد و چاوی بڕییە چاوی، سووڕایەوە لای پشتەوە، بە دزە دزە لێی نزیك کەوتەوە و قەپێکی لە پشتی ملی گرت، ئەویش هەر سەری بەم لاو بەولادا و بەرەو پێش و بەرەو دواوە بادەدا، لەگەڵ ئەم کێشمە کێشم و راکێش راکێشەدا چەتۆ کەمێك بەرەو سەر هەڵکشا و نەختێك شانی چەپی دەرکەوت، توولە سپی ملی بەردا و سووڕایەوە لای پێشەوەی و چەنگی لە شانی گیرکرد و قووڕقووڕاگەی گرت و رایتەکاند، کە بۆ جاری دووەم رایتەکاندەوە و کشایەوە، کلکی کەوتە ئاستی دەمم، هەتا هێزم هەبوو گەستم، قوڕگی ئەوی بەردا و قووڕاندی و خۆی راتەکاند، بەڵام ئەم کلکە تووکنەی ئەو کە وەختابوو بمخنکێنێت گوریسی دەربازکردنمە، ژیان و مردنمە، مەگەر پووك و هەموو ددانەکانم لەگەڵ ئەم کلکەدا لە دەمم دەربچن، ئەگینا بەری نادەم، چەند جارێکی دیکەش خۆی راپسکاند، کلکی کرتەی لێوەهات، لەوە تۆقییم کلکی بپچڕێت، دوواتر توولە دەمی سووڕاندەوە و ویستی گاز لە دەم و چاوم بگرێت بەڵام نەیخێوایێ، سەری بە راست و بە چەپدا بەرەو کلکی هێنا، چەند جارێکی دیکەش خۆی راپسکاند و قووڕاندی، بە دەم و چاو و چەناگە و ملمدا ریا و سواقی دا، دەم و لووتم بە کلکی تووکن و پیسایی گیرابوو و بە قنەقن هەناسەم دەدا..

خۆی راپسکاند و راپسکاندەوە، لەگەڵ هەر راتەکاندنێکدا پتر بەرە و دەرەوە هەڵدەکشام، تا لە ئەنجامدا توانیم دەستی راستم دەربکەم، چەند تەکانێکم دا و دەستی چەپیشم دەرکرد، هێشتا کلکی لەناو دەممدابوو و ئەویش هەر تەقەلای خۆ دەرباز کردنی بوو، بە رووتی لە چاڵ هاتمە دەرەوە، بە هەردوو دەست ملیم گرت و گوشیم و هەستامە سەر پێیان و ئەویشم لەگەڵ خۆمدا بلند کرد، دەستم لە قووڕگی توند کرد، هەتا هەناسەی نەبڕا مل و کلکیم بەرنەدا..

توولەی تۆپیم خستە ناو چاڵەکەی خۆم. چەتۆش گیانی تێدا نەمابوو و دەمی داپچڕیبوو، چاوم لە قەڵەمبڕ و گۆچانەکەم گیرا نەمدۆزییەوە، لە دەرگای تانۆکەکەوە هاتمە دەرەوە و بەر ڕێ و بەر ڕێ دابەزیم، بە رووتوقووتی و پەشۆکاوی چوومەوە سەر ڕێی خێڵی و بەرەو شارە گوندەکەمان شۆڕبوومەوە، مەبەستم بوو بە تاریکی بگەمە ماڵ و کەس نەمبینێت، بەدەم ڕۆیشتنەوە بەبیرم داهات کە لە کانیاوەکەی بناری چیا ئاوی گەرم هەڵدەقوڵێت و لەوێ خۆم بشۆم و خۆشم گەرم بکەمەوە.

کەوێتی دامەنتاریم بینی لە پشتی کانیاوەکەوە دەلەوەڕا و کلکی دەوەشاند، سەری بەرزکردەوە و منی دیت، چەپۆکی لەزەویدا و بە نەرمی حیلاندی، ماوەیەك لە شوێنی خۆما حەپەسام و چاوەڕووانی چارەنووسی نادیاربووم. چاوم بە کانی و دەوروبەرەکەیدا گێڕا، سوارەکە دیار نەبوو. دەبێ دوو ماینی کەوێتی پێ بووبێت؟ چووبێتەوە لای شوانەکان و هەوار بە هەوار لەگەڵیاندا بڕوات؟

لە ترسان بوو یا لە ڕەشیدیان بەبێ دەستی خۆم بەرەو کانی سەرکەوتم... سوارەکەم بینی لە سەر تاتە بەردەکەی دامێن کانیاوەکە ڕاکشابوو، وەختابوو هەناسەم بوەستێت... بە ئەسپایی و بەبێچرپە بەرەو دواوە بکشێمەوە و ڕابکەم؟ پتر بۆی بچمە پێش؟ دەتگوت ئەو دەیزانی من تاوانکار نیم و لە خشتە براوم! بۆیە کولانکەیەکی دەرفەتی دەربازبوونی پیشاندام... وەك چۆلەکە بەبێ دەنگی و بەبێ ویستی خۆم و بە هێزی مووگناتیسێکی نادیار بەرەو کونی کووند چووم. گەیشتمە سەری، خەوتنێك خەوتبوو دەتگووت حەوت ساڵە مردووە، مشکییە سوورەکەی خستبووە سەر مەتاڵەکەی و کردبوویە سەرین، کەوان و کۆمەڵێك تیریشی لە تەك خۆی دانابوو، شیرەکەشی بە کالانەوە بە دار گوێزەکەوە هەڵپەساردبوو، چەند زەردەواڵە و زەردەزیڕە و مێشی سەوزی زل زل بەسەر گۆشتی ڕانی کاوڕەکەوە فڕین و گڤە گڤیان هات و نیشتنەوە. ئەگەر ئێستا بە ئاگابێت ئەوا لێم دەبێتە گیانکێش و دەمگەینێتەوە هاوەڵەکانم ... دەبێ لێرە چاوەڕووانیچارەنووسی ئیمە و گەڕانەوەی توولە سپی بێت؟

بەبێ خشپە بەرەو شیرەکە خشیم، شیرم لە کالان دەرهێنا، بەبێ چرپە چوومە سەری، ماوەیەك بە دیارییەوە وەستام، دەکولام و دەلەرزیم، پیاوی وا قۆز و بە سامم تا ئەو کاتە نەبینیبوو! ئەو بە خەبەربێت من لە ترسانا دەست و پێم لە جووڵە دەکەون! گوڕم هێنایە بەر خۆم و بە



هەموو هێزم شیرێکم لە ملیدا و سەریم پەڕاند و تەقەم لە مەتاڵەکەوە هێنا، خوێن فیچقەی کرد، کەلەشەکەی هەڵدەپەڕی و دەست و پێی دەکوتا... چاوی هەڵێنا و دەمی داپچڕاند، تا ئێستاش ڕۆژانە چەند جارێك ئەم خوێن و پەل کوتان و دەم داپچڕانەم دێتەوە بەرچاو... لە نێوان ترسی مردن و خۆشی دەربازبوون، هەست بە ئازاری کوشتنی خۆمان و تاوانی کوشتنی ئەو، ئەمسەر و ئەوسەرم کرد...

مێشکم هاتەوە کەللەم و گوتم: با لەپێشدا ماینەکە ببەستمەوە نەوەك بڕوات و بۆم نەگیرێتەوە. بۆی چووم، گوێی مووچکرد و حیلاندی و پاشووی تێکردم و بە جووتە هاوێشتن بۆم هات، بە خێرایی سووڕامەوە لای لمووزی و ویستم جڵەوی بگرم، هەستایە سەر پاشیان و زریکاندی و بە چەپۆکان بۆم هات، خەریك بوو بکەومە ژێر پێیانی و بە قەپ لێکم هەڵبپچڕێنێ، دەکشامەوە و چاوم بە دەست و لمووزی ئەوەوە بوو، پشتم بە قەدی پیرە دارگوێز کەوت، هەندەی بڵێی یەك و دوو، سووڕامەوە دیوی دووەمی دارەکە و سمۆرە ئاسا سەرکەوتم، ماوەیەك بە چەپۆکان بارانگژی قەدی دارەکە بوو و حیلاندی و هەستایە سەر پاشیان و چەپۆکی هاوێشت، منیش لەسەر کەدێکی گەورەی دارەکەوە هەڵدەلەرزیم، دوواتر کشایەوە و سەری بۆلای کانییەکە وەرسووڕاند و حیلاندی و پڕمە پڕمی کرد و سمی لە زەوی کوتان، بەرە بەرە خاوبۆوە و گەڕاوە شوێنی پێشووی و کەوتەوە لەوەڕ، بەڵام چاوی لە گوێزەکە نەبڕی، سەگ و ماین وا مرۆڤ خۆر بن دەبێ خاوەنیان چۆنبێت؟

بە دیوی نەدیوی دارەکەوە دابەزیم و بە کووڕە کووڕە چوومەوە سەر تەرمەکە، خێرا خێرا جلە بە خوێنەکانیم داکەند و کردمە بەر خۆم، پێڵاوەکانیم کردە پێم، دەتگووت بۆمن بەڕادانەدراون، کڵاوە بە گوڵنگەکەی و هەورییە سوورەکەشیم نایەسەرم، نیوەی پەستەکە گورگەییەکەی لە خوێندا سوور بووبوو، ئەویشم کردە بەرم و چەکەکانیشم لە خۆم بەستن... شیرەکەم هەر بە دەستەوەبوو کە بۆی چووم، گوتم ئەگەر ئەمجارە بۆم هاتەوە ئەوا پێش ئەوەی بمکوژێت من لە قەپۆز و کەللەی دەدەم و دەیکوژم، بە ترس و لەرزەوە لێی نزیك کەوتمەوە، خۆی سڵ نەکرد، بۆنی پێوە کردم و کلکی وەشاند و ملی نوی کرد و ڕوومەتی لە پەستەکەکەم خشاند، پێم لە ئاوزەنگ ناو لە خانەی زینی دانیشتم... بەرەو کوێ بچم...؟!

وام بە مێشکداهات تەرمەکە ببەم لە تەك هەواڵەکانم لەگەڵ تولە سپی بینێژم. بیرۆکەکەم وەلانا. کە بەیەکەوە لە گوند دەرکەوتین خەڵك ئێمەی بینیوە، بچمەوە ئاوایی و بڵێم ئەوان لەسەر دزی یەکدیان کوشتووە؟ منیش سەری خاوەنی ئەم ماینەم بڕیوە؟ کێ پێم باوەڕدەکات و لە چەنگ ئەم هەموو دوژمنە چۆن دەردەچم؟

بڕیارم دا خۆم بخەمە دەست چارەنووسی نادیار دەنگ لە کەوێتی دامەنتاری دەکەم بۆ کوێ دەڕوات با بڕوات، دەنگم دا و ماوەیەك بە رەوهانی رۆیشت، کردییە تەقڵەکوت و فڕی... بە باریکە رێ و چۆڵیاندا دەڕۆیشت و بە نزیك ئاوەدانیاندا تێپەڕنەدەبوو. ئێوارە لە بناری چیایەکی بەرز و نیمچە رووتەندا لایدایە دۆڵێك و چووە سەر کانییەك، ئاوی خواردەوە و دوو هەنگاو کشاوە و وەستا، سێجار دەستی راستەی لە زەوی کوتا، کەوتە خواردنی گیای قەراغ کانییاوەکە، دابەزیم و هەگبەزینەکەم داگرت، لە سەر تاتی کەنار ئاوەکەدا چەند توورەگەی بچکۆلە و قووتی جوان جوانم لە خورجێنەکەدا دەرهێنا، نان و پەنیری بە ژاژی و مێوژ و گوێز و هەنگوینم خوارد، لە خەوان خۆم رانەدەگرت، بەڵام نەوێرام لەسەر تاتە بەردەکە بنووم، قاپووتەکەم برد و چوومە بانایی پشتی ئاوەکە و لەژێر تەپکێك و لە پەنای دەوەنی دار بەڵالوکێك خۆم گرمۆڵە کرد.

لە حیلەی ماینەکە بەئاگا هاتمەوە، کازیوەی دابوو، چوومەوە سەر ئاوەکە، دەموچاوم شووشت و هەر بە پێوە هەندێك مێوژ و کاکڵە گوێزی کوتراوم کردە دەمم، هەگبەکەم لە شوێنی خۆیدا توند کردەوە و سواربووم.

ئێوارەی دووەم زووتر لە جێگەیەکی دیکە گیرسایەوە...

لە نیوە شەوی سێیەمدا بە ناو گۆڕستانێکی سامناکدا بەرەو دێیەك شۆڕبۆوە، بەناو ئاواییەکەدا بەرەو لای سەرەوە هەڵکشا، لە بەردەمی کۆشکێکی زۆر جواندا وەستا و سەری بۆ قەمتەرەکە برد و حیلاندی، دووجاری دیکەش چەپۆکی لە زەوی‌دا و حیلاندییەوە، ژنێك بە هەشتاوی لە حەوشەکەوە رووەو دەرگا هات و کردییەوە، ماین چووە ژوورەوە و لەبەر دەرگای هۆدەکەی پێشەوە وەستا، ژنەش دەرگاکەی کلۆم داوە.. چ چارەنووسێکە؟ ئێستا دەزانن سوارەکەی خۆیان نەماوە و منیش جلی بە خوێنی ئەوم لەبەردایە و لە جێگەی ئەویش سواربوویم، هەنووکە لەتوپەتم دەکەن. چ گێلەپیاوێکم؟ دووجار لە مردن دەرباز بووم و بەخۆم



مل لە خەنجەری مەرگ دەخشێنمەوە و خۆم بە سەربڕین دەدەم؟ ئێستا وەك سوارەکەی خۆیان سەرم لە لاشە جیا دەکەنەوە...

ژنەکە بە لالووتێکەوە گوتی: بۆ دانابەزی؟ چاوەڕێی چی دەکەیت؟ بەنیوە شەوان نەبێت نایێیتەوە، درەنگە! دابەزە! خەوم دێت ...

بە ترس و گومانەوە گوتم: رێبوارم...! هات جڵەوی ماینەکەی گرت، دەستێکی بە لاق و شەرواڵ و پێڵاوەکەم داهێنا و بە تاساوییەوە گوتی: ئەم جلانەت!... ماینەکە!... شیرەکە...؟! رێبواری؟ وەڵامم نەدایەوە... لە نێوان سامگرتن و حەپەساوییەوە گوتی: میوانی منی؟... دابەزە!... بە دوودڵییەوە دابەزیم ... بەرەو ژوورێك چوو و بە سەرسامییەوە گوتی: وەرە دووم!. بە زێلك رژاوییەوە بە دوای داچووم. لە ناوەڕاستی ژوورێکی پۆشتە و رازاوەدا وەستاین... نووێنێکی جووت نەفەری راخرابوو و کەسی لە ناودا نەبوو، مۆمێکی بچکۆلە لە قووژبنێکی لای دەرگاکەوە کز کز دەسووتاو لە تەك مۆمە بچکۆلەکەدا یەکێکی گەورەتری داگیرساند، سەیری سەر و سیما و بەژن و باڵاو جلو بەرگی کردم... بە سام و سەرسوڕمانەوە دەستێکی بە پەستەکە خوێناوییەکە داهێنا... بە واقوڕماوییەوە کشایەوە، دووجار دەستی بە دەمی داهێناو بسمیلای کرد، بە پەشۆکاوییەوە بە دەورمدا سووڕا و لێم وردبۆوە و جارێکی دیکەش دەستی بە خوێنی پەستەکەکە داخشاندەوە.

بە دەنگێك کە نازانم ترسان یا پاڕانەوە بوو گوتی: تۆ چی؟ چۆن بە سواری ئەم ماینە هاتوویتە ئێرە؟ ئەم پەستەکە بۆ ئەوەندەی بە خوێن بووە؟ بەسەرهاتەکەم بێ زیاد و کەم بۆ گێڕایەوە. بە گێژییەوە گوتی: بەیانی دەزانن ماینێکەوێت هاتۆتەوە، خزمەکانی دێن ... سەرت دەبڕن و ئەنجن ئەنجنت دەکەن. هێشتا ئۆخەشیان نایێت، منیش دەکوژن، یا دەبێ هەتا ماوم هەر لە کونی خانوودا بە بێوەژنی و بە رەشپۆشی بژیم. ترس و حەپەسانەکەی رەوییەوە و نیمچە زەردەخەنەیەکیشی هاتێ: پێکەوە سەری خۆمان هەڵدەگرین و روو لە لایەك دەکەین، لەم دنیا پان و بەرینەدا کونجێك دەبێت تێیدا بژین، نامەوێت لە تۆ و لەم ماین و شیرە دابـبڕێم... با ئێستا بەخۆ کەوین! منیش لە رێگەدا بەسەرهاتێکی دیکەی پیاوەکەمت بۆ دەگێڕمەوە.

هەندێك جۆ و ئاوی لە پێش ماینەکە دانا و هاتەوە ژووری و خشڵ و جلکی خۆی خستە نێو بوخچەیەك و گوتی: پەستەکەکە داکەنە! دامکەند. لێی وەرگرتم. بە خۆشییەوە چەند جارێك

ئەمدیو و ئەودیوی کرد، سەیری رووی دەرەوە و ناوەوە و خوێنەکەی کرد، بزەیەکی ساردی هاتێ، بە سەرسامییەوە سەری بادا و گوتی: کتومت هەوە! پەستەکەکەی برد بە سەردەرەی قەمتەرەکەی[14] وەکرد و هەندێك خۆراکی دیکەشی خستە ناو خورجەزینەکە و گوتی: ئێستا ماینەکە ئالیکی خواردووە، بەڵام ناکرێت چاوەڕووانی حەسانەوەی بین چونکە درەنگ دادێت و دەرفەتی دەربازبوونمان نامێنێت...

ماینەکەی هێنا و سواربووم، دەرگاکەی کردەوە و لە دەرەوەڕا گاڵەی دایەوە، دووپشتەکی سواربووین و دەستی تێوەرینام و گوتی: بە بەر ئەم دەرگا گەورەیەی لای راستماندا بڕۆ! لە بەرامبەر دەرگاکەوە بازنێکی زێڕ و شانەیەکی داری لە ناو دەسرۆکێکدا فڕێدایە بەر دەرگاکە و گوتی: باژۆ و مەترسە...! لێخوڕە و رێی گەرمیانێ بگرە، ماینەکە زۆر ماندووە و ئاوسیشە، بەڵام بەخۆم نا...

خۆر تەواوێك بەرز ببۆوە هێشتا رەنگ و روخساری یەکدیمان بە رۆژ نە دیبوو، هەردووکیشمان لە دەریای ترس و خەیاڵ و بیرکردنەوەدا خنکابووین... لە پڕ حنگێکی بە ران و سك و سنگ لێدام و گوتی: باریکە رێیەکەی پشتی گوندەکە بگرە با دەنگوباسمان نەزانن. لە ئاوێکی تەنك و بەستێکی بەرین پەڕینەوە، ئەمبەر و ئەوبەری بەستەکە گردۆلکەی بەرز و دەوەنی چڕ و پڕی جۆراوجۆر بوو. گوتی: رێی دەستە راست بگرە! لەم بەرزاییە سەرکەوین منیش بەسەر هاتەکەی دیکەیت بۆ تەواو دەکەم.

کە سەرەولێژ بووینەوە دووجار منی بە خۆیەوە گوشی و گوتی: ناوت چییە؟ بە هێمنی گوتم: شێرکۆ...

بە سەرسامییەوە: شێرکۆی شێرکۆ؟

بە دڵنیاییەوە: بەڵێ. شێرکۆی شێرکوژ، شێرکۆی سوارچاك...

جارێکی دیکەش هەر دوو دەستی لەبن هەردوو باڵمدا تێپەڕاندن و لە ئاستی ناوکمدا تێکیئاڵاندن و بە هەموو هێزییەوە بە خۆیەوەی گوشیم و گوتی: لێرە بە دواوە ترسمان نەماوە،

---

١٤- دەرگەوقەمتەرە: نیمچە هەیوانێکی بچکۆلەیە لەگەڵ دەرگەی حەوشە دروست دەکرێت...پتریش لەگەڵ دەرگای دوو دەری و خانوو و بەرەی جواندا دەبێت.



چیدیکە ماینەکە تەنگاومەکە، گەلێك ماندووە و ئاوسیشە... گوێ بگرە منیش بەسەرهاتی خۆم و (شێرۆ)ت بۆ بگێڕمەوە:

ماڵی باوکم و ماڵی شیرنە شۆڕێ هاوسێ بوون، من و شێرۆی پوورە شیرن هاوتەمەن بووین یا ئەو کەمێك هەراشتربوو، هەر لە منداڵییەوە هۆگری یەکدی بووبووین، لە یەکدی دانەدەبڕاین، کە گەورەش بووین، خۆشەویستییەکەمان بوو بە ئەویندارییەکی پاك و بێگەرد، بڕواناکەم هیچ دڵدار و دڵبەرێك هەندەی ئێمە حەزیان لە یەکدی بووبێت و بۆ یەکدیش ئەوەندە بەتاسەبووبن، سواری ماینە کەوێت کە بە دەستی تۆ فەوتاوە ناوی لەشکری بوو... چاك چاك دەیزانی کە ئێمە دوو لاشە و یەك گیان بووین، کەچی ماوەیەك بەبێ شەرمی بەدوامدا دەهات، کە لە کانی دەهاتمەوە ئەو رێگەی لێدەگرتم و هەر جارەی بە بیانوویەك دەیدواندم. ئێوارەیەك رووبەڕوو پێم گوت: تۆ لە منداڵییەوە ئێمە دەناسی، خۆت گێل مەکە و ئەو خەیاڵە لە کەللەت دەربێنە، من بۆ تۆ نابم، کچیش لە دنیادا نەبڕاون، هەزار کیژی جوان و خانەدان ئاواتە خوازن ببنە هاوسەرت...

شەش مانگ بەسەر مەرگی تاقە برای جوانەمەرگمدا تێنەپەڕیبوو کە ئەو منجڕ و رووقایمە ناردییە داخوازیم، منیش گوتم: دوای جوانەمەرگ شووناکەم، با چاوەڕێی من نەبێت... ماوەیەك بێ دەنگ بوو، شێرۆی ناکامیش لە ئەوینی من و لە سووێی براکەمدا دەسووتا...

لەشکری ورد وردە خۆی لە شێرۆ نزیك کردەوە... شێرۆم ئاگادار کردەوە، کە لەشکری گڵاوە و نیازی چەپەڵە، تکام لێ کرد خۆی لێ بپارێزیت، ویستی خوشکێکی خۆی لە شێرۆ مارە بکات، شێرۆش گوتبووی: من بە خزمایەتیتان سەر بڵند دەبم و شانازیشی پێوە دەکەم، بەڵام تا خوشکەکانم شوونەکەن من ژن ناهێنم. دۆستایەتییەکەی لەگەڵدا پتەوتر کرد و هەمیشە لەگەڵ ئەودا دەگەڕا و دەیبردەوە ماڵی خۆیان، دوو رانك و چۆغەی کری خورمایی و دوو پەستەکی مەرەزی گورگەیی بۆ خۆی و بۆ شێرۆ بە راداندان و چەند جارێك هەردووکیان لەگەڵ چەندین کوڕی ئاوایی بۆ راوە کێوی چوونە کێو...

دواجار نۆکەرێکی خۆی تێگەیاندبوو لە شێرۆ دانەبڕێت و لە هەلێکدا لە شاخی هەڵبدات، خۆشی لەگەڵ دوو برادەری دیکە بەرەو لووتە سەختەکانی سەرەوە هەڵکشابوون و چووشتیر و کەڵە کێوییەکیان کوشتبوو.

ئێواره كه بۆ شوێنی دیاری كراو گەڕابوونەوه شێرۆ دیار نەبوو... نۆكەرەكەش دەسخەرۆیان دەدات و دەڵێ: شێرۆ دوای چووشتیرێكی غەڕ[١٥] كەوتووه و بەرەو دندووكە سەخت و هەڵدێرەكان رۆیشتووه، لەوانەیه چووشتیرەكەی كوشتبێت و بە تەنها بۆی هەڵنەگیرێ بۆیە هێشتا بەدیار نەكەوتۆتەوه. بەرەو لووتكەكان گەڕابوونەوه، بەم شەوه لەم كەژه هەزار بەهەزارەدا گەلێكیان گازكردبوو، دەنگی نەبوو...

رۆژی دوواتر لە گوندیدا بوو بە هاوار، گەوره و بچووك بە چیا كەوتن، پاش نووێژێكی درەنگ، پووره شیرن و كچه بچكۆلەكەی تەرمەكەیان لە گۆڕی رێواسان لەبن شاخه بەرزەكەدا دۆزیبۆوه، شان و ملی شكابوو و گورگ و رێویش لایەكیان خواردبوو...

تائێستاش، دایكی رانك و چۆغه و پەستەكه بە خوێنەكەی هەڵگرتووه و هەموو بەیانییەك لەگەڵ كازیوەدا لە حەوشه دێته دەرەوه و لەو شوێنەی كە دەسرۆك و بازنەكەم لێ فڕێدا، دادەنیشێ و روو لە ئاسمان دەكات و ماوەیەك وەك گورگ دەلوورێنێت، دوواتریش سەردوولكه و لاوكان بەسەر تاقانەكەیدا هەڵدەدات... بەیانی زوو دەسرۆك و بازنەكه دەدۆزێتەوه و دەزانێت چ باسه، بە بیانووی چوونه سەركانی بە بەردەرگای ئێمەدا تێدەپەڕێ و پەستەكه بە خوێنەكەش دەبینێت، كه كتومت هەندەی پەستەكەكەی لای ئەو بەخوێن بووه...

دوای كوژرانی شێرۆ ماڵمان چووه گوندی (قەسرۆك)، لە بەهاری هەمان ساڵدا، لە ماوەی چل شەودا باوكم و دایكم سەریان نایەوه و بەتەنها مامەوه، دوای پرسه و پەرتەكردن، مامم كە ئەویش هاوسێی پووره شیرن بوو گوتی: كوڕم! پێم مەڵێ مامه! بڵێ باوكه! لە ئاگردانی برا و براژنێكمدا تەنها تۆم بۆ ماوەتەوه كه سەبووریم پێی بێت، كچێكی جوان و رێكو پێكی وەك تۆش بێ سێبەر بێت خەڵكی بێوێژدان بە پەندی دەبەن، بۆیه دەبێ لەگەڵ مندا بێیتەوه، ئەوەی تۆش بفەرمووی ئەوا من دەست لەسەر سنگ لەبەر دەستتدا بەرفەرمان دەوەستم...

گوتم: باوكه دەزانم ژیانی من هەر خەم و فرمێسكه، بۆ ژیانی ئێوەش تاڵ بكەم؟... گوتی: دەبێ تۆ بۆنیدایكت و باوكت لە من بكەیت و منیش فەرامۆشی هەر چوار كوڕ و هەر پێنج كچەكەم بە تۆوه بێت. دەستێكی بە سەر سەرم داهێنا و نێو چەوانی ماچكردم و

١٥- غەڕ: گیانلەبەری تەوێڵ سپی، قەش.



بەخەمگینییەوه گوتی: ئەتۆ بە تەنها تایەك و ئەوانیش بە هەرنۆیان نیو تا. گوتم: مامە... باوكه... بەخۆت دەڵێی كچی جوان و بێكەس خەڵك بە پەندی دەبەن، بۆ هەر لێرەوه لە كوڕه گەورەكەی خۆتم مارەناكەیت...؟ با هێشتا منداڵیش بێ و لە ریزی مندا نەبێت، دوو سێ ساڵ بەدیارییەوه دادەنیشم ئەو كات...

بە پاڕانەوەوه گوتی: كوڕم چاك دەزانم چیت لە دڵدایه، دەڵێن بەڕه لە لای تەنكییەوه دەدڕێت، بەڵام پەتی ستەم لە ئەستوورابیەكەیەوه دەپسێت، ئەوەی تۆ دەیڵێی بیكەم ئەوا بە یەكجاری تۆمان دەبڕێننەوه، دەچینەوه، ئەوی مێشك و ویژدانی هەبێت ئەوا دەزانێت تۆ چاوەڕووانی ئامۆزای خۆتی...

چووینەوه... هەر كاتێك شیرنه سوور منی بدیبایه لە شوێنی خۆیدا دەبووڕایەوه، دەست و پێی دەبوونه دار و چاوی دەڕسكا... هەموو هەینییان داوای دەكردم بچمه ماڵیان. لە دوای بوورانەوه و بەخۆهاتنەوەیدا بەدیار پەستەكەكەوه دەگریاین و سەردوولكەی دەگوت و دەیلاواندەوه، تا كفتو كولی دڵی خۆمان دەڕشت... دەنگی وا خۆش و سۆزی وا پڕ جۆش و ئاوازی وا رەشپۆش مەگەر هەر لەلای خۆی هەبێت...

نۆ مانگی نەبرد كه نامەردەكه ناردییەوه داخوازیم ... مامم بۆ كلۆڵی و بێدەسەڵاتی خۆی و سۆزی خنكاوی دڵی من، بارانی فرمێسكی دەڕشت، سەیری دەكردم و بڕیاری پێنەدەدرا... رۆژێك گوتم: بابه! چیتر پیش مەخۆوه و خۆت خەم خنكێن مەكه... بڵێ (من لە ئێوه پتر حەزدەكەم، بەڵام بڕیار لە دەست خۆیەتی، ناكرێت بە زەبری خەنجەر مارەی بكەین). بە دەنگ گریا و گوتی: ئاخر من لە تۆ دەترسم (ترسی هەبوو خۆم بكوژم یا ئەوان پەندێكم پێ بكەن...)

كه ژنەكانیان هاتنەوه گوتم: بە لەشكری بڵێن ئەگەر تۆزقاڵێك پیاوەتی و ویژدانی هەیه ئەوا با دەست لە من هەڵگرێت... ئەگەر بە تۆبزییش بێت ئەوا بە ناچاری و ناقایلی شووی پێ دەكەم، بەڵام با سوڕ بزانێت خۆشی لە من نابینێت...

دوو حەفتەی پێ نەچوو زەماوەندیان سازكرد و منیان گواستەوه، ئەوه بۆ ساڵی سێیەم دەچێت لای ئەوم، نەمهێشتووه منداڵم وەسكی كەوێت... هەر لەسەر حەفتیانەشەوه هەنجەتم بە مامۆژنم گرت كه لە هەمان كاتدا پووریشم بوو، لە ناو خەڵكەكەدا سووكایەتیم پێ كرد، ئیتر

هاتووچۆم نەکردنەوە، بەڵام مامم دەیزانی چ باسە، لە جەژناندا سەری لێ دەداین و دەیگوت: لەشکری بەگ! لەوەتی ئەو کچەمان هاتۆتە لای تۆ نەك هەر نامان ناسێتەوە و لێمان نەبان بووە، بەڵکو پەڵپ و بیانووشمان پێ دەگرێت و قۆچیشمان لێ دەدات.

منیش لە کونە دەعبا و لەگەڵ گورگدا دەژیام،خۆم دەخواردەوە، چاویشم بەرایی نەدەدا بچمە دەرەوە و مامم و شیرنە شۆر و دەستە خوشکەکانم ببینم، ئەم سێ ساڵە لە تەپانی بنی دۆزەخدا ژیاوم، هەر شەوێکی هێندەی سێ ساڵی مەنجەنیق درێژ بوو و هەر ڕۆژێکیشی حەوت ساڵ زەمهەریر بوو...

خەسووم ژنی یەکەمی پیاوەکەی بوو، دوای ساڵ و نیوێك کە سك و زام دەرنەکەوت، ڕۆژێك گوتی: کیژم لە تۆ باشتر دەزانم شووی نابەدڵ هەر شەوێکی مردنێکە، منیش بە نابەدڵی مێردم بە باوکە نەفرەتییەکەی کردووە، لە سەرەتادا هەر حەفتەیەك لەلای بووم و سێ مانگان زیزدەبووم ... نۆبەرەکەم کچ بوو، لەبەر بێ کەسی و تۆران و ڕۆیشتنی من، ڕەق و هیشك بۆوە و لە لانکێدا فەوتا، سکی دووەمم کوڕبوو، لەوە بەدوا بیرم لە زیزبوون نەکردەوە زانیم کە کچ چووە ماڵی مێردی، ئیدی تەنها بە کەلك ماڵ و پیاوەکەی خۆی دێت، لە هەموو شوێنێکی دیکەشدا سێبەری گرانە و بۆن ساردیی لێدێت، خۆشی ژن و مێردایەتی هەر تافێکە و تێدەپەڕێت، لێگەڕێ کوڕ و کچی خۆت لە کۆشت دانیشن و لە پێش چاوتدا بێن و بچن، خۆشی دنیا لەوێ دەبینییەوە، ژنی بێ منداڵ لە ژنی بێ مێرد هەناسە ساردترە، ئەگەر بە گوێی منی بکردبایە، ئەوا ئاگری لە تۆ بەرنەدەدا و خۆشی نەدەسووتاند. ئێستاش ئەگەر بە چاوی ناحەزی سەیری نەکەیت، ئەوا لە ئێران و تووڕانیێشدا لەو کۆکتر و سوارچاکتر و دەوڵەتدارتر نابێندرێتەوە، کیژم سەیری ماین و جوانوو بکە چەند پێکەوە شیرینن، بڕووانە هێستری ماچە و خۆت بێنە بەرچاو، هەتا زووە بیر لە خۆت بکەوە، ژنی بێ برا و بێ کوڕ وەك لەناو بیری بێ بن دابێت وایە، ڕووناکی دنیایێ نابینێت و کەسیش دەنگی نابیستێت، کە تەمەنت تێپەڕی و لە منداڵ وەستایەوە، پەشیمان دەبییەوە، ئەوکاتەش پەشیمانی دادت نادات، پیاو بێ بار و بێ ئەمەکن، منەتیان بە من و بە تۆ و بە هیچ ژنێك نییە، نابینی سێ ژنی بەسەر من هێناون بە هەرسێکیان بەتاکە پێڵاوێکی من نابن....



لانکێکی لە داری گوێز، بە نەخش و بە غەرغەرەی زۆر جوانی بۆ بەڕادانندابووم و دەسرازە و ناولانك و دوو بلوول و سەر لانکێکی بە نەخش و نیگاری بۆ دانابووم، هێنای لە نێوان من و خۆی داینا و گوتی: لانکی وا جوان و تۆکمە بە منداڵەوە رابژەنی و لایلایەی بۆ بکەی و کۆرپەش لە ناویدا بشنێتەوە و تریقوهۆڕ خەم لە دڵتا بڕەوێنێتەوە، خۆشی دنیا لەوە دایە: گۆی مەمکت بخەیتە ناو زارە بچکۆلەکەی و ئەویش بیمژێت و چنگ لە سنگ و بەرۆکتا گیربکات، ئەو کات دەزانی باوك و براکەشت زیندوو بوونەتەوە و وجاخیان ئاوەدان بۆتەوە...

جارێکی دیکەش توندتر بەخۆیەوەی گوشیمەوە و لەگەڵ هەناسە قووڵەکەیدا پشت و سکیشمی فوودا و گوتی: ئەوا ئێستا زۆر بەدرەنگەوە پەتە ئەستورەکە پسا...

بە شەو دەڕۆیشتین و بەڕۆژیش لە پەنایەکدا لامان دەدا و دەحەساینەوە، بە نۆرە دەنووستین و ئێشکمان دەگرت. لە بیرم نەماوە چەند شەو و چەند ڕۆژ ڕۆیشتین و چەند چیا و دۆڵ و دەشتیشمان بڕی...

بولێڵ بوو، لە بناری چیایەکدا گەیشتینە مێگەلێکی گەورەی شەوبەکێو، مێرد منداڵێکی تەژە، جلێکی شڕی لەبەردابوو و کۆنەچەفیەیەکی سوورکاڵی دەمامك دابوو، کۆمکی گۆچانێکی ئەستووری نیوە شکاوی لە باسکی کردبوو، لەسەر چەقی ڕێگاکەدا بەنی پێڵاوە گەورە و دڕاوەکانی توند دەکردەوە، سەگەل بۆمان هات، ئەویش پێڵاوەکانی بەدوای خۆیدا کێشکرد و سەگی لێ پاسکردین، تووڕەگەیەکی بۆر و چادانێکی بچووکی ڕەش و قۆپاوی بە قەدەوە بوو، سڵاوم لێی کرد و منەتباری خۆم دەربڕی کە سەگەکانی لێ دوور خستینەوە و گوتم: کاکەی شوان خەڵکی کوێیت؟ یەکسەر گوتی: میرەدێ... (دەستی بۆ باریکە ڕێیەکە درێژکرد) لێرەوە سەرکەوە دەگەنە گوندی. گوتم: ناوی میرە دێم نەبیستووە! کێ براگەورەی دێیە؟. گوتی: مامە! ژنت هەڵگرتووە و دەتەوێ بچیتە ماڵی شێخ ماراو مەسڵەتیت بۆ بکات؟ ئەگەر دەچیتە ماڵی شێخی با ژنەکەت بچێتە خانووی دایە هەمینێ! ئەو لە لای سەرەوەی کۆشکەکانە، یەك نهۆمێکی کۆن و گەورەیە، دایەهەمین ژنی گەورەی شێخە و دڵ نەرم و نیاز پاك و چاوتێرە، ژنێکە سەد پیاوی پێبشکێنیت... نەچیتە کۆشکی گوڵخاتری ئامۆزا و ژنی دووەمی شێخ، چونکە هەتا بڵێی ڕووخۆش خزمدۆستە، بەڵام بە خۆی و بە منداڵەکانی دەست و دەم و دامێنیان... دەڵێن شەوێ سەلۆ و سابەی دەباتە ناو نوێنی خۆی..

بەر لەوەی بچنە ماڵیان، شێخ بناسن باشە! زۆر ژن هەڵگر و پیاو کوژ و چەتە، خۆیان داوێنە ماڵی شێخی. ئەویش داڵدەیان دەدات و مەسڵەتییان بۆ دەکات، ئەوانیش دەبنە گوێکەر و چەتە و دەست و پێی شێخ، هۆشداربە کە نابێ هیچ کەسێك لە گوندەکانی دەوروبەریشماندا مەڕ و بزن و ماین و مانگا و سەگ و تانجی و کەڵەشێر و قەلی لە هی شێخ باشتربێت، ئەگەر بە خۆیان نەیدەن، ئەوا بە پەندیان دەبات و سەد کەتنییان پێ دەکات، ئینجا هەر لێشیان دەستێنێت، چاڵێکی لە تەك تەویلەی وڵاخەکانیدا هەیە، من نەمدیوە، بەڵام دەڵێن سێ بەژن و نیو قووڵە، هەرچی لە قسەی دەربچێت ئەوا دەیخاتە ناو ئەو چاڵەوە و سێ ڕۆژان خواردنی ناداتێ، هەموو کاتێکیش دووسەگی گەورەی ڕەشی چاو سووری هەیە، بە ڕۆژ زنجیریان دەکات و بە شەویش بەرەڵڵان، ئەوەی لە قسەی خۆی نێتەخوارەوە ئەوا لە شەوی سێیەمدا دوو سەگی برسی بۆ داوێتە ناو چاڵەکەوە، ئینجا خۆت دەزانی کەسیش ناوێرێ قسە لە قسەی شێخ بکا..

کاتی خۆی باوکم لە تەمەنی مندابوو، شێخ خستبوویە ناو چاڵەکەیەوە، باپیریشم شەوێ بە دزی خۆی گەیاندبووە تۆبزاوە و بە خزمەکانی خۆی گوتبوو، ئەوانیش تەتەرێکیان ناردبووە لای شێخ و پێیان گوتبوو با گەنجۆ (کە دەکاتە باوکی من) بە سەگان خواردی نەدات، ئەگینا دوژمنایەتییەکەمان نوێ دەکاتەوە، دووەم ڕۆژ دایەهەمین (کە ئەوکاتە تاکە ژنی شێخ بوو) پەیژەیەك بۆ باوکم شۆڕ دەکاتەوە و خۆشی یارمەتی دابوو تا هاتبووە دەرەوە، بردبوویەوە ماڵەوە،بۆی گریابوو،خواردن و دەستە جلێکی دابوێ و ڕەوانی کردبۆوە...

دەزانی شێخی گەورە بۆ لە قسەی مام هەیاسی تۆبزاوە دەرناچێت؟(هەر بە خۆی) مام گیو (باپیری هەیاس) دەسترۆیشتوو و زۆردەست و بوێر بووە... کاتی خۆی لە میرەدێ دانیشتووە.

ماژۆ (باوکی شێخ ماراو بوو و ناویشی لە خۆی نابوو شێخ مازن) دەیەوێت ناموسی فاتمە بسك شۆڕێ مام گیوی ببات، ئەوانیش بارگە تێك دەنێن و بەمەڕ و ماڵاتەوە دەڕۆن و لە جێی گوندی تۆبزاوەی ئێستا ڕەشماڵ هەڵدەدەن و خۆیان تەیار دەکەن. ماژۆ پیاوێك دەنێرێتە لای گیو و دەڵێ: ئەگەر هەتا هەینی دادێت بەخۆی فاتمە بسك شۆڕم بۆ نەینێ ئەوا بە زاکوماکەوە[١٦] تاکیان لێ دەبڕم ...

---

١٦- زاکو ماك: تێکەڵاو بوونی مەڕ و بەرخ، مێگەڵی دایك و بێچووە ساواکان بە تێکەڵاوی.



گیوی کەللە گەورەش دەڵێ: بە ماڵی دنیا و مەرگی خۆم و منداڵ و نەوەکانم سەر دێنمە بەر و سەرپێچی لە قسەی براگەورەی خۆم ناکەم، بەڵام ئەتك کردن و سووکایەتیمان بە گەروودا ناچێتە خواریێ، با شێخ هەر خۆی بە نێر نەزانێ و هەرکەسە و لە ژێر کراسی خۆیدا پیاوە، جام پڕبێت لەسەری دەڕژێت، پڕبووینە و گەیشتۆتە لووتمان، با چیدیکە گەڕ بە ئێمە و بە گوندنشینەکان نەکات، فرتەنە هەڵکردن سانایە بەڵام کوژاندنەوەی ئەستەمە...

پیاوی شێخیش دەڵێ: زۆر تووڕە بووە، ئەو هەر گوتی قسەکەی پێبڵێو بگەڕێوە... گوتیشی گوێی لێ مەگرە چی دەخوات، تەنها بڵێ: شێخ مازن هەر هەتا هەینی داهاتوو دەتوانێت چاوەڕووان بێت، دوواتر بۆشی ببەن لێتان نابوورێت... بە دووقسەی بێ پەناوپێچ و بێ درێژەدان پێم بڵێ وەڵامت چییە...؟

گیو لە دڵدا دەکوڵێت و لە روخساریشدا ساردی دەنوێنێ و دەڵێ: حەزناکەم لەگەڵ شێخدا بیگەیەنینە مریشکە ڕەشە، ئەگەر هەر هەتا هەینی دادێت چاوەڕێ دەبێت، ئەوا ئێمەش تا ئەو کاتە چارەیەك دەدۆزینەوە...

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە شێخ مازن دەست و پێیەکانی خۆی تەیار کردبوون و لە دیوەخاندا نانێکی چەوری بۆ دانابوون و چاوەڕێبوو ئەگەر هەتا نوێژی هەینی بسك شۆڕی بۆ نەبەن ئەوا بەسەر هۆبەی گیو سەرگەورە دابدات پەرپووتیان بکات و بە دیلی بیانباتەوە ئاوایی و بسك شۆڕیش بە یەخسیری پەلکێش بکات...

مام گیویش پلانێك دادەنێت و کوڕ و برازاکانی وەدوو خۆی دەدات و لە نیوەشەوی پێنجشەم لەسەر هەینیدا دەچنە ناو گوند، سەگەکان دەیانناسن و ناحەپن، دەوری ماڵی شێخ دەگرن و ئێشکگرەکانی لە خەودا پەلبەست دەکەن و دەرگای دیوەخان دەکەنەوە و بەدەرگەکەی ژوورەوەدا دەچنە ناو حەوشەکە و دەگەنە ژووری  شێخ و لە پاڵ ژنەکەیدا قۆڵبەستی دەکەن و سمێڵ و برۆ خەناوییەکەی دەتراشن، خوشکە جحێڵەکەشی لە دیوی ئەو دیوەوە دەردێنن و لە تەك ژەنەکەیدا ڕایدەگرن، دەڵێن لە پێشدا ژن و خوشکەکەت دەگوازینەوە ئینجا بسك شۆڕت لە پاڵدەکەین... قۆڵتی هەردوو چاوی بە جاجکە تاڵی گەرم پڕدەکەنەوە و هەرسێکیان دێننە دەرەوە و دەستی ماژۆ ڕادەکێشن و دەیخەنە ناو چاڵەکەیەوە و دەڵێن: دوای سێ ڕۆژی دیکە دێینەوە ئەگەر لە قسەی خۆت نەهاتبیتییەخوارێ ئەوا سەگە ڕەشی چاوسوورت دەکەینە

میوان... تۆبزێکی دەسك لووسی سەرگەورەی بزمارکوتیان دابوێ و گوتبوویان بەم تۆبزە جوانەش سەگەکە لە خۆت پاس بکە! بەڵام لە بیرت نەچێت ئەگەر لە سێیەمین رۆژدا نەهاتینەوە و لە چاڵەکەتدا هاتییە دەرەوە، ئەوا  لە بەستی گەورەی پشت گۆڕستانی گوند پتر بەرەو هەواری ئێمە تێنەپەڕیت، ئەگینا هەردوو چاوت دەردەکەین و لە جیاتی تۆبزەکە دەیخەینە ناو دەستتەوە...

لە دەوری ماڵ و دیوەخان کشانەوە و بەرەو هەواری خۆیان رۆیشتن، کە لە گوندەکە دەرچوون و لە گردی گۆڕستان سووڕانەوە و گەیشتنە ناوەڕاستی بەستەکە، مام گیو گوتبوویە ژنی ماژۆی: دەبێ بمانبووری تۆمان بۆ ئابڕوو بردنی شێخە شاخدار هێناوە، لێرەوە بگەڕێوە! هەواری رەشماڵەکەمان دەکەینە گوند و ناوی دەنێین تۆبزاوە، پێشی بڵێ لە جێی پێی تۆ... (دوو هەنگاوی بەرە میرەدێ گێڕاوە دواوە). لێرەوە هەنگاوێك بەرەو تۆبزاوە بنێ، ئەوا نەك هەر هەردووچاوی دەردەکەم، بەڵکو لووت و هەردوو پێشی دەبڕمەوە و دەیکەمە شێخ دەعبا قنجە... گوندی میراوەش دەبێتە تۆبزاوە... تۆ بگەڕێوە لای ئەو دەویتە، بەڵام خوشکەکەی نانێرمەوە، چونکە ئیشم پێیەتی... ئەوە پێنج ساڵە لەگەڵ شوانەکەی ئێمە حەزلەیەکدی دەکەن و بۆ یەکدی دەسووتێن، هەموو خەڵکی میرەدێش دەزانێ، بەڵام لە ترسی شێخ گەلۆر...

لە بیرت نەچێ! باڵندەیەکیش بە ئاسمانی تۆبزاوەدا تێپەڕێت و بۆنی ئەو تەرەسەی لێ بێت، ئەوا من دەنووك و باڵی ئەو دەبڕم...

ژنە گەڕاوە و دەم ودەست دەستی پاسەوانەکانی کردەوە و لێفەیەك و بڕە خۆراکێکیان بۆ شێخ هاوێشتە ناو چاڵەکەوە، بەڵام تا سێ رۆژی پێ نەچوو، نە شێخ داوای هاتنە دەرەوەی کرد و نە ئەوانیش وێرایان دەری بێنن، کە هاتە دەرەوە هەموو لەشی شین و مۆر و رانی شکابوو و گونکیش بووبوو، بە دارەبازە بردیانەوە ماڵ، لەگەڵ لێکردنەوەی تاڵە بنێشت، مژۆڵ بە چاویەوە نەما، سمێڵ و برۆشی نەمابوون... چاوی کردەوە ژنەکەی و دوو ناومالّی و تۆبزێکی نایابی کەوتە بەرچاو، چاوی نوقاندەوە و لەبەر ژانی ران و کلیلەی ملی و گونی بوورایەوە...

حەکیم و بەیتاری هاتنە سەر، دوای چوار مانگ مووی سمێڵ و برۆ و برژانگی هاتنەوە و هێسکی رانیشی یەکدی گرتەوە، ماوەیەك بە شەقڵە و دوواتریش بە شەلە شەل دەڕۆیی، ئەڵقە و توورەگەیەکیشی بۆ گونە قۆڕەکەی هەڵبەستبوو، لەم ماوەیەدا نەدەبوو کەسی ئاوایی



بیبینێ، هەر دەیانگوت شێخ لە ماینێ کەوتووە و رانی شکاوە و حەکیم گوتوویانە کەڵکی میوان و دیوەخانی نییە، وردە وردە هاتەوە دیوەخان، بەڵام هەر دەلەنگی و پۆزایی گونیشی لە نێو دەرپێیەکەیدا نە دەشاردرایەوە، وەك پێشان پێنەدەکەنی و خۆشی لە کەس زوویر نەدەکرد، ئەگەر جارێك بێئەندازە هەڵبچووبایە و خۆی لە ژنە بچووکەکەی تووڕە بکردایە یا پرکێشی لێدانی یەکێکی بکردایە ئەوا ئەو بە ساردییەوە دەیگوت: شێخ دەعبا! راوەستە با توورەگەکەت ئازار نەخوات، خۆم دەچم تۆبزە جوانەکەت بۆ دێنم ...

دەڵێن زۆر جار هەندێك سوار دێنە دیوەخانێ، شێخ،  وێڕای ئەوەی زۆر رێزیان دەگرێت گەلێکیش لێیان دەترسێت، بە فارسی و عارەبی و بە توورکیش قسان دەکەن...ساڵانەش لە نێرینەی بەهار و لە خەزەڵوەردا سێ کەتەی سوورەی مل ئەستوور هەفتەیەك دەبنە میوانی، بەرخ و قەلی گوندییان دەرخواردەدا، رۆژ لە دەشت و دەر سەیران و راودەکەن، شەوانیش لە ماڵە گەورەی شێخدا بە سەرخۆشی پۆکەر دەکەن و سەربەسەرانێ ...

مێردمنداڵەکە ئاوڕێکی دایەوە و بینی وا سەرەشوانەکەیان بە هەڵەداوان  بۆ لامان دێت، بە ترسەوە رووی‌کردە من و بەپەلە گوتی: مامە ماینەکەت زۆر جوانە بەدڵی شێخ ماراوە... بە پەلەتر گوتی: مامە دەبێ هەمووساڵێك لە وەرزی شەوین و شەوبەکێودا یەکێك لە ماڵی ئێمە بە پێڵاوی خۆی و بە خۆڕایش ببێتە دوا شوانی شێخ ئەگەرنا سەپانیشمان ناداتێ..

## شێخی گەورە

سەرەشوانەکە بە هانکە هانك سەرکەوت و ماندوونەبوون و بەخێرهاتنی کردین، رووی کردە دواشوانەکەی و بە رقەوە: تەژەی زمان شڕ! غاردە بگە بەرایی مێگەل، با نەگاتە پارچە جۆیەکەی بناری... رووی کردەوە من و بە نەرمی گوتی: دەچنە ماڵی شێخی گەورە مەسڵەتیتان بۆ بکات؟ هەر گەیشتنە گوندی یەکسەر بڕۆنە دیوەخانێ، پیاوی شێخی ماینەکەت لێ وەردەگرن و ژنەکەت دەبەنە لای شێخ ژن و ئەتۆش لە دیوەخانێ دادەنێن، مەترسە لەپاڵ شێخی بی هەموو دنیا دوژمنت بێ ناتوێرنێ، دێویش بە نیازی خراپەوە ناوێرێ تخوونی گوندی شێخی گەورە بکەوێت، بەڵام بزانە هەرچەندە شێخ هێمن و چاوکراوەیە و حەزی لە پیاوەتی و شتی نایابە ئەوەندەش قینی لە پیاوی لامل و سەررەقە...

ئاوڕێکی لە دواشوانەکە دایەوە، لەوبەری بەڕاکردن بەرەو بەرایی مێگەل دەچوو. دەستی بۆ درێژکرد و گوتی: ئەم لۆق درێژە ئاقڵ کورتە ماوەیەك لە گەڵتان وەستابوو، وەك تووتی قسەی باش و خراپ دەڵێتەوە، هەندێك جار قسەی هەڵەق و بەڵەق دەکات، قسەکانی بێ سەر و بنن و جێی بڕوانین و کەلکی گێڕانەوەشیان نییە. دەڕۆن خواتان لەگەڵ، هەتا شێخ نەهاتۆتە دیوەخان ئێوە بگەنە ئەوێ باشترە...

گوتم: مام شوان! مێگەلەکەت بێچاوینیبێ هەندە[17]، چۆنە ئێوەش ناچنە کوێستان؟ گوتی: زۆرینەی گوندەکانی دەوروبەرمان دەچن، بەڵام چونکە میرەدێ پووش و پاوان و پەرێزی زۆرە و لە گوندیش تەنها مێگەلی شێخی هەیە، شێخیش دەفەرمووی ((بەخۆمان پەرێز و پووشی

١٧- هەندە: زۆرە.



خۆمان دەخۆین، باکەسی غەوارە نێتە گوندەکەمان))، هەر ماڵە کرمانجێکیش بەپێی ژمارەی خێزان سێ تا شەش سەر مەڕ دەدۆشێ، بەڵام شێخ دەڵێ ((دەبێ کچ و ژنی جحێڵ بێنە ناو مێگەل، چونکە پیرەژن هەناسە سارد و چاو پیسن، مێگەلەکەمان بەچاو دەبەن...))

بە نابەدڵی ماینەکەم دەنگدا و بەرەو گوند ملم نا، ناوی گەلێك شێخانم بیستووە، بەڵام شێخ ماراوی شێخ مازنی میرەدێ یان میراوەم بەرگوێ نەکەوتووە... تۆ بڵێی بچمە ماڵی شێخ و لە سێبەری خۆیدا...؟

پەریزاد لە پشتڕا گوتی: دڵم خەبەری دامێ کە قسەی مێرد منداڵەکە راستە، ئەوانەی دەم و دامەنیان فێرە حەرام دەبێ، نابێ بڕوایان پێ بکرێت، لە بەیت و لاوك و حەیرانانەدا زۆرم بیستووە کە دوو ئەویندار پەنا دەبەنە بەر سێبەری براگەورەیەك، ئەوا کوڕە لاوەکە لەناو دەبەن، کوڕ و باوکیش لە پێناوی نوێنی دڵبەرەکەدا یەکدی دەفەوتێنن، زۆرجار خورتی و هەبووەیی و دەسەڵاتداری چاوی پیاو کوێردەکەن و بەرپێی خۆی نابینێت... گوتم: زۆربەی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەمان ویژدانییان مردووە یا خەوتووە، بەدەگمەنیش بێداردەبنەوە و هۆشیان دێتەوەبەر، چونکە بە پەیژەی ستەمدا سەرکەوتوون و بە زۆریش نەبێت دانابەزنەوە... بەڵام هەمووشیان لە دایك و باوکێك نین... یەك دوو شەو لە ماڵی شێخ دەمێنینەوە، هەردووکمان زۆر وشت و گوێ سووك و لەسەر هەستدەبین، هەر بۆنمان کرد بەدنیازن، ئەوا شەوێك بۆی دەردەچینەوە...

بەرلەوەی گوندەکەمان لێوەدەرکەوێت، شمشێرەکە و جۆڕکە تیرێکم لەناو تەبارەی گەنمێکی تەڕاوزدا لە ناو ماڵە سوڕناتکێکدا خستە ژێر گڵ، پەریزادیش ئەم خەنجەرە دەبانەی دایە دەستم و لە ژێر جلەکانمدا شاردمەوە. سەرکەوتین، تەلاری شێخ لە بەرزاییەکەی باکووری گوندەوە دەرکەوت، چەندین خانوو و کۆشکی یەك نهۆم و دوو نهۆم و سێ نهۆمێکیش بە دیواری پان و بڵند دەورە درابوون، دەتگوت قەڵا و شوورەیە...

بەرەو دیوەخان چووین، دەنگی قاوە کوتان دەهات، دەنگەکە بڕا، گرگنەیەکی کەللە گەورەی مل باریکی رەنگ تەڵخی سمێڵ فش بە پیرمانەوەهات، بە دەنگێکی ناساز ماندوو نەبوون و بەخێرهاتنی کردین، جڵەوی ماینەکەی گرت و بەرەو دوودەری بردین و بەدەم رێگاوە بەخێرهاتنی کردینەوە. دابەزین. گوتیە پەریزاد: دەرگاکە کراوەتەوە! بڕۆ حەوشەکەوە! ئێستا

ماینەکە لە تەویلە دەبەستمەوە و دێمەوە و دەچینە لای شێخ ژن... رووی کردە من و گوتی: دڵ لەدڵ مەدە! ژنەکەت دەچێتە ماڵی باوك و برای خۆی. دەستی بۆ دەرگای دیوەخان درێژکرد: دەرگە والآیە و سەماوەر داگیرساوە و رایەخ راخراون، هەر ئێستا دەگەمەوە لات.

پەریزاد لە دەرگاکەوە ئاودیوی حەوشەبوو و منیش سایەدیم کرد، بەرەو خانووی دایە هەمین چوو، دەرگایان کردەوە، چووە ژوورەوە، منیش کشامەوە و لەبەر دەرگای دیوەخان دانیشتم...

پیاوەکە هاتەوە و چووە حەوشە، کە گەڕایەوە قاپێك ماست وکەوڵ و پەڕۆنانێکی لە دەستدابوو، چۆوە ناو دیوەخان و فەرمووی لێکردم، نان و ماستەکەی دانا و دوو چای تێکرد و پێکەوە نانمان خوارد... ناوە ناوە بەخێر هاتنێکی گەرمی دەکردمەوە، تێم ڕادەما و رێگەی پرسیاری خۆش دەکرد... گوتی: هەنووکە شێخ خۆی دەپێچێتەوە و دێت...

شێخ لە دەرگای لای ماڵەوە هاتە ژوور، هەردووکمان یەك پێ هەڵستاین، بە فیزێکەوە نەختێك چاوی گێڕا، هات بە لالووتێکەوە دەستی بۆ درێژکردم، منیش بە پەرۆشەوە دەستیم گوشی، بەخێرهاتنی کردم. چوار شانەیەکی چاوسەوزی سوور و سپی گوێ بچووکی روومەت پڕ و لووت گەورەبوو، بڕۆ و سمێڵی پڕ و گڤی سووری خەناوی دەبریسکانەوە، کەوا و سەڵتەیەکی شینی ئاسمانی و کراسێکی سپی بە ئەنگوچك و دەرپێیەکی خەزنەی خاوێنی لەبەردابوو، شاڵێکی سەوزی تاریك لە ژێر کەواکەیەوە دیاربوو، جووتە یەمەنییەکی سووری بریقەداری لە پێدابوو، هەورییەکی سووری گەورە و ریشیدرێژی لە سەر بەستبوو... چوو لە لای سەرەوە لە تەك سەرینە لوولەییە گەورەکە دانیشت. جارێکی دیکەش بە رووێکی خۆشترەوە بەخێرهاتنی کردمەوە و گوتی:

ماڵ و دیوەخان هی خۆتە. دەستی بۆ نۆکەر و ناوماڵەکەیان درێژکرد و گوتی: سەلۆ و سابەش برای تۆنە و بەردەستیت دەکەن...

ماوەیەك بێ دەنگ بوو، ریزە چایەکیان گێڕا، شێخ نیوەی چایەکەی نەخواردبۆوە کە لە دەلاقەی دیوارەکەی پشتی قەننەیەکی نایاب و توورەگە توتنێکی بۆنداری داگرت و قەننەیەکی تێکرد. بۆیان داگیرساند. ناوە ناوە قومێکی لە چایەکە و مژێکی لە سبیلەکە دەدا و دووکەڵ لە لووتییەوە دەهاتەدەر. زۆر بە نێرییەوە گوتی: سەلۆ چایەکەت باش دێمی نەدابوو... با قاوەکەت قاوە بێت!



سەلۆ بە کلکەسووتەوە: ئەمڕۆ قاوەی سەیدم بۆ شێخی گەورەم کوتاوە، پیاڵەکانی ختسەوە شوێنی خۆیان، گومگومە[١٨] و فنجانی بەدەستەوە گرت و بەرەو شێخ چوو و فنجانێکی تێکرد. بە فڕێك هەڵی لووشی و گوتی: قاوەکەت ئەمڕۆ بە دڵی منە... فنجانەکەی راگرتبوو. دووبارەی کردەوە، زمانی بە لالێوی داهێنا و گوتییە سەلۆی: ریزە قاوەیەك بگێڕە....

تێمڕادەماو بیری دەکردەوە، فڕێکی لەفنجانەکەی داو گوتی: خوارزا! لە کوێوە هاتووی؟ منیش ناوی گوندێکی ناوچەکەی خۆمانم بەسەر زاری داهات. وەری گرتەوە: ناوی ئەم دێیەم لە سەرهۆبەی رەوەندان بیستووە، دەبێ گەلێك دووربێت!. بە هێمنی گوتم: باسی دووری ناکرێت... بە دەنگێکی نێرانەوە: کوڕی کێی؟ گوتم: قوربان کوڕی سمە شێرکوژیمە. گوتی ئەدی خۆت ناوت چییە؟ :- گەورەم ناوم شێرکۆیە. بزەیەکی هاتێ: بەرەبابی ئێوە دەبێ هەمووتان شێرکوژ و شێرگر بن...!

گوتم: بابە شێخ ... دەڵێن لە پێشدا شێر لە جەنگەڵ و بێشەلانی گوندەکەی ئێمەدا هەبووە و خەڵك بە دەستییەوە هەراسان بووین و باوکی باپیرەشم شێرەکەی کوشتووە، هەر بۆیە خەڵك ناویان ناوین شێرکوژ و بەرەی شێرکوژی...

گوتی: باشە شێرکوژ لە کەیەوە گەیشتوویتە دیوەخان؟ گوتم کەمێکە (دەستم بۆ سەلۆ درێژکرد) کاکە سەلۆ لێرە بوو. بە خانەی گلەییەوە گوتی: سەلۆ! بۆ نەتگوت میوانمان هەیە؟ سەلۆ: قوربان قاوەم دەکوتا، وەختێك سەرم بڵند کرد، دیتم سوارێك بەرەو دیوەخان دێت، پێشوازیم کرد و ماینەکەیم بردە تەویلە. بە کلك پانییەوە: خانمێکی ... لەگەڵدابوو ئەویش هاتە ماڵەوە، تۆش لە کۆشکی سێ نهۆمدا بوویت، رووم نەهات... گوتم هێشتا...

گوتی دەوا بڵێ! بڵێ ژنی هەڵگرتووە و هانای هێناوە داڵدەی بدەین، وەی بەسەر چاو... پیاو ئەگەر بۆ ئەوە نەبێت لە رۆژی تەنگانەدا فریای لانەواز و لێقەوماوان بکەوێت ئەدی بۆ چی باشە و چۆن خودا لەو دنیادا چەپاڵەی دەدات و لە پەنای خۆی دەگرێت؟ بە دەنگێکی پڕ متمانەوە: خوارزا خەم و ترست نەبێت، کە گەیشتیتە ژێر باڵی من، نێر نییە بتوانێ بڵێ لە پشتی چاوت برۆیە، مەگەر بەسەر لاشەی شێخی گەورەدا تێپەڕن...

---

١٨- گومگومە: قاوەجاغ، دەللە ((لەگەر تومە ئەی فاتمە...سینگت فنجانە و گومگومە... خۆم قاوەچی و تۆم لازمە.)) فۆلکلۆر- دەشتی هەولێر.

چاوی تێبڕیم و بەدەنگێکی نەرم و نیمچە پێکەنینەوە: چەند شەوە دڵبەرەکەت هەڵگرتووە؟ بە ساکارییەوە: هەڵمنەگرتووە، نزیکەی سێ ساڵە ژن و مێردین...  قەنەو تووتنەکەی خستەوە شوێنی خۆیان و گوتی: ئەدی خێرە وا سەری خۆتان هەڵگرتووە و ئەم ڕێیە دوورەتان بڕیوە؟... پیاو کوشتنت بە ملداهاتووە؟ گوتم: لەگەڵ باوك وبراكانم ناخۆشیمان بووە و لێیان ڕەنجاوم و ویستوومە بگەمە جێگەیەك كە ئیتر نەمدۆزنەوە، ناودەنگی پیاوەتی و خانەدانی تۆشم بیستبوو، هاتم لە سێبەری پیرۆزی جەنابتان دا بژیم...

گوتی: خوارزا! دڵنیابم كە دوژمندارنی و مەسڵەتیت ناوێت؟ چونکە لە پەنای منەوە دەستێکت لێ بوەشێنن ئەوا من رووی ئاوەدانیم نامێنێت! گوتم: دڵنیابە. گوتی: جوتیاری و سەپانیت کردووە؟ گوتم: گەلێك. بە پێکەنینەوە: داس و قەیناغت لەگەڵ خۆتدا هێناوە؟ لەم حەفتەیەدا دەچینە دروێنەی جۆی. یا دەست و پێ سپیی سك برسیی و بارنەبەری، لە ترسی پشتکردن[19] ڕاتکردووە و لە مفتەخۆری و سك لەوەڕان دەگەڕییت؟ گوتم: یاشێخ ئێمە مەڵەغان دەوەشێنین... گوتی: ئەوانەی مەڵەغان دەوەشێنن پیاوی ئازا و دەستگەرمن، هەر پاڵەیەکیان بارتەقای سێ سەپانی ئێرەیە.

بە خەنینەوە: خوارزا خۆ دوواتر خۆت و خاتوونەکەت بۆ دایکتان ناگرییێن و لە خەرمانی کاردا بەجێمان ناهێلن؟ گوتم: دایك و باوکی خاتوونەکەم تەمەنی درێژیان بۆ جەنابت جێهێشتووە، ئاسوودەش بە کە من بۆیە ئەوەندە دوور هاتووم تا هەرگیزاو هەرگیز نەگەڕێمەوە. گوتی: سەلۆ قاوەیەکی دیکە بگێڕە! ئینجا با سابە لاوکێکی زۆر خۆش بۆ میوانە خۆشەویستەکەمان بڵێ، ئەگەر ئەویش لاوکی لای خۆیان دەزانێت با چەند بەندێکمان بۆ بڵێ... خوارزا کە بە ماین هاتوویت دەبێ لەگەڵ ڕاو و شکاردا چۆن بیت؟  گوتم لاوکان نازانم و دەنگیشم ناخۆشە، بەلام لە ڕاوێ بمبینە...

شێخ: کە سێ ساڵ بێ ژنت هێنابێ، چۆنە منداڵتان نییە؟. گوتم: قوربان نۆبەرەکەمان بوو بە قوربانی منداڵەکانی جەنابتان،  ئێستاش چاوەڕێی منداڵی دووەمین. گوتی: کەواتە ژنەکەت پەرێز و هەوێز و سەراو و دەراوی پێناکرێت؟ سەرم لەبەرە خۆم ناو گوتم: من هێندەی سێ پاڵە دەکارێم  و وادەکەم  شیرین بم و خۆشمت بوێت و دەستت لێم بەرنەبێت...

١٩- پشتکردن: وڵاخ فێرە کار کردن، بۆ یەکەم جار سواری وڵاخ بن یا باری لێبار بکەن.



گوتی: سەلۆ! دوای ئەوەی سابە شتێکمان بۆ دەڵێت، تۆ، شێرکوڕ و خانمەکەی و ماینەکەی بگەیەنە خانووی خێلەی! کە دوژمندار نەبێ و بەدوای کار و نان‌دا بگەڕێت با بۆخۆی لەوێ دانیشێت تا پێویستمان بە خانووەکە دەبێتەوە...

سەلۆ چاوی زەقکردەوە و سمێڵ و برۆی جووڵاندن و ویستی شتێك بە شێخ بڵێت: گوتی: هەر ئەمرۆۆۆ؟...یاشێخ !! هەرئێێێستا؟... بەڵام ئەو لێی تووڕە بوو و گوتی: چاو جناوی چۆنت پێ دەڵێم وادەکەیت! دەڵێی میرات و خانووی خێلەت بۆخۆت داناوە؟ ..سابە درەنگە!!

سابە لە پێشدا شمشاڵەکەی بە لێوییەوە ناو ئاوازێکی سەرچیایی بە پشییەکی درێژ هەڵدا و ئاوازی سێپێیشی ژەنی، شمشاڵەکەی خستەوە بەر پشتی و دەستی نایە بناگوێی و سێ بەندە لاوکی زۆر غەمگینی گوت و بە بەستەیەکی بەجۆشیش کۆتایی پێهێنا...

شێخ بە چاو سەلۆی تێگەیاند کە من بباتە خانووەکە، هەستایە سەرپێیان و بە سەرسامییەو لە شێخ ڕاما ...، شێخیش بە چاوزەقکرنەوە تۆقاندی، بەناچاری گوتی: بابڕۆین! هەستام و سوپاسی شێخم کرد و بە دوای سەلۆدا چوومە دەرەوە. لەبەر سەکۆی دیوەخانەکەوە گوتی: بڕۆ ئەم خانووە گەورەیەی خوارەوە (بە دەستیش پیشانی دام)  و بە ماڵەوە دەڵێم ژنەکەت بۆ بێنن و بەخۆشم ماینەکە دێنم...

ویستم بەبێی پەریزاد نەڕۆم، سەلۆ بە دەرگا دوودەرییەکەدا چووە حەسار، دوای ساتێکی‌کەم هاتە دەرەوە و بە نابەدڵی بەرەو پشتێر بۆوە و بە دەستیش گوتییە من بڕۆ... یەك دوو هەنگاوم بەرەو خوار نا و چاوم بە دەرگاکەوە نووسان و لە شوێنی خۆمدا چەقیم...

دەرگا کرایەوە و پەریزاد گەیشتە سەر کۆسپەکە و رووی وەرسووڕاند و دەستی ژنێکی چوارشانەی کەڵەگەتی سەرسپی ماچکرد و گوتی: دایەهەمین! دایکی منیش ناوی هەمین بوو، دەبێ تۆ ببیتە دایکم و باوکم و پشتوپەنام. دایەش بە نەرمییەوە: خودا ببێتە پشت و پەنای هەمووومان، قسەکانم بکە ئەڵقە و لە گوێتی دەرنەکەیت، هەر گرفت و ناخۆشییەکیشتان هەبوو ئاگادارم بکەوە، دەبوو نیوڕۆژی بخۆن ئینجا بڕۆن، بەڵام بڕیاری دیوەخانێیە و...هەر ئێستاش هەندێك پێویستیتان بۆ دەنێرم ...

شانبەشان بەرەو خانووەكە دابەزین و سەلۆش ماینەكەی هێنا... خانوو و بەرەیەكی كۆنی قوڕ و بەردی گەورە بوو: پێنج شەش ژووری دانیشتن و نووستنی هەبوو، دەرگاكان بەجەم و كاریتە ئەستوور و دەستەك پڕ و هەلاش رێك بوو، سێ هۆڵە مەڕ لە لای چەپی حەوشەكەوەبوون، دەستە راستیشی لەودەی كا و ئەمباری جۆ و تەویلە و ئاودەستخانەبوو، رووی پێشەوەشی دەرگەیەكی دوودەری و كۆگایەك و ناندین و سەرشۆرك و لابیانێكی[٢٠] درێژبوو، لە ژێر گورگە و سواندەی دوو هۆدەی شارستانی و سەرتیلەی جەزیرییە گەورەكەدا چەندین كۆتری رەش و سووری سەر و مل سپی، سەر بەكلاوە و پێ بە پەڕ، بەسەر هێلانەكانیانەوە بوون. سەلۆ ماینەكەی بەستەوە و هاتەوە ناوەڕاستی حەوشە و بەدەست و بەدەم گوتی: ئەمە (كا) و ئەمەش جۆ... ئەگەر ولاخ رابتەورێت یا بەربدرێت ئەوا پێویستی بە ئالیك نییە، ئەمانە سەرشۆرك و ناندێنن... ئەمانەش ژووری خەوتن و دانیشتنن...

كاك شێركۆ! بەختی تۆ بوو پێنجشەممەی رابردوو، شێخ، خدرە خێلی لێرە دەركرد و خانووەكە بە بەتاڵی مایەوە... دوێنێ من و شەنگوڵی خێزانم خاوێنمان كردەوە، ئەگەر شێخ حەزبكات ئەوا منیش هاوسێیەتی تۆم لاخۆشە، خانووەكە گەورەیە و جێگەی چوار خێزانی وەك ئێمەی تێدا دەبێتەوە، هەر چەندە خانوو و بەرەیەكی كۆنە بەڵام لەبەر دڵی من لە قەلاتی شێخ خۆشترە!

دەستی بۆ ژوورێكیان درێژكرد و گوتی: دوو زستان ماڵم لەم هۆدەیە دابووە، دەستی بۆ ژوورەكەی تەنیشتی راهێشت: شەو تابەیانی لێرەش كلاوكلاوانێمان دەكرد، زۆر شەویش شێخ بەخۆی بە دیارمانەوە بوو، دەستە گوڵی لێ دەدا، كە خەویشی بهاتبایە دەچووە ژوورەكەی ئێمە سەرخەوێكی دەشكاند و پێكەوەش هەر لێرە قەل و كەڵەشێری یارییەكەمان دەخوارد....

خەڵكی میرەدێ بێئەندازە باشن، كە منیش بوومە ماڵ و هاتمە ئێرە، وەك ئێستای تۆ رووت و رەجاڵ و بێ نووان بووین، ئەوان باروبوویان كردم و ئێستاش خودا نەیبڕێ و لە سەر و ماڵی شێخ بەزیادبێت ماڵێكم لە تەك ماڵان... كاك شێركۆ! شت بە هەند هەڵمەگرە، خۆت دڵتەنگ مەكە، خۆت و خاتوونەكەت بێوەی بن، خودا شێخمان بپارێزێت كار نییە چاك نەبێ...

---

٢٠- لابیان: دوو ژوور یا پتر، دەرگایان لە ناو یەكدی دابێت و یەك دەرگای هاوبەشیان بۆ چوونە دەرەوەی هەبێت.



بە مۆنی سەیری پەریزادی كرد و گوتی: منیش هاتووچۆتان دەكەم، خودا یاربێ نابێ هیچ كەموكورتی و گرفتێكتان هەبێ. بە پێكەنینەوە: بەڵام دەبێ ئێوەش خانەخوێی باش بن ...

دانی ئێوارە دایەهەمین دوو دەستە نوێنی نیوداشت و دوومەنجەڵی بچكۆلەی سفری سپیئەكراوە و هەندێك هیربار و چەند توورەگە ئازووقە و شتی دیكەی بە شەنگوڵ و دوو كارەكەر و ناوماڵێك بۆ ناردین، لە هەمان رۆژ و لە رۆژی دوواتردا خەڵكی ئاوایش پێویستی نەوماڵیان بۆ هێناین و كۆمەڵ كۆمەڵ بەخێر هاتنیان كردین... بەڵام خانووەكە لەندەهۆڕێك بوو هیچی پێوە دیار نەبوو و هەر بەتاڵ دەكەوتە بەرچاو و دڵی توند دەكردین، لەویش ناخۆشتر دڵەڕاوكێ و چارەنووسی نادیارمان بوو، شێخ و دایە هەمینیش هەریەكە و بە جۆرێك زمانیان زۆر خۆشبوو، بەڵام زراومان لە بنزمانی شێخ چووبوو...

ئێوارە، دووای میوان بەڕێكردن، پەریزاد لە تەكم دانیشت و گوتی: دایە هەمین ئامۆژگاری كردم كە ساویلكە و خۆشباوەڕ نەبین، بە رووی خۆشی خەڵك هەڵنەخەڵەتێین، گوتیشی ئەگەر زۆر پێوست نەبوو ئەوا گەڵێك لە ماڵی خۆتان دەرمەكەون و ئاگاتان لە یەكدی بێت و بۆ ماڵی دنیا خەم مەخۆن، خۆتان مەخەنە مەترسییەوە، قرێژی دەستە دێت و دەڕوات... بەمن گفتاری دایەهەمین و گۆتەی شوانەچەفییە سوورەكە تێكدەكەنەوە، دڵم زۆر دەگوشرێ ... تۆ بە خۆت شێخت دیوە؟ چۆنت دێتە بەرچاو...؟

دەرگەی حەساری شێخ بەسەر حەوشە و ژوورەكانماندا زاڵبوو، بگرە ناوەڕاستی ژوورەكانیشی لێوە دیاربوو، وادەزانم شێخ لە ماڵی خۆیەوە هەڵس و كەوتی هەموو كرمانج و دەست و پێیەكانی لەبەر چاوبوو، شوێنەكەشی سامێكی ئەفسووناوی هەبوو، ئەوكاتە زانیم بۆ كۆشك و تەلاری شێخ و بەگ و براگەورەی گوندەكان لەسەر بەرزترین شوێنی دێیەكاندا سەر هەڵدەكێشێ و خەڵكی ئاواییش دەبێ لە خوارەوەی ئەوان بن.

رۆژانە پەریزاد لە ژوور دەرنەدەكەوت، ئەگەریش زۆر ناچار بوایە ئەوا سەیری حەوشە و بەرو دیوەخانی دەكرد، كەس دیارنەبوایە، ئینجا دەهاتە دەرەوە...

# ڕاو

ڕۆژی سێیەم بوو کە شێخی گەورە هاتەماڵمان و سـەلۆ و سابەشـی بـە دوواوەبـوو، دەرگـەی حەوشەیان بۆ کردەوە، لە پێشدا بە خۆی هاتە حەوشە و سڵاوی کرد و گـوتی: کاکـە شـێرکۆ! ئەوە خەڵکی وڵاتی ئیوە وەکوو کووندەبەبۆ بە ڕۆژ لە کولانەکانییان دەرناکەون؟ بۆ دیـار نیـت بێیتە دیوەخان و قاوەیەك بخۆیتەوە و شەکرێك بشکێنیت؟ ئـەدی ئـەم دیوەخانـەمان بـۆ چـی داناوە؟ (بە پێکەنینەوە) گوتم: شێرکوژ نایە و خۆی بە گەورە دەزانێت من دەچم....
چاوێکی بەناو حەوشەکەدا گێڕا و بۆ لای گەوڕەکە ڕۆیشت و بە چـاوی کڕیـار سـەیری مـاینێ کەوێتی کرد و لێی نزیك کەوتەوە و دەستی بە یـاڵ و مـلێ و پـشت و سمـت و کلکـی داهێنـا، دەستی لە تەنگەی و ژێرسکیخشاند، کەمێك کشایەوە و چاوی بە لمووزی تـا کلکـی داهێنـا، نزیك کەوتەوە و نووشتایەوە و سەیری گوانی کرد، سووڕایەوە پشتی و بە ترسـەوە کلکـی لاداو لە زێی ڕاما... پشتاوپشت کشایەوەو چاویشی بە ماینەکەوە بوو: بەخوا بابە حدودێکی ڕەسەن و جوانە! بۆراقی ئەوها جوان لە وڵاتی ئێمـەدا نـەبینراوە... ڕووی کـردە مـن: ئـەوە هـەراش ئاوسیشە... بەخوا کوڕینە جوانووی ئەم کەحێلە، ڕەسەن دەبێت...

لە پشتێرەکە هاتە دەرەوە و بەرەو ژوورەکان چـوو، سـەیری هێلانـەی کۆترەکـانی کـرد، چـەند بێچووێك ملیان درێژکردبوو، دەمیان کردبۆوە و ویسە ویسیان بوو، بەرەو دەرگەی شارسـتانییە گەورەکە ڕۆیشت و چاوی بـە ژوورەکـەدا گێـڕا، چـۆڵ وبـێ ناومـاڵ بـوو، بـەرەو پاشـخانەکە وەرچەرخایەوە و سەری بە دەرگاکە داگرت و گـوتی: خاتوونـە بـچکۆلانەکەم ئـەوە بـۆ خـۆت دەشاریتەوە و بە خێرهاتنمان ناکەیت؟ ئەویش پتر بەرەو بنەبان و تاریکاییەکە چوو و پشتی لە شێخ بوو کە بە ترسەوە گوتی: مامە شێخ ئێمە قەرزاربارتین، چەند ڕۆژە لە سواری ماین زۆرم ئازار چێشتووە کەلکی ڕووی جەنابتانم نییە، چاك ببمەوە سەر لە دایە هەمین نابڕم ...



پتر بۆی چووە پێش و گوتی: نەخۆشی؟ زۆر نەخۆشی؟ خـۆ نەخۆشـیش چـارەی هەیـە، مەگـەر دەردی مردن بێت، دوور لە جوانکەیی و ناسکۆڵەیی تۆ... دەبێ چارەت بکەین...

پەریزاد جلێکی ناڕێکی کردبووە بەری و ویستبووی جوانی خۆی بشێوێنێت، لە ترسی شـێخیش ڕەنگی لەبەردا نەمابوو، هاتە پشت من و لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە...

شێخ پتر لێمان هاتە پێش و گوتی: ڕەنگت هەڵبزڕکاوە، دیارە گەلێك نەخۆشی... بە چاویش لە دەموچاو و گەردن وسنگ و سك و بەرسکی ورد دەبـۆوە، وەك ماینەکـە دووجـار بـە دەوریـدا سووڕایەوە و گوتی: ئازارت خواردووە؟ بن سـکت دێـشێ؟.. چـەند ڕۆژێـك بحەسـێیتەوە چـاك دەبییەوە و لەبیریشت نامێنێت، هەر لە ماڵدا کڕ مەکەوە! بەیانی لە دەرەوە بتبیـنم! تێکـەڵی ژن و کچی گوند ببیت خۆت لە بیردەکەیت، کاتی دەشتودەر و سەیرانە... کاتی مەڕیش دێتەوە بێرێ، ئەتۆش وەك خەڵکی ئاوایی ڕۆژانە وەرە سێ چوار مەڕی گـوان گـەورە بدۆشـە و شـیر و ماستەکەی بخۆن...

ڕووی کردە من: دەڵێی چی بەیانی بچینە ڕاوە کێوی؟ خاوەنی گفتی خۆتی؟ لە نێوان شـێخ و پەریزاددا وەستابووم، گوتم: دێم، بەڵام بەیانی من ڕاوناکەم، بەڵکو چاو بە کێوەکەدا دەگێـڕم و بازگەی کێوییەکان نیشان دەکەم، بە نیمچە تووڕەییەکەوە گوتی: بە کێویمان دەزانـی؟ ئێمـەش ڕاوە کێویمان کردووە و بازگەکانیش یەکە یەکە شارەزاین.

بە نەرمی: یاشێخ دەزانم جەنابتان ڕاوچین و شارەزای کێوەکانی خۆتانن، بەڵام کێویش شارەزای ڕاوچییەکانی خۆی دەبێت و دەزانی لە کوێ بۆی دادەنیشن و لە کوێش لێیان دەدرێـت، بـەیانی لەگەڵتان دەگەڕێم، بەڵام چاو لە نێچیر نـاگێڕم و تیریـش ناهاوێـژم... هـەر ڕۆژێکـی دیکـەش دەفەرمووی ئەوا من سەرم پێوە نییە... گوتی: باشە بەیانی و سێ بەیانی دەچین، یـان ڕۆژێـك دەچین و دوو شەوان نایێینەوە، بزانین چی دەکەیت؟ گرنگ ئەوەیە خاوەنی گفتـی خـۆت بیـت... گوتم: گەورەم چۆنی بەباش دەزانی و فەرمان بفەرموو، لەگەڵ تۆدا بۆ ناو ئاگریش ئامادەم ...

بەهەنگاوێك خۆی لێ لاتەریك کردم و چـاوی بڕییـە چـاوی پـەریزاد و گـوتی: باشـە خاتوونـە گچکەلانەکەم! شێخ بە پێی خۆی بێتە ماڵت، شتێکی بۆ ڕاناخەیت؟ چایەکیـشی نـادەیتێ؟.. لێت ناگرم، ئێستا نەخۆشی، با بۆ جارێکی دیکەت بێت... دەسـتی منـی دەگوشـی و چـاوی

بەپەریزادەوە بوو، ئەویش بە پاڕانەوە دەیگوت: ژوور و ناومالّەکەمان شایانی پلە و پایەی بابە شێخ نین، شەرمەزارتین، دەبێ بە گەورەیی خۆتان بمانبوورن... شێخ دەستی لە ناو دەستی من و چاویشی لە سنگی ئەو بڕیبوو:خاتوونە گچکەلانەکەم... لە دەرگای حەوشەوەش ئاوڕی دایەوە، بەلاّم ئەو چووبۆوە بنەبانی ژوورەکەوە. نەشمیلە گچکەلانەکە! مەڕدۆشینەکەت لە بیر نەچێت! شیر دەرمانی زۆر دەردانە...

بەرەو دیوەخان هەلّکشا و گوتی: سەلۆ! ئەو شێرکوژە زۆر جەربەزە و تەفرەبازە، ئێمەی دەسخەرۆ دا و گوتی ژنەکەم ئاوسە، کەچی ماینەکەی لەسەر زانە... دەستی سەدی وەك تۆم بڕیوە و بە ئاگاش نەهاتووە، تۆ چاوی من دەبەستیتەوە و فێلّم لێدەکەیت؟ با بۆت لەناو دوو نانی گەرمدا بمێنێت...

سەلۆ...! ئەوژنە نەك مندالّی نەبووە و سکیشی نییە، بەلّکو دەقی سنگ و مەمکو سك و بەرسکیشی نەشکاوە... من دونیاداریم کردووە، بەناموسم مێشێکیشی نە بۆتە میوان ... رەنگیشی لە ترسی من هەلّبزڕکابوو، دەزانم مەلا هەمەی ژنم مێشکی ئاوداوە و وای لێکردووە کە لە من بترسێت و خۆی دوور بگرێت. ئای مەلا هەمە... سێ ژنم بەسەر هێناوی هەر وازت لە مەلایەتی خۆت نەهێنا... بەتەمایە لە بەهەشتدا بمکاتە بەردەستی خۆی...من ئەم پەرییەم هەبێ چاوەڕوانی بەهەشتی تۆ دەکەم؟.

سەلۆ! کە یەکەمجار ئەم خاتوونەت بینی وا بێڕەنگ بوو؟

سەلۆ بە لەوچەییەوە: قوربان شتی واجوان نەبینراوە! راست دەفەرمووی دەترسێت...

شێخ بە شێوازێك کە گلەیی و تووڕەی تێدا بەدی دەکرا: هەی قوڕمساغ! هەی بەدنمەك! بۆ نەتگوت ئەم فریشتەیەمان میوانە؟ (چاوی لێ سوورکردەوە) بۆ ئەوە باشیت ئێستا لووتت ببڕم و دەرخواردی رەشەی چاوسوورت بدەم...

سەلۆ لە ترسانا زمانی تێك ئالاّ: قوربان دەرفەتت نەدام، بەچاو پێم گوتی و بە دەمیش گوتم هەر ئەمڕۆ...؟ هەر ئێستا...؟ کەچی جەنابت ئاگرت گرت و گوتت چاو جناوی... واتزانی من لەبەر خاتوونم نەبوو و بۆ خانووم بوو...



شێخ نەختێك ساردبۆوە و گوتی: با شەنگە شێت ببێنم!... بەرەو حەسار بە هەورازەکە هەلّگەڕاو وەك هەرزەکارێکی سەرشێتی ئەویندار هەموو هەست و هۆشی لە لای لەش و لاری پەریزاد بوو و بێ پەروا بەدەنگێکی بەرز لەبەر خۆیەوە: دەك هەر چوار ژنەکەم بە ساقەی مل و گەردنت بن... دەك هەموو ژنی ئاوایی لەبەر سنگ و کەفەلّت بمرن... دەك هەموو شێخ و شێخزادە قوربانی نەرمەی ران و ناوگەلّت بن... بۆ هەتا گەنج و بەگوڕبووم شۆخی وەك ئەم پەرییە لەم ولاّتە کاولبووەدا نەبوو...؟ هەتا رۆژێ حەوت جار بالاّ گەردانی بالاّت بام... تۆ نەخۆشی و من دەرمانت بکەم؟ ناوەلّلاّ لەسەرە مەرگم و تۆ بمژێینەوە و میرەدێم بۆ بکە بەهەشتە دێ... لە خۆم مالّمیراتێ، هەر هێندە گیانم دەرنەچێت تا تاکە جارێك لەگەلّت دەخەوم و ران لە ناو ران و سەر لەسەر سینگ و مەمکت ببۆرژێم، سا خوای دەکرد خەوی یەکجاریم دەبوو و لە دۆزەخدا دەبرژام ... ئاخر بەرخە نەرمۆلّەکەم بۆ لێم دەترسی؟ خۆ من گورگ نیم بتخۆم؟... سەر هەلّقەنم؟... تا ئێستا سەد نێچیری لە تۆ سرکترم تیر و تل بەردایتەوە تۆ دەتەوێت هەلّتەم کەیت؟..

جاری دووەم بوو کە دەچووینە راو، لە لای ژێری شاخە سەخت و هەزار بە هەزارەکەوەبووین کە گوتم: یاشێخ تۆ و سوارەکانی دیکەش بڕۆنەوە کەرخی گۆرینتان! یەکێکتان لەم بەرەی گەلییەوە بڕووانێتە ئەو بازگەی ئەوبەری دامێن رەوەزکە، هەرکاتێك لە سەر لێواری شاخەکەوە چەند جارێك دەستم هەلّتەکاند و دانیشتم و هەلّستامەوە، ئەوکات ماینێك لەتەك خۆیدا بێنێ و بێت... دەزانم ولاّخ ناگاتە ئەوێ، بەلاّم با بڕێکیش بە پێیان سەرکەوێت. تا زووبین هەر درەنگە، ئێستا بە پەلە دەگەمە بازگە و لە حەشارگەکەدا دادەنیشم... ئیشاللاّ بە دەستی بەتالّ ناگەڕێینەوە...

بە دیواری شاخە سوور و رکەکەدا هەلّگەڕام، ئەوانیش بە سواری سەرکەوتن. دەمزانی کێوی زۆر بەهەستە و گوێیان لە دەنگی رۆیشتنیان دەبێت و بەرەو بازگەکەی من دێن. تاوێك خۆم دانووساند هیچ نەبوو، بەرە بەرە رۆشنایی نیشت و تاریکی فڕی... دەوروبەرم تەواو رووناك ببۆوە، کەلّێکی زەبەلاحی شاخ گەورە هات و سێ چوار هەنگاو دوور لە بەر دەمی من وەستا و سەری بەم لا و بەولادا سووڕاند و چەند جارێك پڕماندی، ئاوڕی بۆ دوواوە داوە... رووی وەرگێڕاوە و وردە وردە بە پێشمدا تێپەڕی... بزنێك دەرکەوت، جووتە کارێکی هەراشی

بەدوواوەبوو، ئەویش لە شوێنیئنێرییەکە وەستا و میزیکرد، دوو هەنگاو هاتە پێشتر، کارەکان هەریەکە و لە لایەك چوونەژێری و چەند مژێکیان لێدا، کارە نێرەکە قۆچی دەرکردبوو و ئەوەندە بە توندی ملکی لێدا کە بزنەکە بەرگەی نەگرت و ڕۆیشت، ئەوانیش بەدوواىدا چوون...

دوو کەڵی دیکە هاتن، لەسەر بۆنکردنی شوێنی میزەکە کردیانە شەڕە شاخ... تیری کەوانەکەم بەرداو لە چاوی نێرییە گەورەکەم دا، بارەیەکی لێوەهات و لە جێگەی خۆیدا کەوت و پەلی کوتا، نەچوومە سەری، دوو بزن و چووشتیرێکی دیکەش بە وشتی و تەنگاوی هاتن، تیرم بەردا و لە پەراسووی چەپی چووشتیرم دا و لە شەپیلکی راستی دەرچوو، دوو هەنگاوی بە لارە لار نا و کەوت و پەلی وەشاند، چەند کار و بزنی دیکەش بازرەقەیان بەستاو بە قەڵبازان بە سەریاندا تێپەڕین...

گورگێکی ملەوەزی گوێ مووچ، سەر و مل و کلکی نەوی کردبوو، بە ماتە ماتە بەدووایاندا هات، بە تیرێك هەردوو رانیم سمی، گورگ کەوت و راستبۆوە و قرووسکاندی و بە لۆژە لۆژ و لووره لوور ڕۆیشت و پاشەڵی بە دووای خۆیدا کێشا...

کێوییەکانم سەربڕین، نێرییەکە جووڵەی نەبوو بەڵام کەمێك خوێنی لێهات .

چوومە سەر لێواری شاخەکە و لە بەرامبەر پیاوەکەی ئەوبەردا چەند جارێك دەستم هەڵوەشاند[1] و دانیشتم و هەستامەو، لە پێشدا ئاگای لە من نەبوو، کە جاری سێیەم هەمان کردارم سێبارە کردەوە، بێدار بۆوە و دەستی بەرزکردەوە و سواری ماینەکەی بوو و یەکێکیشی تەنگە کێش کرد و بە تەقڵە کوت کوتای. وڵاخەکانی لە خواری شاخەکەوە بەستنەوە و خۆی زۆر بەئەستەم توانی بگاتە من.

کەوڵمان کردن، پارچە پارچە هێنامانەنە خوارەوە... گوتی: دەبێ سەری هەر دووکیشیان بۆ شێخ ببەینەوە هەتا لە دیوەخانێ خۆی هەڵکێشێ و بڵێ دوو کێویم کوشتوون ...(گوتییە من) هۆشت هەبێ لە ناو خەڵکدا نەڵێی من کوشتوومن، دەنا پەلپەلت دەکات... چونکە ئەو بە ساڵێك دوو کەروێشك ناکوژێت، هەر باسی ئازایەتی خۆی و خێرایی ماینەکەی و دەمگەرمی تاژییەکانی دەکات، ئێستا دووکێوی کوشتوون دەبێ چی بڵێ ؟!...

١- دەساتی هەڵوەشاند: دەستی بڵند و نوی کرد، بە دەست بانگی کرد.



لەگەڵ شێخ و سوارەکانی دیکە لە خوار ڕێگەکەوە بەیەك گەیشتینەوە، کە گۆشت و سەری نێچیرەکانی بینی لە خۆشیانا شاگەشکە بوو، چەند جارێك دەستخۆشی و ئافەرینی لێکردم...!

گوتم: یاشێخ لە پاشەڵی گورگێکیشم داوە، نازانم لە کوێ دەتۆپێت...

پێکەنی، گوتی لە خۆڕا ناویان ناون شێرکوژ! دەبو ناوتان گورگ کوژبێت... لای کانە بەردێکی مەڕمەڕی سپی خەریکی بارگە پێچانەوە و کەلەش بارکردن بووین کە شێخ گوتی: کرمانجەکانی باپیرم لەم کارگەوە بەردییان بە زبارە بۆ دیوەخانەکەمان بردووە... دەستی بۆ ئاستی بازگەکەی من درێژکرد: لەوێش بە هەرەوەزی مەڕمەڕی سووریان بڕیوە، هەر لەوێش کرمانجێکی دڕندەی ملەوەز، سەری مامێکمی بە بەرد پانکردۆتەوە... پیاوەکانی باپیریشم حەوتیان لەوان تۆپاندبوو... مەڕمەڕی رەشیان لە چیایەکی ئەودیو هێناوە... مەڕمەڕە سەوزەکانیش براگەورەی ئەودیوی بە دیاری بۆی ناردووە... باپیرم زۆر دڵی بە بەردی گەورەی رەنگاورەنگ خۆش دەبوو... هیچ بەردێك لە بەردەکانی دیوەخانەکەمان لە دە باتمان کەمتر نییە..

کە گەیشتینەوە بن مالان گوتی: بەیانی نێچیرەکان لە ماڵی خۆمان لێدەنێین و ئاوایش بانگ دەکەم... بە پاڕانەوە گوتم : یا شێخ بەخۆت دەزانی خێزانەکەم نەخۆشەو کەلکی ناو خەڵکی نییە، ئەگەر بەشە گۆشتێکمان دەدەیتێ ماڵت ئاوا، ئەگەریش نا هەر ماڵت ئاوا...

گوتی ژنەکەت نەخۆش نییە! ترساندوویانە! بەڵام با ئەمجارە یەکەمجار و دووا کەڕەتتان بێت، رەوشتی گوندەکەم لێ تێك مەدەن... سەلۆ! سەلۆ..! دەستێکی... نانا... رانێکی چووشتیرەکەی بدەنێ با ئەو من بانگ بکاتەوە...

کە پیلەکەم وەرگرت شێخ گوتی: دەسکوژی خۆم لە ماڵی تۆدا دەخۆم...

ئێوارە گۆشتی سوورکراوەمان دەخوارد کە پەریزاد گوتی: شێرکۆ زۆر وشیار نەبین و زوو چارەی خۆمان نەکەین، ئەوا منیش وەك ئەم چووشتیرە دەخورێم... ئەمجارە گەڕایتەوە، جارێکیدیکە بچی تۆش بە دەردی کەڵەکێوی و شێرۆی پوورە شیرنێ دەچیت.. ئەگەر بەزەیت بەخۆتدا نایەتەوە ئەوا سکت بە من بسووتێت، لە غەریبیدا مەحە بەر دەمی ئەم گورگە سمێڵ سوورە... ئەم بەیانییە شەنگوڵی ژنی سەلۆ ملێ گوڵێنگی جامە ماساتێکی هێنابوو و بەبێ شەرمییەوە گوتی:

شێخی گەورە سڵاوت لێدەکات و گوتی (( بۆ ئەم پەری و پەریزادەیە ئارامم نەماوە... فەرمووی با لیمان نەترسێت و هێوربێتەوە و لە گەڵم نەرم بێت، (گوتیشی) تا ئێستا خوێن هەنگوینی وەك ئەم خاتوونەم نەدیوە و بۆ کەسیش ئەوەندە دێوانە و پەریشان نەبوویم، (زۆر بە پەرۆشییەوە دەیگوت) جار جارە ئاوڕێکمان لێبداتەوە و لە گەڵمان بسازێت ئەوا من ڕۆژانە دەجار ئاوڕیان لێ دەدەمەوە، (گوتیشی) با ژوانمان لە ماڵێ شەنگوڵ یا لە کۆشکی گوڵخاتر بێت... زۆر چاوەڕووان بووم لە ماڵی خۆیدا میواندریم بکات، بەڵام... ئەوی بەخۆشی دەکرێت با نەیکەینە ناخۆشی...))

قسەی شوانەکان و کرداری شێخم بەراورد کردن و گوتم: ئەتۆ چ وەڵامێکت نایەوە ناو بادییە ماستەکەوە؟

گوتم: شێخی گەورە با بڕوانێتە سەر و ریشی خۆی، لە باپیرم بە تەمەنترە، وا نەوەکانی هەرەتی شووکردن و ژنهێنانیانە، شێخ بە خۆی چوار ژنی هەیە و ژنە گچکەکەشی هێشتا بە تەواوی خۆینەناسیوە، با شێخ خۆی بناسێت و خۆی لە بیرنەچێتەوە، ئێمە پیاوەتی ئەومان رەچاوکردووە و خۆمان هاوێشتۆتە ژێر باڵی ئەو، دەبێ وەك کوڕ و کچی خۆی بڕوانێتە ئێمە...

بەیانی دووبارە شەنگوڵ پەریزادی بینییەوە و گوتی: شێخی گەورە دەفەرمووێت(( با پەریزاد خۆی بناسێت، هەر بە تەنها من قەدری دەزانم و دەزانم چەند رەسەن و نەشمیل و خان و مان و لێهاتووە، با ئەم خاتوونە بچکۆلەیە قەدری قەدرزانان بزانێت...))

شەنگوڵ بە دەستی چەپی سێجار خەناوکە زێڕەکەی بەرز کردەوە و داینایەوە سەر سنگی و گوتی: شێخ دەڵێ((ئەگەر لەگەڵمان بسازێت و خەنیمان بکات ئەوا منیش خەنیدەکەم و ئەوەندەش خشڵی بۆ دەکەم کە بۆی هەڵنەگیرێت، دیاری ئەوەندە نایاب و سەیر و نرخداریشی بۆ دێنم کە هیچ ژنە پاشایەك شتی وەهای نەدیبی، هەر بەخۆشم خەمی مەسلەتییەکەی بۆ دەخۆم... (شێخ فەرمووی) با نەڵێ بە رووخسار پیرم، هێشتا هێندەی حەوت جحێلان بەکارم...! با دووجار ناسکۆڵە بچکۆلانەکەم لەگەڵم بسازێت، ئینجا دەزانێت پیرم یا جحێڵ تڕێنم...!))



پەریزادخان! ئەو ژنانەی منداڵیان نابێت، بۆ منداڵ دەچنە لای شێخ، ئەویش لە خەڵوەتخانەدا چەند جارێك پشتیان دەشێلێت و نووشتەیان بۆ دەکات و دۆخینێکی خۆیانیان دەداتێ لە پشتی ببەستن، دوانر سکیان پڕدەبێت.

پەریزادیش چاوی لێ سووردەکاتەوە و قسەی پێ دەبڕێت و دەڵێ: با سمێڵ سووری دەم قۆپاو، ژنە گچکەکەی بنێرتە لای شێرکۆ و لە گەڵیدا بسازێت، ئینجا چاوەڕووانی من بکات...

شەو چووم شیر و تیرەکانم هێنانەوە، هەستم کرد بە شەو و بە ڕۆژ ماڵەکەمان لە ژێر چاودێریدایە، بەڵام دەمزانی پیاوەکانی شێخ رووبەروو ناموێرنێ و خەریکن حیزبگیری بکەن. لە ماڵ دەرنەدەکەوتین، شەو، من و پەریزاد خۆمان دەبەستا و دەچووینە سەر کانی و ئاومان دەهێنا، نیازمان وابوو بەرەو تۆبزاوە بۆی دەرچین، بەڵام سایەدمان بوون و هەلی هەڵاتنمان نەبوو، شێخ ماینەکەی لێ ستاندم و گوتی((ئەم حدودە بۆ ناو تەویلەی من جوانە.)) دوو سێ دانە ئێوارانیش بە ئەنقەست سواری دەبوو و لە پێش چاومانا تەڕادانێی پێدەکرد و بە ئاوزەنگان لە کەلەکەی دەکوتا...

ئێوارەیەکی درەنگ سەلۆ هات و گوتی: شێخ دەفەرمووێ حەزمان چۆتە گۆشت کێوی. بۆیە دەبێ ئەمشەو بچینەوە راوێ. گوتم: ئەگەر شێخی گەورە بەخۆی لە گەڵماندا بێت ئەوا منیش دێم، چونکە ئەو شارەزا و دەستڕاست و پیرۆزە، ئەگەرنا لەگەڵ ئێوەدا نایەم. دووبارە سەلۆ گەڕایەوە و گوتی: شێخ فەرمووی ((هەرچەندە لەو ڕۆژەوە نەساغم، بەڵام بۆ خاتری گورگکوژ ئەوەندەی بتوانم لەگەڵتان دێم...))

پەریزاد بە چاوی بە فرمێسك و دەروونی پڕ ترس و تاریکی چارەنووسی نادیارەوە هاتە تەکم، دەستی گوشیم و گوتی: لەگەڵیان بچیت دوواجارتە و ناگەڕێیتەوە...یا مەچۆ و وەرە بەم شەوە دەردەچین، یان منیش لەگەڵتادێم و لە کوێ تۆ بفەوتێنن دەبێ منیش هەر لەوێ بمرم...

گوتم: دوواجارم دەبێ لەگەڵیان دەچم، بەڵام دێمەوە و دەریش دەچین، چونکە دەزانم پیاوەکانی زاتی ئەوەیان نییە رووبەروو دەستبکەنەوە، شێخیش بەخۆی چاو و راو دەکات، بەڵام دەست ناوەشێنێ، منیش ئەوەندە سرك و لاتەریك دەبم کە نەتوانن سەیریشم بکەن... ئەگەر تا ڕۆژاوا

نەهاتمەوە، ئەوا تۆ شەو بچۆ خانووی دایە هەمین، ئەگەر ماڵ نووستنانیش نەهاتمەوە، ئەوا بەرەو تۆبزاوە برۆ لەوێ یەکدی دەگرینەوە...

لە ئاوایی دوور کەوتینەوە، هەستم کرد شێخ پاشەکشەیەتی و دەیەوێت خۆی بدزێتەوە، بگەڕێتەوە. منیش تییە چاوم تێبڕیبوو و دەستم لەسەر دەسکی شمشێر بوو، تیر و کەوانیشم بەستابوو، تا ئەو کاتە شێخ و پیاوەکانی شیرەکەی منیان نەدیبو، پتر کەنار گیربووم و نەم دەهێشت ماینەکەم بکەوێتە نێوان ولاخەکانی ئەوانەوە... بە دەم ڕۆیشتنەوە گوتی: شێرکۆ لەبەر خاتری چاوی تۆ نەبوایە نەدەهاتم، چونکە زۆر نەخۆشم، ئێستاش هەتا خۆم رابگرم لەگەڵتان دێم، کە کەڵکم بڕا ئەوا دەگەڕێمەوە، من نەخۆشی ناو نووێنم و کەڵکی سەر پشتی ماینم نییە. بەڵام چاك دەزانم تۆ بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێیتەوە...

بە هێمنییەوە: مام شێخ من بەبێی پیرۆزی تۆ راوم بۆ ناکرێت، ئەورۆژەش هەر ودمی تۆ بوو ئەو نێچیرانەی هێنایە بەردەستم.

گوتی: ئەدی بۆ وا لاتەریك و وشتی؟ لێمان دەترسێی؟

گوتم: دوێنێ شەو خەونێکی زۆر ترسناکم بینی، دەترسم لە ناکاوڕا لە پەنایێك دەستێکمان لێ بوەشێنن...گوێی شەیتانی کەڕبێت وادەزانم من و تۆ پێکەوە دەمرین ... لەم ڕێگایەدا تووشی گرفتێك ببین هەردووکمان لە ناودەچین ... ئەگەر لە پەڕگە بم ئەوا دەسوەکەرییەك دەکەم...

ماوەیەك بێدەنگ ڕۆیشتین ... لێم نزیك کەوتەوە و گوتی: مەترسە! دڵنیابە ئەگەر هەرکەسێك بە دووای تۆدا بگەڕێت و بیەوێ ڕێمان لێ بگرێت... بە پشتیوانی خودا و پیرۆزی مەزاری شێخ مازنی مەزن و گۆڕی باپیرە گەورەم کە پێغەمبەر و خۆشەویستی خودایە، بە زیندوویی دەرناچێت، تا ئێستا کەس زاتی ئەوەی نەبووە لە ئاقاری میراوەدا بەردێك بگرێتە چۆلەکەیەك، ئەوەی لە لای خوداشەوە هاتبێت ئەوا بە کەس ناگەڕێتەوە... لەوە بەدووا پیاوەکان پێشمان کەوتن و ئێمەش بە دووایاندا ڕۆیشتین، ئەو ڕۆژە شێخ خۆی نەخۆش پیشان دا و نەی هاژوا، بۆیە زۆر درەنگ گەیشتین...

لە ئاسمانی دۆڵەکەدا داڵەکەرخۆرە سێبەریان کردبوو و دەسووڕانەوە و نوی دەبوون و لە ناو دارستانی چڕی تەلانەکەدا دەنیشتنەوە. شێخ گوتی: ئەم هەموو داڵاشە لەسەر کەلاکی گامێش



دەسووڕێنەوە؟ یان مێگەلە و گورگ لێیداوە؟ پێکەنیم، گوتم: قوربان رەنگە لەسەر لاکی گورگەکە بنیشنەوە. پتر بە نێوان گابەردەکاندا بەرەو خوار چووین. گوتی: سەلۆ بە غارێك بزانە ئەم خەرتەل و سیسارکە کەچەڵانە چی دەخۆن؟ سەلۆ دابەزی و بە راکردن چووە ناو لێڕەکە و بە هانکە هانك هاتەوە. لە دوورەوە تیرەکەی منی بەرزکردەوە و گوتی: فیلە گورگی وا گەورە لەم کێوەدا نەبینراوە!..

شێخ سەیرێکی دەوروبەر و لووتکە و قەدپاڵ و دارستانەکانی کردەوە و ماوەیەکی باشیش لە خەرتەلەکان راما... سەیری بازگەکەی کرد و چاوی بۆ لای من گێڕاوە و گوتی: گورگکوژ ئێستا چی بکەین؟ گوتم: مامە شێخ کاتەکەی زۆر درەنگە، لەوانەیە بێ نێچیر بگەڕێینەوە، بەڵام کە ئەوەندە ڕێیەمان بڕیوە ناکرێت لێرەوە پایدۆزی لێ بکەین. هەر وەك جاری پێشوو با کاکە سەلۆ لەجێگەکەی خۆیدا بوەستێت و ئێوەش بڕۆنەوە شوێنی پێشووتان و منیش دەچمەوە کەرخەکەی خۆم... قسەکانی پێخۆشبوو و گوتی: زۆر باشە، بەڵام چەندی ئاگات لە خۆت بێ هەرکەمە، چونکە بە راستی ئەم شاخە هەڵدێرانە سامناکن، پیاو هەڵبخلیسکێت تێ دەچێ و پارچە پارچە دەبێت، بەوەی باشە تۆ شاخەوانێکی بێ هاوتای....

ئەوان بەرەو شوێنی خۆیان ڕۆیشتن، سەیری ناو چاوی سەلۆم کرد، چاوی داهێنان و بە ملحیزییەوە کشایەوە...

چاوێکم لە پێش و دوو چاوم لە پاش بەرەو بازگەکە هەڵکشام... چاوەدێری سەلۆ و شێخم کرد، سەلۆ لە شوێنی خۆیدا وەك بت وەستابوو، شێخ و پیاوەکانی کەوتنە پەنا و لە نەوراییەکەوە سەرنەکەوتنەوە...گەیشتمە ژێر تاقی ئەو شاخەی کە گۆشتی کێوییەکانمان لەوێ لە ولاخان بارکردبوو، هەندێك زەردەواڵە و مێروولەی گەورەی لۆق درێژ و زیندەوەری دیکە لە وردە گۆشت و خوێنەکە ئالابوون، لە لای ژێری، لەنزیك ڕێگاکەوە دوو سەنگەری نوێ لە بەرد دروستکرابوون، هەندێك بەرد خوێنی کێوییەکانی پێوەبوو و هەندێکیشیان مەرمەڕی سووربوون، سەرم بڵندکرد و ڕووانیمە ئەو کەرخەی کە کەلەشی کێوییەکانمان پێدا شۆڕ کردبوونەوە، دوو کەرتکە شاخی سووری گەورەم بینی لەسەر لێواری تاقەکە لە ترکزە داندرابوون...جارێکی دیکەش سەیری تەلانەکەی ئەو بەرم کردەوە، شێخ دیار نەبوو. لە گەوەی شاخەکە سووڕامەوە و ڕووانیمە کەرخی شێخ و پیاوەکانی، هێشتا سەر نەکەوتبوون .

له بازگەکەدا پشقڵی نوێ و تەڕایی میزی کێوییەکانم بینی کە دیاربوو ئەم بەیانییە بەوێدا تێپەڕیبوون، سەیری خوارەوەم کردەوە، هەرسێ پیاوی شێخ بە کووڕە کووڕە بەرەو سەلۆ دەگەڕانەوە...

بە ماتە ماتە بەرەو ئەو تاقە هاتم کە کێوییەکانمان لێ کەوڵ کردبوون، لەسەر سك خشیم و سەرم هەڵکێشا: سەلۆ و سابە لە ڕەوەزەکەی خوارتر خۆیان دەگەیاندە کەرتکە شاخەکانی سەر لێوار...! پەنجەی خۆم گەست و زانیم ئەم پارچە شاخانە بۆ لەوێ داندراون: کە من لە ژێریانەوە تێپەڕیم، ئەوان لەبانەوە بەسەرمدا بەریبدەنەوە و بمکوژن...ئەگەریش بەرنەکەوتم ئەوا دەشێوێم و ئاگام لە خۆم نامێنێ و لە سەنگەرەکانی خوارەوە تیربارانم دەکەن... گەڕامەوە حەشارگەکە و کەوتمە بیر کردنەوە... لەم ئاسمانەوە چیم بۆ دەکرێت؟

هەڵۆ سەر سپییەکە وژژەی هات و لە ئاسمانی سەر سەرمدا پەیدابوو، چەند جارێك قیژاندی و بۆم دابەزی و هەستایەوە... ڕۆچەی زۆراب و چەتۆم کەوتنەوە یاد. تۆقیم... هەڵۆ لە بەرزایەوە زۆر بە تیژی بەرە و سەلۆ و سابە دادەبەزی و هەڵدەستایەوە... چاوێکم بە هەڵۆ و یەکێکیشم بە ڕێگەی ئاوایی وەبوو، بزانم شێخ دەرناکەوێت... تەپەیەك لە تەکمەوە هات، ڕەشە ماری گۆرینم بینی کیفاندی و دەمیکردەوە و سەری بەرز ڕاگرت و چاوی گێڕا، تیر لە ناو دەستمدا دەلەرزی... بەرەو لێواری شاخەکە ڕۆیشت... ڕێگەی چوونە خوارەوەی نەبوو، هاتەوە لای من، جارێکی دیکەش سەیری کردم و کیفاندییەوە، هاتە ناو پەناگەکەمەوە... لوولی خوارد و سەری بەرزکردەوە و زمانی دەرکرد و سەیری ناو چاوی کردم... سەری داگرتەوە و بە ڕێگەی بازگەکەدا بەرەو خوار خزی..

چوومەوە سەر لێواری شاخەکەو وەك خەمەگڕوو سەرم هەڵکێشا. کە سەلۆ و سابە بەردیان بۆ هەڵۆیەکە دەهاوێشت، مارەکە بۆیان دەچوو و دەیکیفاند، کە پەلاریان دەگرتە مارەکە، هەڵۆ هێرشی بۆ دەبردن و دەیویست چاویان بکۆڵێت... ئەوەندەیان بەرد بۆ ئاسمان و بۆ بەردەمی خۆیان هاوێشت شلوکوت بوون و بەلادادەهاتن، ویستم بە دوو تیران خەمبڕیان بکەم. مارەکە چووە ناو درزە شاخێك و هەڵۆش بەرەو قووڵایی ئاسمان هەستا... سەرم بەرزکردەوە، لە بەرزاییەکەی ئەو بەر لە نێوان جووتە دارەبەنەکەی سەر ڕێگاکەوە شێخم بینی سواری



مایینەکەی من بووەو بەرەو ئاوایی دەیکوتا... سەلۆ و سابە چوونەوە پاڵ کەرتکە شاخەکان و بێ ئاگا سەیری خوارەوەیان دەکرد و بە دەست لەگەڵ دووەکەی خوارەوە قسەیان دەکرد...

بە ماتی کشامەوە ناو حەشارگەکەم و ماوەیەك بیرم کردەوە... شێخ بگاتەوە ئاوایی، دەچێتە گژ پەریــــــــزاد، ئەویش ناموس و چارەنووسی خۆی داوەتەدەست من و بە پشتیوانی منیش دەخوڕی و سەریشی بۆ... لەم ئاسمانەوە من یەك و ئەوان چوار... دەڵێن ڕاستبە و بڕۆ ڕێی شێر... خۆم دەربازنەکەم ئەویشم بۆ ڕزگار ناکرێت.

لە جێگەی خۆمەوە تا دەنگم هەبوو هاوارم کرد: پایدۆز... ڕاو بەتاڵ... پایدۆز... ڕاو بەتاڵ... پشقڵی نوێ و تەڕایی میزی کێوییەکان لێرەیە، کێوی ماوەیەکە هەڵکشاونەتەوە و ئەمڕۆ هیچمان بۆ ناکرێت... پایدۆز... پایدۆز... بۆ ئەوەی تەواو دڵنیابن کە من ئاگام لە پیلانەکەی ئەوان نییە، چوومە شوێنی دیاریکراو و دووجار دەستم هەڵوەشاند و هەستام و دانیشتمەوە و هاوارم کردەوە و هەمان شتم گوتەوە... کە لە بازگەکە دابەزیم، سەلۆچەقەپیسکە ئاسا بە سەرەتاتکێ سەیری دەکردم... لە گەوەی هەڵدێرەکە سووڕامەوە، بەڵام بەرەو ژێر شاخە ستوونیەکە نەچووم، بەڵکو کێویانی لە ئاستی خۆمدا بە شاخەکەدا شۆڕبوومەوە، بە ماتە ماتە بە خوار سەنگەرەکاندا خۆم گەیاندە نەدیوی و دابەزیم و گەیشتمە وڵاخەکان و سواری مایینی شێخ بووم و بەرەو ڕێگە کێل بوومەوە.

کە گەیشتمە سەر ڕێگاکە، لە بەرزاییەکەوە هەڵوەستەیەکم کرد و ئاوڕم لێدانەوە. ئەوان هەر چواریان بە پێوە بوون و چاویان لە من دەگێڕا، بە دەم و بە دەست سێ جار بانگم کردن...

بەرەو ئاوایی کوتام، سەپان و گیشەکەر بەڕێوە بەرەو پەرێزە جۆ دەچوون.

سێ بستی مابوو بگەمەوە ئاوایی کە دوور بە دووری لە چوارڕیانی نەوراییەکەوە شێخم بینی لەگەڵ سێ تێلەکێشان وەستابوو، جڵەوی مایینەکەم گرتەوە و غاردانەکەم بوو بە ڕۆیشتنێکی ئاسایی، ئاوڕم بۆ دوواوە داوە پیاوەکانی شێخ بەسەر بستیاییەکە کەوتن و کەوتنەوە نەدیوی...

زۆرم نەمابوو بگەمە چوارڕیانەکە، بە پێکەنیینەوە ئاوڕی دایەوە، کە چاوی بە من کەوت هۆپێکی لە خۆیزانی و ڕەنگی هەڵبزڕکا و بە شپرزەییەوە گوتییە ئافرەتەکان: ئێوە بڕۆن مەڵۆ و سوارەی خۆتان هەڵبگرنەوە... ماوەیەك مایینەکانمان لە تەك یەك ڕۆیشتن، ناوە ناوە بە

پەرۆشەوە بە تییەنیگا سەیری دەکردم، ئەوەند نیگەران نەبوو کەس بزانێت، ترس و رقی لێ دەتکاوە، قورگی خاوێن کردەوە و گوتی: خ خ خ خێرە ڕ ڕ ڕ ڕاوت ت ت ت تەواو ن ن نەکرد ب ب بەدەستی ب ب بەتاڵ ها هاتیتەوە؟...

زۆر بە هێمنی: قوربان کە تۆم لە بەرزاییەکەوە بینی، بەرەو ماڵ گەڕایتەوە، دڵم زۆر ترسا، گوێی شەیتانی پڕ قوورقووشم بێت، گوتم نەوەك خوا نەخواستە نەخۆشییەکەت دەستی لێستاندبیت، دوور لە جەنابت لە ڕێگەدا بکەویت و بەبێ کەسی خوانەکردە... ئەو کاتە ئێمە چ بکەین ...

نەختێك هێوربۆوە و رەنگی هاتەوەبەر و گوتی: ئەدی هاوەڵەکانت؟ خۆ قڕە و دەمەقاڵێتان نەبووە؟. ئاوڕی دایەوە: بۆ ئەوان دیار نین؟

ـ یاشێخ! گەورە و ژیرین، چۆن لەم کەژەدا دەم تێکدەنێین؟... ماینەکەی جەنابت بێ چاوینی بێت ئەوەندە خۆشبەزە باڵی لێ دەڕسکێت، کەم کەس دەتوانێت خۆی بەسەر پشتییەوە بگرێت، بۆیە من زوو گەیشتم، ئەوانیش وا بە دوواوەمن... بە گومانەوە گوتی: دوورن؟. گوتم: نەخێر...هەتا ئێمە لەم هەورازە سەردەکەوین، ئەوانیش لە بستیاییەکەی پشتمانەوە دەردەکەون. سڵیدەکرد و خۆی دوور و لاپەڕ دەگرت...

لەسەر بڵندابییەکەوە جڵەوی توند کرد، ملی سووڕاند، دەستی کردە سواندەی چاوی، لە بەرزاییەکەدا تەقڵەکوت دەهاتن. ئارامتر بۆوە و گوتی: گورگکوژ! نەدەبوو بە دەست لە گونان درێژتر بگەڕێیتەوە!... وەڵامم نەدایەوە...

کە پیاوەکانی نزیك کەوتنەوە بە تووڕەییەوە گوتی: دەمەوێ بێ پەناوپێچ پێم بڵێیت، ئەم سەر سەختییەی خۆت و ژنەکەت چییە؟. گوتم: زۆر حەزدەکەم بێ پەردە بڵێی کامە سەر سەختی؟. گوتی: کەمتیارکوژ! چاك دەزانی ئەم ژن و ماین و شیرەی تۆ، هی کەسێکە کە هەزار پیاوی بەدوواوەبێ و بیپارێزی! من دونیام دیوە و باش دەزانم رووتەڵەیەکی وەك تۆ و ئەمانەیان نەگوتووە؟ ئەتۆ نەك هەر ناتوانیت بیانپارێزیت، بەڵکو ئالیکی خۆشت پێ پەیدا ناکرێت...

بێپەروا گوتم: تۆ بە رووتە و بە چەتەم دەزانیت، لە هەواری خۆمانیشدا؟ هیچ لەشکرێك نەیتوانیوە بمانشکێنێ، پاوان و ئابڕووی خۆشمان پاراستووە و هەرکەسێکیش بە خواری پێی نابێتە ئاقارمان



لووتمان شکاندووە... من پەنام بۆ تۆ هێناوە و لە ناوچەکەدا بە پیاوی لێقەومان و سێبەری بێ پەنایان ناوت رۆیشتووە... وادەزانم تۆ دەمپارێزی... بۆ کارکردنیش ئەگەر کاری حەوت پاڵەم نەکرد ئەوا دیارە چاوم لە نان و ئالیکی شەرمەزارییە، ئەگەریش داڵدەم نادەیت ئەوا دەڕۆم و ژن و ماین و چەکی خۆم پێ دەپارێزرێت... ئەگەر زۆریم لێدەکەیت، ئەوا تا زیندووبم ناچمە ژێرباری نامەردییەوە، مەگەر بمخەیتە ناو چاڵەکەت و رەشەی چاوسوور بمخوات...

هەر بە هەڕوگیڤەوە: کە هێندە ژیری و چاڵ و رەشەی چاوسوور دەزانیت بۆ ئەوەندە لاسار و لمووز بڵندی؟ بچیتە هەر شوێنێك چاڵێك و چاوسوورێك هەیە!

بێ ترس و بێباك گوتم: شێخ هەیاسی تۆبزاوە برادەری گیانی بە گیانی باوکمە... من نەچوومەتە پەنای ئەو و هاتوومەتە ژێر سێبەری تۆ، گوتم ئەو دەمناسێتەوە و خزمەکانم ئاگادار دەکاتەوە و بە دووامدا دێن...

خوێن لە روویا نەما، دەیویست خۆی تووڕە بنووێنێ، بەڵام ترس و نیگەرانی گەندەڵیان کردبوو، گوتی: گورگکوژی باوکت، هەیاسە کەچەڵ لە کوێ دەناسێت؟. چاوم زەقکردەوە و گوتم: هەموو پایزان کە لە کوێستان دەگەڕێتەوە کوشتی و پێستە پەنیر و خیگە رۆنمان بۆ بەجێ دێلێ، پەرێز و جێی شینایی‌مان ئەو دەیخوات... یاشێخ! شەرمی ناوێت، ئەگەر دەرم دەکەیت ئەوا بێ سێ و دوو بڵێ برۆ... ئەگەرنا ئەوە چەند رۆژە درووێنەی جۆی دەگەڕێت و منیش منەتبارم و منەی سەپانی دەکەم... کەچی تۆ وەڵامت نەدامەوە...

ماوەیەك بێ دەنگ رۆیشتین، لەگەڵ سەلۆ چرپەیەکیان کرد، وادیاربوو تێیگەیاندبوو کە من ئاگاداری تەڵە و داو دانانەوەکەیان نیم، بە رووخساریش هەر وام دەنوواند.

لە ماڵان نزیك کەوتبووینەوە کە گوتی: لە بەیانییەوە تۆش برۆ بەر بەری، بەڵام بزانە! من کێشتانە و نانانە و کەرانە نادەم، ئەگەر وەك کرمانجەکانیشم رەفتار بکەیت ئەوا هەتا دەمرین پێکەوە دەژین...

لە ماین دابەزیم و بەرم هەڵدا، بە دووای شێخ و ماینە ئاوسەکەدا رۆیشتم و لە دڵی خۆمدا گوتم ئێستا نا ئێستا دێتەخوارەوە و کەوێتم دەداتەوە... بەڵام ئەو چەند جارێك بە هەموو هێزییەوە

ئاوزەنگی لە تەنگەی دا و بەرەو قەڵات هەڵكشا... ئەوكاتەی ئەو ركێبی ئاسنی لە سكی ماینەكەم دەدا، من وام هەست دەكرد جوانووەكە لە ناو هەناوی مندا دەتۆپێت...

دەست و پێیەكانی شێخ زۆر دڵنیابوون كە من نیازی ئەوانم نەزانیوە، بە دەم پێكەنینەوە گوتیان: گورگكوژ ئەمرۆ بە دەستی بەتاڵگەڕایەوە، بەڵام لەم رۆژانەدا دەبێ نێرییەك و چووشتیرێكی دیكە بكوژێنەوە...

سەلۆ بە رووی‌خۆش و گاڵتەكردنەوە لێم نزیك كەوتەوە و بە دەنگە ناسازەكەیەوە: شێركوژ وا بزانم یەكەمجارتە بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێیتەوە...

زۆر بە هێمنی: راست دەكەیت من و تۆ بە دەستی بەتاڵ گەڕاینەوە، چونكە تۆش نەتتوانی خەناوكەیێكی دیكە بۆ شەنگوڵ بەڕادان بدەیت!... خەریك بوو لە ئەسپەكە بكەوێتە خوارەوە، خۆی بە یاڵی گرتەوە و جڵەوی سووڕاند، تا گەیشتەوە تەویلەكە نەیتوانی خۆی راستبكاتەوە...

ئێوارە وەك رۆژەكانی دیكە چاوەدێری ماڵی ئێمەیان نەكرد، لە ئێوارەوە خۆمان پێچایەوە و تا درەنگانێك من سایەدی ئەوانم كرد... زۆر بێ دەنگ بوون یان وا یان پیشاندەدا كە كاریان بە ئێمە نییە...

لە نیوەشەودا لەگەڵ پەریزاددا بەرەو كانیێ ژنان چووین و لە كەندەكە پەڕینەوە، لە ئاوایش دەركەوتین، ئەو خۆی لە ناو بێكۆڵ و زەردەبییەكاندا حەشاردا و منیش لە دووری ئاواییەوە بەرەو قەڵات هاتمەوە و لە باریكە رێیەكەی پشتەوە سەركەوتم و بەرەو تەویلە چووم، سەگ بۆم هاتن... كە گەیشتنە ئاستی من بۆنیان كردم و بە مل و لمووز درێژكردن و كلك بادانەوە پێشوازییان كردم، دوواتر بەرەو سەر لێواری قەڵات رۆیشتن و بە دۆڵاییەكەی لای بییەكان دەوەڕین... گەیشتمە ئاستی دەرگای پشتێر، كەوێت حیلاندی و چەپۆكی لە زەوی‌دا...

سەلۆ لە بەر دیوەخانەوە كۆخی، بەرەو گەوڕ هات، بە چاوی بە خەو و لەشی گرانەوە هەنگاوی نا، دەستێكی گەیاندە ركە[2]ی بەر دیواری سەرتیلەی لای ژێری لەودە كە راهاتبوو[3]، لەبەر خۆیەوە: ئەمساڵ بە زبارە نۆژەنت دەكەینەوە...

٢-ركە: دارێكە لە شێوەی ئەستووندە، بە لاری دەدرێتە بەر دیواری لار و بەلاداهاتوو تا نەكەوێت



خۆم لەگەڵ پشتبەستی[4] لەودەكە كردە یەك، بەبەردەمدا تێپەڕی، دەرگەی تەویلەی كردەوە، چووە ناو وڵاخان، ماینێ كەوێتی بەسەر كردەوە و بە دیارییەوە وەستا: بۆ وا وشت و بەهەست وەستاویت؟ سەیری پاشەڵی كرد: حدوودە كەوێتەكەم! ماوتە بزێیت و جوانكیلەیەكی لە خۆت كەحێلتر بۆ شێخی من بینیت... چاوی بە وڵاخەكاندا خشاند و یەك یەك بەسەری كردنەوە، هاتە دەرەوە و بەرەو پشتەوەی پشتێر و قەڵات چوو... لە گەڵ سەگەڵ راوەستا و نواڕییە دۆڵ و بییەكان... كە ئەو كەوتە پەناوە من چوومە ناو تەویلە و دەرگام داختەوە... لە نێوان كەوێت و ئاخوورەكەی‌دا وەستام و شیرەكەشم بە رووتی بە دەستەوە گرتبوو... كە گەڕایەوە سەرێكی دیكەشی لە تەویلە هەڵكێشا و دەرگاكەشی بۆ دڵنیایی راهەژاندەوە... دووای ماوەیەك دەنگی كۆخینی لە ئاستی دیوەخان و قەمتەرەكەوە هات...

كەوێتم راكێشاو زینەكەم لێ شەتەك دا و بە هێمنی دەرگاكەم كردەوە و هاتینە دەرەوە و دەرگەم داختەوە، هێدی هێدی بە بن دیواری پشتەوەی قەڵاتدا رامكێشا و سووڕاندمەوە، زۆری نەمابوو سووچی دیوەخان دەربكەوێت كە بە تەلانێكی سەختدا شۆڕ بووینەوە و گەیشتینە ناو وەردەكانی شێخ و پێم لە ئاوزەنگ نا، ترسام دەنگی سمی ماینەكەم ببیستن بۆیە ماوەیەك بە نەرمی بە ناو وەردەكەدا رۆیشتم...

پەریزاد لە پشتم سواربوو و هەر بە هێمنی بەخوار ئاواییدا سووڕاینەوە...سەگوەڕ و قیڕەی قاز و قیقەی بۆق و ویتەویتی تیتراوسك دەبیسترا... گەیشتینە گردی گۆڕستان و تێپەڕین و لە بەستە گەورەكە پەڕینەوە. پەریزاد: بە قسەی دوواشوانەكە بێ ئێستا ئێمە لە سنووری باوكی شێخی سمێڵ سووور دەربازبووین... دەبێ گیوێكی دیكە، دێوێكی دیكەش سنوور بۆ ئەم سمێڵ سوورە دانەنێتەوە...

٣-راهاتوو: لار، بەلاداهاتوو.

٤- پشتبەست: كورتە دیوارێكە، بۆ راگرتن و سك نەدانی دیوارێكی دیكە دەكرێت، یان وەك ركە، دیوار رادەگرێت .

# سەلۆ

بەیانی هێشتا تیشکی خۆر بەر قەڵاتی شێخ نەکەوتبوو، سەلۆی هەشبەسەری بێ‌چارە چووە نێو عەمبار و سووکە گونییەیەك جۆی بە پشتی خۆیدادا، بردی لە تەك دەرگای تەویلە داینا، گەڕایەوە و لە کادینەکەشدا فەردەیەکی داخسووری پڕ(کا)ی خستە سەرشانی و هێنای... کا یەکەی هەر بەسەر شانەوە بوو دەرگەی تەویلەی کردەوە، چووە ژوورەوە و لە تەك زینەکان وەستا...

چاوی نیشتە جێگەی زینی کەوێت، زینەکە نەمابوو... لەگەڵ موچڕکێکدا کایەکەی سەر شانی کەوت، چووە پێشتر و زینەکانی یەك یەك داگرتن و خستنیەوە شوێنی خۆیان، دەستی بە مۆرەی دیوارەکە و جێگەی زینی کەوێت داهێنا و گوتی: دوێنێ ئێوارە بە دەستی خۆم لێرەم داناوە! خۆ قژنەسەرە نەیان دزیوە؟ دڵی داخورپا، خەریك بو بە پێوە گیان بدات... بە لۆژە لۆژ بەرەو ئاخوڕی کەوێت چوو، ماین نەبوو، هەر دوو دەستی لە کەلەکەی نا، بە شەپرێوی چاوی بە کونج و کەلەبەری گەوڕدا گێڕا...لەبەر خۆیەوە :- تاریك و روون بوو ماین و زین مابوون!...

هاتە دەرەوە و بەرەو پشتەوەی تەویلە سووڕایەوە، تەرسێکی نوێ لە تەك دیوارەکە بوو، چووە سەر تەرس و لە زەوییەکەی دەوروبەری وردبۆوە، شوێنپێی ماینی دیت، بن دیوار و بن دیوار رۆیشتبوو، سەرێکی بەسەر لێواری پشتەوەی قەڵات داگرت... سەری بادا و دەستی بە یەکدا دا، بە شەپازللان لە نێو چەوانی خۆی دا...

هاتەوە رووی پێشەوەبە دیار چاڵەکەوە ماوەیەك داما، روانییە خانووی خەرەخێڵ، دەرگاکان داخرابوون، بەراکردن بەرەو خانووەکە دابەزی، دەرگەی حەوشەی کردەوە و بە هەشتاوی رووەو ژوورەکان چوو، دەرگەی ژوورەکانی یەکە یەکە خستنە سەرپشت، شێرکۆ و پەریزاد نەبوون، هەموو شتەکانی دیکەش لە شوێنی خۆیاندا خەوتبوون، بادی ماستەکەی خۆیانی ناسییەوە لە ناوەڕاستی ژوورە بچکۆلەکەدا ماستی تێدا ترشابوو... لەوەدە و تەویلە و ئاودەست و سەرشۆرك و ناندین و گەوڕەکانیشی بەسەرکردەوە... چاوی بە لیسی کۆترەکان کەوت: دەیانبوغاند و لە



دەورەی یەکدی دەسووڕان و باڵیان دەکوتا :ـ دەڵێم کۆتر بەدوومە و سەرمان دەخوات... ئەم کۆترانە لەم خانووەدا بەدیوومن... شێخی بەدیوومیش دەڵێت: بۆ من پیرۆزن... دەسکە پیشەقانێکی پەلارکردنێ، بە رەو فڕین...

بە گورگە لۆقە بەرەو کانییێ ژنان رۆیشت... هێشتا نەگەیشتبووە چیلە بەردی کانییەکە کە بە تەنگەتاوی و بە دەنگە ناسازەکەی بانگی کرد: کێ لەسەر کانییێیە؟ شێرکۆ!... پەریزاد!...

شەنگوڵ بە رووتی لە ئاو هاتەدەرەوە و لە سەر تاتە بەردەکە دەستی گەیاندە کراسەکەی بیکاتە بەری، دیسان بانگی کردەوە: کێ لەسەر کانییێیە؟ وەڵامم بدەنەوە!... شەنگوڵ کراسەکەی کردەبەری و گوتی: سەلیم! بۆ وا تەنگاوی؟ دەڵێی راویان ناویت... کەس لەسەر کانییێ نییە ئەگەر کەس لە دەرەوە دیار نییە، وەرە خوارێ وا جلەکانم دەکەمە بەرم...

کە سەلۆ گەیشتە سەر کانییەکە، شەنگوڵ ئاوەڵ کراسەکەی دەکردە پێی و ئاو لە قژی بە چۆڕاوگە دەهاتە خوارەوە و کراسەکەی تەڕکردبوو، بە سەرسامییەوە: چی روویداوە؟ ئێستا من لەماڵەوە هاتم هیچ نەبوو... سەلۆش بە هەردوو دەست لە تەوێڵ و تەپڵی سەری خۆیدا و گوتی: ماڵمان کاول بوو... پشتم شکا!...

شەنگوڵ: کوڕە دەخێرا بڵێ بزانم... خۆ منداڵەکان ئاگریان تێبەر نەبووە؟... کە من هاتم ئەوان خەوتبوون... ئەویش هەر بە هەردوو دەست لە نێوچەوانی خۆیدەدا و دەیگوت: قووڕمان بەسەربوو... هەموومان ئاگرمان تێبەربوو...

بە غاردان لە کانییەکە هاتە دەرەوە و بەرەو ماڵی خۆیان لنگیدا، شەنگوڵیش کەوا و چارۆگەکەی بە دەستەوە گرتبوو و بەپێی پەتی بەدوایدا رایدەکرد و گازیدەکرد: سەلیم...! کوڕە غەریبی لە خۆم غەریبتر!.. بۆ هەمووومان سووتاین؟... گەیشتنەوە بەردەرگەی خۆیان... شەنگوڵ تاویدایە ژوورەوە، بە هەردوو دەستی هەردوو ساوایە نووستووەکانی بە توندی راتەکاندن، لە خەو راپەڕین و بە ترسەوە زیڕاندییان...

سەلۆ بە دوایدا چووە ژوورەوە و بە هەردوو دەست لە سەر وپۆتەڵاکی خۆیدا و گوتی: من دەزانم هەر پێنجمان سەردەبڕێت، ئەتۆش خەمی ئەم دووەتە، ئێستا کاتی ئەوەیە؟ شەنگوڵ: کێ سەرمان دەبڕێت؟ بۆ سەرمان دەبڕن؟ لە کارەکەری و خوڵامی و بەندایەتی کێوە؟ سەلۆ دەستی دایە زمانی: شێخ زمانیشمان لە پشتی سەرمانەوە دەردێنێت، ئینجا دەرخواردی

ڕەشەی چاوسوورمان دەدات... ئەی هاوار خودایە هەر بەخۆت دەرگایەکمان لێ بکەوە! خودایە هەزار تاوان و یەك تۆبە....

شەنگوڵ: تێکچویت؟ تاوانی چیمان کردووە؟ بۆ سەری دونیات لێ وێك هاتووە و بێهوودە لە سەر و مێشکی خۆت دەدەیت؟ مەگەر شێخ لە ئێمە بەرفەرمانتر و گوێکەرتری دەستدەکەوێت؟ ...

سەلۆ خەریك بوو ببوورێتەوە کە گوتی: نازانی ئەمشەو گەوادە حیزباوکەکە و سۆزانییەکەی ژنی رایان کردووە؟ ماینە ئاوسەکەشیان بردووە... بە هەموو سوێندە گەورە و پیرۆزەکان، شێخ بزانێت پەریزەقنەبووت و ماینە ئاوسەکە نەماون، سەرەو ژێر هەڵمان دەواسێت و لووتیشمان قانگ دەدات... بە هەموو جنێو و ئازاردانێك مەمنوونم ... بەڵام سوڕ دەزانم قڕمان دەکات...

شەنگوڵ منداڵە ساوایەکەی گرتە باوەشی و گوتی: تۆش دەستی کوڕەکە بگرە پێکەوە دەچینە بەرچاوی، بەڵکو بەزەیی بە منداڵەکاندا بێتەوە...

بە هەڵەداوان بەرەو قەڵات ڕۆیشتن. سەلۆ: بەزەیی بە منداڵان دابێتەوە؟... مار بەزەیی بە بێچووە بۆقدا دێتەوە؟... تۆ لە پێشدا بڕۆ و لە دەرگا بدە! منیش کوڕەکە دەبەم و دەچم جارێکی دیکەش سەیری تەویلە و ئەو دیوی قەڵات دەکەمەوە... لە هەورازەکەوە ئاوڕێکی دایەوە، کۆترەکان لە ئاسمانی نێوان قەڵات و خانووی خێلەدا تێك دەسووڕان و بەرز دەبوونەوە و نوی دەبونەوە و پەرتەیان دەکرد و بە توندی بۆ یەك دەهاتنەوە... بازێکیان بە دوواوە بوو، کۆترێکی سووری شاباڵ و کلك سپیی لە پەرگەی ڕەوەکەدا گرت و بردی... سەلۆ گەیشتەوە بەر قەمتەرەکە، هێشتا شمشێرەکەی کلۆمدرابوو...چەندجارێك خێرا خێرا و زۆر بە توندی تەقەی لە دەرکوتەکەوە هێنا...

کوڕە گەورەی ژنی سێیەمی شێخ دەرگای کردەوە بە چاوی بەخەو و بە توورەییەوە:گوێدرێژینە! بەم بەیانییە زووە هاربووین، هەراسان و زڕخەومان دەکەن؟

سەلیم بە شێواوییەوە: بابە شێخخ...! بابە شێخخ...! ماڵی وێرانم!...

کوڕە وای زانی دەڵێ بابە شێخ مردووە، بۆیە بە غارێك گەیشتە کۆشکی سێ نهۆم و بە بێڵ لە دەرگاکەی دا ...

شێخ و ژنە گچکەکەی بە شەپرێوی دەرپەڕین... شێخ، سەلۆ و شەنگوڵی بینی، واقیورما..بە دەرپێی سپی و سنگی رووتەوە بێڵەکەی وەرگرت و بەرە و سەلۆ چوو.



سەلۆ بە شینگێڕانەوە: بابە شێخ ! ئەگەر دوێنێ ئێوارە نەتگوتبایە ((لەگەڵیان نەرم بن و ماوەیەك لێیان بگەڕێن، ئەم سەر ڕەقانە بە شلی نەبێ هێورنابنەوە، بە خورتی مل نادەن، بە هێمنی دەستەمۆ دەبن)). ئەوا ئێمەش وەك پێشتر چاودێریمان دەکرد و ئەمشەو کەلێنی وەر نەدەگرت... ئاوا ئێمەی دەسخەرۆ نەدەدا... ئەو بیژووە ئەمشەو هەموومانی لە لانك ناوە و بۆی دەرچووە...

شێخ بە شەپرێوییەوە: کێ دەرچووە؟ گورگکوژە زۆڵەکە هەڵاتووە؟

: بەڵێ گەورەم ماینێ کەوێتیشی بردووە..

بڵێسە لە چاوە زەقەکانی هەستا: پەریزادیش رایکردووە؟

– گەورەم پیاوێك ماین لە تەویلەی شێخ دەربکات، ژنی باخەڵی خۆی بەجێدێڵێ؟

بێڵێکی سرەواندە لاسەری، کڵاو و چەفییەکەی کەوتن، سەری بێڵەکە و نیوەی کلکەکەشی پەڕی... خوێن بە بناگوێیدا هاتە خوارەوە. دووشاپی خێواندە دەرکی کنگی، تاوی دایە بەرچیغێك کە بە دیواری دیوەخانەوە هەڵپەساردرابوو...

شەنگوڵ کوڕە بچووکەکەی لە ئامێزدابوو، چریکاندی و هەنگاوی بەرەو خانووی دایە هەمینێ دەنا... شێخ پێشی گرتەوە و تێلایەکی لە لاشانیدا... شەنگوڵ بە منداڵەوە بەسەر دەمدا کەوت، منداڵەکەی هەر لە ئامێزبوو کە خۆی وەرگێڕایە سەرپشت و منداڵەکەی خستە سەر سنگی و ڕووی کردە خانووی دایەهەمین و زریکاندی، قیژە تیژ و بەسۆزەکەی هەموو ئاوایی لەخەوکرد...

شێخ بە داران لە سەروگوێلاکی سەلۆی دەدا و ئەویش هاواری دەکرد و دەستی دەدایە بەر دارەکە... شێخ هێنکەبڕبوو و ئاوڕێکی لە شەنگوڵ دایەوە، بەحەپەساوی وەستابوو و بێکەوا و چارۆگ، کۆنە کراسێکی ڕێڕیی دڕاو و ئاوەڵکراسێکی خامی خمیی لەبەربوو، لە چەند شوێنێکیشەو گۆشتی پشت و رانی دیاربوو، هێشتا ئاو لە پرچ و کەزی دەهاتە خوارەوە و کراس و ئاوەڵکراسی تەڕکردبوو، رووە و شەنگوڵ چوو و ویستی دارکاری بکاتەوە، گوتی: شاتکە شێت! شەو و ڕۆژ سەر و دامەنتان تەڕە و وشك نابێتەوە... ئەم حدودەتان چۆن فەوتاند؟...

شەنگوڵ منداڵەکەی بە سنگییەوە گوشی و هاواری دایە هەمینێکرد و ویستی خۆی بگەیێنێتە دەرگەکەی، لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە، دایە و کوڕە بچووکەکەی هاتنە دەرەوە. شێخ ڕووەو سەلۆ گەڕایەوە، دایەوە بەر داران، ئەویش دەستی بە سەرییەوە گرتبوو و دەیبۆڕاند، سەر وگوێلاك و مل

و سنگ و شانی سووربوون و کەوتەوە سەرزەوی، شیخ بە پێنان[٥] لە دموچاوی دەکوتا: نارەسەنی نانکوێر! سەگی توێڕی سەد ئەوەندەی تۆ بەئەمەکە... بەدیوومی کوڕی باوك نادیاری! (هەناسەی تەواو سواربووبوو، ئارەقەی سەر و سنگی سڕییەوە، بە دەنگێکی بەرز): هەی سپڵەی کوڕی ناکەس بەچەی... بە گۆڕێ شێخ مازنی... بە هەر دووازدە تەڵاقم... هەر ئەمڕۆ ناهێڵم بگەنە ئێوارە، هەر چوارتان دەخەمە ناو چاڵەکە و دەرخواردی رەشەی چاوسوورتان دەدەم، دەبێ بەیانی ئەم کاتە لە کنگی سەگە رەش بێنە دەرەوە...

دایە هەمین گەیشتە سەر سەلۆ و شەنگوڵیش بە لاخوارییەوە لە پشتی وەستا. هەمین:- مارزی فەرمەسۆن! مالمە چڵمن! بۆ بەم بەیانیە ئەم قووڕبەسەرەت بێ گیان کرد؟ بۆ ئەم ژن و منداڵە چارەرەشە دەکوژیت؟ هەی خودا لە ناو دەمت بدات... (ئاوڕێکی لە شەنگوڵ دایەوە) چ کەتنێکتان کردووە وا ئەم یەکانەیە شێتگیر بووە و خوێن بەر چاوی گرتووە؟

شەنگوڵ بەگریان و پاڕانەوە: ژن و مێردەکەی لە خانووی خدرە خێلی بوون، هەڵاتوون.

- ئینجا تاوانی ئێوەچییە؟ خەڵك لە دەست دڕندەیی ئەو هەڵدێن ... ئەویش داخی نامەردی خۆی بەئێوە دەڕێژێت؟ (رووی کردەوە شێخ) لە جیاتی شەرم بکەیت و بتلێیتەوە، هەی داڕزێی، کارەکەر و ناومالّ و منداڵی بێدەسەلات سزا دەدەیت؟ کە ژنەکەم بینی زانیم کەتنێکیان پێدەکەیت، هەر من دەماری ئەم شێخ گەماڵە کەمتیارە دەناسم...

شێخ رووی‌کردە هەمین و شەنگە و گوتی: من دابەستەم رانەگرتووە، ئەگەر کارەکەر و خولام بە کاری خۆیان رازی نین، ئەوا با نەیکەن، کەسیش زۆرییان لێناکات، ئەگەر دەشیکەن ئەوا دەبێ کارا و سەرڕاست بن...

شەنگوڵ لە پەنای هەمینەوە: یاشێخ! بەو خودایەی تۆ و منی دروستکردووە، ئەو کارەی من و سەلۆ بە دڵسۆزییەوە بۆتی دەکەین، بە هەموو کوڕ و کچەکانت و بە خەڵکی ئاوایشەوە بۆیان ناکرێت، کەی ئێمە لە کار ترساوین؟ زستان و هاوین، بە شەو و بە رۆژ، بەبێ حەسانەوە هەر راکە راکەمانە... رۆژێك نەمتوانیوە منداڵەکانی خۆم تێرمەمك بکەم... کەی تیکە نانێکی چەورمان خواردووە؟ ژیانمان هەر کارەکەری و کارکردن و چارەرەشییە...

---

٥- پێنە: لەقە، لووشکە.



شێخ بە بێباکییەوە سەیرێکی سەر و گوێلاکی سەلۆی کردەوە و بە بەرچیغەوە بەرەو شەنگوڵ چوو و گوتی: کچە تیوە بێ شەرمەی لە مێردە مەنگۆزەکەت بێ ئابڕووتر، لە رووی مندا زمان درێژی دەکەیت؟... ئاخر نانی من بێ خوێیە، بۆیە ئەوی نانی دەدەم سپڵە دەردەچێت... گەڕایەوە و سێ تێلای دیکەشی سرەواندە پشت و شانی سەلۆ، ئەویش لەگەڵ لێدانەکەدا شانی قووڵ دەکرد و خۆی بۆ ئەمدیو و ئەودیو وەردەگێڕا و دەیبۆڕاند...

لە بنی سکییەو گوتی: لێرە بە دوواوە ئێو ببنە شێخ و ئێمەش دەبینە بەردەست و نۆکەر و ناومالّتان... هەر خۆم دەزانم چۆن خەمبڕتان دەکەم... هەرچوارتان پێکەوە دەرخواردی سەگەڕەش دەدەم... نە هەتیوتان لە پاش بەجێ دەمێنێ و نە چیتریش بە کلۆڵی دەژین...

شەنگوڵ لە تەك دایە هەمینەوە سەیری سەر و سەکوتی بە خوێنی سەلۆی کرد، ئەویش دەستە بە خوێنەکەی بە سەرییەوە گرتبوو و ئاخ و ئۆف و خودا رۆی بوو. ژانی شانی خۆی بریسکەی دەدا... رووانییەوە سکی زل و چاوی دەرپەڕیو و سمێڵی سوور و گڤی شێخ و گوتی: شێخ ماراو! باش دەزانی ئەگەر من کلۆڵ و چارەرەش نەبوومایە و لە ماڵی باوکی خۆمدا بەخێو بکرابوومایە و لەوێش پەروەردە بکرابوومایە و بە ویستی خۆم هاوسەری خۆم هەڵبژاردایە، ئەوا نە کارەکەریم دەکرد و نە بەبرسییەتیی و حیزییەتیش رازی دەبووم ... سەلۆ مل بامییەش لە من بەدبەختتربووە... ئەگەر دایکی نەکوژرابوایە و باوە ژنی دەری نەکردبایە و کەسێکی هەبوایە بیگرێتە خۆی، خێرخوازێك لایەکی لێبکردبایەوە و لە دەوروبەرێکی پاگژدا پێبگەیشتایە، هەڵبەتە ئەویش خولامەتی تۆی نەدەکرد و منیشی نەدەویست... وەك پارچە ئاگرێك بە بەردەمی شێخدا تێپەڕی و لە سەلۆش رەتبوو. کوڕە نۆبەرەکەی پشتی بە دەرگای حەوشەدابوو و وەك بە پێوە مردبێت ئاوها بێدەنگ و بێ رەنگ بوو، دەستی کوڕەکەی راکێشا و هێنایە تەك هەمین و چاوی لە شێخ زەقکردەوە و گوتی: چاك چاك دەزانی ئەم کوڕە چاو سەوزە لە تۆیە... دەستی سڕی بەسەر سکی داهێنا و گوتی: وەك ئێستا سکم سێ مانگان بوو کە منت دایە سەلۆ...

شێخ بە ساردی کەمێك کشایەوە و خۆشی بە تووڕە پیشان دا، گوتی: چونکە کچە تیم و کوڕە تیمن... بزانە ئابڕووشمان نابەن... دەمارتان دەناسم ... کرمانجی نارەسەن! رۆژێ سەد جار خۆت بۆ بۆرە پیاوان بە کوشت بدەیت، ئێوارە ئەوان دەڵێن بە مردنی خۆی مرد... بۆن ریخ و میزی مێگەل لە لووتتان ببڕێت چاوتان کزدەبێت و بەرپێی خۆتان نابینن و ئاگاشتان لە ئارداوێژی دەمتان نامێنێت، چۆن دەڕشێنەوە؟... تاکە چارەتان ناو سکی رەشەی چاوسوورە...

دایە دەستێکی بە سەری شەنگوڵ و منداڵەکەی داهێنا و چاوی لە شێخ سوورکردەوە و گوتی: سنووری خۆت بزانیت و چیتر پێت لەبەر خۆت نەچێت باشە! لەسەر پەتك و سنگی خۆت دانیشە و مەیپسێنە... خەڵك پیر دەبێت بیر لە گۆڕستان دەکاتەوە ... تۆی خوداگیر هەتا شەلفەت درێژتردەبێت[٦] ستەمکارتر و چاوتەنگتر و بێئابڕووتر دەبیت... (هەنگاوێك بەرەو ژوورەکەی خۆی کشایەوە و سەری سووڕاند و بانگی کوڕە ناوەنجییەکە کرد) ئارۆ... رۆڵە ئارۆ... (دەنگی پڕ هەڵبڕی) کوڕە ئارۆ...! وەرە بڕووانە شێخ بەراز! هاربووە... لەسەر (کا) و دانی خۆی گیرنابێت... بڕۆ ماینەکە لە پشتێر دەرکە و هەر ئێستا بگە ماڵی باپیرت و بانگی خاڵە گەورەت بکە... پێکەوە بەبێ دوواکەوتن بگەڕینەوە، ئەوەی بیست و سێ ساڵ لەمەوبەر کردم، ئێستا گەلێك پەشیمانم، بڵێ دایکم گوتی بێت و کوڕی گاخەسێنیش لەگەڵ خۆی بێنێت.

(بیست و سێ ساڵ بەر لە ئێستا، شێخ بە ئاشکرا پڕکێشی ناموسی کارەکەر و کچ و ژنی رەنجبەرەکانی خۆی دەکرد... هەمینیش شەرمی لە بەدڕەفتارییەکانی دەکردەوە و دەیگوت: ئەگەر حەزدەکەیت ژنی دیکە بێنیت ئەوا لە لای منەوە گەردنت ئازادبێت... بەڵام سەنگین بە و هەرزەیی مەکە... رێزی ریش و ئاگردانی خۆت بزانە... دەنا رۆژێك رووتەیەك لە پەنایەکدا دەتکوژێت و لە تڕی سەگ دەچیت، یان لووت و سمێڵت دەتراشن و من و منداڵەکانیشم بەپەند دەبەن... شێخیش خۆی بە تەگەی ئاوایی دەزانی و قسەکانی هەمینی نەدەبیست، کە دایە بە سەردان دەچێتەوە ماڵی باوکی ، شێخ کاکۆی برای تێدەگەینێت ... ئەویش دەڵێت: دەبوو زووتر بمزانیبایە، بەر لەوەی ئابڕوومان بخەسێنێت، من گونیم دەردەهێنا و دەمکردە کەرە گولەی شوانان، ئێستا منداڵە وردەڵە سواری دەبوون، هەنووکەش هەرچەندە زڕاوە، بەڵام زەڕەی دەبڕم... ناکاتە نامەردی، لەگەڵ عەبۆی گاخەسێن (کە جاش هێستر و جوانەگا و کەری گرگنەی دەخەساندن) شەو دەگەنە سەر شێخ، دەیگرن و دەست و پێی دەبەستن، دەرپێی دێننە خوارەوە، دەیانەوێت هێلکە گونی دەربێنن، شێخ خۆی قوربانی هەمین دەکات و لە بەریان دەپاڕێتەوە و دەڵێ دەمرم...

گاخەسێن گاز و قەڵەمبڕەکەی بە دەستەوەبوو و هەستایەوە، گوتی: مەترسە ئازارت نادەم، چەرمەکەت جـــــــــوان بۆ دەدروومەوە، رۆژانە گونی سەد نێرەکی دەردەکەم و رۆژێکیش ناکەوەن... (دەستی خستە گیرفانی و توورەگەیەکی بچکۆلەی دەرکرد) ئەمەش مووورووی شینی

٦- شەلفەی درێژ: نیشانەی پیربوونی بەرازی یەکانەیە.



کوتراوە، ناهێڵێت برینەکەت پیس بێت... هەر دوو سێ رۆژە و چاك دەبییەوە... بەڵام زەڕین و پەڕینت نامێنێ، خۆت و ئەم خەڵکەش دەحەسێنەوە...))

شێخ دەڵێت: تۆبە دەکەم... لەسەر دەستی هەمینێ تۆبەی دەکەم و دەبمە دەروێشی ئەو، ئەگەر جارێکی دیکە سەربزێویم کرد، بەنیازی حەرامی دەستم بە دۆخین کەوت ئەوکاتە بێ سێ و دوو...)

دایە هەمین: ئەوانە تا لە چاڵ نەندرێن و گونك نەبن و تۆبزی دەسك رەپ و لووس نەنێنە ناو دەستیانەوە خەڵك و خودا ناناسن... تاوانی من بوو گورگ و تۆبەیان نەگوتووە... لە ناوچەوانی ئەم شێخ شەیتانەوە شەرمەزاری هەردوو دونیا...

شێخ کشایەوە پاش و رەنگ وزمانی گۆڕا و گوتی: باشە هەمین خان دەرخواردی رەشەیان نادەم، بەڵام دەبێ هەر ئەمڕۆ گوندەکەم جێبێڵن و جارێکی دیکەش نەیەنەوە بەرچاوم...

سەلۆ کە دەست و باسکی راستی شکابوو، بە دەستی چەپی باسکە شکاوەکەی لە ئانیشکەوە راگرتبوو، دڵۆپە خوێن لە تەوێلیەوە بە نێوان هەر دوو برۆیدا بۆ چاو و زینی لووتی دەهاتنە خوارەوە بە دەنگە ناسازەکەیەوە گوتی: شێخ! بڕۆمە کامە گوند؟...

شێخ: بۆ؟ میرسەلیم! سەلیم بەگ! میراتگرمی؟ گوندەکەم لێ زەوت دەکەیت؟ تۆش وەك خدرەخێل و گورگکوژ بچۆ گەنیاوە و لە پاڵ هەیاسە گەڕ دانیشە... وەك یەك سەرتان تاوسییە و لێك دەوەشێنەوە...

سەلۆ: هەیاس پیاوی وەك من راناگرێت... چونکە لە پێناوی رازی کردنی تۆدا ئەوەندەم دزی و دزێوی کردووە... هیچ کەس متمانەم پێ ناکات... لە دوورەوە مۆری تاوان و نامەردییەتی لە نێو چەوانمدا دەخوێننەوە... لە هیچ گوند و هۆبە رەشماڵێکدا جێم نابێتەوە...

شێخ: کەواتە من میرەدێ بۆتۆ جێ دێلم... ماوەیەك لە هەمین و شەنگوڵ و کوڕە چاو سەوزەکە راما... رووی کردەوە سەلۆ: باشە کە لێم بوونەتە قیڕی کەوای سپی، بچۆ بەر مەڕە ستێور و لە شەوبەکێو بە... نامەوێت زار و زمانی چەقاوەسووی وەك ئێوە ببێنمەوە، بەرچاوم چۆلکەن... هەر ئێستاش خەناوکەی زێڕ و شیرەکەم بدەنەوە... من شێخێکی ساویلکە و دڵنەرمم، ئەگینا هەر کەسێکی دیکە بێت نەك هەر ناوماڵەکەتان، بەڵکو پێڵاو و شەرواڵە تەڕەکانیشتان لەپێدەکاتەوە...

# تۆبزاوە

لە تۆبزاوە، لە دیوەخانی مام هەیاسدا دانیشتبووین، بەدەم شەوچەرەوە بەسەرهاتی خۆم و شێخ ماراوم بۆ دەگێڕانەوە، جوامێرێکی خێل لە دەستە راستمەوە گوتی: لەو ماوەیەدا لە ماڵی کێ بوون؟

- : لە خوار قەڵاتی شێخ لە خانوو و بەرەیەکی گەورەی کۆندابووین.

- : منیش هەر لەم خانووە بووم.

مام هەیاس بە پێکەنینەوە: کاخدر وا دەزانم خاکی ئەوخانووە، نێرە خاکە و جەوهەردارە و نهێنییەکی ئەفسووناویی تێدایە، بۆیە ئەوەی دەچێتە ناوی لە پیاوەتی خۆی نایەتە خوارەوە، ئەم کۆنە خانووە دەسکاری باپیرمە... بە تەمەنی من هیچ کەسێك لەم خانووەدا سەری بۆ ستەم و نامەردی دانەنوواندووە. کوڕی شێخ گونکیش هەر هەراسانی و شەرمەزاری بەسەردا باریووە. ستەمکار بگاتە پیاوی خۆی، زوو بەندۆخینی دەکەوێتە قوڵەپێی، لە راست هەژار و بێ دەسەڵاتانیشدا، زۆردار، فس فس پاڵەوانە...

ژوورێکی وا نەبوو بچمە ناوی، بۆیە تاوڵێکی بچکۆلەیان لە خوار ماڵی خدرەخێل بۆ هەڵدام، منیش بە دوو سێ رۆژ جێگەی چیغەکەم کردە دیوارێکی وشکەکەڵەك و هەرزاڵەیەکیشم دروستکرد، ئاگردانمان لێدا و هەندێك کەل و پەل و پێویستی نیوداشتیان بۆ هێناین...

رۆژێك مام هەیاس هاتە ژێر رەشماڵەکەمان و بە دەم چا خواردنەوە گوتی: کوڕم، خۆت و ژنەکەت، خۆتان بە ئاوگەلە و پەناهەندە مەزانن، ئێوە کوڕ و کچی منن، ئەگەر لە دەست



بێکاریش بێزاربوون ئەوا چ کارێك بە شایستەی خۆتان دەزانن، بیکەن، ئەوەی هەمانە و ئەوەی دەشمانبێت پێکەوە دەیخۆین...ئەگەر مرازت وایە بمێنیتەوەو نیازی رۆیشتنت نییە، ئەوا گوندی خۆتە و لە وەرزی داهاتوودا کام زەویت پێ باشە بۆ خۆت دایچێنە، ناشهێلم بێ سپیاتی و بێ گۆشت بن، ئەگەر حەزیشت لە مەڕدارییە ئەوا سالانە زۆربەی مێگەلەکانمان کوێستان و گەرمێنێ دەکەن...

پەریزاد لە ژوورەوەڕا چاوی بە کەوێتەوە بوو، هەیاسیش سەری بڵند کرد و ماین و جوانکیلەکەی کەوتە بەرچاوی... جوانووەکە دایکی دەمشت و کلك و پێی دەوەشاند... جارجارە نەرمە تەڕادانێیەکی خاوی دەکرد و دەهاتەوە ژێری و لاملیان لەیەکدی دەسووی و سەر و کلکیان دەوەشاند، چاوی بە ماین و جوانووەکەوە بوو کە گوتی: جوانکیلەکەتان پیرۆزبێت، هێشتا لاقی تەواو توند نەبووە، ئاگاداربە! ماینەکە بەتەڵەب هات، لەم زوورگەی پشتەوە ئەسپی شێی زۆر رەسەن هەن، بە منداڵێکدا دەینێرم لەوێ فاڵ بخوات، حەیفە گۆڵە بارگین بپەڕنە ئەم حدودە...

سەد و سی رۆژ دووای کوژرانی رۆچە و چەتۆ، شەوێکی هەینی مام هەیاس وخدرە خێل و مەندیل سپییەکی کەواشۆڕ بوونە میوانم.

لە تۆبزاوەدا هەستمان بە نامۆیی و ئاوارەیی نەکرد، بە زبارە کارمان کرد و جار جارەش دەچووینە راو، کەروێشك و کەژاڵمان دەکوشت... پەریزاد بە زۆری لەگەڵ ماین و جوانووەکەدا دەژیا، زۆریشی حەزدەکرد بە دیار دووقەقی مریشکە کڕ و جیوە جیوی جووجەڵەوە بێت، بەرخە مێشکەی ساوای بە سنگییەوە دەنا و ماچی دەکرد و بۆی دەقاڕی و دەیگوت: بەرخەکەم ... کوڕەکەم ... کچەکەم... ئەتۆ بێ دایکی و منیش بێ بەرخم... بە دزییەوە مەمکی خۆی دەخستە دەمی بەرخەکە و لە خۆشیانا مووچڕك بە لەشی دادەهات...

جارێك لە خەو بەئاگا هاتم کە بەدەم خەوەوە دەستی بە پرچم دادێنا و سەرمی بە سنگیەوە دەکوشی و دەیگوت: بەرخەکەم... کوڕەکەم... کچەکەم... ئەتۆ بێدایك و منیش بێمنداڵ... بە دەستەکەی دیکەشی مەمکی بۆ دەمم دەهێنا و ددانی بە چێڕەوە دەبرد... گۆی مەمکیم مژی... خاوبۆوە، وەك منداڵی ساوا لێوی خۆی مژییەوە، سەرمی پتر بە مەمکییەوە نا، بە خاوییەوە گوتی: بەرخەکەم... کاتێك بە ئاگاهات منی لە باوەش گرتبوو.. دەستێکی کردە

ملم و دەستەکە دیکەی لە سەر و ڕوومەت و دەم و لووتم خشاند و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: لە خەومدا منداڵێکی خرپنی خۆم لە ئامێزدابوو...

مەیاسی مام هەیاسی خێزانی لاوەی ئامۆزای بوو، کچ و کوڕێکی بە سکێك بووبوو و دارە دارەیان دەکرد، هەمیشە یەکێکیان لە باوەشی پەریزاد بوو، مەیاسیش سکی لەبەر زاری دەڵە دەڵی بوو، پەریزاد ڕۆژانە بە دزی و بە ئاشکرا هەر سەرنجی سکی ئەوی‌دەدا، ڕۆژێك مەیاس بە ڕووێکی خۆشەوە دەڵێ: پەریزاد خان! پەلەی چیتە؟ (ئەویش چاو و هۆشی هەر لە لای سکی ئەو دەبێت و بە ئاگانایەتەوە...، دەستی دەگرێت و دەستی بە سکی خۆی دادێنێت) پەریزاد پەلەی چیتە؟ خودا ئەوەندەتان منداڵ دەداتێ هەتا لێیان وەڕس دەبن... منیش لە سەرەتادا سێ ساڵ سکم نەکرد... وەك ئێستای تۆ حەزم دەکرد هەمیشە منداڵ لە کۆشم دابێت... ئەوا ئێستا خودا جمکێکی داوە... (پتر دەستی بە سکی داهێنا): ئەگەر ئەمجارەش دووانە یان سێیانەی تێدا نەبێ... ژانی‌سك کردن و دانان و گەورەکردنی منداڵ ئەوەندە زۆرە کە باس ناکرێت... بەڵام خودا وای کردووە هێشتاش هەر پێمان خۆشە و وادەزانین خۆمان لە دایك دەبینەوە... خۆشی ژن و مێردایەتی هەر ئەوەندە خۆشە هەتا قاڕە قاڕی منداڵ پەیدا نەبووە... دوواتر هەر خەمە، حەسانەوە و خواردن و خەوتن و خۆشیت نامێنێت... پیاوەکەت بە برام بێت، گەلێك بۆت باشە، لە خودا بپاڕێوە پێکەوە تەمەنتان درێژبێت و بە پیری بەرامبەری یەکدی دانیشن... ئێستاش دایکم و باوکم دەڵێی ئاشقە و ماشقەن، لە باخەڵی یەکدیدا نەبن خەویان لێ ناکەوێت.

کە خەرمان هەڵگیرا بە هەرەوەزی دوو خانووی گەورە و یەکێکی بچووکمان دروستکرد، لە سەر خواستی خۆم بچووکەکەیان بووەماڵی من.

ساڵی دوواتر جۆ درووابۆوە، بەڵام هێشتا نەچووبووینە درووێنەی گەنم کە لە گوند زەماوەندیان سازکرد، ژن بە ژنیان بۆ خوارزایەکی مام هەیاس لەگەڵ کوڕی براگەورەی گوندەکەی ئەولاتر کردبوو، دوو ڕەشماڵیان هەڵدابوو و ریزە مەنجەڵی زنجیردار لەسەر ئاگری داران بوون، ڕەشبەڵەك دەگەڕا و زوڕناژەن و دۆڵەنگێو و بەستەبێژ کردبوویانە ڕۆژی خۆیان... هەیدۆ هەیدۆ، کوڕ و کچی جحێڵ و دڵتەڕی ئاوایی کرمی دڵی خۆیان دەکوشت.



لە پێش ماینێ بووکێدا سوار سوارانێیەك بوو مەپرسە... هەر سوارە و وڵاخەکەی خۆی تاو دەدا و دەیویست پێشی ئەوانی دیکە بگرێتەوە، پڕمە پڕمی ماینان و چرتەی دەرپەڕین و گڤە و گیزەی دەرپەڕینی پڕوشکە بەردی ژێر سمی وڵاخان و قیژە قیژی سواران، بەزمێك بوو نەبێتەوە، لە بای غارێدا گوریس و تەسبێحیان لە زەوی هەڵدەگرتەوە، لە خانەی زینی دەهاتنە دەرێ و بە لاتەنیشتێکدا شۆڕدەبوونەوە و بە ژێر سکی وڵاخەکەدا لە لایەکەی دیکەوە سەردەکەوتنەوە و دەچوونەوە سەر زین و قریوەیان دەهات و تێك دەسووڕان، دوو دوو و سێ سێ بۆ لایەك تێیان بەردەدا و چەرخەیان دەکرد... زۆرینەی خەڵکەکە چاویان لە من و لە کەوێتی دامەنتاری ئاڵابوو. تەڕادانێ ساردبۆوە، سوار لە وڵاخان دابەزین...

کەژاوەی بووك لە دیار شایی ڕاگیرابوو، پیاوێك جڵەوی ماینەکەی گرتبوو و بەربووکیش دەستی بە ڕانی بووکەوە بوو، شایی دەیکوتا، سەما و هەڵپەڕین و خۆبادان و نوی بوون و هەستانەوە و... بەزمێك بوو ناگێڕدرێتەوە، لە دەوری کەژاوەی بووکیش دا سەما و پەڕۆبادان و چەپڵە ڕێزان و بووکانە بووکانە بوو...

بووکیان لە ماین دابەزاند و ڕێشمەکێش جڵەوی دایە دەست جحێڵێك، جحێڵ بە سووکی خۆی خستە سەر زین و وەك تیر لە کەواندا دەرپەڕی، لەم کاتەدا من دەڵێم سەد تۆ دەڵێی دووسەد کفتە لە ئاسمانەوە گووڕەی هات و بەرە و پشت و سەری سوارەکە چوو... لەولاشەوە زاوا لەتکە هەنجیر و مێوژ و گوێزی بە سەر بووکدا پڕژاند...

بووك و زاوا دەست لە ناو دەست نەختێك بەرەو شایی ڕۆیشتن و سەنگڵانەوە[٧]، زاوا، تارا تەنك و ئاڵەکەی بووکی هەڵداوە و دەستی گرتەوە و بەرەو شایی چوون. کوڕ و کچ بە کۆمەڵ چوونە ناو شایی، دەستیان گرت و بە شان و مل و بە سنگ هەڵپەڕین...

کچێکی کراس وەنەوشەیی، چاوکاڵی باڵا بەرزەی زۆر جوان، گەیشتە ئاستی کوڕە لاوەکان و بە لووت بەرزییەکەوە: سوارەکانمان لە پێش چاوان هیچ لە خۆ ناهێڵنەوە، کەچی بە هەموویان تاکە سوارێکی ڕەوەندییان پێ نابەزێت... بۆیە من ناچمە دەستی کوڕان و هەر لە دەستی

٧- سەنگڵانەوە: سەنگرانەوە، هەڵوەستەیان کرد، هێور بوونەوە.

ژناندا شایێ دەکەم... بۆ لە سواری ئەسپ شێتان نەگێڕاوەتەوە...؟ تا لەگەڵ مایینێ کەوێت سەرسەرانێیەکی بکەن...!

نانمان خوارد و هەستاین، هەر سوارە و دەسرۆکێکی نەخشاو و جووتە پووزەوانەیەکی مەرەزی بە گوڵێنگیان بۆ هێنا... کوڕان لاڵووت بوون و وەریان نەگرت... مام هەیاس ئاگادارکرایەوە و هات، سوارەکانی دوورخستنەوە و گوتی: چ نابەجێییەك روویداوە و نیگەرانی کردوون، لە منیشی دەشارنەوە؟. یەکێکیان گوتی: مامۆ! بڕیارمان داوە چیدیکە سوارسوارانێ نەکەین و لە شاییێ کەسیش هەڵنەپەڕین، دیاری بووك و کچانیش وەرنەگرین و کەسیشمان ژن نەهێنین، هەتا ئەم سوارە نیقاب پۆشە ئەسپ شێیە نەبەزێندرێت... مام هەیاس وەك ئەوەی کوندە ئاوێکی شەویت پێداکردبێت لە جێگەی خۆیدا ساردبوو، بە چاو، یەك یەك جحێڵەکانی بەسەرکردەوە... کوڕ و برازا و خوارزا و خزمی لە پێش و خۆشەویستی بوون، بە قوڕگێکی وشکەوە گوتی: بە مەرگی خۆم چارە بکرابوایە دەمکرد، بەڵام ئەمە زۆر سەختە... سێ ساڵ لەمەوبەر هەمان گۆبەندیان دامەزراند، هەوبوو بەکری برازام بە دەستی ئەو کوژرا و کەللە سەریشی نەداینەوە... ئارامتان هەبێت پەسیرە دەبێتە هەنگوین... چارەی ئەویش دەکرێت، بەڵام هێشتا رۆژی نەهاتووە...

من و پەریزاد و کەوێت چووینەوە، ماینەکە چۆوە سەر جوانکیلە بەستراوەکەی، پەریزادیش سەرکەللەی لە سەری جوانووەکە داماڵی و نێو چەوانی ماچکرد و شەپێکی دایکانەی لە پشتێ دا...

کاکە رەحۆ! ئەو ماینەی ئێوە بۆی هاتوون، ئەو جوانووە بوو کە پەریزاد رۆژانە بیست جار ماچی دەکرد، یاڵی دادەهێنا و سەری بە سنگی خۆیەوە دەکوشی و وەك کچی خۆی دەیلاواندەوە... هەر ئەویش وەك دایك بەخێوی کردووە... پیاوی باش بن گلۆڵەی بیرەوەری من و پەریزاد و ئەم ماینە پێکەوە بە تێکئالاوی هەڵکراوەتەوە و ئالۆزبووە! تکایە پس پسی مەکەن... دەستم بۆ ماین و جوانووان درێژکرد: وا بە خۆتان دەبینن جوانووی دووەمی ساوایە و هێشتا حەفتەی نەچووە... ئەم کۆرپەیە بێ دایك مەکەن و جوانکیلەی مێشکەمان پێ بەخێو مەکەنەوە... لە بری ماینەکە، جوانووە ئەسپەکە ببەن کە بەرزین بووە و وەك دایکی کەوێتی دامەنتارییە، لەویش جحێلتر و بە بالاتر و رەسەنترە... ئەگەریش ئەسپە کەوێت نابەن و



ماینتان دەوێت ئەوا ماینە کەوێت بدەنەوە من و لە گەلەی ماینە شێیەکاندا کامەتان بە دڵە، دەستی لەسەر دانێن، بۆتان زین دەکەین...

رەحۆ بە منگە منگەوە: تۆ بەڵێنت دا... ئەگەر دەیدەیت ئەوا پیاوەتی خۆتە، ئەگەریش نایدەیت ئەوا ئێمە بۆ جوانووە ئەسپی کەوێت و ماینی شێ نەهاتووین...

بە پاڕانەوە گوتم: من باسی سێ دزم بۆکردن کە دووانیان فەوتان، منیش کەوتمە کۆشی خودا، ئێوە ماینی شێ، یان ئەسپی کەوێت دەبەن و هەر سێکیشتان بەبێ سەرئێشە دەگەڕێنەوە، پیاوەتییەکی ئەوتۆش لەگەڵ مندا دەکەن کە هەتا دەمرم هەر منەتبارتانم... من کە بەڵێنم داوە بشمرم پاشگەزنابمەوە، بەڵام داواتان لێ دەکەم مەردایەتی بنوێنن و مایینێ کەوێتم بدەنەوە، ماینێکی لەو باشتر هەڵگرن و بە سەر بڵندیش هەڕوونەوە، ئەگەریش پیاوچاکیم لەگەڵدا ناکەن، ئەوا بەسەر هاتی دووەمتان بۆ دەگێڕمەوە، ئەو کاتە خۆتان و شیرتان، ئێوە بڕیار بدەن و منیش...

## سواری ئەسپ شێ

کاتی نووستن قسەی کراس وەنەوشەییم بۆ پەریزاد گێڕایەوە، ئەویش گوتی: ئەوە ناوی سینەمە، دایکی ئەم چاوکاڵە باڵا بەرزە و ژنی مام هەیاس ئامۆزا و پوورزان، ئەو کچە دڵخوازی بەکری برازای مام هەیاس بووە، بەکر چۆتە مەیدانی سواری ئەسپ شێ و تەرمی بێ سەری هاتۆتەوە... بە قسەی سینەمێ(( کوڕێکی دیکەی ناو (سوارە) بەڵێنی داوە بچێتە مەیدانی ئەسپ شێ، دوو سواری دیکەی گوندەکانی ئەودیویش بە مرازن، بەڵام دەڵێن یەکێکیان پەشیمان بۆتەوە... سواری ئەسپ شێ کە سواری نیقابپۆشیشی پێ دەڵێن، گوتویەتی ئەگەر سێ سوار بەڵێن نەدەن بێنە مەیدان، ئەوا ئەو بۆیان نایەتە مەیدان، تەنها دووشەممان مەیدانداری دەکات و هەر دووشەممەیەکیش لە گەڵ یەك سواردا دەجەنگێ، دەڵێن ئەوی بدۆڕێت، ئەوا ئەو سەری دەبڕێت و لاشەی بێ سەری لە ولاخەکەی باردەکات و دەینێرێتەوە... سەرەکانیش لەسەر یەکدی کەڵەك دەکات و خەرمانێکی لە کەللە سەران دروستکردووە، بەڵێنی داوە هەرکەسێك بیبەزێنێت ئەوا هەموو گەلە و مێگەل و سامانی خۆیانیان دەداتێ و شوانکارەکانی دەخاتە ژێرفەرمانی و ژنێکی بە ویستی خۆشی بۆ دێنێ...))

گوتم: سواری ئەسپ شێ یا نیقابپۆش، دێوە؟... دەڵێن دێوێکی کوێر لە چیاکانی ئەو دیودا مەڕداری دەکات،ناوچەکەشی پاوان کردووە کەسیش ناوێرێت ناوانی ئەو ببەزێنێ ... گوتی: دەڵێن سوارێکی وەك ئێوە ئاساییە، لەگەڵ کۆمەڵێك دەست و پێ و شوانکاراندا هۆبە رەشماڵێکن، مێگەلی مەڕەکانی ئەوەندە زۆرن بە کەس ناژمێردرێن، رەوە ماین و ئەسپی شێی زۆر نازداریان هەیە، گەلە سەگێکی بەڵەکی رەش و سپی لموز ئەستووری کلك تیسکنیان لەگەڵدایە، هەر سەگێکیان هێندەی جاش هێسترێکە و کەس ناوێرێت بەو هەرێماندا تێپەڕێت،



ئەو هۆبەیە تێکەڵی خەڵکی نابن، ئەگەر رێبوارێکیش بە رێکەوت لابدات، ئەوا لە رەشماڵێکیدوور لە هۆبەکەوە میوانداری دەکەن و دەست و دیاری دەدەنێ و بە رێزەوە بە رێی دەکەن، ئەگەر سوار بیانەوێت مەیدانداری بکەن ئەوا دەچنە ئەو رەشماڵە و لەوێ کات و سات و مەرجیان دیاری دەکەن...

لە حەفتەی یەکەم و دووەمدا دەبێ تاکە سوار بۆی بچنە مەیدان، بێجگە لە دوو پیرەمێردی پەك کەوتەی چاوکز کە بە ئاستەم بەرپێی خۆیان ببینن، نابێ کەسێکی دیکەیان بە دیارەوە بێت، دوواتر تەرمە بێ سەرەکانیان دەداتەوە، لە دووشەممەی سێیەمیشدا، خزمانی ئەسپ شێ لە لایەك و کەس و لایەنگرانی سواری سێیەمیش لە لایەکی دیکەوە بە دیار لێکدانەکەوە دەوەستن...

بۆ بەیانی (سوارە)م بینی و گوتم: منیش دەمەوێت بێمە مەیدانی سواری نیقابپۆش بەلام نامەوێت هەر لە ئێستاوە دەنگ و باسەکە بلاوبێتەوە... بە سەرسامییەوە گوتی: مەرج و ئازایەتی ئەو پالەوانە دلێرە دەزانیت؟ گوتم: لەو سەری هاتوومەتەوە... گوتی: کەواتە ئارامبگرە هەتا هەڤالانی ئەودیو ئاگادار دەکەمەوە، ئینجا رۆژێك پێکەوە دەچینە دیدەنییان، ئەگەر ئەوانیش پەشیمان نەبووبنەوە...

هەر هەمان رۆژ مام هەیاسیشم بینی و مەرامەکەی خۆمم پێ گوت. ئەویش گوتی: کوڕی گەورەم زۆر حەزدەکەم ئەم کێوە لەسەر سنگم لابدرێت... بەلام حەز ناکەم تۆی تاقانە و یەك دەست لە بن باڵی من بفەوتێیت و خەڵك بلێن هەیاس لەناوی برد، ژنە جوان و بێکەسەکەی خۆتت دیوە؟ گوتم: خەمی ژنەکەمت نەبێت، هەوڵ دەدەم باوەڕ بکات کە بردنەوەکەم مسۆگەرە، ئەویش خەون بە ناودەرکردنی منەوە دەبینێت... ئەگەر شیروەشێن و سوارچاکی زۆرچاك لە ناوچەکەدا دەناسیت، ئەوا حەزدەکەم چەند رۆژێك مەشقیان لەگەڵدابکەم. دووای کەمێك بیرکردنەوە گوتی: لەم دیوەدا کەس شانی لە شانی من نەداوە، ئاگاداریش نەبووم کە بەکری برازام سواری سەری خۆی بووبوو و چووبووە مەیدان هەتا تەرمی بێسەری نەهاتەوە، لە دۆڵی ئەودیویشدا کەس هاوتای پیرەوەیس نییە.

رۆژی دوواتر بە ناوی چوونە ناو گەنمان، من و مام هەیاس لە باسکەکەی سەر سنووری رۆژهەلاتی گونددا هەندێك سوارسوارانێ و رمبازی و شەڕە شیرمان کرد... وەستاین، مامە

بە هەناسە بڕکێوە: لە هەردوو دیودا سوارچاك و شیروەشێنی وەك خۆتی تێدا نابینیتەوە... چەند ڕۆژێك بە تەنها مەشقم کرد، ماینم تاودەدا، شیرم دەوەشاند، بە خەیاڵ، خۆم لە شیری بەرامبەرەکەم لادەدا و مەتاڵم دەدایە بەر شیرەکەی...

ئێوارەی سێیەم بە درەنگەوە سوارە ئاگاداری کردمەوە کە بەیانی لەگەڵ کازیوەدا بەرەو دێیەکانی ئەودیو بچین و دوو هاوڕێیەکەی ببینین، پێش نیوەڕۆ یەکێکیانمان بینی و گوتی: من نەك هەر ئامادەم بەڵکو زۆریش بە پەرۆشم کە بە زووترین کات بۆی بچینە مەیدان، هاوەڵی دووەم هاوگوندی پیروەیس بوو، ئەویش تەیاری و پەرۆشی خۆی پیشان دا و گوتی: زۆر لە مێژە چاوەڕووانین و خەون بە گەلە و مێگەلی ئەسپ شێوە دەبینین، بەڵام کاکە سوارە هەرجارە و بیانگەیەکی دەبینییەوە، ئەم دەست و ئەودەستی پێ دەکردین و کارەکەی بە کنگداخست، ئێمەش لە شەرمەزارییان رووی ئاوەدانیمان نەمابوو...

دووای نیوڕۆژ خواردن گوتم: هەندێك کاری تایبەتیم لە لای پیروەیس هەیە، دەیبینم و دێمەوە... بەناوی مام هەیاس سلاوم لێ کرد و گوتم: هاتووم هەندێك ڕێنمایی شەڕە شیر و سوارسوارانێم بکەیت، ئەگەر بکرێت چەند سەرێکیش پێکەوە مەشق بکەین، لە لای مام هەیاسیش سەرسەرانێیەکمان کردووە... بە حەزەوە گوتی: خۆزگە منیش لەگەڵتان بوومایە... ئەوکات مەیدانی یەکدیمان دەناسی، بە چاوی تۆ! هەر ئێستا ماین زین دەکەم و دەچمە راستاییەکەی بناری چیاکەی سەر ڕێگەتان، ئێوەش بەبێ خۆ گرخاندن[8] وەرن، چونکە من ئەمڕۆ سەفەرم دەکرد، بەوەی باشە زوو گەیشتی، جگەرەکێشێکی دیکە دووا کەوتبای من دەرچووبووم...

هەرسێکمان لەلای ژێری راستاییەکە گەیشتینە پیروەیس، ماوەیەك بە زمان ئامۆژگاری کردین، هونەری سوارچاکی و شیروەشاندنی شرۆڤەکرد... ئینجا گوتی: با بەکردار قسەکانمان دووبارە بکەینەوە... چەند سەرێك هاتین و چووین... گوتییە دوو برادەرەکەی دیکەم: ئێوە بوەستن و سەیرمان بکەن. وەك شەڕی بە راستی بۆ یەك دەچووین و لە یەکدیمان دەدا، چەند جارێك دەرفەتم بۆ هەڵکەوت لێی بدەم، دەستم دادێنا و دەمگێڕایەوە، شێوازەکەشی گەلێك لە

٨- خۆگرخاندن: خۆ خەریککردن، خۆ گیرکردن، درەنگ داهێنانی بە ئەنقەست.



گەڵ هی مام هەیاس جیا نەبوو، جلەوی ماینەکەی گرت و بەرەو لام هات، دەستمان بۆ یەکدی درێژکرد، پڕ بەدڵ دەستی گوشیم و ئافەرینی لێکردم و گوتی: سەرکەوتن و پیرۆزیت ئاواتمە، بەڵام لاشەی بێسەری ئەم دووەی دیکەمان بۆ دێتەوە...

پێش نیوەڕۆی پێنجشەممە، هەرسێکمان لە تەك تاکە رەشماڵەکەوە وەستاین و مەیدانمان خواست، سواری ئەسپ شێ هات لە دوورەوە وەستا، ئەسپەشێ پێکۆڵی دەکرد و دەیویست بگاتە ئێمە بەڵام سواری نیقابپۆش لغاوی توند کردبوو، ئەسپە شێ و ماینێ کەوێت دوو سێ جار حیلاندیان، جوامێرێك، لە هۆبە رەشماڵەکەوە بە پێیان هات و لەگەڵ ئەودا کەمێك وەستا، رووی کردە تاکە رەشماڵەکە و گەیشتە لای ئێمە، دەستە پیاوێکی چوار شانەی ریش ماش و برنجی گەنم رەنگی رووخسار ڕێك، سەری لووتی کوترابوو، کورتەك و شەرواڵێکی بۆری لەبەربوو، خەنجەرێکی دەسك نەخشاو کە تەسبێحێکی زەردی بریسکەداری تێئالابوو لەبەر پشتێندێکی خاکیی گوڵ ورد دابوو، شەدەیەکی[9] رەش و گوڵسپی ریشیدار و کلاوێکی سپی لەسەرنابوو، لە رۆیشتندا کەمێك دەلەنگی. بە زمانێکی نەرم گوتی: کوڕم ئەم مەیدان خواستنە سەربڕین و لاشە ناردنەوەی بەدوواوەیە، تاوانی مەرگی خۆتان لە ئەستۆی خۆتاندایە، بە ختوخۆڕایی سەری خۆتان بە بڕین مەدەن. (دەستی بۆ کەڵەکی کەللەسەران درێژکرد) کەللەی خۆتان مەنێرنە ناو ئەم هێسکەسەرانەوە!...

گوتمان: سەرێکمان هێناوە بەبێ لێکدان نایگێڕینەوە...

گوتی: دەزانن هەر دووشەممەیەی یەکێکتان مەیداندارى دەکات؟...

گوتمان: بەڵێ..

گوتی: هەموو مەرجەکانیشی دەزانن؟ ...

هەرسێکمان پێکەوە: هەموو مەرجەکانیمان قبووڵە...

گوتی: لەماڵەوە ئاگادارتانن و بەخۆشتان سوورن تەرمتان بەبێ سەر بچێتەوە؟ بەبێباکییەوە: کە بە ویستی خۆمان هاتووین مەیدان بخوازین، هەرگیز پەشیمان نابینەوە...

٩- شەدە: هەوری، مشکی ( بە پێی ناوچەکان) ژنانە و پیاوانەی هەیە.

توورەگەیەکی هەمبانەی لە باخەڵی دەرکرد و گوتی: ئەمە سێ بەردی یەك قەوارە و یەك شێوەی تێدایە... دەرکبەستەکەی کردەوە، نیفۆیەکەی شل کردەوە، بەردەکانی دەرکرد، لە ناو دەستیدا بە ئێمەی پیشاندا: دەبینن یەکیان رەش و یەکیان سوور و یەکیان سپییە...؟ هەر یەکێکتان بە تیروپشك، بەردێك راکێشێت... ئەوەی بەردە رەشەکەی بەرکەوێت ئەوا لە حەفتەی یەکەمدا دێتە گۆڕەپانی لێکدان... بەردی سوور لە حەفتەی دووەمدا و نۆرەی بەردی سپیش سێیەم دووشەمەیە... ئێستاش هەتا بەردەکانتان رانەکێشاوە و نۆرەم بۆ دانەناون، دەتوانن پەشیمان ببنەوە، بەڵام دوواتر دەبێتە بەڵێن و پاشگەزبوونەوەی بێسوودە... هەرسێکمان: نە پەشیمان دەبینەوە و نە پاشگەزیش...

بەردەکانی خستنەوە ناو توورەگەکە،چەند جارێك رایشەقاند و سەروبنیکرد، هاتە بەردەمی سواری دەستە راست، دەرکی توورەگەکەی ئەوەندە کردەوە کە بە ئاستەم دەرفەتی دەست تێڕاکردنی هەبێت، گوتی: تۆ یەکەم بەرد راکێشە!... ئەویش دەستی خستە ناو توورگەکە، ماوەیەك ئەم بەرد و ئەو بەردی هەڵگلۆفت، یەکێکی خستە ناو لەپیدەستی و دەستی قوچاند و رایکێشایەوە، کە دەستی کردەوە بەردە سوورەکە لەناو لەپیدا بە ئارەقە تەڕبووبوو و بریسکایەوە، هاتە پیش سواری دەستە چەپم: تۆش بەردێك دەربێنە! ئەویش بەردە رەشەکەی دەرکرد، جڵەوی ماینەکەی منی گرت: هەرچەندە بەردە سپییەکە پشکی تۆیە، بەڵام تۆش بە دەستی خۆت دەریبێنە!... هەرکەسە و بەردی خۆی لەلابێت، هەر یەکەو لە رۆژی خۆیدا لە مەیدان بمداتەوە...

لە هەموو ئاواییەکانی ناوچەکەدا بووبووە دەنگ (( سێ سوار دەچنە مەیدانی ئەسپ شێ و نۆرە بڕیشیان لە (سوارە)ی سوارچاك کردووە...))

هەر لە رۆژی هەینییەوە، بەتەنها خۆم لە دەشت و دەردا غارغارێن و شیر وەشاندن و قەڵغان راگرتنم کرد..

دووشەممەی یەکەم، تەرمی سەری خاوەن بەردە رەشەکە گەڕایەوە... منیش ترسم رۆژ بە رۆژ زۆرتر بوو و لە مەشقکردندا خۆم ماندووترکرد، وای لێهات ماینی کەوێت باڵداری دەرباز نەدەکرد، دەنگی شیرەکەم، کە بە ناو هەوادا دەمسووڕاند و بامدەداو دامدەهێنا، لە دوورەوە دەبیسترا، مەتاڵم وا رادەگرت کە لە ناخدا وام هەستدەکرد سواری نیقابپۆش بە هەموو



هێزییەوە و لە چەند لایەکدا شیرم لێ دەوەشێنێ. یەکشەممە مام هەیاسم لە گەڵ خۆمدا بردە دەرودەشت، چەند جارێك بەتاو بۆ یەکدی هاتین، هەموو جارێك دەمتوانی لێی بدەم و لە ئەسپەکەشی هەڵبدەم. بە ئەندازەیەك سەری سوڕمابوو گوتی: بڕوات بەخۆت هەبێت باشترین سواری سەر زەمین لەبەردەستتدا دەرباز نابێت... لە هەرقەڵ و رۆستەم بە دەستتری و ماینەکەشت لە شەودێز سووکترە...

دووەم دووشەممەش لاشەی بێسەری بۆ ناردینەوە... ترس دەمی لە هەناوم نا، دەرفەتی پەشیمان بوونەوەشم نەمابوو، دەنا وەك سوارە منەم دەکرد یەکێکی دیکە نۆرەکەم لێ وەربگرێتەوە... رۆژی هەینی مام هەیاس بەرخێکی تەڕی کوشتبۆوە و منیان بانگ کرد، پیروەیسیشیان میوان بوو. سەری کاوڕەکە لە پێش من و پیروەیس داندرابوو، کەللەی دوو هاوەڵەکە و سەری خۆمی دێنایە بەرچاوم... نازانم چیم خوارد و چیم نەخوارد... ئەوانیش هەستیان بە تۆقینی من کردبوو بۆیە ناوە ناوە بە دەم خواردنەوە دەیاندواندم، نەمدەزامی چ دەڵێن و باسی چی دەکەن... دووای نانخواردن هەرسێکمان چووینەوە سەر باسکەکەی سەر سنوور، ماوەیەکی باش هەردووکیان بە نۆرە ئامۆژگارییان کردم و هونەری سوارسوارانێ و شیروەشاندن و قەڵغان راگرتنیان بۆ هەڵڕشتم. سوار سوارانێیەکمان کرد و چەندین جار بەتاو بە دەوریاندا سووڕام، شیرم دادەهێنایە سەریان و موویکی دەما دەستم دەگێڕایەوە... کە ئەوانیش بۆم دەهاتن، زۆر بە ئاسانی خۆم لێیان دەرباز دەکرد....

رێشمەی ولاخانمان گرتبوو و بەرەو گوند هەنگاومان دەنا. پیروەیس بە دڵنیاییەوە : نەك هەر سواری ئەسپ شێ، بگرە سواری بۆراق شێش لە دەستت دەرناچێت، بە تەمەنی خۆم گەلێکم سواسوارانێ و شەڕە شیر دیوە، وەك تۆ نە بووە و نە دەشبێتەوە، بەڵام مەترسە و بڕوات بەخۆت بێت...

هەیاس: زۆر مەمنوونت دەبم! نیقابپۆش مەکوژە، هەر پۆزی بشکێنە... چەکی بکە، ئەسپەکەشی لێبستێنە... وا لەبەرچاومایە چۆن وەك دەڵە رێوی کلکی دەخاتە ناوگەڵی و لەبەر چەپۆکی گۆڵە شێر هەڵدێت.. دووشەممە دێت و بە چاوی خۆشت دەیبینی... دەك رۆڵە بەخۆت و بە ماینی کەوێت لە منتان کەوێت، دەك بەقوربانی ئەم دایکە بم کە شێری وەك تۆی شیرداوە، دەك بەلاگێڕی ئەو کەسەبم کە فێرە شیر وەشاندنی کردووی... سەری بەرز کردەوە و

رووی لە ئاسمان کرد، هەردوو ناولەپی رووە و ئاسمان راگرتبوو: خودایە بمکەیتە گەرد و خۆڵەپۆتی ژێر پێی ئەو شێرە شێروەشێنەی تۆڵەی خوێنی گەنجە سەربڕاوەکانمان دەکاتەوە... خودا یاربێت، ئەتۆم لە دیاربێت با دووژمن هەزار بێت... رووی کردە پیرۆەیس: پیرە! سوار و شێر وەشێنی وەك ئەم شێرە لە داستان و مەیدانی دیوانیشدا نەبیستراوە، رووی کردەوە من: رۆڵە بەقوربانت بم ئەم دوو رۆژەی ماوە خۆت ماندوو مەکە، ماینەکەشت بحەسێنەوە، با لەم تیژڕەوییەدا شتێکی بەسەر نەیێت، ماڵمان کاوڵ بێت...

بەیانی رۆژی دووشەممە بەر لە دەرکەوتنی رمی زێڕینی خۆر، گەیشتینە مەیدانی مەرگ و گیانکێشان، خەڵکی دێیەکانی هەر دوو دیو بە پیر و جحێڵ و منداڵەوە هاتبوون، پەریزاد و مام هەیاس و پیرۆەیس و سینەم و (سوارە)شیان لەگەڵدا بوو، لە لای ژێری مەیدانەکەوە لەسەر لێواری کەنداڵێك دەیانڕووانییە گۆڕەپانەکە، لە بەرزاییەکانی لای سەرەوەشدا خزمانی ئەسپ شێ ریزبووبوون.

بەبێ باکی چوومە ناوەندی گۆڕەپانەکە، جڵەو و بەردە سپییەکەم لە دەستدابوو، شیرەکەشم بەرز راگرتبوو...

سواری نیقابپۆش لە لای خزمەکانییەوە وردە وردە بەرەو مەیدان هات، کە چاوی بە حەشاماتە زۆرەکەی سەر کەنداڵ کەوت، هەڵوەستەیەکی کرد، هەر لەسەر ئەسپەکەیەوە خۆی سووڕاند، رووی کردە خزمەکانی و دووجار بە دەست بانگی کرد.

جوامێرەکە بە گورجی دابەزی و گەیشتە لای و جڵەوی ئەسپەکەی گرت، سەریان بۆ یەکدی لەقاندەوە. هات بەردەکەی لە من وەرگرتەوە و بەرەو کەنداڵەکە چوو، لە گەڕەکەدا سوڕایەوە، بە پشتدا سەرکەوت و گەیشتە ناو ئاپۆرەی سەر کەنداڵ و لە شوێنێکی بڵند وەستا و بە دەنگێکی بەرز: ئێمە کەسمان ناچار نەکردووە بێتە مەیدان و سەری بەبڕین بچێت، ئەوەیش کە بە ویستی خۆی سەری مەیدان دەگرێت ئەوا دەبێت بە ئەنجامەکەی رازیبێت، ئەگەریش ئێستا پاشگەزبۆتەوە ئەوا با ماین و شیرەکەی لە مەیدان بەجێ بێلێ و بگەڕێتەوە، لێرەش بە دوواوە کەس نێت مەیدان بخوازێت... چاوی بە ناو حەشاماتە زۆرەکەدا گێڕا، کەس وەڵامی نەدایەوە... جوامێر دەنگی بەرزتر کرد: کێتان برا گەورەیە؟. خەڵکەکە بە دەم و بە دەست گوتیان: مام هەیاس... جوامێرەکە: ئەگەر بە ئەنجامەکەی رازین ئەوا پێمان خۆشە تۆ بچیتە ناو خزمانی ئێمە



و بە ئارەزووی خۆشت یەکێك لەوان بنێریتە ئێرەوە، بەڵام لە پێشدا دەبێ بزانین کە یەکێکیان دەدۆڕێت و ئەوی دیکەش دەیباتەوە، چارەنووسیش لە دەست ئێمەدا نییە...

مام هەیاس رەگەڵی کەوت و پیاوێکی کورتەی قەڵەوی وەك بارمتە ناردە سەر کەنداڵ... لەم ماوەیەشدا هەردوو سوار وەك ئاڵا لە شوێنی خۆماندا چەقیبووین و چاوەڕووانی چارەنووس بووین... ئەسپە شێ سمکۆڵی کرد و حیلاندی و دەیویست هێرش بێنێ، بەڵام نیقابپۆش ئەوەندە لغاوی توند کردبوو کە لە داخانا سەری لە ئاسماندا بەم لاو بەولادا دەگێڕا، هەستایە سەر پاشووان و بە تەواوی راست ببۆوە و چەپۆکی لە ئاسمان دەدا... کەوێتیش سمکۆڵی کرد و سەر و کلکی بادا و حیلاندیو حیلاندییەوە... نیقابپۆش رووەو من هات، بە کەش و فشێکەوە شیر و مەتاڵی بەرزکردەوە، لە ئەسپەکەی خوڕی، بە دەنگێکی نیمچە مێردمنداڵانەوە گوتی: هاتوویت بۆ ماڵی دونیا سەری خۆت بەبڕین بدەیت؟ شیرەکەی بۆ کەللە سەرەکان درێژکرد:- پاش چەند خولەکێکی دیکە سەری تۆش لەوێیە... منیش گوتم: هاتووم سەری تۆ بخەمە سەر ئەم جۆخینە و خەرمانەکە هەڵبگرین، بۆ ئەوەی چیدیکە نەوجەوانان لە وەرزی جوانیدا جوانەمەرگ نەکەیت و لاشەی بێ سەریان بۆ دایك و خوشك و دەزگیرانیان نەچێتەوە... کەوێت حیلاندی بەرەو ئەسپەکە چوو...

ئەسپە شێ سەر و کلکی بەم لاو بەولادا وەشاند و رووەو من هەستا و لەسەر دوو پاشییان سووڕا و حیلاندی و حیلاندییەوە... بە دەنگێکی بەرزتر گوتم: ماڵ و سامانەکەشتم ناوێت با هەر بۆخۆتان ببێتەوە میرات...

- کەواتە بەخۆکەوە و گیانت دەربازکە...

قامچییەکی لە ئەسپەکەی دا و وەك باڵندە بەرەو کەنداڵ فڕی... چەند جارێك وەك برووسك بە دەوری گۆڕەپانەکەدا سووڕایەوە و بە پڕمەپڕم هاتەوە شوێنەکەی خۆی... منیش بەرەو خزمانی ئەسپ شێ فڕیم، شیر و مەتاڵەکەم بەرزکردەوە، دوو چەرخەڵەم بە چوار دەوری گۆڕەپانەکە لێدا و هاتمەوە بەرامبەری. بە شیران بۆ یەکدی هاتین، گەیشتینە یەکدی و شیرمان وەشاند و مەتاڵمان راگرت و لە یەکدی تێپەڕین، لە یەکدی دوور دەکەوتینەوە، بە تاو بۆ یەکدی دەهاتینەوە. هەستم کرد کە لە یەکدی نزیك دەکەوتینەوە وڵاخەکانمان هێوردەبوونەوە و زۆریان نەدەما مل لێکبنێن ئێمەش لە تاو خۆماندا هەر تاومان دەدان... ئەو دەیویست بمخاتە دەستە

چەپی خۆی و بە چەپە بوەشێنیت، منیش نیازم بوو لای راستی لێ بستێنم و لەولاوە لێی بدەم، کە ئەو رووەو خۆر دەهات من پشتم لە خۆر بوو، لای راستی دەدامێ و بە ترسەوەش مەتاڵەکەی رادەگرت و شیری نەدەوەشاند، منیش کە بەرەو رۆژ دەبوومەوە وەك ئەو لام گرنگ نەبوو کام لام لێ دەگرێت، چەند جارێك لای راستم لێ ستاند و بە ئاستەم لەبەر دەستم دەربازبوو، زانی فێڵ و پیلانەکانیم دۆزیوەتەوە... هەستم کرد شپرزە بووە و ئەسپەکەشی بەگوێی ناکات. کە دەگەیشتینە ئاستی یەکدی ئەسپەکەی هەڵدەستایە سەر پاشووان و چەپۆکی لە ئاسمان دەدا، ئەویش پتر خۆی دەپاراست و کەمتریش شیری دەوەشاند...

ماوەیەکی باش لێکدا لێکدا لێکمان دا، خوێنی یەکدیمان نەدیت... جارێکیان پشتم لە خۆربوو و زۆر بە گوڕ هاتم و ویستم لێدانێك لێی بدەم، کە بیتەزێنم و مەتاڵەکەی لە دەست بکەوێتە خوارەوە، یان شیرەکەی لە دەستدا بپەڕێت، تەواو نەگەیشتبووینە ئاستی یەکدی، کە هەردوو پەلی پێشەوەی مایینەکەم لە خاك رۆچوون و سەر و لمووزی لە زەوی چەقی، من پەڕیم و چوار پێنج هەنگاوێك دوورتر کەوتمەوە، بە تاساوییەوە چاوم بە خەرمانی کەللە سەران کەوتەوە، گەیشتە سەرم و شیرێکی ئەوەندە بەتەوژمی بۆ داهینام کە ورشەی بایەکەی کاسیکردم، بەڵام من زووتر تەقڵەیەکم بەسەر سەرما لێدا و خۆم لە ژێر دەست و پێی ئەسپە شێ دەربازکرد، لێم تێپەڕی و زۆر بە خێرایی گەڕایەوە، شیرەکەی بەرزکردەوە، منیش شیر و مەتاڵەکەم ئامادە کردبۆوە، چەند کەڕەت شیری بادا و بە دەورما سووڕا، پارێزم نەدایە، هەموو جارێکیش بە دەوری مایینەکەمدا دەسووڕامەوە و تییە چاوێکیشم لەو بوو بەڵکو هەڵبستێتەوە. شیرێکی بە تینی بۆ داهێنام، شیرەکەم دایە بەری و بستێك لە لای نووکی شیرەکەی پەڕی...

لە بازنەیەکی تەسکتردا بە دەورم دا دەسووڕایەوە و دەرفەتی نەدەدام... ئەسپەکەی هەڵدەستایە سەر پاشووان و دەیحیلاند و چەپۆکی دەهاوێشت. شیرە شکاوەکەی دەوەشاند و خۆشی لەگەڵ نوی دەکرد، دوواجار پشتی لە خۆربوو و زۆر بەگوڕ بۆم هات، بەر لەوەی بگاتە ئاستم، ئەو دیوی مایینەکەی گرت و جڵەوی ئەسپەکەی ئەوەندە بە توندی راکێشایەوە خەریك بوو بکەوێتە سەر کەوێت، ئەویش دوو پێی چەقین، سوارەکە بەسەر سەریدا ئاودیو بوو و وەك من چەند هەنگاوێك دوور کەوتەوە سەر زەوی، هەڵمکوتایە سەری، سەرمەقولاتێکی لێدا و رووبەڕووم



وەستا و شیرەکانمان لە یەکدی گیر کردن و پێکدیمان پاڵدا، لە یەکدی دوور دەکەوتینەوە و بە تاو بۆ یەکدی دەهاتینەوە و شیرەکانمان لە یەکدی گیر دەکردەوە و یەکدیمان پاڵدەدایەوە... ئەسپەکەی هەستایەوە و بۆنێکی بە مایینەکەوە کرد و حیلاندی و بە چەپۆك لە پاشەڵی مایینەکەی دا..

ئەوەندەمان شیر وەشاند تا شلوکوت بووین، شیرمان لە دەست دەکەوت و هەڵماندەگرتەوە، لێکمان دەدایەوە، شیرەکەی منیش لە نزیك دەسکییەوە پەڕی، بە چاو trووکانێك شیرەکەم هەڵدا، تاوم دایە مەچەکی دەستە بە شیرەکەی، توند گرتم، بە هەموو هێزی خۆمەوە رامتەکاند، شیرەکەی لە دەست کەوت، مەتاڵەکەشم فڕێدا، ئەویش قەڵغانەکەی بەرداوە، ماوەیەك شەڕە چەنگمان کرد و یەکدیمان پاڵدا، خۆمان لەبەر یەکدی دزییەوە و بەرپێنەمان دایە یەکدی، ئارەقە دەتکایە ناو چاومەوە، لە ناکاودا هەردوو باسکم خستە ژێر هەردوو باڵی و بە هەموو گوڕ و هێزی خۆمەوە گوشیم، دەستم بەرەو خوارتر بردن و لاقم دوور خستنەوە و پتریشم گوشی... چەند جارێك بەم لاو بەولادا راموەشاند، نەکەوت، پێم وەبەر پێیدا، خۆی گرتەوە و نەکەوت، ویستم بەرەو مایینەکەی ببەم و بەسەرئەودا بیخەم، خۆی دەربازکرد و وەختابوو من بگلێم، دەستێکی هێنایە پێشەوە و لە لووت و چاومی چەقاند و بە هەموو توانای پاڵێدا، دەستی بەرەو گەرووم هێنایە خوارتر، ملم بە سنگیەوە ناو سەرم بەرە و خوارتر برد، دەستی کەوتە سەر سەرم، خۆم راوەشاند و پتر گوشیم، مەبەستم بوو بە پشتدا بیشکێنمەوە... رکەی کرد و کشایەوە...

دووجار بەم لاو بەولادا بامدا، بەرزم کردەوە، لە زەویم کوتا و کەوتمە سەری...

لەسەر پشت بوو، بە هەردوو دەستی پاڵی بە دەموچاومەوە نا و گەرەکیبوو دەستی بگاتە قوڕگم، چۆکێکم لە نێوگەڵی کوتا، دەستی چەپم لە ژێری دەرهێنا و هەردوو دەستی ئەوم پاڵدا، خەریك بوو خۆی وەربگێڕێ و من بخاتە ژێرەوە، دەستی راستیشم لە ژێریدا دەرهێنا و لە زەوییم گیرکرد، چەند جارێکی دیکەش ئەم لا و ئەولای کرد، نەیتوانی وەرمبگێڕێ، دەستی چەپم لە زەویدا کردە رکە و راستەم بۆ هەوکی برد، سەری بادا و دەستم کەوتە ئاستی دەم و لووتی، بە هەموو رك و توانای خۆمەوە دەم و لووتیم پلیقاندەوە و بەرەو چاوی پاڵمدا، دەستم لە لووتی هەڵخلیسکا، پەنجەکانم لە رووی گیربوون، کە بە ئارەقە تەڕبووبوو، رووپۆش لەگەڵ دەستم

رۆیشت و دەموچاوی دەرکەوت... لە شوێن خۆمەوە حەپەسام!... ئەم سوارچاکە نەبەردە ئافرەت بێت؟! باوەڕم نەکرد! ماوەیەك تێی رامام و قژیم راکێشایەوە سەر تەوێڵ و برۆ و لووت و دەمی... بە هەموو هێزمەوە گوشیم و ئەژنۆم کوتایە نێوگەڵی و سنگم بە سنگییەوە نووساند... هێشتاش هەر لێی دەترسام...

لە ژێرمەوە رووی بۆ لا تەنیشتێك وەرگێڕا، کەوێت و ئەسپەکەی کەوتە بەرچاو... ماین جوولەی نەمابوو، ئەسپیش بۆنی بە پاشەڵییەوە دەکرد و کلکی دەوەشاند و لچی بۆ لووتی بەرزدەکردەوە و سەری لە ئاسماندا دەگێڕا و دەیحیلاند، وانەکە بەڵەکەکەی داهێشتبوو و ناوە ناوە بەلی دەکرد و لە ژێر سکی خۆی دەدایەوە و ئاوی ژیانی لێ دەتکایەوە... چاوی لە چاوم بڕی، گوتی: ئەوە ماینەکەوێت بەفاڵە، بۆیە ئەسپە شێم ژێر رکێف نەدەبوو... پارساڵ نیو مانگێك بەر لە ئێستا مێردمنداڵێکی باریکەڵە هێنای و لە ئەسپە شێ چاکی کرد... رەنگە ئێستا ئەم بەستەزمانە جوانکیلەیشی هەبێ، ملی شکاوە و جارێکی دیکە بەسەر پێ ناکەوێتەوە....

دەستێکی بە نەرمی بە سمێڵم داهێنا و گوتی: منیش وەك ماینی کەوێت ملم شکاوە، دەستی بۆ خەرمانی هێسکەسەران درێژکرد: ئەم هەموو کەللەیەشم پەلداوە بۆ ئەوەی بگەمە پیاوێکی ئەوتۆ کە ملم چاك بکاتەوە و منیش بتوانم سەرم بەرزبکەمەوە... دەبێ بەڵێنم بدەیتێ کە تۆ ئەو پیاوەی من چەند ساڵە بە دووایدا وێڵم، لە دەست و مەیدانت چۆن بوویت لەپیاوەتیشدا وابی... منیش خاوبوومەوە و چەناگەم خستە سەر چەناگەی و گوتم: بەڵێن دەدەم کە ماڵپەرست و نامەرد نابم... ئەگەر داواکەت رەوابێ، ئەوا پەیمان بێت سەربەرزیت بۆ دابین بکەم... ناولەپی بە روومەتم داهێنا، لووت و لێوی لە لووت ولێوم خشاند، بە دەستی راستی چەند جارێك تەپە تەپی بە پشتم کرد و گوتی: هەندە...بردتەوە...

هەستامەوە و چووم سەیری ماینێ کەوێتم کرد، لاسەرێك و چاوێکی قۆپابوو، ئێسکی شکاوی ملی لە پێستییەوە دەرچووبوو و چەند ددانێکی بە خوێنیش کەوتبوونە سەرزەوی، هەردوو دەستی کەوتبوونە ناو کونە جورجەکوێرەیەك و وردوخاش بووبوون و پارچە هێسکی سپییان بەدەرەوەبوو، دەستم بە سەری داهێنا... جوولەی نەکرد، پەنجەم لە کونە لووتی راگرت هەناسەی نەبوو، سەیری چاوەکەی دیکەیم کرد سپی بووبوو، شیر و لینجاو، کلك و ران و خۆڵی



ژێر پاشەڵی تەڕکردبوو... ئەسپەکەش هەر بۆنی پێوە دەکرد و بە سم لە پاشەڵی دەدا و سەیری من و خاوەنەکەی دەکرد ودەیحیلاند و فرمێسك لە چاو و کونە لووتییەوە دەهاتە خوارەوە... رووم کردە خزمانم، نازانم لە کاتی زۆرانبازییەکەماندا چەند نیگەران بووبوون، بەر لەوەی بە خۆم و بە ماینەوە بگلێم، کە لە لای خزمانی خۆم وەردەچەرخامەوە، پەریزاد و سینەم وەك جووتە ماکەو دەیانقاسپاند و ئاپۆرایەکەش بە دووایاندا دەیانگێڕایەوە:

((سواری ماینێ کەوێتە... کەڵە شێری مەیدانێ

ئەسپ شێ دەبەزێنی... بفڕی بچێتە ئاسمانێ.))

کە لە لای سەرەوەی مەیدانیش بامدەدایەوە، مام هەیاس هەتا دەنگی تێدابوو هاواری دەکرد:

((قوربانت بم شێرە پیاو... ریوی فلبووە تەواو،

هەر بـــــزانە پشتیدا... کالا و شیری دەستیدا ))

ئێستاش وا لە شوێن خۆیاندا هەڵدەپەڕن و چەپڵە دەکوتن... پەریزاد خۆی لە کەنداڵەکە هاوێشت و بە شەلە شەل و بە راکردن هات. لە بەرەکەی دیکەشەوە خزمانی نیقابپۆش بەزم و یەك لەنجەیەکیان بوو نەبێتەوە، هەیاس و جوامێرەکەش بە هەڵەداوان هاتن...

ئاوڕم لە سواری ئەسپ شێ دایەوە، کورتەك و شەرواڵ و رووپۆشەکەی فڕێ دابوو و بە کراسێکی تەسك و تەنکی ئاوریشمین رووە و من هات، تا ئێستا کەس بەژن و باڵا و چاو و برۆ و دەم و لێو و کوڵم و کەزی و سنگ و بەرۆك وسمت و لارانی ئەفسووناوی وەهای نەدیوە... لە بەر چاوی هەردوو حەشاماتدا لە باوەشی گرتم و بەرزی کردمەوە و سێ جار بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە...

من و ئەو و پەریزاد و هەیاس و جوامێرەکە، بە شادی و پێکەنینەوە بەرەو شایی خزمانی تۆبزاوە چووین...

هەزاران جووتە چاو، بە حەپەساوی و بە پێکەنین و بە رقەوە دەوریان تەنین و تەندوورەیان کرد... بەسەر شانی یەکدیدا خۆیان هەڵدەکێشا و لە خۆیان هەڵدەدا... بازنەی گەمارۆکەیان ئەوەندە تەسککردەوە کە بێنمان تەنگ بوو، مام هەیاس و جوامێرەکە داوایان لێ دەکردن

بکشێنەوە و دەرفەتمان بدەن... بێ هوودەبوو... هەردوو حەشاماتەکە تێکەڵ بووبوون و وەك زاك و ماك قارە و بارە و تێکسوورانێك بوو، سەگ ماخۆی خۆی نەدەناسییەوە...

کراس سووری ئاوریشمین بە دەنگێك کە تامی خۆشاوی گریان و پێکەنینی لێ دەهات، گوتی: تکایە دەرفەت بدەن... دانیشن ... بێدەنگ بن و گوێ بگرن...

بە چاو لێکنانێك گشتیان کشانەوە و چوارمەشقی دانیشتن، بە کەڕوڵاڵییەوە سەیری دەمی ئەویان دەکرد... دەستی منی لە نێوان هەیاس و جوامێرەکەدا بەرزکردەوە و گوتی: ئەم سوارچاکە دلێرە بردییەوە... سەرپاك ماڵ و سامانی هۆبەکەمان بە زیندە و مردەوە هی ئەوە، گشت خزمانیشم ژێر فەرمانی ئەو دەبن... ئەگەر بە منیش رازیبێت ئەوا ئەو مێرد و سەردارمە و منیش کابان و بناوانی... هەندێکیان بە گەرمی چەپڵەیان کوتا...

سینەم لە شوێنی خۆیدا هەستایەوە و گوتی: شێرکۆی سوارچاك خێزاندارە و ژنی خۆی هەیە... (دەستی بۆ پەریزاد درێژکرد) ئەو پەرییەی لەتەك ئێوەدا وەستاوە کابان و هاوسەری ئەوە... کراس سوور ئاوڕێکی لە پەریزاد دایەوە و دەستی گرت و ماچی کرد و گوتی: هەستم پێ کردووە... ئەگەر ئەم پەری خاتوونەش قایل بێت ئەوا ئەویش گەورەی من دەبێت...

ماوەیەك هەموومان بێ دەنگ بووین، کراس سوور چاوی بە سەرتاپاماندا خشاند و گوتی: دەزانم ولّساتەکەمان ئەوەندە زۆرە گوندەکەتان هەراسان دەکات، بۆیە دەڵێم ئەگەر دڵگیرنەبن و بە پاشگەزبوونەوەی نەزانن، من وای بەباش دەزانم کە ئەو دلێرە بە زاوابەندی بێتە سەر هەوار و هۆبە رەشماڵەکەمان، ئەگەریش هەنووکە حەزدەکات لەگەڵتان بگەڕێتەوە ئاوایی، ئەوا هەرکاتێك بێتەوە، هەر بەخۆی سەرهۆبەیە و پیاوی گەورەی ماڵە و دێتەوە ماڵی خۆی...

ماڵ نووستنان بوو، لەگەڵ نیقابپۆش لە ژێر دەوارێکدا لە پەردە دابووین، هەمان کراسی سوور و تەنکی لەبەردابوو، زی کراسەکەی کردبۆوە و نیوە سێوێکی سەربەگۆ لە باخەڵیدا چاوشارکێی لەگەڵدا دەکردم و سەرنجمی هەڵدەمژی، دامەنی کراسەکەی هەڵکێشابووە پشتی ئەژنۆی، بە نەرمی لەپی دەستی لە نەرمەی پووزی دەسووی و جارجارە بە تیلەچاو سەیری دەکردم و دەیڕووانییەوە پووزە سپی و توورتەکەی، دەست و پەنجەی نەرمتر گیرا و چاوی بە



دەستییەوە بوو، بە دەنگێکی ئەفسووناوی گوتی: تۆ منت بردەوە، دەبێ منیش تۆ ببەمەوە، بەرلەوەی لەگەڵمدا بنووییت دەبێ ویست و بەڵێنی یەکدی بزانین...

گوتم : لە رۆژی مەیدانەکەوە نیمچە پەیمان و بەڵێنێکمان هەیە، بەڵام حەزدەکەم بەتەواوی بزانم ویستی تۆ چییە؟

## حیزبگیری

هەناسەیەکی قوولّی هەڵکێشا، رەنگێکی هێنا و رەنگێکی برد...سەیری دەست و بەلەکی خۆی کرد و گوتی: من کچی میر جەمشیدم... ئەوانەی لەم هەوارەن، مێردمنداڵە باریکەڵەکەیان نەبێت کە ناوی سام سامە، ئەویان خوشکزامە... ئەوانی دیکە هەموویان شوانکارە و رەنجبەری باوکمن...

ماڵە باوانم چەند پشتێك بوو لەگەڵ میرێکی رۆژهەڵاتمان لەسەر کەوشەنی هەواران ململانێیان بوو، میری رۆژهەڵات چاوی بڕیبووە پاوان و کانی و رووبار و زەوییە بە پیتەکانی باپیرانم... لەشکرکێشی بۆ دەکردن و بەسەری دادەدان، ئەوانیش مەیداندارییان دەکرد و لە یەکدیان دەکوشت... ئەم کوشت و کوشتارە چەند پشتێك بوو نەبڕابۆوە...

رۆژێك شێمەشەل، میری رۆژهەڵات، پیاوێکی ناردبووە لای باوکم و گوتبووی: باپیرانمان بە شەڕ و کوشتار چارەی یەکدیان نەکرد، دەمانەوێت مەسلەتی بکەین... با بەیەکەوە بە ئاشتی بژین و شین و شاییمان دەستەوایی... وەك دوو هاوسێی باشیش لە تەنگانەدا دەستی یەکدی بگرین...

باوکیشم گوتبووی: ئەگەر ئەوان کەرەزەڕی و دەستدرێژی نەکەن، واز لە چەك و خوێنخۆری بێنن، ئەوا با دڵنیابن کە ئێمە خوێنی خۆمان و گیانی ئەوانیش دەپارێزین...

تەتەرەکە گوتبووی: هەر بۆیە دەیانەوێت بەبێ چەکی بێنە خزمەتت و تۆ براگەورە و ئەوانیش برا بچووك...

شێمەشەل لەگەڵ کۆمەڵێك پیاوی ماقووڵ و ناوداری دەڤەرەکە هاتە لای باوکم و گوتی: گەلێك خوێنمان بە ناڕەوا لە جەنگدا رشتووە، لە مەیدانی چاوچنۆکیدا خوێنمان تێکەڵی یەکدی بووە، هاتووم بە خزمایەتی خوێنمان تێکەڵی یەکدی بکەین و وەچەی من و تۆ ببنەوە یەك، ئێمە ئەوەندەمان بەبەرەوە نەماوە، وا گۆڕ چاوەڕوانمانە، بەیانی نا ئێوارە پتە خۆڵێك چاومان



پڕدەکاتەوە و سەرمان لە بەردی ئەلحەد دەدەین و دەبێ سزای ئەم کوشت و کوشتارەش لەوێ بدەینەوە، با چیتر بۆ منداڵان گۆڕی خۆمان پڕ گوو نەکەین... من پەیمانی ئاشتی و خزمایەتیت لەگەڵ دەبەستم...

باوکیشم گوتبووی: دەتەوێت پەیمانی ئاشتی ببەستیت؟ لەسەر دەستی ئەم برایانە من پابەندی گشت پەیمان و بەڵێنێك دەبم، بەڵام مەرج ئەوەیە ئێوە دەسنوێژ رابگرن! ئەگەر خۆمان گێل نەکەین و واز لە کەڵەزەڕی بێنین ئەوا گرێکوێرەیەکمان لە نێواندا نییە نەکرێتەوە، گەر مەبەستتان ئاشتییە و ناتانەوێت چیدیکە منداڵی یەکدی هەتیو بکەین، ئەوا چی دیکە زۆرداری و بێ خوایی مەکەن. هەردوولاشمان ناوانی خۆمان باش باش دەزانین... خوانەخواستە ناخۆشیەکیش هاتە پێش ئەوا با ئەم برایانە ریش سپیمان بن و دادپەروەرانە دارێکمان بە نێواندا بێنن، ئەوا گیروگرفت چارەسەردەکرێن، هەرچەندە گەلحۆش دەزانێت گەر هەردوو لامان پابەندی رەوا و راستی بین، ئەوا پێویستمان بە ناوبژیوان و دادوەر نابێت...

شەلە: منیش هەر بۆ ئەوەی پێویستمان بە بەڕەوانکار نەبێت و کەسی لایدە نێتە نێوانمان، دەمەوێت خزمایەتی بکەین... رووەدەکاتەوە دانیشتووەکان: برایان لەسەر دەستی ئێوە بۆ ئەوەی کاکم جەمشید دڵی پاکبێتەوە، من چەند کچم هەیە... دەیاندەمە کوڕەکانی ئەو، هەر بەخۆشی سەرپشك بێت، چەند و کامە کچمی دەوێت خۆم جلکی بۆ دەکەم و هەر بەخۆشم بۆی دێنم، دوواتریش کە ئەو دڵی پاکبۆوە، ئەوا من دێمەوە، کامە کچیم بداتێ، ئەوا دیسان هەر خۆم خشڵ و جلك و بارگەی بۆدەکەم و دەیبەم.

هەموویان روویان لە باوکم نا کە بە خزمایەتییەکە قایل بێت... باوکیشم گوتبووی: خزمایەتی و دوژمنایەتی پێکەوە، دەمانبڕێنێتەوە، کاکە! پەیمانی ئاشتی و دۆستایەتی دەبەستین... خزمایەتییەکەش بە کاوەخۆ بیری لێ دەکەینەوە، پرس و ڕای خزمانیشم وەردەگرم ئینجا وەڵامتان دەدەمەوە...

دووبارە هەموویان مل لەبەر ملی باوکم دەنێنەوە و دەڵێن: تا پەلە لە کاری چاکە بکرێت باشترە، هەتا رۆژێك زووتر دوژمنایەتی ریشەکێش بکرێت خێرترە... ئێمە هاتووین بێ وەڵام ناچینەوە...

باوکیشم بە ناچاری خزمی کۆکردنەوە و بۆ را و راوێژ لە گەڵیان دانیشت، خزمانمان حەزیان لە خوێن بەستی و خزمایەتی بوو، گەرەکیان بوو خوێنداری لە ناویاندا نەمێنیّ، گوتبووشیان هەر وەك پێشان ئاگاداری خۆمان دەبین و کەلێن نادەین گورگ لە مێگەلمان بدات... باوکم دەڵێت خوێنکوژاندنەوە و ئاشتی ئا، بەڵام خزمایەتی ئەوانە هەزارجار نا، چونکە تێکەڵاوبوون لەگەڵ شێمەی باژەستێنی خزمایەتی لیّ ناکەوێتەوە، بەڵکو برینمان قووڵتر دەکات، هەر من دەزانم برکیان چەند تاڵە، لە خافڵەتەوە پێمان وەدەدەن، لە پشترا دەستمان لیّ دەوەشێنن... کە کار لە کارترازا ئەوکاتە بە هیچ راناگەین، خوێنی خۆمان لەگەڵ خوێنی ماڵپەرست و چاوچنۆك و ستەمکار و دامێن پیس تێکەڵ نەکەین باشە... دوایی لە ناوخۆماندا کرم هەڵدێنین، من لە کۆنەوە سەرجەلە و سەرپەرشتیارییان دەناسم، ورگ و کەللەیان یەك شتی تێدایە و ناگۆڕێت... ئەوانە بە ورگ بیر دەکەنەوە و بە کنگ دەدوێن... باوکم زۆری گوت و خزمان کەمیان بیست... بە ناچاری گوتبووی کچە ناوەنجییەکەیم قبووڵە...

حەفتەیەکی پیّنەچوو شانازیان بۆ بەرزۆ ( برای گەورەم) هێنا...

نازانم چەند ساڵ بوو شاناز لە لای بەرزۆ بوو، رۆژێك میوانێك لە میوانخانەدا دەڵێتە باوکم: ئاغای شێخ محەمەدی سەلامی هەبوو و فەرمووی: ((نازانم میر جەمشید هێشتا متمانەمان پیّناکا یان خۆی بە گەورەتر دادەنێت... بەڵام من بەدەستەخۆم نییە و هەر حەزدەکەم پێکرا دانیشین و را و راوێژان بکەین، من بە خزمایەتی دانا و توانایان سەربڵندم... گوتیشی خزمایەتییەکەمان کۆن بووە و خۆشی بیّ یان ترشی دەبیّ نوێی بکەینەوە... دیسان با هەر خۆی سەرپشك بێت...))

ئەمڕۆ پێنجشەممەیە، پێنجشەممەی دادێت میری میران، شێخ محەمەد بە خۆی و کوڕ و کچی و برا و برازا و خوارزاکانییەوە نیورۆژیّ لە لای جەنابتانن....

لەم ماوەیەدا شێمەشەل ویستبووی دڵی باوکم پاك بکاتەوە، مزگەوتێکی گەورەی لە گوندەکەی خۆی دروستکردبوو و مەلایەکی زەریفیشی بۆ هێنابوو و پێنج نوێژەش لە دووای مەلابوو، باسی چوونە حەجیشی دەکرد، لە دیوەخان و مزگەوتەکەیدا بە زیرەکی و شێردڵی باوکمی دا هەڵدەگوت، لە شایی و پرساندا دیاری و کوشتی و بۆ دەناردین... شانازیش لە لای بەهرە و فەرەیدون و بۆتانی برامدا، بە شاگوڵ و شازادەی خوشکی خۆی هەڵدەگوت و لە لای من و



گوڵاڵەی خوشکم باسی کۆکی و رەندی و مەندی جەنگیز و جەربەزە و جیهانگیری برای دەکرد، بە ئەندازەیەکیش دلسۆز و گوێڕایەڵی بەرزۆ و باوکم بوو، کە باوکم سەری سوڕمابوو، لە لای من و دایکم دەیگوت هەرچەندە سەیری چاوی ئەم بێچووە گورگە دەکەم، وادەزانم هەناو رەشە و لە خشتەمان دەبات... تێکەوتووین، من سەیری رەفتاری بە درۆی ناکەم، چونکە لە چاوە مۆنەکانیدا مەرامی خۆی و شێمە دەخوێنمەوە....

بەیانی رۆژی سێشەممە من و کاکم بەرزۆ و سامۆی خوشکزام سواری وڵاخان دەبووین، بۆ ئەوەی بچینە کوێستان و چەند کوشتی و خیگە رۆن و پێستە پەنیران بێنینەوە، لەگەڵ خۆشماندا ساوەر و ماش و برنج و خویّ و شەکر و چا بۆ بنەگەی شوانکاران ببەین. باوکم بە دیارمانەوە وەستابوو، (کەمۆ)ش بەدەم شت بارکردنەوە گوتی: میرم! کەسێکیان ناوێت کوشتییەکان باژوات؟ سام سام منداڵ و دەست و پیّ سپییە، لە رێیە دەکەویت. باوکیشم گوتی: دەتۆش لەگەڵیان بچۆ! بەڵام هەمووتان پێکەوە وەرنەوە...

کەمۆ تەمەنێك بوو رەنجبەر و ناوماڵمان بوو، کە مەسڵەتییەکەمان کرد و شازیّ هات، ئەو لە ئێمە پتری پیّخۆشبوو و گەلێکیش حەزی دەکرد بەردەستی شازیّ و بەرزۆ بکات. رۆژێك درکاندبووی کە ئەو بە منداڵی رەنجبەری شێمەبووە و لێیان تۆراوە...

گەیشتینە رەشماڵان، ئەو رۆژی مێگەڵی ستێوری زۆر دوور چووبوو، کەمۆ بە دوواياندا چوو و ئەو شەوە نەهاتەوە، بەیانی زوو مەڕەزایەکی قەڵەویان کوشتەوە و کەوڵیان کرد و ناوسکیان دەرهێنا و خوێیانکرد و کردیانە دوو بەش و لە تێریان نا، پەنیر و ژاژیشیان لەگەڵ بارکرد... کاکم گوتی: سام سام! بیانگەینەوە ماڵیّ و بە پەڵە بگەڕێوە!. ئێوارەی دووەم بە درەنگەوە ستێور هاتەوە... بەرزۆ گوتی: شتێکمان ناردۆتەوە و بەم هەور و هێر و ناوەختە ناکەوینە رێیە... بەیانی بەرزۆ و کەمۆ بەڕیّ کەوتن و گوتیە من: کەرە و پەنیر و لۆری سبەینێش لەگەڵ سام سام بێننەوە... هەر بزانە گوێی بەدەرکەوت....

رۆژی هەینی، کوڕی شوانکارەیەکمان هاواری بۆ هێناین کە بە درەنگەوە پیاوەکەی شێمە هاتۆتەوە و گوتوویەتی: میری میران، ئاغای شێخ محەمەدی سڵاو و رێزی هەبوو... فەرمووی ((شەرمەزارین، دەبیّ بمانبووریت، خزمێکمان مردووە و ناکریّ لە پرسە دانەنیشین،

حەزیشدەکەین ئەو بە سەردانێك گەورەمان بکات، ئەگەرنا کاتێکی دیکە ئاگاداریان دەکەمەوە، کەی دەچمە خزمەتیان...))

میر جەمشید! زۆرم پەلەکرد زووتر بگەمە جێ بۆ ئەوەی چێشت لێ نەنێن، بەلاَم شتەکە لە ناکاو روویدا و هەر هێندەم پێکرا.

ئەو رۆژە دایکم نەخۆشبوو، شانازیش دەستگەرم و بێ منداڵ بوو، خۆی کردبووە سەرکابان و سەرپەرشتیاری چێشت لێنان، لەبەر چاوی چەند کابانانێکدا خوێچێژی مەنجەڵەکان دەکا و داواش لەوان دەکات تامچێژی بکەن، هەندێکیش لە ناو لەگەنی بچکۆڵەدا دەداتە دەست منداڵان.

دووای ئەوەی خەبەری نەهاتنی باوکی و خزمەکانی دەزانێت بە غەمگینییەوە دەڵێتە باوکم: مامە! خواردنێکی زۆرمان ئامادە کردووە، تێك دەچێت و بە فیڕۆ دەڕوات، بەڵکو ئێوارە هەندێك خزمی دیار و خۆشەویستمان بانگ بکەین و ئەوی دیکەش بۆ ئاوایی بنێرین...

باوکم گومان لە هاتن و لە نەهاتنی شەلە دەکات و دەڵێ: میوانەکەمان گەڕایەوە؟. شاناز: بەڵێ، ئەوە پوورزامە، نانێکی باشمان لە پێش دانا و بە پەلە خواردی و گوتی ((هەتا تاریك دانەهاتووە دەمەوێت لە کەندێ گەورە بپەڕمەوە.))

لە پێشدا خواردن بۆ ماڵەکانی ئاوایی دەنێرێت... بە درەنگەوەش چێشت بۆ خۆیان تێدەکات...

بە تەواوی نانەکە ناخۆن کە هەندێك منداڵ و پیر و لاواز دەکەنە هۆقە هۆق و دەرشێنەوە، شانازیش لەگەڵ ئەواندا دەرشێتەوە و دەبوورێتەوە، تا درەنگتر دادەهات ئەوان پتر دەرشانەوە و لەخۆدەچوون و رەنگیان رەشدادەگەڕا و دەمردن... خەڵکی ئاوایش کە هەمان خۆراکییان خواردبوو، دەرژێنە ناو حەوشە و ژوورەکان و سەیری ئەم و ئەو دەکەن و پەککوو پەککوویان بوو، لە خۆیان دەترسێن و هەندێکییان پەنجە لە گەرووی خۆیان رادەکەن و خۆیان دەرشێننەوە و بڕێکیشیان هەر لە خۆیانەوە بەدیار رشانەوە هێڵنجیان دێتێ...



پیاوانی شێمە گەمارۆی ئاوایی دەدەن، چەند سوارێکیشیان دەوری ماڵی ئێمە دەگرن، هەندێکیشیان دێنە ناو حەشاماتەکە و لە سەر و پۆتی خۆیان دەدەن و بەدەم گریان و نزگرەوە: هەر ئێستا حەکیم دەگەیننە سەر خزمانی خۆمان، لە گوندەکەماندا حەکیمێك هەیە مردوو زیندوو دەکاتەوە... هەر برینداریێك بگاتە ژێر دەستی، ئەوا بە سێ رۆژ برینەکەی ساڕێژ دەکاتەوە... دەڵێنە پیاوانی ئاوایی: ئێوە بڕۆنە سەر گۆڕستان و خەمی خەلاَت[1] و تەرمەکان بخۆن، ئەوی دیکەش بۆئێمە لێگەڕێن... دەترسێین دەرد و پەتایەکی کوشندە بێت و ئەوەی لێرە بمێنێتەوە بیگرێتەوە و بیکوژێت... ئەو پەتا رەشە لە چ ولاَتێکەوە هات و خڕی قڕکردن و ئێمەی بێ خزم و کەس هێشتەوە...

تا ئەو کاتەش شاناز بوورابۆوە و گیانی دەرنەچووبوو، بەلاَم کەسیش بەتەمای نەمابوو.

خەڵکەکەیان وەدەرنا، باوکم و چەند کەسێکی دیکە، بێهێز و لە گیانەڵادابوون...

شێمە لە ناوەراستیاندا قا قا پێدەکەنێ... دەچێتە سەر باوکم و دەڵێ: جەمشۆ[2]! جەمشە!... ئاگات لە خۆت ماوە؟ بڕکمان تاڵە و بە خزمایەتیمان رازی نابیت؟!... پووك و دەمە کەلۆسەکەی بۆ خنخنۆکەی باوکم دەبات: بەلاَم بڕکی میر جەمشید شیرین و ئاودارە... دڵگیرمەبە میراتی هەردووکان بۆ نەوەکانی من دەمینێنەوە... ئەگەر دوو کچت بدابووایە ئەوا ئێستا پاوان و ماڵاتت بەر نەوەکانی خۆت دەکەوتەوە... کەللەیەك لە دەم و لووتی باوکم دەدات، دەست دەنێتە قوورقوراگەی... هەرپێدەکەنێ و دەستی توند دەکات، تا قرقرتۆکی باوکم رەقدەبێت و چاوی دەرسکێ و دەموچاوی رەش و شین دادەگەڕێت... بە رقەوە دەستی شل دەکات و دەمی پێکدادەداتەوە، پشتە دەستی لە ئاستی دەم و لووتی رادەگرێت، کە دڵنییادەبێت هەناسەی نەماوە، بە خۆشی‌خۆشییەوە هەڵدەستێتەوە، چاوێك بە تەرمەکاندا دەخشێنێت، روو وەردەگێڕێت و جەربەزەی کوڕی دەبێنێ وا خەریکە بەهرە تەواو دەکات، شانازیش بە دیاریانەوە تریقوهۆڕ پێدەکەنێ...

شەلە ناوچەوانی شازێ ماچ دەکات و دەڵێ: بەرزۆ و کەمۆ دیارنیینە؟

١- خەلاَت: کفن، بەرگی مردوو.

٢- جەمشۆ: بچووککراوەی ناوی جەمشیدە.

شازێ: سێ سوار چووین لە سێکۆسپان بۆسەی بۆ بەرزۆ بنێنەوە... هەر ئەوان دەنگی بدەن (بە خۆشییەوە دەستی پێکدادا و وەك ماینی بەفاڵ سەری بڵند و نوی کرد) کەمۆ بەگیش لە پشتڕا لێی دەدات...

کەمۆ نەك هەر لە پشتڕا لێیدابوو بەڵکو سەریشی وەك هەنجیر تووڵخاندبۆوە[3]...

کە منداڵەکە ئەم هەواڵە دڵتەزێنەی پێ گوتین، ئەستووندەی تاوڵی مرادمان شکا، ئاسمان بەسەرماندا رووخا و رووناکی لەزەویدا نەما... کەوتینە شینگێڕان و لە خۆدان، ئەو جوامێرەی لە مەیدانی سوارسوارانێدا سەرکارمان بوو، ناوی مۆتکە، سەربردەیەکی دوور و درێژی لەگەڵ باوکمدا هەیە، تا بڵێی کارامەو ژیر و دڵسۆز و بوێر و دنیا دیوە..

مام مۆتك رەشماڵنشینی کۆکردنەوە و گوتی: گریان و پاڕانەوە و خەمۆکی لە رۆژی لێقەوماندا دادی کەسی نەداوە، ئەوەی بووە، بووە و ناگەڕێتەوە، نزا و تووك و تکا برینان تیمار ناکەن... رۆژی تەنگانە مەیدانی دلێرانە... ستەمکاریش درەنگ و زوو بە سزای خۆی دەگات. ئێستا لەم کاتەدا ئێمە ئەوەندە نین  بتوانین بەرگری بکەین و شەلەی زۆردار سزا بدەین، بەڵام دەتوانین نەتاوێینەوە و بەرەو لایەك سەر هەڵگرین و خۆمان نەخەینە ژێردەستی نامەردان... دنیا هەر شەو و رۆژێك نییە، زستان و بەهار و هاوین و پایز هەن، مەنجەڵی مێردان بە حەوت ساڵان دەکوڵێت، هەموومان دەزانین کە بەرد لە جێگەی خۆی بەسەنگە، دەربەدەری و لانەوازەیی و بێ هەواری، پیاو سووك و چرووك و بێنرخ دەکات، بەڵام ئومێدی گەڕانەوە و سەربەرزکردنەوەی لە دڵدا ناکوژێت... ئەوەیش حەزناکات ئەم رێیە هەڵبژێرێت و رێگەیەکی باشتر دەزانێت، یان بڕیاری مانەوە دەدات، ئەوە سەربەستە...

چوار رەشماڵ بە بیانووی منداڵ وردی و کەمی وڵاخی بەرزە... مانەوە.

باوکم تا بڵێی زرنگ و ژیر بوو، پێشبینی زۆر شتی دەکرد، لە سوارچاکی و رمبازیدا تاکی نەبوو...

(فرمێسکەکانی سڕینەوە): ئەو منی فێری سوارچاکی و شیروەشاندن کرد... چەندجار لە کاتی مەشقکردندا دەیگوت: ئاکار و رەفتاری تۆ لە باپیرم دەچێت... رەنگ و رووخسار و ئازایەتی و

---

٣- تووڵخاندنەوە:  پلیقاندەوە، پلیشاندەوە.



دانایی و بوێریت، هەر ئەوە... کە خودا تۆی دا، من ناوم نای خانزاد... بەڵام دیاکۆی برام، ناوتی کردە گوڵستان... ناو هەر ناوە، هەتا کوڕ و نەوەی وەك تۆمان هەبێت، ئەوا ناوبانگی بنەماڵەکەمان ناکوژێتەوە، ناحەز ناتوانێت لەکەدارمان بکات، دوژمنیش ناوێرێت چاو ببڕێتە هەوار و سەر و ماڵمان... بەڵام هەرگیز ترسی کرمی ناوەخۆ لە هەناومدا دەرناچێت... زۆر جار دەیگوت: سەگیشتان بە ئەمەك نەبوو مەهێڵن بێتەوە دەرگەتان... ئەو سەگانەمان چەند پشتە لەگەڵ ئێمەدا بەیەکەوە دەژین، لە دڕی و لە پاس کردندا هاوتایان نییە، هەر خزمێکمان لە گوندێکی دیکەشەوە بێت، ئەوا بە بۆن دەیناسن و بۆی ناچن... سەگ  بە ژنان ناوەڕێت، کەچی تا ئێستاش لە شاناز و لە کەمۆ دەمڕێنن و بە بڵحیان دەزانن... کە دوواجار لە سواری جوانووەوە ئەسپی شێ دابەزیم، هات تەوێڵی ماچکردم و گرتمییە باوەشی و گوتی: هێندەی حەوت کوڕ سەرم بەرزدەکەیتەوە... تۆ گوڵستان و باپیرستانمی...

دیسان فرمێسکی سڕینەوە و بە لێو گریا و بە چاو پێکەنی، دەستی بە پشت ئەژنۆی داهێنا: چەند ساڵە دەمەوێ سەری خۆم بەرز بکەمەوە و ئاگردانی باوکم بژێینمەوە... بە دووای سوارچاکێکدا گەڕام لە خۆم  و لە باوکم سوارچاکتربێ، هەرهێندەش پشتم بگرێ هەتا هەڵدەستمەوە و سەر هەڵدێنمەوە...

بە نازەوە فرمێسك بزەی رشت: هەرچەندە بنەچە و رابردووی تۆش نازانم، بەڵام لە سوارچاکی و شیروەشاندندا تۆ ئەو سوارەی کە من بەدووایدا وێڵم... چاوی لە چاوم بڕی و بە چاو داوای وەڵامی کردەوە.

لەناو گێژەنی داستان و کارەساتە دڵتەزێنەکەدا گێژ و کاس بووبووم، لە بێدەنگییەکەیدا بێداربوومەوە و بە پەشۆکاوییەوە گوتم: باوکی تۆ لە باوکی من زاناو دووربینتربووە، چونکە باوکیشم هەوار و سامانی زۆری هەبوو، بەڵام لەبەر کلۆڵی و تەمبەڵی و کەمزانی و نەوسنی خۆی، هەمووی تواندەوە، هەرگیز بە بیریشیدا نەهاتووە منداڵێکی فێری شتێك بکات بۆ ئەوەی بە سەربەرزی بژی... وەختێك بە ئاگاهاتەوە کۆنە رەنجبەرەکانی خۆی زەکات و باراشییان دەدایە ... ئەوکاتەش چارەی لە زەوی و ئاسماندا نەمابوو، کەچی باوکی تۆ هەتا زیندووبوو دانەمالا... گوڵستان خان!بەڵام سوڕیش دەزانم کە مەلا باوەکری باپیرم لە باپیری باوکت ناودار و سالارتر و دووربینتربووە...

نێو چەوانی گرژبوو: چۆن ئەوەندە بە موکرِییەوە وا دەڵێی؟

گوتم: کە باپیرم زانی باوکم هیچی لەباردانییە، وازی لێ هێنا، هەرچەندە ئێمە بچووکیش بووین، کەچی ئەو فێری زۆر شتی گەورەی کردین، هەتا ئەویش مابوو هەوارمان لە ناوچەکەدا دیاربوو و هەر خۆشی براگەورەی هەمووان بوو، ئەو مامۆستای من بوو و فێری سوارچاکی و رمبازی و راو و شکار و شتی دیکەی پیاوانەی کردم، کە ئەویش نەما باوکم نرخی خەرمانی ئارەقەی ئەوی نەزانی کە بە میرات بۆی مابۆوە، بۆیە زۆر بەپەلە دایە دەم رەشەبا...

بە گەشییەوە پێکەنی و گوتی: باپیرت شایانی ئەوەیە هەردووکمان شانازی پێوە بکەین... کەواتە بەڵێنم دەدەیتێ پشتم بگری، هەتا هەڵدەستمەوە سەر پێیان. سەری بەرزکردەوە و بە جۆرێك سەری را وەشاند کە بسك و پەرچەمی لەسەر رووخساری لاکەون، کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕابوون و سۆزیان لێ دەتکاوە، چاوی بڕیبووە من، لە شوێنەکەی خۆیدا هەستا، منیش هەستام، بە نازەوە باویشکێکی هێنایە خۆی و خۆی خاوکێشکرد و سنگی دەرپەراند، بە چاو ماچی کردم و گوتی: منیش بەڵێنت دەدەمێ کە ئەوەی باوکت بەبایداوە ئێمە دووبارە کۆیبکەینەوە... (بە گریشمە فرۆشتن و خەنییەوە وەك تاوس لە پێشمدا سووڕا و نزیکتر کەوتەوەو بە شەرمێکی شیرینەوە): منداڵەکانیشمان فێری سوارچاکی و دووربینی و ئازایەتیی مەلا باوەکر دەکەین، واشیان رادێنین کە مشەخۆر نەبن و خۆژی بن، نرخی خەرمانی ئێمە بزانن و لە دووای ئێمەوە بە خۆڕایی پەرتی نەکەن... ئەگەر حەزیش بکەیت، ئەوا بەڵێنت دەدەمێ کەوا ئەم هەوار و سامانەی باوکت لە دەستیداوە، ئێمە پێکرا بیستێنینەوە... تۆش بەڵێنەکەت بۆمن نوێ بکەوە، لە مەیدانی شیربازیدا بەڵێنت دا... کەچی دەڵێی ئێستا...

دەستێکم خستە سەرشانی و گوتم: باوکی من نرخی شتێکی نەزانیوە کە بەبێ ماندووبوون کەوتۆتە دەستی، وەك گوتم: کارنەکەر وچڵێس و کورت بینیش بووە بۆیە هەر شەنەبای کردووە... بە ویستی خۆی و بەبێ زەبر و زەنگ و ستەم و قۆڵبڕین لە دەستی داوە... ئەو کاتە دەمانتوانی بیستێنینەوە ئەگەر بە زۆر لێیان بستاندبایە... بەڵام ئەوەی تۆ، ستاندنەوەی ئابڕووی هەموو مرۆڤێکی ئابڕوومەندە... بۆ بەڵێنەکەش، من پشکی خۆم و بەشی پەریزاد و پشی تۆشم پێوەیە، پرسێکی پەریزاد دەکەم، دڵنیام رێگر نابێت، چونکە کە هاتم ئەو دەستی لە ملی جوانووە ساوایەکە کردبوو و گوتی: سەربەست بە کەی دێیتەوە، کە هاتیشیەوە ئەوا هەر



شەوێك لە لای من و دوو شەویش لە ناو نوێنی بووکی نوێ بە، بەڵکو خودا جمکەیەك دەداتە گوڵستان، ئەو کاتە هەریەکە و منداڵێك دەگرینە باوەش...

گوڵستان: منیش لەلای خۆمەوە نیازم وابوو پێت، بڵێم هەر شەوێك لەگەڵ مندا بخەوەو سێ شەویش بچۆ باخەڵی ئەو...

من و گوڵستان و مام مۆتك سواری وڵاخان دەبووین، پەریزادیش دەستی لە ملی جوانکیلەی مێشکە کردبوو و پێکەوە هاتنە پێش و گوتی: منیش دێم!.. (دەستی بەسەر تەوێڵ و سەر و یاڵ و ملی داهێنا) بەڵام هەتا دێینەوە دەبێ یەکێك ببێتە دایکی کچەکەم (تەوێڵی ماچکرد و بە ئەسپایی کوڵمی لە روومەتی خشاند) و بێ نازی نەکات...

بە شێوەی پاڕانەوە گوتم: نامەوێت ئازاری ئەم رێیە دوورە بچێژیتەوە، برووخساراکەم شەکەتی هاتنی یەکەم جارمان تا ئێستا لە گیانت دەرچووبێت...

بەبێ باکی گوتی: ژیان ماندووبوونە، شەکەتی لە چاوەڕووانی خۆشترە، زۆریش حەزدەکەم لە رێگەی خۆماندا سەرێك لە گۆڕی دایك و باوکم بدەم و هەواڵی مامەکەشم بزانم... وەختە بۆ گوندەکەی خۆمان شێت بم...

لە کوێستانەکانەوە بەرەو ئاوایی مێرگەشین دادەبەزین، نیوەی گۆیەکی سوور لە ئاسمانەوە خەریك بوو خۆی لە پەنا کلکەی کێوێکی خۆرنشیندا بشارێتەوە، کە گەیشتینە (سێکۆسپان) رەشەماری شاخدارم بینی بەرەو گوند دەخشی، هەڵۆی سەر سپیش لە خۆر هەڵاتەوە وەك باڵندەیەکی سووری ئەفسانەیی هاتە سەرمان و سیراندی، چەند جارێك، بۆ کۆسپەکە دابەزی و هەستایەوە، حەوت جار بە خێرایی باڵی لێکدا و بەرەو قوولایی ئاسمان بەرزبۆوە، لە بەرزاییەکەوە جووت باڵی راگرتن و بەبێ جووڵە بەرەو گوند چوو... مۆتك مارەکەی نەدیت، بەڵام بە چاو لەگەڵ هەڵۆ رۆیشت تا لە چیا ئاوابوو..

مۆتك: ئێوە لەم کۆسپە پتر دامەبەزن! رووی کردەوە گوڵستان: گوڵە خان! بەیانیی ئێوارە لەسەر کانییەکەی خوار هەواری خۆمان، لە ناو گابەرد و پیرە بەڕووەکاندا چاوەڕێم بن! قامچییەکی لە ماینێ شێدا و بەرەو مێرگەشین باڵیگرت ..

نە تاریك و نە ڕووناك بوو کە پەریزاد گوتی: هەتا مام مۆتك دەگەڕێتەوە ئێمە پێڕادەگەین بچینە سەر گۆڕی دایك و باوکم و بشگەڕێینەوە ئەو جێگەیەی مامە گوتی، چونکە لەم چیایە و لەوی ئەودیویش ئاوابین، گوندی ئێمەیە...

سەیری گوڵستان و سام سامم کرد و وەڵامم نەدایەوە...

گوڵستان: کەواتە کۆنە خزم و هاوخێڵین و بە خۆشمان نازانین... منیش حەزدەکەم سەر لە گڵکۆی دایك و باوکی تۆ بدەم.

لە نێوان هەردوو چیادا دانیشتین، نانمان خوارد و وڵاخ لەوەڕان و ئێمەش حەساینەوە...

بەیانییەکی ڕووناك بوو، گەیشتینە سەر گۆڕەکانیان، پەریزاد لە پێشدا کێلی پشت سەری دایکی ماچکرد و دووایش هی باوکی، هەردوو لەپی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و فرمێسکی بە ریز هاتنە خوارەوە و لێوی پەیتا پەیتا دەجووڵاندن... گوڵستانیش وەك ئەوی کرد و بە سۆزتریش گریا... من وامزانی لەسەر مەزاری دایکی پەریزاددا بۆ باوکی خۆی دەگریێ، بۆیە ئەوەندە بە کوڵ فرمێسکی دەڕشت. من و سام سامیش، بۆیان پاڕاینەوە و نزامان خوێند.

کە لە چیلەی گۆڕستانەکە هاتینە دەرەوە پەریزاد پێشمان کەوت، هێشتا خەڵك لە ماڵەکانیاندا دەرنەکەوتبوون. پەریزاد لە ئاستی تەلارێکی ڕێکوپێکی سەر ڕێگاکە جڵەوی ڕاکێشاو سەنگلایەوە و ئاوڕێ دایەوە: سێ خولەك مۆڵەتم بدەن!... لەم ماڵەدا هەواڵی دەستە خوشکێکی خۆشەویست و دڵسۆزم دەپرسم! بەڵام هەمووتان بەدووامدا مەیەن با نەناسرێینەوە، لەسەرخۆ بڕۆن و چاوێکیشتان بە منەوە بێت، سێ خولەك پتر گیرنابم... ئەو ڕووەو ماڵەکە ڕۆیشت، منیش بە ئەسپایی بە دووایدا چووم، دووەکەی دیکەش سایەدمان بوون، هەر لەسەر پشتی وڵاخەکەیەوە چەند جارێك بە بەری دەستی و بە توندی لە دەرگا دوودەرییە گەورەکەیدا، کوڕێکی باخۆش دەرگەی کردەوە. ئەویش گوتی: بانگی شۆخێی خوشکت بکە!... فرمێسك بە چاویدا هاتە خوارەوە، بە قوڕگێکی گیراو گوتی: شۆخێ شووی کرد، ئەمساڵ بەسەر نۆبەرەکەیەوە چوو، کوڕێکی لە پاش بەجێماوە دایکم بەخێوی دەکات... پەریزادیش بە ڕەنگ و ڕووخسار گریا... سەری وڵاخەکەی سووورڕاندەوە...



ئێوارە درەنگتر گەیشتینەوە شوێنی دیاریکراو، مۆتك نەگەڕابۆوە، لە ڕووناکیدا نانمان خوارد، ماوەیەکیش چاومان بە ڕێگاکەوەبوو، نەوراییەکان وردە وردە ڕەشدادەگەڕان و ڕووناکی ئاسۆش کزبووبوو...

تارماییەك لە بەرزاییەکەدا دەرکەوت. گوڵستان: کاتەکەی درەنگە، لێرەوە نازانم ئاخۆ هەوە یا نا، بەڵام چاك دەزانم ئەم ڕۆیشتنە، ڕۆیشتنی ماینێ شێ نییە... با بە وردە هەنگاوان بە پیرییەوە بچین، لێی نزیك دەکەوینەوە... لە کەناری ڕووبارەکەدا گەیشتینەوە مۆتك. گوڵستان بە پەرۆشییەوە: مامە چیت کرد؟ زۆر درەنگت داهێنا، دەڵێی ماینەکەشت گۆڕیوە؟

مۆتك بە دڵێکی پڕ پەژارەوە: چوومە لای شەلەی دەویت باوك، گوتم گوڵستانی میر جەمشیدی منی ناردووە و دەڵێ: هەرچەندە کاتی خۆی ئەو بە حیزبگیری خزم و کەسی منی کوشتوون و ماڵ و هەوارمی زەفت کردووە، بەڵام من بە مەردانە و ڕووبەڕوو مەیدانی لێ دەخوازم، چ سوارێك دەنێرێتە مەیدانم با دیاری بکات... سەر سەرانێیەکمان ماوە لە مەیدانێ یەك سەری یەکی پەلدەدەین...

## مەیدانی ژنان

شێمە بە منجە منجێکەوە گوتی: ئەوەی لەم کۆڵێتە بێت لە حەپە ناکەوێت و تەمبێش نابێت، مەگەر بنێژرێت... سەری بڵند کرد و زەردەخەنەیەکی زەردی هێنایە خۆی و دەنگی بەرزکردەوە: ئێمە پیاومان نییە بچێتە مەیدانی ژنان، ئەگەر گوڵە حەزدەکات بێتەوە گوند و ببێتە بووکم، ئەوا دەیخوازم و با هەر لە خانووی شانازیش دابێت...

مۆتك: گوڵستان شووی کردووە، ئەگەر نایەنە مەیدانی ژنان ئەوا مێردەکەی دێتە مەیدانتان.

شێمە بە تووڕەییەوە: کەرەپووسەر! تۆ لای خۆت وابێت جێی سەرکەللەت بۆزبووە و دنیات دیوە! چ کەرە پیاوێك خۆی بۆ گوڵە چاوبۆقانی بەکوشت دەدا، ئەو مێردەی بۆ ئێمە دێتە مەیدان، هێشتا لە دایك نەبووە! ئێمە مەیدانی خۆمان کرد، دەستەگوڵی خۆمان لێدا و بردمانەوە... پێی بڵێ با ملی خۆی لە خەنجەری میر شێخ محەمەد نەخشێنێت... (بانگی کەمۆی کرد) با مام پێناو... ماینێ شێ بەجێبێڵێ و پیرە بارگینە کوێرە ببات... کاتی خۆشی هەر ئەم پیرە مەنگۆزە و ئەو دێلە دامەنقشە وڵساتەکەیان بەتاڵان لە کۆشمان فڕاند... (چاوی سوورکردنەوە و بە زمانیش بە هێمنی) بە خاتوونێ بڵێ، باوك و برا و خزم و کەسی ئەو بەر تووڕەیی خودا کەوتن و بە رشانەوە و پەتای رەش مردن، هەواریش هی خۆمانە و لە ئاسمانەوە بۆیان نەهاتۆتە خوارەوە تا ئێمە زەوتی بکەین...

بە مۆڕییەوە سەیری ناو چاوی کردم و گوتی: پێشی بڵێ چی لەدەست دێ با درێخی نەکات، چ مەیدانێکیش بە باشدەزانێ با بۆ خۆی هەڵیبژێرێ... (زۆر بە مۆنی) ئەگەر مەبەستییەتی



ببێتە بووکم و لە گوندەکەماندا بەسەنگینی منداڵی خۆی بەخێوبکات، ئەوا شەرم و هەڕەشە و گوڕەشەی ناوێت، منیش هەر ئەویان پەسند دەکەم...

ماوەیەك لەگەڵ مام مۆتك بەبێ دەنگی سەیری یەکدیمان کرد... مۆتك گوتی: پلانێك لە مێشکمدا هەیە ئەگەر پەسندی بکەن ئەوا جێبەجێیدەکەین... : شێمە نازانێت ئێمە ئەوەندە نزیکین و ئەوەندەش سوارچاك و لەخۆبووردووین، وا دەزانێت دووای مانگێکی دیکە هەرهەند بە سواری یەختە کوێرە وەڵامی بۆ دەبەمەوە... چەند خزمێکی ئاواییشم دیتن و پێم شاگەشکەبوون و جێگە و رێگەیانیان بۆ دیاری کردم..

پلانەکەی بۆ باسکردین، من و گوڵستان، هەندێ خاڵی پلانەکەمان گۆڕی و وامان لێکرد کە لەگەڵ توانا و ژمارەی ئێمە و کاتەکەماندا بگونجێت. چەند ئەستێرە، یەك لە دووای یەك لەسەر کەژەکەوە بەرەو ئاوایی رژان و کلکییان لە دوو خشا و لە تاریکیدا توانەوە.

لەگەڵ قووقەی یەکەم کەڵەشێردا گەیشتینە ناو ئاوایی، سەگەکان بۆنیان پێوە کردین و گەڕانەوە، یەك لە دووای یەك چووین لە ئاستی دەرگای پشتەوەی حەسارەکە دابەزین.

ماوەیەك هەستمان راگرت، دنیا کشومات و بێ دەنگ بوو، سەگ و کەڵەشێریش هەست و خوستیان نەما، لەسەر پشتی ماین هەستامە سەر پێیان و سەرم لەسەر قەمتەرەکەوە هەڵکێشا، حەوشە و ژوورەکان لە بێدەنگیدا خەوتبوون، دەتگوت لە رۆژی پەتا رەشەکەوە زیندوویەك دەرگاکانی نەکردۆتەوە...

پەریزادم کردە پاسەوانی دەرگا و وڵاخەکان، بەسەر پشتی ماینەکەوە چوومە سەر دەرگاکەوە ئاودیو بووم، لە دیوی ژوورەوەڕا بە ئەسپایی دەرگام کردەوە، ئەوانیش هەر سێکیان هاتنە حەوشەکەوە... من لە پێش دەرگای یەکەم ژووردا وەستام، گوڵستان چووە بەرامبەر سێیەم دەرگا و مام مۆتك و سامسامیش گەیشتنە دەرگەی پێنجەم... لە یەك کاتدا لە هەرسێ دەرگا چووینە ژوورەوە..

گوڵستان گەیشتە سەر جەربەزە و نوێنەکەی هەڵدایەوە، ژنێکی گوندەکەیان بە رووتی لە باوەشیدا خەوتبوو، بە دەورەیاندا سووڕا تا گەیشتە ئەو کەرخەی ویستی، بە شیرێك سەری لە لەشی جیاکردەوە و ژنەشی بریندار نەکرد، لەگەڵ لرخە لرخ و پەل کوتانی جەربەزەدا ژنە چاو و

دەمی داپچڕی، گوڵستانی ناسییەوە بەسەر سەریانەوە وەستاوە و شیرەکەی خوێنی لێ دەتکایەوە، خوێنی گەرمی جەربەزە، گەردن و سنگ و قۆڵی... تەڕکرد، زمانی گیرا، وای زانی گیانکێش لە شێوەی گوڵستاندا هاتووە و لە سزای تاوانەکەیاندا بە شمشێر گیانیان پەلدەدات، هەردوو چنگی بۆ شیرەکە قژکردنەوە، دەمی خوار بوو و چاوی لە مۆلەق وەستا. کە جەربەزە دووا لرخەی لیوە هات، گوڵستان نووکی شیرەکەی خستە سەر قووڕگی ژنەکە، دووای چرکەساتێك دەمی شیرەکەی خێواندە سەری لووتی و گوتی:

مندالەکانت هەتیو ناکەم بەڵام کەمێك سەری لووتت نیشان دەکەم، دەستی داگرت، سەری لووتی و کەمێکیش لێوی سەرەوەی بڕی، سەرە لووت و چەرمی لێوی کەوتنە قۆڵتاییی نێوان مەمکانی، نووکی شیرەکەی خستەوە سەر لووتە بڕاوەکەی و دوواتریش بۆ ناوگەڵە رووتەکەی برد و گوتی: با مێردەکەت بە دمکەکەت دمت و بە لێوی...  لێوەکەت پینەبکاتەوە.: با هەر لەمەیش ملوانکەیەك بۆ تۆ و سمێڵێکیش بۆ خۆیدروست بکات...

سام سام و مۆتك چوونە ژوورەوە، ژوورەکە کەسی تێدا نەبوو، زۆر بە پەلە گەیشتنە ناو ژووری چوارەم و لە لانکە ساوایەکە تێپەڕین و نوێنیان هەڵدایەوە. کەمۆ و شاناز بە رووتی لە ئامێزی خەوێکی قووڵدابوون، کاتێك چاویان هەڵێنا سەریان لە لاشە جیاکرابۆوە..

هەرسێکیان پێکەوە لە ژوورەکانیان هاتنە دەرەوە. سام سام گوتی: لانکێکی ساوایان هەبوو نەمانکوشت.

بە هێما کردن سام سامی ناردە لای پەریزاد و مۆتکیشی بە دووای خۆیدا...

منیش چوومە ژوورەوە، لابیانێکی سێ هۆدەیی بوو، لە دەلاقەیەکی گەورەی نێوان ژووری یەکەم و دووەمدا مۆمێك بە کزی دەسووتا، لە ژووری دووەمدا سێ کەس لە ناو جێدا خەوتبوون و دوو چەکیان لە تەك داندرابوو، چەکەکانم هەڵگرتن، بەینێك بە دیاریانەوە وەستام، بەخەبەر نەهاتن، یا خۆیان بە مردوو نواند!؟ لە دەرگەی ژووری سێیەمدا چوومە ژوورەوە، لە شوێنێك وەستام کە نووستووەکانیشم لێوە دیاربێت، پێخەفی شێمە شەلم هەڵدایەوە. کە چاوی هەڵبڕی دەمی شیرەکەم لە سەر ملیبوو...

کە گوڵستان و مۆتك هاتنە ژوورەوە، من بەبێ دەنگی بە دیار لاشەیەکی بێ جووڵە وەستابووم... مۆتك چووە سەر نووستووەکان و گوڵستانیش بەرەو ئێمە هات، چراکەی هەڵگرت



و خستیە شوێنێکی دیکە و گوتی:  لە کۆنەوە ئێرە جێگەی چرابوو، لێرە بێت هەمو ژوورەکە رووناك دەکاتەوە، ئێمەش باشتر یەکدی دەبینین...

کە شێمە چاوی بە گوڵستان کەوت، دەرپێ سپییەکەی تەڕکرد، میز لە پێینگانی نوێنەکەی دەرچوو... دەمی شیرەکەی خستە تەك دەمی شیرەکەی من و بە دەست داوای کرد: بەرەو دەرگا بچم و چاودێری مام مۆتك و خەوتووەکان بکەم...

سمێڵە گڤ و سوور و پڕەکەی گرت و هەڵیستاندەوە، بە ناو ژوورەکەدا گێڕای، لە پشت سەرینەکەیەوە لاقی نووشتایەوە و کەوت، دووبارە میز لە ژێرییەو دەرچوو و بەرەو نوێنەکەی رۆیشت، زۆری نەمابوو بگاتە ئەو دوو توورەگەیەی لە پشت سەرینەکەی بوون، گوڵستان توورەگە گەورەکەیانی ناسییەوە، نەگەورەتر بووبوو و نە کەمتر، هەمان دەرکبەستیشی پێوە بوو کە بەخۆی هۆنیبوویەوە، بە نووکی پێڵاوی، توورەگەکەی خۆیانی لە میزەکە دوورخستەوە...

شێمە بە ئاستەم قسەی بۆ دەکرا کە گوتی: گوڵە خان با هەردوو توورەگە بۆ تۆ بن!

گوڵە: ئەم توورەگانەت لە پشت سەرت داناوە، هەموو شەوێك دەیانژمێری و دەیانژمێرییەوە... لە پێناویاندا خوداگیری نەماوە نەیکەیت...وات دەزانی سامان و دەسەڵات، نەمری و ئاوی ژیانت بۆ دەستەبەر دەکەن، مردنت بە برا بچووکیش دانەدەنا، بۆ هەنووکە ئەوەندە بەخشندەی؟ وا بە ئاسانیش دەستبەرداریان دەبی؟ درەنگ وەئاگاهاتییەوە، ئێستا توورەگە فریات ناکەوێت... دەستی دایە توورەگە بچکۆلەکەیان و  هەڵیرشتە سەر میزەکە. خڕخاڵ و گوارە و بازیبەند و پارچە زیو و لیرە و بازن و ملوانکەی زێڕ بوون... : ئەمماڵە بە میزەی خۆت بۆ خۆتبێ و توورەگەی خۆشم بۆ خۆم...

نووکی شیرەکەی خستە سەر توورەگە گەورەکە و گوتی: ناشهێڵم توورەگەی خۆم پیس بێ، ماڵت ئاوابێ کە تێکەڵ یەکدیت نەکردوون، دەنا ئێمەش وەك تۆ تامی شیرینی حەرامان بچێژتایە، ئەوا وەك بەنگکێشان، هەتا مردن رای نەپێچابووینایە، تێرمان نەدەخوارد، وەك کوڕ و کچەکانی تۆش کلپەی ئاگری دامێنمان بە تاڵاوی مەرگ نەبووایە دانەدەمرکایەوە... توورەگەی خۆت دەبێ ببێتە میراتی نەوەکانی خۆت... بە پێکەنینێکی بەفراوییەوە، هەندێکیشی دەبێتە میراتی لانکەکەی شازێ و کەمۆی...

بە سمێڵ بەرزی کردەوە وهێنایە بەرامبەر دەرگا و خستییەوە سەرپشت، نووکی شیرەکەی خستەوە سەر گرێی قرقرتۆکی و گوتی: دەزانی بۆ نەمهێشت مێردەکەم بتکوژێت؟.. بۆ ئەوەم بوو چاو و سکت بە ماڵی خۆت تێر بکەم... (دەستی بۆ زێڕ و زیوی ناو میز درێژکرد) بەوەندەی خۆت تێردەخۆیت؟ بە حەڵاڵی چەند دانەیەکت لەوانەی خۆمت بدەمێ؟...

شێمە بەدەست گوتی: نامەوێت، بە زاریش بە ئاستەم: ئە ئە ئەوەی منیش بۆ تۆبێ و گەردنیشت ئازاد بێت...

گوڵە سمێڵی گرت و سەری راوەشاند: چاوت بکەوە! بۆ ئەوەم بوو پێت بڵێم تۆ کە بە حیزبگیریت شەرم نەبوو؟ بۆ بە مەیدانی ژنانت شەرم بوو؟ مەگەر نەتبیستووە پێشینان گوتوویانە: پشیلە سمێڵ و بزنیش ردێنی هەیە؟ من مەیدانی مەردانم رووبەروو هەڵبژارد ... ئەتۆش... (ددانی بە چیڕەوە برد و بە هەردوو دەست شیرەکەی بەرزکردەوە...) بۆ ئەوەم بوو خەنجەری خۆم لە ملی شێمەی باوکی شازێ بخشێنم... بە هەموو هێزییەوە شیرەکەی بۆ داهێنا، مووێکی مابوو بگاتە ملی، شیرەکەی گرتەوە، بە سمێڵی بەرە و زێڕە بە میزەکانی رایکێشا، دەسکە شیرێکی لە نێوان هەردوو برۆ سوورە خەناوییەکەیدا، سەرەسمکیشی[٤] لە زێڕە بەمیزەکانیدا و گوتی: دەزانم هەنووکە هەموویانت لێ زیادە، بەڵام با بۆ نەوەکانت بێ... ئەگەریش حەزدەکەیت ئەوا لەگەڵ تۆدا لە گۆڕی دەنێین و لەوێ شەو و رۆژ بۆ خۆت بیانژمێرە و بیانژمێرەوە...

زۆری نەمابوو هەناسەی بوەستێت، کەچی ئەو لەپی چەپی خستە سەر دەم و ژێر لووتی و راستەشی خستە سەر سنگی، دەمی خێواندە قووڕقووڕاگەی، ددانی تێچەقاند، رایتەکاند، بە هەموو هێزییەوە سەری بەم لا و بەولادا راوەشاند...

گوڵستانم بە توولە سپی و شێمەشم بە شێخی سمێڵ سوور هاتنە بەرچاو...

کە سمێڵ سوور بە تەواوی کپ بوو، ئەویش هەستایەوە و بە دیارییەوە وەستا، بە دەم و لەوس و سنگی بە خوێنەوە قا قا پێکەنی و گوتی: بەرد بە بەرد، تۆش ئەوها، بەڵام بە حیزبگیری و نامەردییەوە بەدیار گیان دەرچوونی باوکمەوە تریقەت بردەوە...

---

٤- سەرەسمك: سەرە سم، نووکە پێ، لمووزە پێڵاو،سەرەپەنجەی پێ. بۆ تێهەڵدانی شت بەکاربێت.



بەدیار تەرمەکەیەوە ساردبۆوە، زۆر بە پەشیمانییەوە: منیش تۆڵەی تاوانم بە تاوان کردەوە... کەواتە من و ئەو...

کە سواری وڵاخان بووینەوە، مۆتك ماینەکەی خۆی هێنابۆوە و مارە رەشە شاخدارەکەش بەژێر پێیدا تێپەڕی، مۆتك هاواری کرد: حەزیایەکی شاخدارە...گیانە گڵاوەکەی شێمە شەلە و زنجیرکراوە، بەرەو دۆزەخ رایدەکێشن... ئاورم دایەوە هەڵۆی سەرسپی لەسەر سەردەرەی قەمتەرەکە نیشتبۆوە...

گوڵستان لە ناوەندی ئاواییەکەدا بە دەنگێکی بەرز مژدەی سەرکەوتنی راگەیاند، چەندجارێکیش دووبارەی کردەوە... ئاوایی بەپیرمانەوە هاتن و چەندی دیکەشیان گرد کردەوە و دەوریان داین.

گوڵستان بە تووڕەییەوە: نامانەوێت چیدیکە بێچووە گورگ و رێویان بکوژین، دەنا هەر بەم شەوە تاکییان لێ دەبڕین، بەڵام پێیان بڵێن لە ئێستاوە تا بەیانی دەگەینەوە ئەم کاتە، هەر یەکێکیان لە هەوارماندا مابێتەوە یان لە سنووری ناوچەی ئێمە دەرنەچووبێت، ئەوا با لە ئێستاوە کفن بۆ خۆیان ئامادە بکەن و لە کاولە پیساوەدا گۆڕ هەڵکەنن... چونکە نابێت ئەم وڵاتە خاوێنە بە کەلاکی پیسی ئەوان گڵاو بکەین. (هێور بۆوە): رێز و سڵاوم بۆ هەمووتان هەیە، چاوی گەورە و بچووکتان ماچ دەکەم... لەناو خەڵکەکەدا، مێردی ژنە لووتبڕاوەکەی کەوتە بەرچاو، لە خۆشیاندا هەڵدەپەڕی و دەینەڕاند و ئافەرین و دەستخۆشی لێ دەکردن..

گوڵە تووڕەبۆوە: بەکرۆکە! بە درۆ هەڵمەپەڕە! بە دووڕوویی و هەلپەرستی تۆ تەفرەنادرێین، بە ژنە حەشەریەکەشتم گوتووە، چۆن لووت و لێوی بۆ پینەبکەیتەوە، لە بیرت نەچێت ملوانکەیەکی باشیشی بۆ بکەیت، ئینجا لەگەڵ بەرەی ئەوانا برۆ!چونکە تۆ لە رەوە و گەلەی ئەوان دەوەشێیتەوە... ئێمە دۆستی دۆست و دوژمنی دوژمنمان دەوێت... روو دۆستی سك دوژمن ماڵمان کاول دەکاتەوە...

دەستی بۆ پیاوێکی مەندیل سپی درێژکرد، کە لە پەڕگەی خەڵکەکەوە بە هێمنییەوە گوێی راگرتبوو: تۆ لەگەڵماندا وەرە سەر گۆڕستان، گۆڕی باوکم و براکانم و ... ناناسم! بەرەو گۆڕستان چووین، خەڵکێکی زۆریشمان بە دواوە بوو... گوڵستان بە دەمی بە خوێنەوە کێلی

باوکی ماچکرد و گوتی: دڵنیابە سەرت بەرزە و خوێنی پیس وماڵی چەپەڵ تێکەڵمان نابێت، پەریزادیش لەو پتر کێلی ماچکرد و فرمێسکی رشت...

مۆتکیش شەرواڵ و ئاوەڵکراسی تەڕ و بەخوێنی کەمۆ و شازێی لە تەك گۆڕەکەی بەرزۆ ئاگردا و گوتی: ئەمانە بە ئاگری دۆزەخ نەبێ پاك نابنەوە...

حەشاماتێکی زۆر گەمارۆیان داین، لە تەکماندا گریان، پێکەنین، سڵاویان لێ کردین، دەسخۆشی و ئافەرینیان گوت، لە دامێن گۆڕەکاندا شاییان دابەستا...

مۆتك پستە پستێکی لەگەڵ من و گوڵستاندا کرد و بە دەنگێکی بەرز گوتییە خەڵکەکە: خودا پاداشتتان بداتەوە، دەزانین لەم ماوەیەدا تاڵاوی زۆرتان لە بڕکی ئەم تاڵانەوە بەدەمەوەکراوە و حەزدەکەن بە سەما و هەڵپەڕین، ئازادبوونی ئێمە و سەربەست بوونی خۆتان دەربڕن، دەبێ بمانبوورن ساتەکەی زۆر ناسکە، دەچین لەم چەند رۆژەدا لەشکرێك تەیاردەکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر خەڵکی پیساوە واز لە چاوچنۆکی خۆیان نەهێنن، ئەوا گۆڕستانی گوندەکەیان گەورەتر دەکەین... لە بیرتان نەچێت ماڵ بەماڵ و یەك بە یەك پێیان بڵێن کە دووا مۆڵەتیان بەیانی ئەم کاتەیە... با تەرم و گۆڕەکانیشیان ببەنەوە، توورەگەی خۆیان و لانکی شازێشیان لە بیر نەچێت... بەیانی نا، بەڵام لە ئێوارەی دووبەیانیدا شایی دابەستنەوە...

چەند گەنج و جوامێر هاتنە پێش و گوتیان: سەری ئەژدیهایەکە پانکراوەتەوە، بۆ ئەوانی دیکەش بۆخۆمان هەین و پێویستمان بە لەشکر نییە...

کە سواری وڵاخەکانمان بووین مۆتك لە سواری ماینەشێ بە دەنگێکی نێر و دلێرانەوە: پیس و پاگژ لە یەکدی هاوێربکەن... کەمۆ و شازێ و بەکرۆکەتان لە نێواندا نەمێنێ... کە ئێمە شەومان بەسەرداهات، کزبووین بەڵام ئومێدبڕ نەبووین، نەکوژاینەوە و کۆڵمان نەدا، ئێستاش لە رووناکیدا، دەبێ‌کارا و بە وەجتربین و یەکترمان پتر خۆشبووێت، بە کردەوەش پشتی یەکدی بگرین، پێمان لەبەر خۆ نەچێت و نەکوژێینەوە...

بەرە بەیان بوو، هەموو رۆژێك لەم کاتەدا پوورە شیرنی دایکی شێرۆی کۆنە دڵخوازی پەریزاد، دەهاتە دەرەوە و لاوکی بەسەر کوڕە جوانە مەرگەکەیدا هەڵدەگوت، لەو کاتەی گەیشتینە بەردەرگەیان ئەو هاتە دەرەوە، کە ئێمەی بینی ترسا، خۆی خستەوە دیوی ژوورەوە، پەریزاد



بانگی کرد: پوورە شیرن! وەرە هەی پەری قوربانی پێی خاوس وسەر و تیتکی پەستراوەت بێت، وەرە مەترسە خۆمانین! پەریزاد و شێرکۆ و کچەکەی مام جەمشیدین...

دەنگ و سۆزەکەی ناسییەوە و هاتەوە دەرەوە... پەریزاد هەر لە سواری وڵاخەکەیەوە چووە پێشی، چەمایەوە، ئەنگوستیلەیەکی دایە دەستی و گوتی: ئەوە هی خۆتە و دابووتە شێرۆی، ئەویش بە دیاری دابوویە من....

پوورە شیرن لێی وەرگرت... تێی راما... ماچی کرد و کردییەوە پەنجەی، ویستی دەستی ماچ بکات، ئەویش دەستی راکێشایەوە و کوڵمی بۆ راگرت، شەقە و مڵچەی ماچێك و دووان و سێیان. خۆی کێلکردەوە و گوتی: لەشکری سزای خۆی وەرگرت و چووە گۆڕی شێرۆی، دڵت ئارام بێ شێرۆ زیندووە و نەکوژراوە، چیدیکەش لاوك سەردوولکەی بۆ مەڵێ، با خوشکەکانیشم چیدیکە رەشپۆش و پرسەبار نەبن و بەرێی خۆیاندا بڕۆن... بە سووسنێ دایکی لەشکریش بڵێ: ئەو لانکەی لە دار گوێز بۆ لەشکری دروستیکردبوو، با بیکاتە خێر... چونکە جارێکی دیکە ماین لە ماڵی ئەواندا نازێتەوە.

منیش بۆی چوومە پێش، لەو کاتەدا هەڵۆی سەر سپی هات و لەسەر دەرگایان نیشتەوە، سەرم بڵند کرد و دەستم بۆ هەڵۆ درێژکرد و گوتم: ئەم سەر سپییە دەناسیتەوە؟

گوڵستان لە ئەسپەکەی دابەزی و دەستی ماچکرد، توورەگە زێڕەکەشی بە دەستەوە بوو، پێنج لیرەی ژمارد و لە ناو لەپی دەستی کرد و گوتی: ئەمە بەشی خۆت، چوار جاری دیکەش پێنج پێنجی ژمارد و هەر جارەی دەیگوت ئەمە بۆ کچێکت...

منیش دەستیم راکێشا و ماچم کرد و گوتم: من شێرکۆم... لاقی من و ملی ماینەکەی ماچکرد، خۆی پێمانەوە نووساند... نەیدەزانی خەونە؟ خەیاڵە؟ جندۆکەنە؟ راستییە؟ بۆ ئەوەی دڵنیا بیت خەو و خەیاڵ نییە، لیرەکانی ناو دەستی گوشی و شەرواڵەکەی منی پچڕییەوە، گوتی: بە چاوتروکانێك بانگی خوشکەکانت دەکەم، ئینجا تێرتێر... تێر بە دڵی خۆم ماچتان دەکەم...

بەرەو ژوور باڵی گرت... ئێمەش قامچیمان وەشاند و بۆی دەرچووین، هەڵۆی سەر سپیش بە سەرمانەوەبوو. تا خۆی و کچەکانی هاتنە دەرەوە، ئێمە لە چەمەکەی بەرماڵان دەرچوو بووین... ماوەیەك تێمان رامان و دوواتر بەغاردان بەدووامان‌دا هاتن و هەر یەکە و پێنج لیرەی

خۆی لە ناو مستیبوو، تا ئەوان گەیشتنە چەم و کێل بوونەوە، ئێمە لە لووتکەی چیاکەشدا ئاوا بووبووین...

هەلۆ گەڕایەوە سەریان و سێ جار بۆ پیرەژن هاتە خوارەوە هەستایەوە، ئەویش لە جێگەی خۆیدا هەڵدەپەڕی و دەیگوت: هەوە! بە خودای هەوە! بە پێغەمبەر و بە هەزار قورئان شێرۆیە... بەخۆی گوتی دەیناسی؟ ئەرێ وەڵڵا هەوە و هەویشە!... بە قوربانتان بم هەوە و جووجەڵە خۆر نییە... بە کوێرایی چاوتان دەری مەکەن، لێیگەڕێن بنیشێتەوە...

هەلۆ چوو لەسەر دەرگاکەیان نیشتەوە، بە غاردان و کەوتن و هەستانەوە و راکردن و هانکە هانك گەیشتنەوە لای هەلۆ، بەرامبەری وەستان، ماوەیەك سەیری یەکدییان کرد، پیرەژن بە ترسەوە بۆی چوو و گوتی:بەقوربانت بم دیسان مەفڕەوە! ئاگری هەناوم بکوژێنەوە وچیدیکە بە بێکەسی بەجێمان مەهێڵە، زۆر بە ترسەوە، وردە وردە بۆی چوو، هەلۆش بێجووڵە سەیری ئەوی دەکرد، دەستی بۆ برد، بەری دەستی بە نەرمی بە سەر سەر و مل و پشت و کلکیدا خشاند... بە سەرسامییەوە هەردوو لاقی گرت و دایگرت، چاو و دەندووك و سەر و پشتی ماچکرد، هەلۆی بە سنگی خۆیەوە نووساند و لە شوێنی خۆیدا هەڵدەپەڕی: هەوە و هەویشە! هەلۆ نییە و شێرۆیە، کزەی جەرگمە و شێرۆیە،ماڵە باوکمە و شێرۆیە، تاقانەکەی خۆم و خوشکانیەتی شێرۆیە! بە وردی سەیری چاوی بکەن شێرۆیە!... با پەڕی باڵی دەربکەین!نەوەك جارێکی دیکەش بفڕێ و نەیبینینەوە...

کیژە بچووکەکەیان بە تاسەوە هەلۆی وەرگرت و ماچی کرد و سەیری ناو چاوی کرد و خستییە سەر سەرییەوە... هەلۆ بەلاداهات و باڵی لێکدا و فڕی و بەرەو ئەو کوێستانە چوو کە تەرمی شێرۆیان لێ دۆزیبۆوە، ئەوانیش چاویان بە ئاسمانەوە بوو و بە دووایدا غاریان دەدا... تا لەبەر چاویان ون نەبوو ئەوان سەیری بەر پێی خۆیان نەکردەوە...

کە گەیشتینەوە سێکۆسپان دەنگی دۆڵ و زوڕنامان بیست... بەرەو شاییەکە چووین، هێشتا نەگەیشتبووینە ناو حەشاماتەکە، زوڕناژەن و دۆڵەنگێو و چەند کەسی دیکەش بە سەماکردن بە پیرمانەوە هاتن، خەڵکەکەش دەستیان بەردا و بە چەپڵە ڕێزان و تلیلیلی دووایان کەوتن، لە شوێنی شاییەکەدا دابەزین، جوامێرێك و دوو گەنج، وڵاخیان دوور خستنەوە و ئەوانی دیکەش بە دەورماندا دەسووڕان و بەستەیان دەگوت و چەپڵەیان دەکوتا...



زوڕنا ژەن لە خەڵکەکە دوورکەوتەوە و زوڕنای بە دەمییەوە نا و رووی لە ئاسمان کرد، هەڵدانێك هەستا کە مردووی گۆڕستانەکەشی هێنایە گرین... سەری داگرتەوە، ئاوازەکەی گۆڕی، خێرا خێرا سەری لەگەڵ بادەدا... بە زوڕناکەیەوە بانگی کردین، دۆڵەنگێویش کوتای و بەرەو زوڕناکە چوو.

کوڕان دەستی یەکدییان گرت و ماوەیەك ئایشۆکێ و دووایش بە سووسکەیی و شێخانی و تەمبۆلێ کفت و کولی دڵی خۆیان دامرکاندەوە، ئینجا زوڕنا کردییە ئاوازی چۆپی، وردە وردە کچ و ژن چوونە دەستی دڵخوازانیان، گەڕی شایی گەورەبوو، قریوە و لەخۆهەڵدان و هەڵپەڕین و لەرزینەوەیەك بوو مەگەر لە شایی شای پەریاندا سەمای وەها سازدرابێت.

شۆخە ژنێك دەستی من و ریش سپییەك دەستی گوڵستان و ژنێکی کراس شین و چاو بەکل و باڵابەرزی نەختێك گۆشتن دەستی مام مۆتکی بۆ شایی راکێشا و گوتیان: ئەگەر ئەمڕۆ زەماوەند نەگێڕن، کەی خۆشییەکی دیکە لەمە خۆشتر هەڵدەکەوێتەوە... ئەگەر ئێوە نەچنە شاییێ، ئەوا ئەوان دێنە دەستی ئێوە... ڕێوان و پاسەوانیشمان بەسەر لووتکە و شوێنی پێویستەوە داناوە...

ئاوڕێکم لەپەریزاد و سام سام دایەوە، دووی دیکەش پیلی ئەوانیان گرتبوو و داوای شاییان لێ دەکردن، مۆتك سەیری دەمی منی کرد و بە چاو داوای وەڵامی لێ کردم...

هەر پێنجمان پێکەوە چووینە شایی، کراس شینەکە و مام مۆتك و سام سام و گوڵستان و من و پەریزاد لە دەستی یەکدیدابووین، کراس سوورێکی باریکەڵەی باڵا بەرزی چاو و برۆ زۆر رەشی کولم ئاڵی رەونەقدار، کە تازە نیوە سێوی باخەڵی پۆزایی دابوو، هاتە دەستی سام سام و لە خۆشیانا لە خۆی هەڵدەدا و سنگ و شانی بادەدا و بە خەندەوە جارێك دەیڕووانییە سام سام و جارێکیش سەیری ژێر پێی خۆی دەکرد، تیلە چاوێکیشی بە من و بە گوڵستانەوە بوو... گوڵستان بزەیەکی تێ گرت و چاوێکیشی لێ داگرت...

گەڕی شایی چەندجار بە دەوری یەکدا سووڕایەوە، لە لانکی ساوا بترازێت، پیرەوکە و پیرەمێرد و پیرەژنی پشت کۆمیش لە شاییدا هەڵدەپەڕین، هەلیکە سەما و هەڵپەڕین و نووشتانەوە و شان بادان... هەر هەمووشیان بە دزی و بە ئاشکرا چاویان بە ئێمەوە بوو...

که مۆتك دەستی بەردا، ئارەقە لە سەر و ملی دەچۆڕایەوە، سنگ و شانیشی تەڕبووبوون. پشتێنە تەڕەکەی هەڵکێشایەوە و کشایەوە، ئێمەش دەستمان بەردا، ئەوانیش هەر کەسە و لە راستی خۆیەوە پایدۆزی کرد.

وەك قەفی پشتێن دەوریان داین و چاوەڕووانی دەمی من بوون، مۆتك سەیری کردم، زەردەیەکم بۆی کرد و بە چاو تێمگەیاند... گوتییە خەڵکەکە: پیس و پاگژتان لە یەکدی جیاکردۆتەوە؟ گوتیان: پیس لەم بەرەی کەندە گەورەکەوە نەماوە. کۆنە گۆڕ و تەرمی نوێ و خۆڵی بە خوێنیشیان لێرە نەماوە... مۆتك دەستی بۆمن درێژکرد: ئەم کەڵە مێردە پیاوی گوڵستانە و ئەویش پشتی ئێمەی گرت و سەری ئێوەشی بەرزکردەوە... هەموویان چەپڵەیان کوتا، ئافەرین و پیرۆزباییان گوت. پێکەنی و گوتی: بەڵام زەماوەندی پرسەدارانیان کردووە، چاوەڕووان بوون ئێوە لێرە شاییان بۆ بگێڕن، ئەوە شاییەکەتان کرد، ئەگەر بە گوندەکەشمان رازی بێت ئەوا تاجی سەر و گەورەی گوند و کوێستانمانە... دەستی بۆ پەریزاد درێژکرد: ئەم خاتوونەشی لە دۆزەخ دەربازکردووە. ئەوان بە ویستی خۆیان دوو هەفتە لامان دەمێننەوە و دەگەڕێنەوە، خزمانی ئەولاشمان، لەوێ دەمێننەوە یا دێنەوە ناومان، ئەوا بڕیاری خۆیانە! دەستی بۆ سام سام درێژکرد: من و ئەم پیاوە کۆکە هەر لە ئێستاوە دێینەوە ناو رەوەی مێرگەشین ...

بە چەپڵەرێزان بەرە و کۆشکی مام جەمشید رۆیشتین...

نیوەڕۆی پێنجشەممە هەموو خەڵکی ئاوایی نانیان کردبوو و خواردنەکەیان هێنایە دیوەخانی مام جەمشید. دووای نان خواردن و قسە و باس، گوڵستان رووی کردە خەڵکەکە: هەموومان دەزانین سام سام کاڵە و هێشتا ماویەتی، بەڵام ئەگەر دڵم نەشکێنن، ئەوا حەزدەکەم هەر لە ئێستاوە دەسگیرانێکی بۆ نیشان بکەین! گەورە کچەکان سەیری سام سامیان کرد و لە ژێر لێوانەوە: ئەو منداڵە و ژنیان گوتووە؟ ژن بە دیار چییەوە دانیشێت... کچە ناسکۆڵەکانیش سەیری گوڵستانیان دەکرد و بە زار و بە چاو خەندەیا دادەباراند و ختۆکەیان دەهاتێ...

بە چاو بەناویاندا گەڕا، سام سام و کچە کراس سوورە باریکەڵەکە بزەیان لەگەڵ یەکدی دەگۆڕییەوە. گوڵستان: سام سام! ئەم کراس سوورەی لە پێش کاکە مەمی باوکی و لە پشت مامت مۆتك وەستاوە لە تەمەنی تۆدایە... چی دەڵێی؟ ئەویش بزەیەکی منداڵانەی کرد و بە سەر گوتی: باشە... چەپڵەیەکی گەرمیان کوتا... گوڵستان: مام مۆتك پێشی ئەم بووکە



جوانکیلەی پشتەخۆت بەردە! با بەباشی سام سام ببینێت و وەڵاممان بداتەوە... کاکە مەم! هەر بە بەژن و باڵاو بە خوێن و چاو و برۆ لە شاییەکەدا ناسیم کچی تۆیە... تۆ دەڵێی چی؟...

مەم: تۆ سەری هەموومانت کڕیوەتەوە، ئێستاش کچ بۆ خوشکزای خۆت و برازای من دەخوازیت... بۆ من شانازییە.

گوڵستان: بووکە جوان! بەژنی تۆ و باڵای سام سام لێك دێن... وەڵامی من و باوکت بدەوە؟... هەموو چاوەکان بە خۆشی و بە گرژییەوە سەیری ئەویان دەکرد... ئەویش بە شەرمەوە سەیری گوڵستانی کرد و بە چاو و بە سەر رەزامەندی پیشان دا و سوورتر داگەڕا و سەری داگرت...

چەپڵە و تلیلیلی بە شەپۆل دەنگی دایەوە... گوتییە باوکی کچەکە: تۆ دەستی سام سام بگرە و لە ناوەڕاست بوەستن! منیش دەستی بووکی خۆمان دەگرم و لە تەك یەك رایاندەگرین... شان بەشان وەستان، دیسان بوو بە چەپڵە رێزان و تلیلیلی... گوڵستان: دەستتان بخەنە ناو دەستی یەکدی، پەیمان ببەستن کە دڵسۆزی یەکتر دەبن، لە خۆشیی و لە ترشییدا یەك دڵ و یەك گیان دەبن... کچەکە چاوی لەبەر خۆیەوەبوو و دەستی درێژکرد، کوڕەش دەستی گوشی و پێکەوە گوتیان بەڵێن بێ... چەپڵە و هەڵپەڕین و ((پیرۆزە پیرۆزە، شەدەی لە مالان ئالۆزە...)). کە دەنگی چەپڵە و پیرۆزە پیرۆزە بڕا، گوڵستان: هەتا هەردووکیان تەواو پێ دەگەن، حەزدەکەم کابانێك ببێتە بنەوانی مام مۆتك و سام سام!

کراس شینە چاو بە کلەکە هاتە پێشەوە و گوتی: من دەبمە بنەوانی مۆتك و سام سام و بووکە جوانەکەت، وەك گلێنەی چاوم دەیانپارێزم... سەیری مام مۆتکی کرد، سمێڵە خرتکەی دەهاتێ... گوتی: مامە وەڵاممان بدەوە؟ مۆتك: ملی خۆم بشکێنم قسەی ئێوە ناشکێنم... گوڵستان: بۆ یەکدی وەرنە پێش!... گەورە کچێك دەستی کراس شینی گرت و گوڵستانیش دەستی مام مۆتك، روو بە رووی یەکدی هاتن و لە تەك یەکدی وەستان، ئەوانیش بە حەزەوە دەستی یەکدییان گوشی... کراس شین بە خەندە و خەنیبوونەوە: مۆتکۆك! سەری کوێستانەکانیشت بەرزکردەوە... بەهار و رێواس و کەوش و سەیران و کانیاوت ژیاندنەوە...

هەر لە هەمان شوێندا پێنج جووتی دیکەش دەستی یەکدییان گوشی...

پێش نوێژی هەینی هەر حەوت بووکیان گواستنەوە... دووای زەماوەند و نان خواردن، بڕیاردرا:- سام سام ببێتە جێنشینی میر جەمشید و مام مۆتکیش راوێژکاربێ...

# دەڵێن

من و پەریزاد و گوڵستان بەرەو هەواری خۆمان دەگەڕاینەوە، کێشتەنگاوبوو لە نزیك گەورە گوندێك تێدەپەڕین، تەپەی دۆڵ وفییقەی زوڕنا هات، مێرد منداڵێك، لە تەمەنی سام سام لە دەم ڕێگەکەوە لەبەر مێگەلێکی گەورەبوو. سلاومان لێ کرد و گوڵستان لە ناوی گوندەکەی پرسی... ماوەیەك تێمان راما و گۆپاڵەکەی بە ئاوازی زوڕناکە بادەدا و بە هەمان ئاواز گوتی: سێکانییان، سێکانییان، سێکانییان، ئەوە دەچنە سەر شایێ سێکانییان؟ ژنێ بۆ بایزی برایم باولی دەگوازنەوە سێکانییان.... (گۆچانەکەی بۆ ڕێگاکەی ئەو بەر درێژکرد): لەم ڕێگەیەوە سوارەکان بووکیان تێپەڕاند و گەیاندییانە سێکانییان... (گۆپاڵەکەی بۆ لای رانەکە گێڕاوە): ئەو مێگەلەش هی مام برایمە، من دووا شوانیئەوانم... ئێستا شوانەکانی دیکە دێن و منیش دێمەوە دیار شایی و دوو پێچە شاییان لەگەڵ کیژ وکاڵاندا دەکەم، سێکانییان سێکانییان... توخوا هەر گەیشتنەوە گوندی، بڵێنە مام برایمی زوو زوو شوانەکان بنێرێ دەنا ئەمنیش مەڕی بەرەڵڵا دەکەم... سێکانییان و سێکانییان ...

سەیری ژنەکانی کرد رەشیان پۆشیبوو، رەشی و تاڵی لە رووخسارییدا نیشت، گوتی: لەوەتی میر جەمشید کوژراوە خەڵکی ناوچەکەمان، لە زەماوەندا وەك پێشان شایی دەگێڕن، بەڵام جلی رەش دەکەنە بەر بووك و نابێ لە حەفتەی یەکەمیشدا خشڵ بکاتە بەری...

چەند هەنگاوێك رۆیشتین، گوڵستان لێم نزیك کەوتەوە و گوتی: شێرکۆ! برایم باولی سێکانییان دۆستێکی دێرینی باوکمە و لەگەڵ ئەوا یەك ماڵبوون و زوو زوو سەردانی یەکدییان دەکرد... باوکم دەیگوت برایمی برام، بە باول، کۆنە لیرەی هەیە... حەزدەکەم لە سێکانییان لادەین و لەوێ نیوڕۆژێ بخۆین و ولاخەکانمان ئالیك بدەین و بحەسێینەوە...



بەناو شینایییاندا بەرەو گوند چووین، دەنگی دۆل و زوڕنا بڕا، سێ رەشماڵییان لە گۆڕاییەکی گەورە هەڵدابوو، ولاخیشیان دوور و نزیك بەستبوونەوە، جوامێرەکان لە ژێر رەشماڵێکی پێنج ستوون دابوون و کوڕە گەنجەکانیش بە وشتی لە دەرەوە دەخولانەوە...فشقیات و دەستگەمەیان(٥) دەکرد.

پێش نان خواردن فیلە ژنێکی بەتەمەن هات، بانگی مام برایمی کرد و دەمی بە گوێیەوە نا و چرپە چرپێکیان کرد...

برایم هاتەوە ژێر رەشماڵەکە و دەستی منی گرت و لە سەرەوەی خەڵکەکەوە لە تەك خۆی داینیشاندم، ماوەیەك بە حەپەساوییەوە تێم راما... لە ناکاو لە تریقەی پێکەنینیدا ... هەستم کرد یەك یەك پیاوەکان دەچنە دەرەوە و فسکە فسکێك دەکەن و دێنەوە و چاو دەبڕنە من...

کاتێك بە دزەنیگا چاوم پێیاندا خشاند، هەموو چاوەکان بە منەوە نووسابوون، حەشاماتێکی زۆریش سەریان لەسەر چیغی رەشماڵەکەوە هێنابووە ژوورەوە، بە سەرسامییەوە دەمیان داپچڕیبوو و چاویان لە من زەقکردبۆوە... ترس، هەست و هێزی کزکردم، بەڵام بەسەر خۆم نەهێنا...

برایم بە گەشییەوە رووی کردە خەڵکەکە و گوتی: بەخۆتان بینیتان دایکی بایزی بانگی کردم...! ئەو پێی گوتم گوڵستانی میر جەمشیدی برام وا لە بن رەشماڵی بووکێ لە ناو ژنانە (دەستێکی بە سۆزی لە پشتم دا) ئەو برایەش شێرۆی پلکە شیرنێیە... (خەڵکەکە پتر چاویان کردەوە و دەمیان بەشکردەوە...) دیارە قسەکانی دەیکەن هەموویان راستن... کوڕینە قسەکان ئەوەندە سەیرن کە پتر لە چیرۆك و ئەفسانە دەکەن... (دەستێکی لە ملم ئالاند و بە تاسەوە ماچی کردم) بەڵام دەڵێی چی؟ وا بە چاوی خۆمان ئەفسانەکان دەبینین!...

**دەڵێن:** هەواری جەمشیدی برام ئاوەدان بۆتەوە...

حەفتەی دادێت بەخۆم دەچمە سەردانی... خەڵکەکە چاولەمۆلەق سەریان لەقاند و دوواتر هەموویان پێکەوە گوتیان...

**دەڵێن:** میر جەمشید خۆی و ژنی و کوڕ و کچی زیندووبوونەتەوە و لە گۆڕهاتوونەتە دەرەوە و خەڵاتیان دڕیوە، لە جیاتی ئەوانیش شێمەشەل و ژنەکەی و جەربەزەی کوڕی و شازێی کیژی مردوون

---

٥- دەستگەمە: دەزگەمە، دەستبازی.

و له مێرگەشین ناشتوویانن، گۆڕستان تووڕی هەڵداونەتە دەرەوە، بە ناچاری بردوویاننەتەوە گۆڕستانی پیساوە...

تاوێکی دیکەش خەڵکەکە بە کپی و بە حەپەساوییەوە چاویان بڕییەوە من، برایم دووبارە باسکی لە ئەستۆم ئالاند و رایموسیم و گوتی: دەك رۆڵە دوژمنت شەرمەزاربێت،یاخوا هەرگیز نانی کەم نەخۆیت! وەك چاوی ئێمەت رۆشنکردەوە... رەشپۆشی بووکەکانمانت رەواندەوە... خزمینە خۆ ئەوەی دەیلێن راستە! سەربردەی ئەوتۆ دەگێڕنەوە کە ئەقڵ رادەوەستێت... دووای پێکەنینێکی زۆر و بێ دەنگییەکی کەم، گەنجێکی باریکەڵە لە لای دەرگاکەوە بە دەنگێکی بڵند و باریك گوتی:

**دەڵێن:** میر جەمشید کچەزایەکی منداڵی کردۆتە جێنشینی خۆی و ژنیشی بۆهێناوە و کچەکەشی داوەتە شێرۆی شیرنە شۆڕێ ... بە ساڵاچوویێك لە پاڵ منەوە:

**دەڵێن:** میر جەمشید خۆی سەر لەشکرە و سوپایەکی ئەوەندە گەورەی لەگەڵدایە، نە سەری دیارە و نە بنی، ئەسپ و ماینی شێزەرد و کەوێتیدامەنتاری و چەك و کەرستە و تیڕکە لیرە و خواردن و جل و بەرگی ئەوتۆیان هەیە، کەس تا ئێستا شتی وای نەدیوە، بە شەوی تاریکیش بە هەر رێگایەکدا بڕۆن زەوی و ئاسمان رووناك دەبنەوە، رەوە هەڵۆی سەر سپییان بەسەرەوەیە، لە زەویشدا حەزیای رەشی شاخداریان لەگەڵ دەڕۆن... کەرك لەبەرێك لەودیوی مام برایمەوە:

**دەڵێن:**مەڕ و ماڵاتیان ئەوەندە زۆرە چوار دێویان کردۆتە شوان... مەندیل سپییەك:

**دەڵێن:** گوتوویانە گۆڕستانی پیساوە گەورە دەکەین...

یەکێکی دیکە لە لای پێلاوانەوە:

**دەڵێن:** یەکانەیەکی هیندەی فیلێك هەموو شەوێك دەچێتە ناو گۆڕستانی پیساوە و دەیەوێت گۆڕی شێمە شەل هەڵبدڕێت...

**دەشلێن:** گەنیاوەکەی پیساوە خوێنی رەش و کێماوی لێ هەڵدەقوولێت..

لە ژێر تاوڵی ژنانیشدا، کەس ئاگای لە بووك نەمابوو، هەر هەموویان روویان لە گوڵستان و پەریزاد بوو و بۆ ئەوان چەپڵەیان لێدەدا و ((بووکانە بووکانە بووکێ... بووکمان گەلێ جوانە بووکێ))یان دەگوت...



دایکی زاوا چووە سەر سەریان و بە هەمان ئاواز و بە دەنگێکی بەرزی پیرانەوە: ئەمڕۆ شایی شاییانمانە... خۆشی خۆشی بووکانمانە... دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە: **خودایە سەدجار ماڵت ئاوا، ئەوەی گوتیان راست دەرچوو**... هەردووکیانی بە تاسە و حەزێکی شێتانەوە ماچکرد و چوو بووکەکەشی ماچکردەوە... : ئینجا ئەم بووکە جوانانەمان جلکی زەرد و سوور و ئاڵ دەپۆشن و بە چەك و خشڵیش دەڕازێنەوە... گەڕایەوە، دەستێکی خستە سەر شانی گوڵستان و گوتی:

**دەڵێن:** زۆر شەوان لەسەر گۆڕستانی مێرگەشین شایی دەگەڕێ و رووناکی بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت...

قەیرە کچێکی سوور و سپی و سەرکولم و چەناگە کوتراوی چاو بەکلی دەست و بسك بە خەنە:

**دەڵێن:** لە مێرگەشین بە یەك شەو حەوت بووکیان گواستۆتەوە و ناوی گوندەکەشیان کردۆتە حەوت بووکان...

تەڕپۆشێك، لە لای سەرەوە، لەسەر سەرینێکی گەورە، خانمانی دانیشتبوو و دەسماڵێکی سووری تاریکی بە گوڵینگی پۆشیبوو، لە ژێر دەسماڵەکەشدا تاسێکی زێڕ دەبریسکایەوە، قامك و باسکی سپی و خڕ و خرپنی پڕ ئەنگوستیلە و بازن بوون، چاوی رشتبوو و بسکی سوور و لووسی لوولدرابوون، دەنگی خۆی تەسککردەوە و بە ناز و فیزێکەوە:

**دەڵێن:** کچە گەورەکەی جەمشید... ئەوەی لە گۆڕ هاتۆتەوە... بە دەستی خۆی لە هۆڕە زێڕەکەی باوکی... بیست و پێنج لیرەی زێڕی عەیار بیست و چواری کردۆتە ناو دەستی شیرنێ...

پێخەسوو، روو دەکاتە دایکی زاوا و دەڵێ: لە دێیەکەی ئێمەشدا

**دەڵێن**، باڵ بە ملی گۆتیاری: شێرۆی شیرنە سووریێ زیندوو بۆتەوە و کوڕەکەی سووسنێیان خستۆتە نێو گۆڕی ئەو، هەموو رۆژێکیش سووسنە خانی دایکی لەشکری دەچێتە سەر گۆڕەکەی و بۆی دەگری و دەیەوێت گۆڕەکە هەڵبداتەوە، چەندجاریش دەست و پێی شیرنێی ماچکردووە و گوتوویەتی(( لەشکری دەڵێ گەردنم ئازاد بکات...))

کیژێکی جوانکیلەی رەشپۆش کە بە تەنها ئەو بە ئارەزووەوە لە بووکەکە رادەما:

**دەڵێن:** شێرۆ گوتیتییە دایکی چیدیکە لاوك و سەردوولکەم بۆ مەڵێ، با خوشکەکانیشم چیدیکە رەشپۆش نەبن و چاوەڕێی من نەکەن، با بچنە ماڵیخۆیان.

**سوێندیش دەخۆن و دەڵێن:** هەندێك جار شێرۆ دەبێتە هەڵۆیەکی سەر سپی و لەسەر سەردەرەی حەوشەکەیاندا دەنیشێتەوە و قسە لەگەڵ دایکی دەکات...

ژنێکی سکپڕ: لەسەر کانییێ ژنان گوتیان:

**دەڵێن:** پەریزاد لەگەڵ لەشکرەکەی میر جەمشید چۆتە سەر گۆڕی دایك و باوکی و بانگی کردوون، بەڵام ئەوان نەیان ویستووە جارێکی دیکە بای سەر دنیاێیان پێبکەوێتەوە...

**دەشڵێن:** پەریزاد چۆتە دەرگای ماڵی باوکی شۆخێ و گوتوویەتی حەزدەکەم بیبینم... هەر لەگەڵ لەشکرەکەدا چۆتەوە دەرگای شیرنە سووریێ و ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجەی خۆی دەرکردووە ولە قامکی شیرنێی کردووە و گوتوویەتی: ((ئەوە شێرکۆ لە تۆی وەرگرتبوو..))...

بووك، کراس وسوخمە و کەوا و چارۆگێکی رەشی بریسکەداری لەبەردابوو، هیزارێکی[٦] رەش و مۆری لەسەربوو و بە کۆترۆکەی[٧] رەش و شینیتاریك و وەنەوشەیی نەخشێندرابوو، لەسەر سەرین کڕ و کپ دانیشتبوو و منداڵێکی خرپنەی لە کۆشدابوو، لەسەر بالیفەکە هەستا و کۆرپە خەپەتۆڵەکەی بە دەستێکی بە سنگییەوە نووساند و بەرەو گوڵستان چوو و ساوایەکەی خستە ناو کۆشی پەریزاد و بە شەرمەوە: کچانی گوندەکەمان

**دەڵێن:** سووسن خان، لانکێکی دار گوێزی بۆ لەشکری کردبوو، لانکەکەی کردۆتە خێر و بەخشیوبەتی...

هەر کەسەو لە ئاستی خۆیەوە دەمی دەجوولاند و دەیگوت :

**دەڵێن:.......**

**دەشڵێن:.......**

**دەڵێن و بار بە ئەستۆی گۆتیاری....**

**سوێندیش دەخۆن و دەڵێن:.....**

---

٦- هیزار: پۆشاکێکی ژنانەی رەش و سپی هێلدارە. بە کڵاو و دەسرۆکەوە لە سەریان دەنێن.

٧- کۆترۆکە: دەرزیلەی سەر بە زەنگیانە، وەك دەنبووس وایە، بۆ جوانکردنی هەوری و هیزاری ئافرەتان بەکار دێت



رەحۆ! لە داستانی ماینی کەوێت و توولە سپیدا گێڕامەوە کە ئێمە سێ دزبووین دووان زیندەبەچاڵکران، پێشم گوتن پەریزادی هاوسەرم فەرامۆشی بە ماینەکەدێت و بە کچی خۆی دەزانێت... گوتیشم لەجیاتی ماینی کەوێت جوانووە ئەسپی کەوێت یان ماینەکی شێ هەڵبژێرن...

لە داستانی سواری ئەسپ شێشدا بۆم گێڕانەوە کە لە سێ سەربازان تەنیا سەری من دەربازبوو...

کوڕینە! مەردی خودا بن، سەرەڕای ئەسپە کەوێتی قاپڕەشی دامەنتاری، ماینێکی شێش هەڵگرن! وەك باسم کرد حدودە شێیەکانیش لە کەوێت کەحێلترن و کەمتر نیینە، ئەگەریش هەر نایکەن، ئەوا ولاخێك و کۆشە مەڕێك ببەن و هەر سێکیشتان بێ شەرمەزاری و بێ ئازار دەگەڕێنەوە، پیاوەتییەکی کەم وێنەش لەگەڵ خوشك و برای خۆتان دەکەن... جوانکیلە بێ دایك و خێزانم بێ کیژ مەکەن!... ستەمی بێ ئەندازە پەژیوانی و شاخی بێ ئەندازەی بە دوادادێت...

رەحۆ: کاکە شێرکۆ ئێمەش گەلێك سەربردەی سەیر و چیرۆك و میرۆکی بەر ئاگردانان دەزانین... پیاوێکیش دزی و رێگری بکات ئەوا بە چیرۆك و هەرەشەو گورەشەی گەرم و کوتکی ژێر عەبا ناترسێ و ساردیش نابێتەوە... لە مەیدانی خۆت پاشگەز مەبەوە و نەزیرۆکان مەگێڕەوە، درەنگە! ماینێ کەوێتمان بدێ و بەڕێمان بکە...

- : گوتم بڕواتان هەبێت من خۆم و خێزانەکەم و ئێوە و خزمەکانم و وڵساتەکە و هەوار و ژینگەکەشم خۆش دەوێت،حەز دەکەم بە خۆشەویستیو برایانە رازیبین و پەرۆشی یەکدی دیتنەوەشمانبێت...کاکە رەحۆ! بۆ لە کەلی شەیتان نایێتە خوارەوە و تەنیا بەرپێی خۆت دەبینی؟ برا بێنت فراوان کە، کەمێك دەوروبەری خۆشت ببینە!.

کاکە داستانی خۆم و دێوە کوێرەتان بۆ دەگێڕمەوە، ئەو کات دڵتان نەرم بوو و هاتنە رایێ ئەوا چاك و چێتر، ئەگەریش هەر لەسەر قسەی خۆتان مکووڕ بوون ئەوا ماینێ کەویت ببەن و دوو جوانووەکەی بەجێبێلن... بەدکرداری، پەژیوانی بە دواوەیە...

# سواره و سینەم

کەتە پیاوێك مردبوو، ناودارانی ناوچەکە لەپرسەیدا دانیشتبوون، مزگەوت و هەیوان و حەوشە سیخناخ بوون، دووندی سپی کێویێکی سەخت بەرامبەر دەرگای مزگەوتەکە بە ئاسماندا هەڵچووبوو.... چینە پیاوێك دەهاتن و دادەنیشتن، دەستەیەکیش نزای خێریان بۆ دەکرد و هەڵدەستان...

چەند سوار و پیادەیەك بەرەو گوند هاتن، سێ چوار مەڕ و بزنیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو، سێ جحێڵ بە پیریانەوە چوون، یەکێك وڵاخەکانی لێ وەرگرتن، یەکێك مەڕ و بزنی بەرەو ماڵی پرسەدار هاژوا و یەکێکیش وەك پێشوازیکار لەگەڵیان بەرەو مزگەوت هات، میوانێکیان رانك و چۆغەیەکی رەشی فشی لەبەردابوو، خەنجەرێکی مشتو بریقەداری لەبەر پشتێندە گەورەکەی راکردبوو، هەورییەکی مۆر و یەکێکی سووری بە تێکئاڵاوی لە سەری نابوو و گۆچانێکی کەوەتی گرێگرێی بەدەستەوەبوو... هاتنە ژوور، لە نێوان من و مام هەیاسدا بەرامبەر دەرگا و لووتکەکە دانیشتن...

دووای نزا خوێندن و دڵدانەوە و گێڕانەوەی چاکەکانی خوالێخۆشبوو و باسگۆڕین، پیاوەکە رووی لە هەیاس کرد، گۆپاڵەکەی بەرەو دەرگا راگرت و گوتی: پاشی چوار ساڵی دیکە دێوەکوێر ئەم کێوەشمان لێ قەدەغە دەکات و دەیکاتە پاوانی خۆی، چاوی بە خەڵکەکە داگێڕا، کەس وەڵامی نەبوو... هەر بەخۆی: لەوەتی بە بیری من و باوك و باپیرم دێت، تەنها کێوی بزنە کێوییان پاوانی دەڵەکوێران بووە، ماوەیەك بەر لە ئێستا چیایەکی دیکەشی خستە سەر...



ریش سپییەکەی هاوەڵی، کە کەوڵی بەرخی رەشی بەسەر شانی دادابوو، عەبایەکەی رێکخستەوە و گوتی: چوار ساڵ دوواتر دوو کێوی دیکەی کردە پاوانی خۆی... دووای چوار ساڵی دیکەش چواری دیکە قەدەغە دەکات، دەبێ ئێمەش واز لە ژیان و هەواری باپیرانمان بێنین...

بوودەڵەیەك کڵاوێکی لبادی گەورە و بە لێواری لەسەربوو، لەو سەری مزگەوتەکەوە بە دەنگێکی بەرز: بەڵام دێوە دەشتە بەرین و نەرمێنەکان قەدەغەناکات، دەڵێ بۆخۆتان کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بکەن، وەلێ پاوان مەکێڵن و لێڕەوار وێران مەکەن...

گۆپاڵ بە دەست بە تووڕەییەوە: ئەدی بۆ ئەوەی لە گوریسی دێوە بپەڕێتەوە، دەیخوات و سەر و پێشی بەجێ دێلێ؟ ئەگەر تێریش بێت ئەوا هەر بۆ ئەتککردن قامکە چکۆلەی دەستی چەپی دەکرتێنێت؟... **دەڵێن** دێوە هەتا گۆشتی مرۆڤ هەبێت گۆشتی مەڕ و بزن و گیانلەبەری دیکە ناخوات، دێوەکان زۆر بووین، پتریش دەبن و هەموومان دەخۆن ...

یەکێکی دیکە لەلای دەرگاکەوە: **دەڵێن** بە رۆژی ساماڵ نەبێت دێوە گۆشت ناخوات... رۆژی هەور و هێر و باران و بەفر و شرێوە، دێوە راو ناکات، یا چاوی نابینێ...

یەکێك لە تەنیشت مەڕدارەکانەوە بە قووڕگێکی پڕ گریان: باوکی خوالێخۆشبووم لە داخی دێوی سپی سەری نایەوە، لە سەرەمەرگیشدا دەیگوت: ((دێوەتان نەتۆپاند؟ کوێرە دیسان سنووری گواستۆتەوە؟)) چاوێکی بە فرمێسکی بەم لا و بەولادا گێڕا و گوتی: ئەگەر دوو سێ کەسی دیکەم لەگەڵ بێن، ئەوا لە رۆژێکی باراندا بەسەر دێوە دادەدەین، یان سەرو پێی ئێمەش لەوێ فڕێ دەدات، یان سەروپێی دێنینەوە، داخی گرانم تا ئێستا کەس بە راستی و بێ گومان دێوەی نەدیوە... یەکێك **دەڵێت**: سیمرخێکی گەردن حوشتری چاوگازی دەندووك بازی نەفرەجایە، زستانان سپی و بەهاران سەوز و هاوینان سوور و پایزان زەردە، **دەڵێن**: بە باڵێك دەتوانێ رەوسەی گەورە و مێگەلی زۆر لە تاریکستانی رۆژ هەڵاتەوە بگەینێتە تاریکسانی خۆرنشینەوە، هەندێکیش **دەڵێن**: دێوە لە شێوەی شەمشەمەکوێرەیەکی سپییە و هێندەی رەشماڵێکە، یەکێکی دیکە **دەڵێ**: رێوییەکی بێ کەڵبە و بێ چڕنووکە و بۆن بە بێچووە باڵندان و بەرخە ساوایانەوە دەکا و ناشیان خوات!. خەڵکی ئەو دیویش **دەڵێن**: لە شێوەی بێچووە کەروێشکی خرپنەی ساوا و کارمامزی گەردەن بە قەرێت و بازی سەرسپی و توولەی سپی تیسکنەی پەلکورت و سواری نیقابپۆشیان دیوە...

**مێرد منداڵێکی کاکۆڵ سەوزی** سێ لێو لە ناوەڕاستی مزگەوتەکەدا وەستابوو، لە کوڕەکە چووەپێش و **بە هێمنی گوتی:** منیش دێوەی داپیرە سروشتم لە شێوەی شەستە باران و کڕێوەی بەفر و رووباری هار و بەهاری تەڕ و دارستانی چڕ و رەوەی قاز و قولنگ و پەپوولەدا دیوە و دەیبینم و دەشی بینمەوە، دێوی سپی ئێمە و هەموو زیندەوەرێکی دیکەشی خۆش دەوێت، دێوەی داپیرم رقی لە بڕین و سووتان و کوشتن و یەکدی خواردن و وێرانکارییە...

کابرای گۆچان بەدەست، بە نیگەرانییەوە گۆپاڵی بەرەو هەیاس بەرزکردەوە و گوتی: هەیاس ئەم دەلوەی قسەی هەلەق وبەلەق دەکات و بوویتە دەمڕاستی مزگەوتەکە کێیە؟ بێدەنگییەکی رەش و ترسناك و پڕ ئازار، ماوەیەکی باش باڵی بەسەر خەڵك و مزگەوتەکە داکێشا، گەروویان وشك و زمانیان بە مەلاشوویانەوە نووسا، هەرکەسەو لە ئاستی خۆیەوە چووبووە ناو قەپێلکی لوولپێچ و گوێ و لووتی بۆ بۆنی دەنگێك، چرپەیەك دەرکردبوو...

کڵاو لبادێك لە بنەبانەوە نقاندی و گوتی: ئەوە ژینگە سێ لێوی خەمبابۆیە... جار جارە قسەی ئەوەند رێکوپێك دەکات کە هیچ مەلا و زانایەك پەی پێ نابەن... جارجارەش دەڕیخێنی و پەتکان بەردەداتەوە، کەڕەتی وا هەیە بە قسەی تەمومژاوی پێشبینی هەندێك بەسەرهاتی گەورە و ترسناك دەکات و دەڵێت: ((بە دەسنوێژبن...)) کە بەسەرهاتێکی لە بابەتی قسە بە توێکلەکانی ئەو روودەدات، قاقا پێدەکەنێ و دێتە پێش و بە پڕمەی پێکەنینەوە دەڵێت: پێم نەگوتن؟ چونکە کەللەتان پووچە، بۆیە هەتا بە رەپ و راستی بە دەستی خۆتان نەیگرن سڵ ناکەنەوە، کاتێکیش پەشیمان دەبنەوە کە کار لە کار ترازابێ... بە رقەوە پتر پێدەکەنێت و دەڵێ: ئێستا پەشیمانن؟... دەزانم ئێستا لە پەشیمانیاندا وەك نێری، دوو شاخی گەورە و گرێگرێتان دەرکردووە! بەڵام ئێستا پەشیمانی دادتان نادات!... پەند وەرگرن، جارێکی دیکە تێمەکەونەوە... ئەو کوپەیەی بۆ خۆتان دەیشکێنن، بە کەس چاك ناکرێتەوە...

گۆچان بە دەستەکە بە پەرۆشەوە چاوی بە ناو پیاوە ماقووڵەکاندا گێڕا و گوتی: بە هەموومان وەڵامی کوڕە ژیرەکەی خوالێخۆشبوومان نەدایەوە، بەراستی کوڕی باوکییەتی و جێگەی باوکی گرتۆتەوە... لە ئێستا باشتر کۆنابینەوە، با هەر هەنووکە چارەیەکی سەری کەچەڵمان بدۆزینەوە... یا بڕیار بدەین رەو بکەین و هەوارەکانمان بۆ دێوە کوێر بەجێ بێلین، دەنا پاش چوار ساڵی دیکە هەرچوار کەنارمان دەکاتە پاوانی خۆی و ئێمەش لە ناو ئاودەستخانە و



گووفەکی گونددا بەند دەکات، پێشان دەیانگوت بەرخی نێر بۆ سەربڕینە، ئێستا دەڵێن بۆ سك و زێیە و جمك جمك دێنن... دەڵێن دنیا هەمووی ... بێ و بستێك لە خۆم دووربێ...

چینە پیاوێك هاتنە ژوورەوە کۆمەڵێکیش دەرچوون... سێلێو لە گەڵیاندا چووە دەرەوە، لە حەوشەکەوە لە لووتکەی سپی و قەدپاڵی رەش و پێدەشتی سەوز راما، دەموچاوی گرژبوو و خاوبۆوە و گرژبۆوە و... لەو کاتەدا هاتەوە ژوور کە مام هەیاس دەیگوت: پاش نان خواردن بە هەمووومان بیر لە چارەسەرییەك دەکەینەوە... لە دەرگاکەوە چاوی بە سێلێو کەوت و بە خەنینەوە گوتی: کاکە ژینگە تۆ دەڵێی چی؟

ژینگە دەستێکی بەسەر کاکۆڵە سەوزەکەیدا هێنا و بە نەرمی گوتی: لە پێشدا دێوەی داپیرم کەسی لە پاوان قەدەغە نەکردبوو ... بەڵام دەیگوت لە وەرزی ئەویینداری و زاوزێکردنی گیانلەبەراندا راو مەکەن، سنوورێك بۆ خۆتان و بۆ ئەوان دابنێن، ئەوانیش هەر جۆرێکیان میللەتێکە، بە یەکجاری قڕیان مەکەن... ئەگەر هەموویان بە جارێك بخۆن، ئەوا کۆتاییان دێت و بەبێی ئەوانیش ناتوانن بژین، بۆیە ناچار دەبن خۆتان خۆتان بخۆنەوە و ئێوەش قڕدەبن....

داپیرم گوتی داری گەندەڵ و پیر و کرمن و وشکەڵ ببڕنەوە، بەڵام نەمامی ناسك و داری گەنج مەکوژن، ئەم وڵاتە بە پەپوولە و باڵندە و ئاژەڵی کێوی و مێرگی چڕ و دارستانی پڕ و کانیاوی سازگار و تاڤگەی زیوین و رووباری هار و دەریاچەی مەنگەوە جوانە، وشکی مەکەن، کەو و کەناچە و تیتراوسك و کڕکاك و شالوور و قاز و قولنگ مەبڕیننەوە و ئاوازە شیرینەکانی سروشت و شەپۆلی سەمای گوڵاڵەی کولم ئاڵ لە نەورایی و نەرمایی نساردا بە دەم سروەی فێنکەوە کپ مەکەن، چوار وەرزەی ساڵ مەشێوێنن...

گوتیشی: لە زەوی راستان و نەرماندا کشتوکاڵ بکەن و بژێوی خۆتان دابین بکەن... بەڵام تەلان و چەقێن و بەردەڵانان مەکێڵن، چونکە کرشوکاڵ و هەڵاش و گەڵای رووەك ئاوی بەفر و باران رادەگرێت و گڵ دەیمژێت و کانیاو زۆر دەبن و زەوی بە بڕشت و بەپیتتر دەبێت، رەگ و ریشە و پۆشاکی رووەکیش خۆڵ دەگرن، لافاو هەڵناستێت و خاك داناشۆرێت و زەوی کەندڕ کەندڕ نابێت، لم و ئاومالکیش رێڕەوی ئاوەکان ناگۆڕن... کەچی ئێوە کێڵاتان و مێرگ و لێڕەوارتان ریشەکێش کرد.

گوتی ئێوە بەشێکن لەم سروشتە ناسك و نەخشین و خەملیوە، وێرانیمەکەن! لە خۆتان و لە زیندەوەرانی تێك مەدەن! کەچی ئێوە چوونە راوەماسی و ژەهرتان لە گۆماوەکان کرد و بێچووە ماسی و سەرە مێکوتەی بۆق و گەرای قرژاڵ و ئاورۆشنکەرە[8] و ئاسك و کێوی و مەڕی دێوەتان قڕکرد... بێچووە کەو و پۆڕ و کەروێشکتان نەهێشتن، پوورە هەنگتان لە کونە شاخاندا بڕینەوە و دوواتان بڕین...

خەڵکی ئەودیویش داری بەڕوو و مازوو و دارەبەن و کەوەت گۆیژ و کرۆسکیان بە تەڕ و وشکەوە بە پیر و جحێڵ و ساواوە بە لووس و لووسی بڕی و سووتاندییان و کردیانە خەڵووز و فرۆشتیان...

گوتی:باخی بەهەشت مەسووتێنن و مەنجەنیقی بیابان جۆشمەدەن... بۆنی جاترە و بۆنخۆشکە و رازیانە و نێرگز و گوڵەباخ و مێخەك و کنێرە و پوونگە و مسکی سروشت بە بۆنی گازی ژەهراوی و گەنیاو و دووکەڵ خامۆش مەکەن، بێچووەکانتان لەناو سکی دایکیان پیرمەکەن...

هەناسەی سواربوو، حەوت جار لەسەر یەك پێکژی... لووت و چاوی سڕییەوە و گوتی: دێوە زۆر زۆر رکی لە دووکەڵە... قسە و ئامۆژگاری دێوەتان بە هیچ دانەنا... ئەویش بە ناچاری قەدەغەی کردن و گوتی: ئەوی لە سنوورەکەم بپەڕێتەوە و دەستدرێژی بکاتە سەر سروشت و ژینگە بکوژێت، زەوی و ئاو و هەوا و ژیان بسووتێنێت ئەوا سەروپێی... ئێوەش گوێتان نەدایە هەڕەشەکانی، وازتان لە بەدکاری نەهێنا، پاوانەکەشتان سووتاند...

کە پاوانتان سووتاندن سەرباری ئەوەی ئالیك و لەوەڕی مەڕی داپیرە دێوە و گیانلەبەرانی دیکەشتان سووتاند، دار و دەوەن و گژوگیا و تۆوی گوڵ و پەپوولە و گەرای خاڵخاڵۆکەو هێلانەی باڵندە و بێچووە کەروێشکی لانێ... تان سووتاند، دووکەڵی سووتانەکەش هەوای پیس کرد و هەوری ئاسمانی رەواندەوە و بەفر و بارانی تۆراند... لە سەرین و سۆنگەی ئەو کردەوانەتان، دێوە سەروپێتان بۆ دەنێرێتەوە...

---

٨- ئاورۆشنکەرە: قالۆنچەیەکی بچکۆڵەی بریقەدارە ،مێرووێکە لە ناو ئاودادەژیت. کە ئاو لێخن ببێت، ئەوا خێرا خێرا دەجووڵێتەوە، کە شێلوێتییەکە نەما ئەویش هێمن دەبێتەوە.



دووای نان خواردن و بیروڕا گۆڕینەوە، کابرای سەر بە هەوری گوتی: با لە هەر گوندێك حەوت سوارچاك، بە شیر و تیر و مەتاڵەوە کۆبکەینەوە! لە رۆژێکی هەوردا بەسەر دێوە دابدەن!...

دووای بێدەنگییەکی ترسناك، نە کەس بڕیارەکەی پەسند کرد و نە کەسیش رەتی کردەوە... چاویان بە یەکدیدا دەخشاند و هەرکەسە و چاوەڕووان بوو یەکێکی دیکە بێدەنگییەکە بشکێنێت... مام هەیاس بە دڵپڕییەوە رووی لە من کرد و گوتی: مام شێرکۆ! تۆ دەڵێی چی؟... بە هێمنی گوتم: با لە پێشدا سێ سوارچاك لە رۆژێکی هەور و باراندا بچن... ئەگەر پارێزیان لێستاند ئەوا با دەستی لێ بوەشێنن، ئەگەرنا با رێگە و جێگەی دیاریبکەن و بگەڕێنەوە... دوواتریش بە پێی پێویست پلانی بۆ دابنێین... هەموویان پێشنیارەکەی منیان پەسند کرد، کاکۆڵ سەوز نەبێت...

لە ناوەڕاستی مزگەوتدا سەرە سەوزەکەی بادەدا، دەهات و دەچوو، بە هەردوو دەست لەئەژنۆی خۆی دەدا، جارجارە سەیری منی دەکرد و دەیگوت: ئەتۆش کەللەت پووچە؟ تۆش کۆیلەی ولّساتەکەتی؟... بۆ لەوەڕی هەزارەزیلەکەت لەوەڕی سروشت دەبڕی؟ (دەستی لەسەریدا) : کەللە سەرتان... مێشك و هۆشتان پووت و قرپۆکە.

هەوریبەسەر، گۆچانەکەی بۆ کاکۆڵ سەوز درێژکرد و گوتی: بۆ ئەم پەتیارە شێت باوکە ناکەنە دەرەوە؟ ئێرە مزگەوتە یان دێوانەخانەیە؟ ... مێشکی هەمووماني وەك هی خۆی کوژاندۆتەوە... لەگەڵ شەپۆلی هەڵچونیا رووی کردە پیاوە ماقووڵەکان و گوتی: گفتی ئەم جوامێرەم بە دڵ بوو، با هەنووکە سێ کەسەکە دیاری بکەین، بە دەست بانگی یەکێکی ریزەکەی ئەو بەری کرد... کەڵەگەتێکی چوارشانەی دەموچاو باریکی سمێڵ گەورە، هات لە پێشی وەستا... ئەویش بە پەرۆشەوە هەستایە سەرپێیان و دەستێکی خستە سەر شانی و گوتی: ئەمە پڵنگی برازامە و دەبێتە زاواشم... ئەم پاڵەوانە دلێرە سوار چاکی ئێمەیە... کوڕم برۆ ناوەڕاست بوەستە! رووی کردەوە ماقووڵان: ئێوەش سوارچاکی خۆتان دیاری بکەن!...

باریکەلەیەك لە لای دەرگاوە هەستا، هاتە ناوەڕاست و لە تەك پڵنگ وەستا و گوتی: منیش دووەم کەسم...

کاکۆڵ سەوز هاتەوە ژوور و لە تەك باریکەلەکە وەستا، بە نیگەرانییەوە سەیری کردن و لە سووان بە شەپان لە رانی خۆی دەدا و پەککوو پەککووی بوو...

سوارە بە رقەوە روانییە کاکۆڵ سەوز و لە هەژمەتان دەست و پێی لە زەوی دەکوتان... هەستا و هات لە نێوان کاکۆڵ سەوز و رەقەڵەکە وەست، پێیەکی لە زەوی کوتا و سنگی دەرپەڕاند و لووتی بڵند کرد و گوتی: منیش سێیەمیانم...

مام هەیاسیش هەر تێیان رادەما و رەنگی زەرد هەڵدەگەڕا... بە پەرۆشەوە بانگی رەقەڵەکەی کرد و گوتی: ئەتۆ منداڵی و تاقانەی بێوەژنێکی، لە ناو لانکەوە بە دیارتەوە دانیشتووە... بڕۆ لە شوێنی خۆت دانیشەوە!...

چاوی خەڵکەکە وەك پوورەی زەنگەسوورە لە من ئاڵابوون، لە ژێرەوە سەیری پیاو ماقووڵ و گەنجەکانم کرد... دوو جحێلیش لە ناوەڕاستەوە وەستابون، چاوەڕێی هاوڕێی سێیەم بوون، پێکڕا بچنە رێگەی هات و نەهاتێ....

کاکۆڵ سەوزیش بە دەوریاندا دەسووڕایەوە و بە خەفەتەوە دەیگوت: حەیف... هەزار حەیف و مخابن... هەزار ئاخ و داخ و ئۆف... چوون دەری بکەنە دەرەوە، کە دەستیان بۆ درێژکرد لەبەر چاویان ون بوو... ئەوان کەوتنەوە راوێژ... ئەویش لە شوێنی خۆیدا پەیدابۆوە: بەداخەوە... پەککوو... دیسان دوو کەس لەم لا و ئەولادا بۆی چوون هەمیسان لە نێوانیاندا گووم بۆوە...گەڕانەوە شوێنی خۆیان، ئەو بەدیارکەوتەوە و بە پەککوو ... پەککوو... زۆر بە پەرۆشەوە لەمسەر دەچووە ئەوسەر و دوو دەستی پێکدادەداو و دەیگوت: ژینگە رۆ... سروشت رۆ... هەمووومان رۆ... پەککوو پەککوو... لە هەموو کەلێن و پەنجەرەکاندا دەنگی کاکۆڵ سەوز دەیگوت: پەککوو... پەکککووو... ونبۆوە..

هەستام، چووم لە رۆخ سوارە وەستام و گوتم: سێیەمیان منم... دیسان مام هەیاس بە پەرۆشەوە گوتی: کوڕم تۆش یەکدەستی و جێ و بالینگانی دوو ژنان ساردەکەیتەوە! بچۆ دانیشە!... لە شوێنی خۆمەوە بە دڵنیاییەوە گوتم: خۆمان بە سەربڕین نادەین... دەڵێن ئەوەی دەست لەبەر دێوە راستنەکاتەوە، ئەوا دێوی سپی قلینچکی دەستە چەپی دەبڕێ و بەریدەدات... ئیمەش زۆر بە پارێز بۆی دەچین، گەلێك مەبەستمان نییە دەستی لێ



بوەشێنین، وەك گوتم دەمانەوێت رێگە و جێگەی دیاری بکەین... مەگەر مەرگ بیهێنێتە ژێر دەستمان...

کاکۆڵ سەوز لە تەك مندا هەڵبەزییەوە، بە پێکەنینەوە گوتی: پەشیمانن...لەگەڵ پێکەنینەکەیدا هەموو گیانی و مزگەوت و دانیشتووەکانیش دەلەرینەوە... گەمژەینە پەشیمانن...! گەلحۆینە پەشیمانن...! پەشیمانن... (دەستی بۆ درێژکردم) کەللە پووچ پەشیمانی...

بەیانییەکی زوو، هەورێکی دژ ئاسمان و زەوی تاریك کردبوو، لە نێو مێگەلدا خەریکی مەڕ دامەزراندن بووین... سوارێك هات لەولای مەڕەکانەوە وەستا و هەر لەسەر پشتی وڵاخەکەیەوە بانگی کرد: شێرکۆ!... شێرکۆ!... چومە پێش، پڵنگی دەموچاو باریك بوو، بەبێ دواندن زانیم بۆ چی هاتووە... ماندوونەبوونم لێ کرد...

بە خەمبارییەوە گوتی: کاکە شێرکۆ! مامم لە دووای نیوەڕۆی دوێنێوە گوتی: پڵنگ بەیانی رۆژتانە... بای رێژنەی هەڵکردووە، ئەم بایە هەور و بارانی بە نێوچەوانەوەیە... بەر لە خۆر ئاوابوونیش گوتی: هەر باران نییە، بەڵکو بەفرێکی ئەستووریشی بە دووادادێت، چونکە ماوەیەك بەر لە ئێستا دێڵە رەش بە پەرۆشەوە گوجیلەکانی دەهێنایە ناو کۆلیتی کۆنە گوفەکی سەر بڵندایییەکە، منیش گوجیلەکانم بۆ بردەوە شوێنی خۆی و ئەویشم دەرکرد، بەڵام دووجار هەتا من دەگەیشتمەوە ماڵەوە ئەو هەر حەوت گوجیلەی دەگەیاندەوە ناو پەینە گەرمەکەوە، ئێستاش وا دەبینم باڵندەکان وشتن و جریوە جریویانە و زۆر بە پەلە بە دووای خواردندا دەگەڕێن... ئەوانە نیشانەی بەفری زۆرن... ئەوان زوو هەستی پێدەکەن، لە دوورەوە شت دەبینن... گوتیشی: دەبێ پێش شیرەی نێرەکەر بگەیتە سەر سەری سوارە و شێرکۆ و لە خەو هەڵیان بستێنی!. لە پێشدا چوومە ماڵی سوارە و ئەو خەوخاوەم لە خەو هەستاند، ئینجا هاتمە لای تۆ..

پڵنگ رەنگی لە روودا نەمابوو... گوتی: شێرکۆ! ئەتۆ دڵنییای ئەگەر دەست نەکەینەوە ئەوا دێوە بە تووتەی چەپە وازمان لێ دێنێ؟ منیش بە پێکەنینەوە سەرم بۆی لەقاند و گوتم: دابەزە! تیکە نانێك دەخۆین و ناوی خودای لێ دێنین...

من و پڵنگ سەری ماینەکانمان بەرەو ماڵی سوارە رادەکێشا، گوڵستان و پەریزادیش لە دەستە راستم بوون و بەخەفەتبارییەوە هەنگاویان دەناو لە سووێیان دەسووتان...

لەبەر دەرگا وەستاین، بانگمان کرد... سینەمی ژنی هاتە دەرەوە، کراسە مۆرەکەی لەبەردابوو و کەزی کرابوونەوە و پرچی بەسەر شان و سنگیدا هاتبووە خوارەوە، گوتی: وادێت... تاوێك چاوەڕووان بووین نەهات... کە دووبارە بانگمان کردەوە پێکەوە هاتنەدەرەوە...

سینەم پیلی سوارەی گرتبوو... سوارە سەیری ئاسمانی کرد، لە رەشییان ئاسمانی نەدیت، گوتی: شێرکۆ! وا هەڵیبرینگاند، پاش کەمێکی دیکە خۆشی دەکات، هەتا دەگەینە ئەوێ دەبێتە ساماڵ... گوتم: کەی کردییە ساماڵ دەگەڕێینەوە. گوتی: زۆر ساردە و بەرگەی ئەم سەرمایە ناگرین... گوتم: جلی گەرم دەپۆشین. گوتی: دوو رۆژە ماینەکەم نەخۆشە و ئالیك ناخوات... گوتم: ئێمە ماین و ئەسپی خورتمان هەیە. گوتی: لە نەخۆشیانا خۆم لەسەر ولاخ راناگرم... سینەم خۆی بە شەرمەزار زانی، سەیری من و ژنەکانمی کرد و گوتی: ئێوارە لە ناو نوێندا دەتگوت دەڵە دێو دەکەمە هەوێی تۆ... وەك پیشەی خۆت، لە هەموو کوڕ و دیوەخانێکدا خۆت هەڵدەکێشی، وەختی راوێش گووت دێت... ئەگەر ناچیت، ئەوا بەبێ بیانوو من بە ژنایەتی خۆم و سکی پڕمەوە لەگەڵ کاکە شێرکۆ دەچمە مەیدانی دێوەسپی، تۆش لە ماڵەوە دانیشە، کە هاتینەوە، بڵێ منیان نەبرد و نۆرە بڕییان لێ کردم.

سەری ولاخەکانمان راکێشا و لە ئاوایی دەرچووین، ئاگاداربووم من و پەری و گوڵە چاو و لووتی خۆمان سڕییەوە، گریان و نائومێدی خنخنۆکەی گرتبووین، دەکولاین و بە ساردیش پێدەکەنین... برا بچووکەکەی سوارە گوتی: رێگاکە دوورە، درەنگم بەسەردادێت و خورێنم و هیچم نەخواردووە, ئێوە بڕۆن! منیش گورگانی شتێك دەخۆم و دێم... ئەگەر نەگەیشتم ئەوا ولاخان لە لای ژێری پاوانی خۆمان جێ بێلن، دەیانگەمێ و چاودێرییان دەکەم... ئەگەر زووش نەگەڕانەوە ئەوا دەیانهێنمەوە....

وردە وردە لێیان دوورکەوتینەوە، ژنەکان لە جێگەی خۆیاندا وەستابوون و چاویان بە منەوە بوو و بیریان لە چارەنووسی نادیاری من و خۆیان دەکردەوە. سینەمی سوارەش دەستێکی بە سکی و یەکێکی بە پشتییەوە گرتبوو و بە هانە هان و لارە لار بە دووامانـدا هەنگاوی



دەنا... لە نزیك ولاخەکەی منەوە بە قوڕگی گیراوەوە گوتی: کاکە شێرکۆ ئاگاتان لە خۆتان و لە ئێمەش بێت!.. هەرسێکتان لە یەکدی دانەبڕێن!... سوارە! کاکە شێرکۆ چی گوت لە قسەی دەرنەچیت!... کاکە شێرکۆ! نیقابەکەی گوڵستان ببەستە!... منیش رووپۆشە رەشەکەم لە باخەڵ دەرکرد و بە پێکەنینەوە بەرزم کردەوە... ئەویش لە شوێنی خۆیدا وەستا و دەستەکەی دیکەشی هێنایە سەر سکی و لە چەقی رێگاکە دانیشت و هێڵنجی هاتێ... بە تەقڵە کوت بەرەو چیای دیوە دەچووین و ناوە ناوە ئاوڕمان لێیان دەدایەوە... لاشەیان لە شوێنی خۆیاندا وەستابوو و گیانیشیان دووپشتەکی لەگەڵ ئێمەدا سواربووبوو...

# دێوە کوێر

لە گوریسە ئەستوور و بەڵەکەکەی دێوە نەپەڕینەوە، بەڵکو یەك و پارچەمان بڕی، هەڵمانویێزنی، لەگەڵ خۆماندا بردمان... کەڕەسیسە بە تووڕەیی دەیوەشاند، ئێمەش بە هەڵەموت و جەنگەڵی سەخت و چڕدا سەردەکەوتین، گەیشتینە دامێنی شاخێکی ستوونی وەستاو، بە چنگ و بە پێ بە ترس و لەرز و بە گۆدییەوە پێیدا هەڵگەڕاین، بەرەو کۆڵانە شاخێکی حاسێ و ترسناکتر تێپەڕین... شۆڕبووینەوە، سەرکەوتینەوە و گەیشتینە بەر دەرگای ئەشکەوتێك کە بە کەرتکە شاخێك گیرابوو، رەشانی بەر دەرگەکەی پڕ پشقڵی نوێ بوو، بە هەرسێکمان هەنگژاینە[1] کەرتکە شاخەکە، بۆمان نەجوولا...

دەنگێکی ئافرەتانەی باریك و بێهێز لە ژوورەوە بانگی کرد: دێوە! دێوە!..

بە ترس و گومانەوە وەڵامم دایەوە: دێو نین... مرۆڤین... رێگەمان گومکردووە... لە کوێوە بێینە ژوورەوە؟

دەنگەکە: تا زووە خۆتان دەرباز بکەن و بە شوێنی خۆتاندا بگەڕێنەوە، دەنا ئێستا دێوە دێتەوە و دەتانخوات... هەتا هەورە و خەریکە ولّسات دێنێتەوە ئەشکەوت، سەر و پێی خۆتان دەرباز بکەن...

کەمێك بە کەرخی خۆماندا شۆڕبووینەوە، پڵنگ و سوارە لاقیان لەدوو نەدەهات... گوتیان تا بەفر رێی نەگرتووە و بەتەواوی ختم نابین، با بە پەلە خۆمان بگەینینەوە ولاخەکانمان...

---

١- هەنگژاینەتە:چووینەتە گژ.



دلێرەکەیان من بووم، منیش لە ترسانا ناوکم کەوتبوو و ئەژنۆم شکابوو... بەفر شوێنپێمانی پڕکردبۆوە، کەرخی هاتنمان بەتەواوی ون بووبوو، بە کولووی گەورە گەورەش دەهاتە خوارەوە و لە گەڵ زریان تێك دەسووڕا و بەرچاومانی تاریك کردبوو، لە تەسکاییەکە دەرچووین، لە خوار تاوێڕە بەردەکانەوە لە ناو دارستانەچڕەکەدا لە بنگەوڕێکدا **خۆمان** مات کرد...

دەنگی زەنگوڵ هات. لە ملەکەوە زەبەلاحێکی سپی بە دیارکەوت، چەند نێری شاخ قیت، قۆچیان بەرەو بەفر و زریان راگرتبوو و لمووزیان بۆ ناو لاقییان بردبوو، شاخ و گوێ و کەللە سەر و پشتیان بەفر بوو، بە راکردن بەدوای نەفرەجایەکەدا دەهاتن، دوا بە دوای ئەوانیش دوو مێگەلی زۆر گەورە بەڕیز هاتن، دێوە بەرەو دەرگای ئەشکەوت چوو، گوێمان لە کردنەوەی دەرگاکەبوو... گەڕایەوە دواوەی مێگەلە گەورەکە... ریزە مەڕێك و هەندێ بزنی خورت و دوو کۆڕە کاوڕ و بەردیل و شەك بە تەکماندا تێپەڕین، ئێمەش بە چوار پەلە بەگەڵیان کەوتین و بەرەو ئەشکەوت رۆیشتین، لەگەڵیان چووینە ژوورەوە...

کە دێو دوا بەرانی دووگ گەورەی هێنایە ژوورەوە، خۆی راوەشاند و بەفری لە خۆ داتەکاند، کەرتکە شاخەکەی بە دەرگای ئەشکەوت وەنا، ناو ئەشکەوت تاریك داهات، دێوە بەرەو ترووسکە رووناکییەك چوو، بە دەنگێکی گڕ بانگی کرد: مامزۆك!... مامزۆك!... ئەمە بۆ ئەمڕۆ ئاگرت دانەگیرساندووە؟... ئاگات لەم هەموو بەفر و باران و شرێوە نازدارە نییە؟ درەنگە! ئەشکەوتەکە گەرم دابێنە!...

ئەویش لە ترسی ئێمە لە بیری چووبۆوە یا راستی دەکرد!؟ گوتی: دارمان لە ژوورەوە نەماوە و دەرگاشم بۆ ناکرێتەوە... گوتم بێیتەوە ئینجا... دێوە کەرتکە شاخەکەی لادا و چۆوە دەرەوە، دوو باوەش داری کەلاشکەری هێنا و لە شوێنی دارەکانی دانا و گوتی: ئەوە بەشی حەوت شەوت دەکات...

دێوە چەند دارێکی خستە ناو ئاگردانەکە و هەندێك چروو و پەلووکە و چیلکە داری کردە بەرچاوکە و ئاگری کردەوە... دوکەڵ و گڕ بەرزبوونەوە، ماوەیەك پشتی لە ئاگر و رووی لە ئێمە بوو، رووناکی لەگەڵ بڵێسەدا هەڵدەستا و کز دەبۆوە و گەشدەبۆوە و دەلەرزییەوە... رووی کردەوە ئاگر و چەند دارێکی دیکەی خستە سەری... نەختێك لە ئاگرەکە کشایەوە، گوتی:

مامزۆك! ئەوە بۆ خواردنت دانەناوە؟ ئەویش گوتی: ئاگر نەبوو! هەر ئێستا گەرمی دەکەمەوە و لە پێشتی دادەنێم...

مامزۆك بە ناو مەڕەکاندا تێپەڕی و لەولای ئێمەوە مەنجەڵێکی گەورەی لە دەلاقەیێك هەڵگرت و بەرە و ئاگرەکە گەڕایەوە...

دێوەسپی چەند جارێك سەری بەم لاو بەولادا سووڕاند، هەستایە سەرپێیان و پشتی بە لای چەپ و بەلای راستدا تەقاند، لە بەرامبەر ئاگرەکەوە مەمکی چەپی خستە سەر شانی راستی و مەمکی راستیشی بەسەر شانی چەپیدا شۆڕکردەوە و لە ژێر باسکی دا هێنایەوە پێشەوەی خۆی و دەستی بە چیچلەیدا هێنا و گوتی: وەرە لە پێشدا وەك کچەکەم مەمکم بمژە! با بحەسێمەوە! ئینجا خواردن دەخۆم... هەندێك پەنگری راکێشایە کەناری ئاگردانەکە و مەنجەڵەکەی خستە سەری...

دێوە لە پێشدا هێدی هێدی و دوایش خێرا خێرا لچ و لێو و پەڕەی لووتی جووڵاند، سەری بەم لاو بەولادا گێڕاو بۆنی کرد و گوتی: مامزۆکێ! بۆن دێت؟... مامز بە هێمنییەوە: بۆنی چێشتەکەتە...

: - مامزۆکێ! بۆنی ئادەمیزادی ناسك و خۆش دێت؟... پێت دەڵێم: ((بۆن دێت... بۆنی بێگانان دێت... لەم حەرد و بانانە دێت...)) ئەوە چ پیاوچاکێکە زانیویەتی گۆشتی مرۆڤم نەماوە و بە پێی خۆی هاتووە؟ ئەمڕۆ هەور و بەفر و باران و زریان بوو... هەستم کرد گوریسەکەیان پساند و تخوبیان بەزاند، گوتم بارانە و بارە دارێك یا دوو بارەکەوی برسی لە بەفردا دەگرن، نەمدەزانی سواری سەری خۆیان دەبن و بێ پەروا دێنە ناو ئەشکەوتی کەوڵە سەران. مامزۆکێ بۆنیان مەستم دەکات، خرپن و ناسکن...

هەستایە سەرپێیان، مەمکی راستی بە دەستی چەپی گرتبوو و دەستەکەی دیکەی خستە لای ئاگرەکە و سێبەری لە چاوی کرد، بەم لاو بەولایدا رووانی، بە دەنگە گڕەکەی بانگی کرد: بۆن دێت... بۆنی بێگانان دێت... لەم حەرد و بەردانە دێت... چوو دەرگای کردەوە، کەرتکە شاخێکی هێنایە ژوورەوە و بە کەرتکەکەی پێشتر دەرگاکەی گرتەوە، کەرتکی دووەمیشی لە ژوورەوڕا بە دەرگاکە وەنا و پشتی راستکردەوە و گوتی: مەگەر تەلیسمی شای دێوان دەرتان



بکات، ئەگینا... مرۆڤی چاوچنۆکی ستەمکار لە کێوانیشدا واز لە من و لە کیویان ناهێنن... ئەوەی سەرەرۆیی بکات و پەند وەرنەگرێت، سەردەبڕدرێت، ئەوەی سنووری پاوانی خەڵك بە ناڕەوا بشکێنێت، مۆرەی پشت و سکوردی خۆی دەشکێنێت...

ئەگەر لە ترسی دێوە نەبوایە هەر بە دووکەڵ و بۆن دڕن و گرمحا و پێستە و ریخ و میز و بۆنی گەنیوی دێوە و بە برك و هەڵاوەی گەرمی و گاز و پەین و شتی ترشاو، هەناسەمان دەبڕا، بەڵام لە ترسی ئەو ئاگامان لە سەر و ژێری خۆمان بڕابوو... وەك مشك لەبەر دەمی پشیلەدا هەڵدەلەرزین و پەلمان زەوی نەدەگرت... بە پێی خۆمان هاتینە ناو ئەشکەوتی دێوە و دەرگای ئومێدمان لەسەر خۆماندا کلۆمدا.

دێوە هەندێك داری بە دەست شکاند و خستنیە سەر ئاگرەکە، سەری بەم لاو ئەولادا بادا و چاوی گێڕا و گوتی: با رووناکتر دابێت ئینجا... ئاگر بێڵە بێڵی بوو ...

دێوە قیژەیەکی ئەوەندە بە هێزی کرد کە ئەشکەوتی لەگەڵ لەرییەوە، هەندێك پارچە شاخ و تەمۆخ و کلس و گڵ و شەمشەمەکوێرە کەوتنە خوارەوە، مەڕ و ماڵات خۆیان بە یەکدی دادا و کەتنە سەر یەك و لەم سەرەوە چوونە ئەوسەر، ئێمەش کەوتینە ژێر پێیانیان، دێوە گەیشتە دەرگا و دەستی خستە سەر کەرتکە شاخەکە و بە هێمنی: هڕڕڕ حێێوو... هڕڕڕ حێێوو... کچانی سپیان و رەشانم! هڕڕڕ... هەمووتان وەرن... زۆربەیان بەرەو دێوە چوون، تاك تاکەشیان لێرە و لەوێ ران و پیل و ملییان شکابوو و توانای هەستانەوەیان نەبوو، تا دێوە گەڕایەوە و داری دیکەی خستە سەر ئاگرەکەوە، هەندێك کاوڕ و کوور هاتنەوە تەنیشت ئێمە، بەڵام ئەو دیسان بانگی کردنەوە: گدی... گدی... کوڕ و کچ و خزمەکانم وەرن، تخوونی مرۆڤی مێشك گەنیو مەکەون، مێشکیان بخۆم منیش هۆشم نامێنێت، نەعرەتەیەکی کرد، کاوڕێکی مل شکاوی راوەشاندە ئەوانەی لە نزیك ئێمەوە بوون، هەموویان لە لای دەرگاکەوە گردبوونەوە... هاتنەوە ناوەڕاستی ئەشکەوت، چاوی وەك بلاجکتۆرێکی سوور سووڕاند و سەیری ڕاست و چەپی کرد، ئێمەش لە شوێنی خۆماندا، بە هەردوو دەست دەموچاوی خۆمان داپۆشتبوو، متەقمان لە خۆمان بڕیبوو، چاوەڕێی چارەنووسێکی بێ چاو بووین، ئێستا نا ئێستا دێوە بە ساغ و ساغی قووتمان دەدات...

دێوه پێکەنینێك پێکەنی کە ئەشکەوت و شاخەکەی ژێری هەژاندەوە...مڕاندی و گوتی: مامزۆك ئاگرت نەکردبۆوە و خواردنت دانەنابوو، دەتزانی ئەم نێچیرانە هاتوونەتە بەردەستم؟ لە کەیەوە ئەم نێچیرانەت دابەستوون؟ هاتوون من بکوژن و تۆ لەگەڵیاندا بچیتەوە و ماڵاتیشم تاڵان بکەن؟..

مامزۆك بە هەترەش رژاوییەوە کشایەوە: دێوە دەرگا کرابۆوە؟ شوێن پێیەك دیاربوو؟ کەس نەهاتۆتە ژوورەو و کەسیش لەناو ئەشکەوت دا نییە!مەگەر خۆت هێنابتن بیانخۆی و بیانگەش بە من بگریت!

دێوە سەیری دەرگا و مەڕەکانی کرد و گوتی: مەگەر لەو چرکە ساتەدا هاتبن کە چووم ستێورەکە بێنم! دەستی مامزۆکی گرت و بەری رووناکییەکەی بەردا و گوتی:  دیقەتی ئەم سێ سەرەی بنەبانی ئەشکەوت بدە، چۆن بە هەردوو دەست چاوی خۆیان گرتووە و هەناسەیان لە خۆیان بڕیوە؟ ئەویش ماوەیەك تێمان راما و گوتی: دەترسم بزنە کۆلیسەکانی خۆت بن لەوێ خەوتبن!... دێوە بەگاڵتەوە: بەڵێ  بەڵی...کۆڵن و کاوێژیش دەکەن!...

بە تووڕەییەوە: دارقالبی کلاوانم بۆ بێنە!... ئێستا یەك یەك دەیانبرژێنم، تۆش پێستە سەرەکانیان لە قالب دە!... سەر و هەردوو چنگی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە، دەمە ئەشکەوتییەکەی داپچڕی، دوو پێنەی زۆر بە تینی لە زەوی کوتا، بە هەمان قیژەی پێشان هەناومانی هێنایە خوارەوە... بزۆتێکی سەر بەگوڕی بە دەستەوە گرت و رووە و ئێمە هات... دەمی پتر داپچڕی و چڕنووکی دەستی چەپی بۆ هێنایین... شیرەکەم لە ناو دەستمدا هەڵدەپەڕی و توانام نەبوو بەرزی بکەمەوە، گوڕم هێنایە بەر خۆم، ویستم لە دارە سەر بە ئاگرەکەی دەستی بدەم، پێکەنی و فوێکی لێ کردین و ئاگری بەرەو چاوم هاوێشت، شیرەکەم دایە بەری و لە خۆمم لادا... ئاگر کەوتە پشتە ملی پڵنگ، سوارە بە لای چاوە کوێرەکەیدا دەرپەڕی، منیش شیرم راوەشاندە چاوە ساخەکەی...

چڕنووکی دەستی راستی خستە بەر دەمی شیرەکەم، شیر لە ناوەراستدا شکا و ئەویش پەنجە و باسکی بە خوێن بوو... لاقی فشکردنەوە و دەستەکەی دیکەی بڵند کرد و پتر هاتە پێش، وەك گوللە بە نێوان هەردوو لاقیدا دەرچووم...



پڵنگ لە شوێنی خۆی بوورابۆوە و شەرواڵەکەشی تەڕکردبوو... دەستێکی لە قژی گیرکرد، بەرزی کردەوە، وەك بووکۆکەی منداڵان لە پێش پۆزی خۆی رایگرت، ئەویش لاقەکانی لە هەوادا جووڵاندنەوە، بە دەستە بە خوێنەکەی کۆڵەمستێکی سرەواندە تەوێڵی و گوتی: پاشەڵ تەڕ! هەنیەی تۆ لەوانی دیکە رەشترە! بەڵام لە نێوچەوانی ئەوانیشدا نووسراوە، ئەم شەو دوا شەوی تەمەنیانە و دوای تۆ ئەوانیش دەگەنە ئارامگەی ئەشکەوتی سکم...

بردییەوە لای ئاگردان، هەر بە پێوە، وەك چۆلەکە سەری هەڵکەند، سەرەکەی فڕێدایە نزیك ئاگرەکەوە... کەلەشی پڵنگ چەند جارێك پەلی کوتا و لەناو دەستیدا هەڵپە هەڵپی کرد... خاوبۆوە و جووڵەی نەما....

بە ددان هەردوو پێی لە سەر قولەپێیەوە بڕییەوە و فڕێیدایە تەك سەرەکە، جلەکانی لەبەر دارنین و رووتیکردەوە، سکی دڕی و ناو سکی لە دەلاقەکەوە فڕێدا، هەر بە چڕنووکی چەند قەڵشێکی لە ران و پشت و سنگی کرد، خوێی پێوەکرد، شیشە ئاسنێکی لووس و ئەستوور و نووك تیژی لە ناو گەڵی راکرد و لە قۆڵتە ملی هاتە دەرەوە، ماوەیەك بە دەست لەسەر گڕ رایگرت، هەڵگێڕ و وەرگێڕی کرد و خوێی پێداکردەوە...کرچە کرچ هات

بە دەستەکەی دیکەی هەندێ پەنگری گەش و گەورەی راکێشا، شیشەکەی خستە سەر دوو کوچکی ئاگردانەکە، ماوەیەك بە خۆشی خۆشییەوە بە دیارییەوە دانیشت و بۆنی کرد... سەرەکەی هەڵگرتەوە و بە چڕنووکی بە خوێنی، چاوەکانی دەرکرد، تۆزە خۆڵێکی تێکردن، خستنییە سەر هێلکە گونەکانی کە پێشتر دەری کردبوون و لەسەر قالبی کلاوانی دانابوو... کەلەشەکەی وەرگێڕایە سەر بارەکەی دیکەیەوە...

کەوڵی کەللەسەرەکەی دارنی و دایە دەست مامزێ و گوتی: خوێیکەو لە قالبیدە و وشکی کەوە. (زمان و بەشی سەرەوەی گەرووشی دەرکرد و لە تەك چاوەکانی دانا ) ئەمانەش هەموویان وشك بکەوە، ئینجا بیانخەوە ناو کلاوی کەللە بێ مێشکەکەی...

دووبارە کەلەشەکەی سووڕاندەوە و زۆریش بە خۆشییەوە بۆنی بە پیوی سووتاو و گۆشتە برژاوەکە کرد و گوتی: زۆری نەماوە... ئاگری خۆش و گۆشتی ناسك و سکی برسی و بەفر و باران یەکدییان خۆشدەوێت، هەر شایی و زەماوەندییان پێویستە... ئەوان چۆن باڵندە و ماسی بێ زمان دەگرن و سووری دەکەنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن، منیش هەر وەك خۆیان...

دەستی گەیاندە قاڵبی کڵاوان و گوتی: هەر چاو و زمان و گونێك، فەرمان لە ناخی کەللەوە وەرنەگرێت... (کەللە بێ پێستەکەی بەرزکردەوە) ئەمە چارەنووسیەتی...

چەند ساڵە کەللەی بێ پێستە و بێ زمان و بێ چاویان بۆ دەنێرمەوە، هێشتا پەند وەرناگرن، من چاوێکی بچکۆلەم هەیە بۆم تێر نابێت، کەچی ئەوان دەیانەوێت دوو چاوی گەورە پڕبکەن! ئاوڕی بۆ ئەم لاو ئەولا دایەوە و گوتی: شەوی زستان دووردودرێژە. جارێکی دیکەش هەڵگێڕ و وەرگێڕی کردەوە، پاشی کەمێك لە سەر ئاگر لایدا... شیشەکەی لە کەلەشەکە دەرکرد و بە خۆشییەوە دەستی خۆی بە زمانی داهێنا و بۆنیشی کرد، لاشەکەی لەبەر یەك هەڵتەکاند و دوو شیشی بچووکتری خستە سەر پۆلووەکان و رانێکی خستە سەریان، گۆشتی خوارد و ملّچە ملّچی دەمی هات، کرتەی کرۆشتنی هێسك لە ناو ئەشکەوتدا دەنگی دایەوە... هێسکی شەپیلك و ران و لوولاقی وەلانان و گوتی: ئەمڕۆ گۆشتی ناسك زۆرە، سکم بە هێسك پڕناکەمەوە... رانەکەی دیکەشی داگرت و قەپی لێدا...

ماوەیەکی باش بەرامبەر ئاگرەکە دانیشت و دەستی بە سك و مەمکی داهێنا... گوتی: مامزۆکێ ئەتۆش خواردنی ناو مەنجەڵەکە بخۆ!... مامزۆك لەگەڵ ئەم دیمەنە راهاتبوو، بەڵام سووی لە دووەکەی دیکەبوو و تیلە چاوێکی بەوانەوەبوو و هیچ چارەیەکیشی نەبوو...

بڕە دارێکی دیکەی خستە ئاگر و هێسکە رانێکیشی خستەوە سەر گوڕیی و گوتی: ئەم هێسکە ناسکانە ئەگەر نەشیان خۆم ئەوا پێم خۆشە بۆنییان بکەم، هیچ شتێك لە بۆنی برژان و سووتانی ئادەمیزادی دڕندە و کەللەپووچ خۆشتر نییە... هەستایەوە و بە دەوری ئاگردانەکەدا سووڕا و بۆنی هێسکی کرد... باویشکی هاتێ... سەری بەم لاو بەولادا سوڕاند، دەستی بە سکی داهێنا و گوتی: زۆر لە مێژە گۆشتی ئادەمیزادی ناسکم نەخواردووە... شەش کەلاکی دیکەی وەك ئەم چۆلەکەیە بخۆم هەر هەند بڕیم دەشکێت...

شیشەکەی خستەوە سەر ئاگر و گوتی: سووربێتەوە گۆشتەکەی زووتر دەبرژێنێت.

چاوی بە قوژبنەکانی ئەشکەوتەکە دا گێڕا، بەرەو دەرگا چوو، ئێمەش لە لایەکەی دیکەوە پەنامان وەبەر مەڕ و بزنان بردبوو، بە ناو ئاژەڵاندا لێمان نزیك کەوتەوە، تا دەنگی تێدا بوو قیژاندی، مەڕ چۆن گورگ لێی بدات ئاوها خۆیان بە یەك دادا و لەم سەری ئەشکەوتەوە



دەچوونەوە ئەوسەر و دەگەڕانەوە، ئێمەش لەگەڵ ئەواندا بووین، بەڵام بە نزیك دێوەدا تێنەدەپەڕین... لەگەڵ رەوینەوە و راکردنیشدا هەر چاوم لە پارچە شیرەکەم دەگێڕا...

لە ناوەڕاستی مەڕەکاندا وەستا و بە گاڵتەوە گوتی: چاوشارکێم لەگەڵ دەکەن؟ من بە دواتانمدا ناردبوو؟ زۆردارێك بە زۆر ئێوەی کردۆتە ناو ئەم ئەشکەوتەوە؟... خۆتان، بە ویستی خۆتان بۆ گاڵتە و سەیران ئەم چارەنووسەتان هەڵبژاردووە، ئەگەر من گون و چاوتان دەرنێنم و لرفتان نەکەم، ئەوا ئێوە من و وڵسات و پاوانەکەم و کێوییەکان و کێوەکانیشم دەخۆن و تێریش نابن، گۆی زەمین تاڵان بکەن، هەموو سامان و داهاتی جیهانیش بکەنە نێو گەنجینەکانتانەوە هێشتا نە تێردەخۆن و نە دەشحەسێنەوە...

دێوە پەلاماری دەداین، ئێمەش لەم سووچێکەوە بۆ گۆشەکەی بەرامبەری، بە ژێر دەست و پێیدا دەردەپەڕین، مەڕی ران و مل شکاوی تێ دەگرتین، خۆمان لادەدا، تۆز و دووکەڵ و بۆن چەقەوێڕە و ئارەقە و ترس و بێئومێدی چاومانی تاریك کردبوو، هەموو کەوڵە سەرەکانی ناو ئەشکەوتەکەش لێمان بووبوونە تەرم و بێچووە دێو...

ماوەیەك دێوە کوێر چوو لە لای کولانکەیەك وەستا، لەگەڵ هەناسەداندا هەڵدەمسا و پووچ دەبۆوە، دوای چەند ساتێك هێور بۆوە، ئاوڕی لە ئاگردانەکە دایەوە و گوتی: مامزۆك! زۆرم ئارەقە دەرداوە و پرچم پەرش و بڵاو بووە و بەرچاوم دەگرێت، پەتکە گوریسێك بێنە و لە پشتەوەڕا بیبەستە...

بە دەست باوەشێنەی لە دەموچاو و مل و سنگ و سك و ناوگەڵی کرد، دەستی دایە پەتکەکەی سەری، مەمکی راستی خستەوە سەرشانی چەپی و لە ژێر باڵیدا هێنایەوە پێشەوە، دەستێکی بە ناوگەڵیدا هێنا، سەری سڕییەوە، بە زمان، لچ و لێو و تفنکی لستەوە... بە دەنگێکی نەرم بانگی مێگەلی کردەوە، نێری مل بە زەنگوڵ و بەرانی شۆڕە و مەڕە جوانە لچەکان[٢] بەرەو پیری چوون، گەلێك سەر مەڕیش لە راکە راکەکەدا ران و ملیان شکابوو و لە شوێنی خۆیاندا هەڵنەستانەوە، هەر یەکێکمان خۆی کردبووە قوربانی مەڕێك...

٢- لچ: دەستەمۆ و متووبوو،چەشەخۆر کراو.

دێوە لە لای بەرانەکانەوە رووە و ئێمە هاتەوە، بە دەستەراستدا رامکرد، پێشی لێگرتم، زۆر بە خێرایی گەڕامەوە، لەگەڵ سوارەدا تێکهەڵنگووتین و کەوتین، هەستاینەوە و کشاینەوە، ئەویش چەند هەنگاوێك کشایەوە. دوو سێ مەڕی ران شکاوی راستکردەوە و بردنییەوە ناو رانەکە...

سوارە بەهەنسکدانەوە: دەڵێم ناچین! ئەم کارە کەس نەکردەیە، ئەتۆش دەڵێی رێ و جێی دیاری دەکەین. دەڵە دێوەکەی خۆشم دەیگوت ئەگەر تۆ ناچی ئەوا من بە سکی پڕمەوە لەگەڵ کاکە شێرکۆ دەچم... خۆزگە دێڵەکەم بهاتبایە بەڵکو... شێرکۆ! وەرە بزانم رێ و جێی چی دیاری دەکەیت؟... مام هەیاس دەیزانی چ باسە..!

سینەم!... خۆهەڵکێشانی من و خۆ پفدانی تۆ، منی فەوتاند و سکەکەتیشی هەتیو کرد...

دێوە پەلاماری داینەوە، سوارەش خۆی وشت و توندترکرد، قاچێکیبەم لا و یەکێکی بەولادا لە زەوی گیرکرد، چاوەڕووانی هێرشی دێوە بوو، پتریش لای چاوە کوێرەکەی دەگرت، دووبارە دێوە کشایەوە لای ئاگرەکە، سوارە هەناسەیەکی هەڵکێشاوە و گوتی:شێرکۆ بەگ! رێ و جێی ئاگردان و شیشەی سوورکراوەی دێوەت نیشان کردووە...؟ گەروو و گەدە و کنگی دێوەشت بیر نەچێت!...کوڕم دێوە گوڵستان نییە بۆت فسبێتەوە[٣]، ئەوە مەیدانە و دەرفەتی پەژیوان بوونەوە و گوو خواردنیشی تێدا نەماو، ئەگینا وەك مامزۆکێ دەبوومە کارەکەری...

دێوە یەك پێ گوڕی کردینێ، دەستی بەلای چاوە کوێرەکەیەوە گرتبوو، پێی لە مەڕێك ئالاّ و ساتمەی کرد و رەتی برد، من بەلایەکەی دیکەیدا دەرچووم، بەڵام سوارەی هەناسە سارد زاخی نەما و لە بەر دەستیا وەستا و بەخۆی بەرە پیری چوو.

کە لاشەکەی ئەویشی تەواو کرد، شیشەکەی بۆ من خستەوە سەر ئاگر و گوتی: گۆشتی تۆ لەوانی دیکە خۆشترە، هی هەردووکیان لیق بوو و تام گۆشتی بێچووی ساوای لێ دەهات... ماوەیەك بە دیار ئاگرەکەوە باوێشکی هاتێ و خۆی بەم لا و ئەولادا بادا، پشتی خۆی تەقاند، مەمکەکانی بە سەر شانیدا ئاواکرد و لەبن باڵیدا هێنایەوە پێش و دەستی بە سکی داهێناوە و گوتی: مامزۆك! دار بخە سەر ئاگر!...

---

٣- فسبێتەوە: ببەزێت، فسبوونەوەی شتی فوودراو، فسبوونی مریشك بۆ کەڵەشێر...



رووەو ئاگر چوارمەشقی دانیشت... شیشەی سووڕاند و گوتی: تەنها تاکە نێچیرێکم ماوە. وەنەوزی درێژ درێژیدا... چاوی کەوت، جارجارە بەچاوی خەواڵوویەوە دەیڕووانییە من و چاوەکەی دەنووقاندەوە... پتر خۆی بە دواوە داشکاندەوە، پشتی گەیاندە دیوارەکە، لاقی راکێشان و دەستی لە شیشەکە کێشاوە، پرخەپرخی هات. گوتم تێری خواردووە و دەخەوێ. ویستم بۆی بچم... پێڵوی چاوی بڵند کردەوە و دایخستەوە، دووجاری دیکەش بۆرژا و چاوی خەواڵوی هەڵێنا و خەو بردییەوە، بەلاداهات... ملی بەرەو پێشەوە شۆڕبۆوە، پرخوهۆڕی ئەشکەوتەکەی پڕکرد، لیکاو بە زاریدا هاتەخوارەوە، ناوە ناوە لە هیکەوە دەستە بە خوێنەکەی رادەوەشاند، یان سەری لادەدا. نەمدەزانی ئایا خەون دەبینێت؟ نووستنی دێوان هەر ئەوهایە؟ لە خەودا دەجووڵێ؟ یا هەر نەخەوتووە و من دەسخەرۆ دەدات؟...

مامزۆکیش لە ئاگر کشابۆوە و بەرامبەر دێوە سەری بە قاڵبێکی کلاّوان کردبوو و ئاگای لە مام مامشیش نەمابوو...

وردە وردە بۆی چوومە پێش، گەیشتمە ئاستی مامزۆکێ، جووڵەی نەکرد... لیکاو، سنگ و مەمکی دێوەی تەڕکردبوو، گیانم لە سەری لووتم بوو و هەناسەم لە ژێرەوە دەخواردەوە، پتر بە ئەسپایی چوومە پێش، بەزانایی دەستم گەیاندە شیشەکە، چزە لە دەست و جەرگمەوە هات، دانم بەخۆم داگرت و لچکە کورتەکم کردە دەزگر و وام بەرزکردەوە کە دەنگی نەیێت، کشامەوە و نووکی شیشەکەم خستە ئاستی چاوە ساغەکەی، هەتا هێزم هەبوو لە چاویم کوتا و نەڕاندم: گاورە کوێر بیگرەوە! وای لە خۆ هەڵدا کە سەری بە بنمیچی بەرزی ئەشکەوت کەوت و کەوتەوە سەرزەوی و قیژاندی...

مامزۆك لە ژێر دەست و پێی گەشکەی گرت، بە چوار چەنگە بە ناو لینگانی دا دەرچوو و دوورکەوتەوە، مەڕ و بزن تێك سووڕان و خۆیان بە یەکدی دادا... لە نزیك ئاگرەکەوە وەستا، قاچی فشکردەوە، دەمی داپچڕی، چەنگی بە هەوادا راوەشاند، قیژاندی و قیژاندییەوە و گوتی: مامزۆك شیشەکەم بۆ بخەوە سەر ئاگر... قیژاندییەوە و مەڕ لەم سەری ئەشکەوتەوە چۆونە ئەو سەری و خۆیان پێکدادا و کەوتن هەڵستانەوە و کەوتنەوە... منیش لەگەڵ ئەواندا بووم و دێوەشمان بەدواوە بوو، من دەڵێم دووسەد جار تۆ بڵێ پێنج سەد جار لەم سەری ئەشکەوتەوە چووینەوە ئەوسەری و گەڕاینەوە، دووکەڵ و گەرد و خۆڵ و پەین، ئەشکەوتی تاریکتر کردبوو،

لووت و قوورگ و هەناسەم گیرابوو، چاوم ڕەشکە وپێشکەیدەکرد، ئەویش ددانی بە چیڕەوە دەبرد، دەستی دەکوتا، پێنەی لە زەوی دەدا و چەنگی بە هەوادا رادەوەشاند، تا ئەوەندە شەکەت بوو لاکەی لێوەهات...

دەستی بە لاتەنیشتی ئەشکەوتەکەوە گرت و بە هەر چوار دەوریدا سووڕا، لە ناکاودا بۆ ناوەندی ئەشکەوت دەهاتەوە و دەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی... ترووسکە ئومێدێك لە دڵمدا چەکەرەی کرد، بیرم لە کردنەوەی دەرگاکە کردەوە... نە دەشکێت، نە لادەدرێت، نە دەشکرێتەوە... مەگەر دێوە خۆی بیکاتەوە... ئەمەندە مەڕی ران و مل شکاوی لەم سەری ئەشکەوت راوەشاندە ئەوسەری ئەشکەوت... لاشەیان لە سەر یەکدی کەڵەك بوو و دێوە بەسەریاندا بەردەبۆەوە... ماوەیەکیش لە نێوان دوو گۆشەی تیزوفیزدا[٤] هاتوو چوو و چەنگ و لووشکەی وەشاند، گوێیڕاگرت، تاویدا ،وەستا و نەعرەتەی کێشا و گەڕایەوە... بە بیرم داهات ئاگرەکە خۆشبکەم و لە نزیك ئاگردانەکەوە بە بزۆتێك پاڵی بدەمە ناو گڕەکەوە، کە دەستم گەیاندە دارێك ئەو هەستی کرد و شالاوی هێنا و چەنگ و لەقەی وەشاند، منیش بەبێ هەستی بە لایەکدا دەرچووم، بەوەی باشبوو ناو ئەشکەوتەکە ئەژنۆ پەینێکی تێدابوو و گوێی لە تەپپە و خشپەی پێم نەدەبوو، یان لەگەڵ دەنگی پێی مەڕەکاندا تێکەڵ دەبوو...

دێوە: مامزۆکێ! بە دەنگ پێم بڵێ لە چ کەرخێکە، ئەگەر تا بەیانی ئەو نەکوژم، ئەوا تۆش لەگەڵ ئەودا لە شیش دەدەم... دووای سێ شەوی دیکەش حەکیمی دێوە کوێران دێت و چاوە داخراوەکەم دەکاتەوە... مامز لە لای منەوە وەستابوو بەڵام خۆی بەسەر پێوە رانەدەگرت، هەڵدەستا و دەکەوتەوە و بە هەر چوار پەل هەڵدەهات و تەقە تەقی ددانیم دەبیست...

دێوە تووڕەتر بانگی کردەوە، ئەویش بە ترسەوە گوتی: دێوە لەپشت تۆوە وەستاوە، دێوە بە خێرایی خولایەوە و چەنگ و لەقەی وەشاند... دیسان بانگی کردەوە: دێوە لە دەستە راستەوە بۆت هات... وا لەتەك کولانکەکەی ئەو سەرە...دێو بە راکردن و دەست کوتان گەیشتە ئەوێ... ناوە ناوە مەڕێکی دەکەوتە دەست و رای دەوەشاند...

---

٤- تیزوفیز: لە شێوەی(×) راست و چەوت، دوو گۆشەی بەرامبەر لە چوارگۆشەدا.



مامزۆك: ئاگادار بە! وا خەریکە سەلکە بزۆت لە دەمت رابکات... دەیەوێ چاوە داخراوەکەشت بسووتێنێ... دێوە زۆر بەتاو بەرەو پێش چوو، کۆڵە مستی راوەشاند، و تەوێڵ و لووت و مشتی لە دیواردا... کشایەوە و رووی وەرگێڕا و لە شوێنی خۆیدا وەستا... ماوەیەکیش بە دەوری خۆیدا مست و لووشکەی وەشاند...: مامزۆکێ وەرە دەستم بگرە!... مامزۆك نەوێرا بچیت و نەشوێرا نەچیت... بە دەنگیش وەڵامی نەدایەوە...

دووبارە قیژاندی و دەمی داپچڕی و پێنەی لە پەینەکەدا و چڕنووکی بە دەوری خۆیدا گێڕا و نەڕاندییەوە: مامزۆك! ئەتۆش هەر ئادەمیزادی و دەستت ببێ دایکی خۆت ناناسیتەوە.

مامزۆك بە ترس و لەرزەوە: پیاوەکە شیشەی سووری بە دەستەوەیە و دەمکوژێت... دێوە گەیشتە شوێنی دەنگەکە، ئێمەش هەر یەکە و بە لایەکدا خۆمان دەرباز کرد... مامزۆك لەو سەرەوە گازی کردەوە: ئاگاداربە! شیشە نووك تیژە سوورکراوەکە لە هورگت رادەکات... دێوە ئاگاداربە! لە دڵ و سیپەلاك و جەرگ و هەناوت رادەکات... دێوە! هات... هات هات... ئاگاداربە ... ئاگاداربە بە ئاگرەوە بۆت هات...

دێوە وەك خولخولۆکە بە دەوری خۆیدا خولی دەخواردەوە، چەنگی لە هەوادەدا و لووشکەی بۆ پاش و بۆ پێش دەوەشاند. تەواو شەکەت بووبوو و لەتری دەبرد... وەستا، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی: بەیانی لە پێش خۆرهەڵاتدا مێگەل دەردەکەم، لە دەرگەی ئەشکەوتەکەوە دەست لە پشتی یەکە یەکەیان دەکوتم، ئینجا بەڕێیان دەکەم و دەرگاکەتان لەسەر دادەخەمەوە، ئەو کاتە بەزمی من و ئێوە خۆش دەبێت... بە لاکەلاکە چوو ئامێزە دارێکی بردە لای ئاگردانەکە و لە تەکیا دانیشت و ناوە ناوە دارێکی بۆ لایەك دەهاوێشت...

ئەمشەو پڵنگ و سوارەی خوارد... ئیزڕاییل تا بەیانی مۆڵەتی داوم... دوواتریش دەچمە ناو ورگی دێوە کوێر... کە گڕی ئاگرەکە کوژایەوە، دەسکە رووناکی لە نێو حەوت کولانکەی تەسك بە کزی هاتە نێو ئەشکەوتەکەوە... لەناو پەیندا گەڕام، نیوە شمشێرەکەی خۆمم دۆزییەوە... وام بە خەیاڵداهات بە پارچە شیرەکە ورگی هەڵدڕم، ریوی بێنە دەرێ... چوومە پێش، سەیرم کرد، مەمکی بەسەر ورگیدا هاتوونەتە خوارەوە، ئەگەر بە یەکەم لێدان ورگی بە تەواوی نەدڕم ئەوا دەکەومە چەنگی و ئیزرائیلیش ناوێرێت بە هانامەوە بێت...

به شیر ملی نێرییەکی گەورەی زەنگوڵ لە ملم بڕی، بەڵام هێسکە ملەکەیم بە تەواوی نەبڕی... لە ژێرەوەڕا کەوڵم کرد و سەر و هێسکە مل و بڕبڕەی پشتی و کلکیم لەگەڵ کەوڵەکەدا هێشتەوە... چوومە ناو پێستەکە و سەریم خستە سەر سەرم، زەنگوڵەکەم کردە ملم، بە چوار پەل ڕۆیشتم و دەستم لە مۆرەی پشت و تەڕاد و تەرۆکم دا، کتومت نێرییەکە بووم... مامز بە دیارمەوە هەڵدەلەرزی و بە خۆشییەوە گوتی: ئەدی بۆ من؟ مەڕێکیشم بۆ ئەو کەوڵ کرد، بەڵام سەری و کاریتەی پشتی و دوونگیم دەرنەکرد، ئەویش کردییەبەری و قاڕی...

پێستەم کردە بەرم و لە ژێرەوە تەقەڵکێشم کرد و دووجار باڕاندم، نیوە شیرەکەم بە دەم گرت... ئەگەر گرتمی ئەوا لە ژێرەوە ناوگەڵ و سکی هەڵدەبڕم....

بەیـــــانی دەرگای کردەوە و هرڕڕەی لە مێگەل کرد... لە دەرگاکەوە دەستی لە سەر و پشت و کلك و دووگی یەکە یەکەیان دەکوتا، ئینجا ئاوای دیوی دەرەوەی دەکردن...

مامز لە قوژبنێکی ئەشکەوتەکەوە کوورێکی پەل شکا و مەڕێکی کەترەی بـەرزەفت کردبـوو، هەرسێکیان دەباڕین... دێوە بانگی دەکردن و ئەویش زێلکی ڕژابوو، بەرەو دەرگا دەچوون، کـە لێی نزیك دەکەوتنەوە، بە شەپڕێوی هەردووکیانی بەرە و دوواوە دەگێڕایەوە...

منیش لەگەڵ مەڕ و بزنی دیکەدا دەچوومە پێش، کە نزیك دەکەوتمەوە لـە ترسـانا پاشـەوپاش دەگەڕامەوە... بە دەنگـــی زەنگـــوڵەکەوە دەیزانی نێرییەکە مـاوە، دەنگیـدا و گـوتی: گـدە گدە... گدە شاخ جـــوانە شەلەکەم!... چەند ڕۆژە تۆ سەرایی و پێشەور بـووی... ئـەمڕۆ لـەم نەهامەتیەدا پەلت شکاوە، بۆیە دوواگری... منیش زەنگوڵەکەم وا دەجووڵانـدەوە کـە شـەلم و بۆی دەچمە پێش، بەڵام پێش ئەوەی دەستی بگاتە شـاخەکانم، هەسـتم دەکـرد بـە پێـی خـۆم سەردەنێمە بەردەستی دێوە کوێر، بۆیە پشتاو پشت دەکـشامەوە. دوواجـار دەنگیـدام، زانـیم ئەمجارەیان نەچمە بەردەستی، کەرتکە شاخ بە دەرگا وەدەنێتەوە، زارکی ئەشـکەوت دابخاتـەوە، ئەو لە دەرەوە بێت یان لە ژوورەوە، مردوو بێت یا زیندوو، ئەوا ئێمە دەرباز نابین و کەسیش بە هانامانەوە نایەت، بە ترس و لەرزەوە شاخەکانم گەیاندە دەستی، بـە تونـدی ڕایکێـشام و بـە سووکی دەستێکی لە پشت و کلکمدا، فڕێی دامە دەرەوە. مـامزۆك و دووەکـەی دیکـەش لـە ژوورەوە باعە باعیان بوو...



## بارانی ڕەش

نەختێك لەبەر دەرگای ئەشکەوت دوور کەوتمەوە، دێوە خەریك بوو دەرگاکـە دابخاتـەوە... لـە دوورەوە هـاوارم کـرد: گـاورە کـوێرە مـن دەرچـوویم! دەرگـا لەسـەر خـۆت دامەخـەوە...! نەعرەتەیەکی کـــرد، بە گوڕ هاتە دەرەوە، بە ڕاکردن بە نـاو بـەفر و بـە ڕێگـە تەسـکەکەدا، بەدووای من غاریدا، منیش لە پێشی بە ناو مەڕاندا هەڵدەهاتم... پێـی لـە بـەفر و سـەهۆڵ هەڵخلیسکا و هەڵدێرا... کە لە خوارەوە کەوتەوە سەر زەوی، تەقییـەوە، دەنگێکـی ئەوەنـدە گەورەی لێوەهات کە چەند ڕەنووە بەفر و لاشاخ بە چیاکەدا چوونە خوارەوە... لە شوێنەکەیدا دووکەڵێکی خەست و ڕەش، لە شێوەی گێژەلووکەیەکی تاریکی زۆر سەیر لـە جێگـەی خۆیـدا تێك سـووڕا و هاشەی هات و بە قەد شاخەکەوە سەرکەوت، بـەفر و سـەهۆڵەکەی تووانـدەوە، لایەکی شاخەکەشی رووخاند... گەردەلوولە ڕەشەکە لە تـاقی ئاسمانـدا بـووە پەڵـە هـەورێکی چڵکن و سێبەری لە سەر ئەشکەوتەکە کرد...

کوور و مەڕەکەترەکە لە ئەشکەوت هاتنـە دەرەوە و بـە قـاڕە قـاڕ دووای مێگـەل کـەوتن... مامزۆکیش وەك ئەوان بە لارەلار و شەلە شەل هاتە دەرەوە، چاوی لە سپیاتی و ترووسکانەوەی بەفردا هەڵنەهات...

دەستم گرت، ویستم لەگەڵ خـۆمدا بیبەم، لەرزی گرتبوو، بـەپێی پەتییـەوە زیـڕە و هـاواری بوو، ناورایەوە و گوتی: کەلکی دەرەوەم نییە، دێوە ئەمەنـدە ژێـر پێمـی لـستووتەوە، ئەگـەر ترسی ئەوم نەبێت، ئەوا نەك ناوێرم بە پێیان بڕۆم، بەڵکو نـاوێرم لـە سـەر پێیـانیش بوەسـتم،

تکات لێ دەکەم لێم گەڕێ! با لە شوێن خۆمدا گیان بسپێرم، ئەتۆش هەتا خزمی دێوە نەهاتوون هەوڵ دە خۆت دەرباز بکە!...

دەستم راکێشا و چووینەوە ناو ئەشکەوت، پێڵاوەکانی سوارەم کردە پێی، سەیری بنگەوەڕێی بنمێچی ئەشکەوتم کرد، هەمووی کەوڵەسەربوو، دەستم لەکەزی کچێکی قژ زەرد دا، رووانیمە چاوی مامزۆکێ، ئەویش بە هێمنی گوتی: ئەمەیان نەبێت کە تەنها زمان و چاوی تێدایە، ئەوانی دیکە هەر هەموویان هێلکە گون و زمان و دووچاوی خۆی لەناوە.

دەستی بۆ بنگەوڕێکی بەرز لە بەرامبەر خۆیدا درێژکرد و گوتی:ئەوێش هەمووی قامکە تووتەی دەستی چەپە و خاوەنەکانی بەرداون...

بە سەرسامییەوە: چۆنی بەرداون؟ لەسەرەخۆ گوتی: دێوە دەیگوت ((ئەوەی گیانلەبەری بە ناڕەوا نەکوشتبێت و تاوانی گەورەی دیکەشی بە ئەنقەست نەکردبێت، ئەوا لە یەکەم تاوانیدا بە پەنجەیەك پەند وەردەگرێت، ئەوەی بێتاوانانیش بخوات ئەوا خۆی بە پەند دەبات... (بەڵام ئەوانەی دیکەی دەکوشتن و کەللەسەری بێ پێستە و بێ زمان و بێ چاو و دوو پێیەکەشی دەبردەوە ئەو شوێنەی کە لێی هاتبوونە ناو پاوانەکەیەوە و دەیگوت) خۆیان پەند وەرناگرن، بەڵام ئەمە بۆ ئەوانی دیکەی دەنێرمەوە بەڵکو بە ئاگابێنەوە...))

بڕینی دارستان، سووتاندنی پاوان، پیسکردنی کانیاو، کێڵانی مێرگ، راوکردنی گیانلەبەری کێوی لە وەرزی زاوزێکردندا لای دێوە گەورەترین تاوان بوون..

لای رۆژئاوای ئەشکەوت، حەوت کولانکەی تەسك و درێژی شێوە تونێلی تێدابوو، دیوی دەرەوەشی هەڵدێرێکی هەزاری بەر هەزار بوو، لە یەکەم کولانکەی نویدا، گاپەلێك لەسەر هێلانە کڕ کەوتبوو. لە دووەمیاندا، دوو کۆتر دەندووکیان لە ناو دەندووکی یەکدی دەنا، یەکێکیانم ناسییەوە، لەو کۆترانەبوو کە لە خانووی خدرەخێل دیبووم. لە کولانکەی سێیەمدا، دوو بێچووە هەڵۆی سەر سپیم بینی... دەستم بۆ سێ کڵاورۆژنەکەی سەرەوە درێژکرد و گوتم: ناویان نابینم؟ گوتی: دووجار لە دێوەم پرسیوە، وەڵامی نەداومەتەوە، بەڵام کە دێوە لەسەر کوشتنی پەڕەسێلکەکە لە خوشکەزاکەی دەهری بوو گوتی: ((باوکە نگریسەکەشت مۆزەخانەیەکی پێشینینەکانی کاولکرد و گەنجینەیەکی جیناتی بوونەوەرانیشی سووتاند، تۆش



دەتەوێت کارەکەی ئەو تەواو بکەیت.)) منیش نازانم چییان تێدایە، بەڵام چەند جارێك لەوەی ناوە راستیاندا زەردە هەنگ و پەپوولەی سپی و سوورەماسی و تیرەماری رەش و کیسەڵی بچکۆلە و کڕکاکی شین و سمۆرەی بۆر و سەگ پسێنکە و بێچووە پڵنگ و کارئاسکم دیوە... لەوی دیش...

بەرەو کولانکەی حەوتەم چووم، هیچی تێدا نەبوو. سەیری مامزۆکم کرد، ئەویش تێم گەیشت و گوتی: رۆژێکیان دێوە خوشکەزایەکی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ماڵەوە، تابڵێی دڕندەیەکی بزێو و بەدکردار و لاساربوو، چاوی دوو مەڕ و تەگەیەکی دەرکرد و دایە دەست میمکی، ئەویش خۆی لێ زوویرکرد، بەچکە دێو بەسەر ئەم ئاگردانەدا باز بازانێی کرد و میزی بە ئاگر داکرد، هەستاوە و دەستێکی لەم کولانکەیە راکرد و پەڕەسێلکەیەك و سێ هێلکەی دەرهێنا، هێلکەکانی بە توێکڵەوە هاوێشتە دەمی و ئاوای کردن... سەری پەڕەسێلکەکەشی هەڵقەند و هاوێشتییە ناو خۆڵەمێش و میزەکەوە. بە پخە پخ گاڵتەی بە میمکی دەکرد، دێوە تاکە چاوەکەی لێسوورکردەوە و بۆی چووە پێش و گوتی: ((دەتناسم! کوڕی باوکی خۆتی و بە ئازاردانی خەڵك و سەر هەڵکەندنی بێتاوانان ئاسوودە و دڵشاد دەبن...)) دێوە بچکۆلەکە رنۆکی لە مەمکی میمکی دەداو قژی دەردێنا و بزی بە ناوگەڵییەوە دەکرد، پێستەی بێچووە ورچێکی کردبووە پفدانك[(٥)]، پفی دەدا، زارکی تەسك دەکردەوە و بە گوێی میمکی وەدەنا و وەك تڕ، هەوایەکەی بەردەدا... ئەویش لە هەراسانی و تووڕەییاندا پشیسواربوو، بە ڕکەوە دەستی گرت و گوتی ((تۆ دەستی من نادەیت! تا زووە و هەمووماننت بە فەتارەت نەداوە بتگەیەنمەوە زۆرخانەکەی باوکت)) پێکەوە چوونە دەرەو و لە هەژمەتان دەرگاکەی دانەخستەوە، بەڵام زۆری نەبرد گەڕایەوە، لەو رۆژە بترازێت ئەم دەرگایە هەمیشە داخراوە و منیش بە دڵی تەنگ لە ئەشکەوتی تاریکدا ژیاوم... ئێستاش چاوم لە رووناکیدا هەڵنایێت و بەرپێی خۆم نابینم... بۆیە دەڵێم تا زووە و خزمانی نەهاتوون، تۆ گیانیخۆت دەرباز کە...

سەر و دوونگی پێستە مەڕەکەم بڕی و بڕبڕەکەیم دەرکرد، کەوڵەکەم بە بەرەواژی وەك شاڵ بەسەر شان و مل و سنگیدادا، هاتینەوە دەرەوە، زریانێکی تووش و تووڕە بەفری هەڵدەپێچا

---

٥- پفدانك: دەبدەبە، میسڵدان، فودانکە، نفاخە.

و تێکی دەسووڕاند، گەواڵە هەورەکەش بووبووە حەوت پەڵە هەوری رەش و لە یەکدی دوور کەوتبوونەوە...

باڵیم گرت بۆ ئەوەی لە گەوەی شاخەکەدا بیسووڕێنمەوە، نەیدەتوانی هەنگاو بنێت... ئافرەتێکی بێداروبار و مسری گۆشت و بێڕەنگ بوو، ماوەیەك لە باوەشم گرت و بەرەو سەر بەناو بەفردا هەڵکشاین، تا ئەستوورایی رانم لە ناو بەفر ختم بوو، کردمە کەڵاندۆشکانم و تەکانم دا و بە پێ و بە باسك بەناو بەفردا رۆیشتم...

مێگەڵ لە بانابیەکەدا پێکۆڵی لە بەفر دەکرد و بەلمووز بەفری هەڵدەدڕی... چاوم گێڕا، جیهان هێلکەیەکی سپی و سپییە، چەند دێیە[٦] چروویەکم بینی کە بەفر سپی کردبوون و لایەکیان نەختێك دیاربوو، بەفرێکی زۆریش نیشتبووە سەر قەد و لق و چڵی دار و دەوەنی پاوانەکە...

بەفری نێوان دوولکانی قەدی دارێکی گەورەم لادا و مامزۆکم خستە شوێنی... چرووم لە دێیەکە هەڵگرت و بەفرم داکوتا و بە کەدی دارانەوە هەڵمواسی، مەڕ و بزن تێی ئالان، لە چەند جیگەی دیکەش چرووم بۆیان دانا، کرموهۆڕ خواردییان...

لە نێرییەکی شاخ قیت رامام، کتومت ئەو سابڕێنەی کەوڵم کردبوو زیندوو بۆتەوە، سەیری بزنەکانم کرد، تا بڵێی تۆکمە و قەڵەو و توند و تۆڵ بوون، بۆم نەدەگیران، ئەگەر بشمگرتبانایە ئەوا بۆم بەرزەوت نەدەکران... چوومەوە لای مامزۆکێ و چاوم بە تەگەو و بزنەکانەوە بوو... بە لێوەلەرزەوە گوتی: بزن و تەگەی وات نەدیوە وەنا؟ دێوە دەیگوت ((بزنەکانمان دوڕەن، لە بزنی رەوەندان و تەگەی کێویانن... تا بڵێی بە گۆشت و خۆگر و توند و تۆڵن و شوانیان ناوێت... بەڵام مووکورت و کەم شیرن...)).

سەیری مەڕ و بەرانەکانم کرد، شتی وەهام نەدیبوو گوتم: ئەدی مەڕەکانی؟. گوتی: یەکچاو گوتی ((لە دایە گەورەی خۆمم بیستووە کەماڵیان لە شاری (واقواق)ێ بووە، نەنکی دوو قۆچ و دێڵە سەگێکی بەو مەرجەی لەمامی باوکی وەرگرتبوو کە هەتا نەوەشیان مابێت، ساڵانە دوو هیزە رۆن و گوجیلەیەکی بۆ بنێرن، کە بەخۆشی نەما ئەوا دەدرێتە وەچەکانی... ئەم سەگ

٦- دێیەچروو: چڵوو، گەڵاو لقی بەڕوو و مازوو لە پایزدا دەبڕن و لەسەر یەکی دادەنێن و وشك دەبێتەوە و لە زستاندا لە بری ئالیك دەیدەنە مەڕ و ماڵات.



و مەڕانە لە رەسەنی سەگ و مەڕی شای واقواقێنە...(دەشی گوت) داپیرەم وەك من یەك چاوی هەبووە و دڕندە و دەعبای کێوی فێرکردبوون کە لە خۆیانەوە مەڕ و ماڵاتی ئێمە و ئاژەڵی کێوی نەخۆن، جارێك رێویەك بەرخێکی ساوای خواردبوو و داپیرەیشم گرتبووی و ددان و چڕنووکی دەرهێنابوو، کلکی بڕیبوو و کردبوویە قەرێتە[٧] و کردبوویەوە ملی و زەنگێکی گەورەشی تێخستبوو، پێشی گوتبوو بڕۆ لەناو دڕندان جاڕبدە و بڵێ (هەردڕندەیەك بێ پرسی من گیانلەبەرێکی پاوانەکەم بخوات ئەوا خراپتری بەسەردینم ...) هەر دوو رۆژ جارێك بە دەستی خۆی خواردنی دەرخواردی رێوی دابوو، تا لە پیرییان رێوییەکە رزابۆوە... هەر نەنکم گوتی: دایە بابەم گوتوویەتی ماڵاتی لاسار رامەگرن، دەرخواردی دڕندە و سەگانییان بدەن ...))

کوێرە دەیگوت ((کە دارێك بریندار دەکرێت یا دەسووتێندرێت، من بە ناڵە ناڵەکەی هەراسان دەبم، تەنها ئەو دارانە نانالێنن کە دارەکانیان دەکرێتە قەڵەم و پرد و کەشتی و ئاوبارە و لانك و دارەبازە. کە دڕندەیەك پەلاماری گیانلبەرێکی کێوی دەدات، لە خەویش دابم من لە زیڕژنی گیاندارەکە رادەچڵەکم... بەڵام ئەگەر دڕندەکە ئەوەندەی برسی بێت، ئەگەر گیانلەبەرەکە نەخوات لە برسانا بمرێت، ئەوا نێچیرەکە نازیڕێنێت یا دەنگی ناگاتە من...

دڕندە تێر دەخۆن و وازدێنن، بەڵام دڕندەیەکی کەللە خڕی پێ پان هەیە... داد لە دەست ئەم دڕندەیە... تەرازووی سروشتی لەنگ کردووە و خەریکە کاولی بکات... نە تێر دەخوات و نە تەمبێش دەبێ... نەنە گەورەی داپیرەشم گوتوویەتی باپیرەمان پێی گوتین(( ئەم دڕندەیە بە سەر و پێ بڕین و چاو دەرکردن و گون دەرهێنان نەبێت سڵ ناکاتەوە و پەندیش وەرناگرێت)) ...))

ماڵاتەکە تێری چروو خوارد، نێریی شاخ گەورە هەستابۆوە سەر پاشووان، بارانگژی دارێك بووبوو، ترۆپکی چڵە ناسکەکانی دەکرتاند... بەفریش تۆپەڵ تۆپەڵ لە دارەکە دەکەوتە خوارەوە... پەڵە هەورەکان لە یەکدی دوورکەوتنەوە و بە نزمی بە ئاسماندا خشین و بای پێشبارانی هات....

٧- قەرێتە: سنجوڵ، قەڵێتە، کەڵێن، ملوانکەی ملی تانجی و سەگ و ئاسك و...((لەگەر تومە لەگەرێتە... گەردەن مامزێ بە قەرێتە... ئاقرداربووم لۆت بووم شێتە)) فۆلکلۆر- دەشتی هەولێر.

مامزۆك لە سەر چرووەوە بە لێوەلەرزەوە گوتی: دێوە دەیگوت مێگەلە قسرەكە دەبەمە چییایەكەی ئەو بەر، لەوێ چروو و پووشی وشكی دەدەمێ، مەڕەزاش لە نزیك بانی ئەشكەوت رادەگرم... لە ژێر باڵی دێوەدا دوو ئاوێنەی گەورە هەبوون، شەو و رۆژ هەژدەجار لەبان ئەشكەوتەكەوە سەیری ژێر باڵی خۆی دەكرد، كە دەیڕووانییە لای چەپی: چیا و دۆڵ و كەند و پەنای دەستە راستی دەبینی، لەلای راستیشییەوە: دیوی چەپی دەكەوتە بەرچاو... هەر كەسێك بهاتبایە ناو پاوانەكەی، دەیگرت و سزای دەدا...

دەشی گوت: ((رۆژی هەور و بەفر و باران، خێری بەفر و باران و لە دایك بوون و ژیانەوەی ژیانە، رۆژی لێبووردن و تاوان شووشتنەوەیە...)).

هەورە رەشەكەی سەرمان خەریك بوو بیكاتە باران كە گوتم: سەردەكەوم و سەری مێگەلی ستێور دەدەم. بە ناو بەفردا هەڵكشام، لە زۆر شوێندا تا ناوقەدم لە بەفر رۆدەچوو، لە شوێنێكدا كشامەوە كە تا گۆی مەمكم لە بارِندا ختم بوو، ترسام بە تەواوی بكەومە ناو بارِنەوە، لەم بەدبەختییەمدا رەنووێك بەسەرمدا بێت و بكەومە ژێری، یان لە هەڵدێرێكی نادیاردا بكەوم... گیانم لەگەڵ ژانی سەرە پەنجەكانی پێم دەیزریكاند و مێروولەی دەكرد... لێوەلەرزەم بوو، لە تەقە تەقی ددانی خۆم هەراسان بووبووم... گوتم لە دەستی دێوە دەرباز بووم، بەلام لێرە لە ناو بارِندا رەقدەبمەوە... كە سەركەوتم مێگەلەكەم بینی بە چیاكەی ئەوبەر هەڵدەگەرا... دۆلایی رەش و دەشتەكەش هەر رەشان بوو، كەوتمەوە سەر رێچكەی ستێورەكە و بە كەرخی پێخوستەكەدا چووم، بارانێكی رەش لە سەر هەردوو پارچە مەڕ و لە پێنج جێگەی دیكەش دایدا و بەفری بردەوە...

نەگەیشتبوومە لای ستێورەكە سەگ بە شپرزەیی حەپین و مێگەلیان خڕكردەوە و دایانگێڕا، لە گۆڕاییەكی قەد پاڵی چیاكەدا چرووم دانێ و بە دیاریانەوە وەستام، دیسان سەگ رانەكەیان كۆكردەوە و بەرەو ئەشكەوتیان هاژۆشت...

ئێوارە لەبەر ئاگر لە مامزم پرسی، چۆن كەوتۆتە بەردەستی دێوە! لە وەلامدا گوتی: باوكم راوچییە، بچووك بووم، لە كۆلان لەگەڵ مندالان یاریمان دەكرد، گەنم لە گولێ و بۆقدابوو، ئێوارەیەك باوكم گوتی: بەیانی لەگەڵ دوو برادەران دەچینە راو، منداڵ! ئەگەر ئێوەش حەزتان لە دەشت و دەر و بەهار و سەیرانە، ئەوا برۆنە بانیێ (چاكە رووتە)ی ئێمەش لەوێن...



كوڕ و كچی لە ئێمە گەورەتر و جحێلێ و سەرەژن و جوامێریش ئەو رۆژی چووینە دەشت، كەنگر و رنك و كاردی و پیشۆك و گێزبەلەمان كرد، لە كوارگ و دوومبەلان گەراین، لەگەڵ هاوتەمەنانی خۆمدا بەم لاو بەولادا رامانكرد، كلۆوكی زەرد و سوور و سپیمان چنی و لە بەرۆك و قژی خۆماندا... هەر بۆ جوانی قایشێكی زەردی بریسكەدارم لە پشتم بەستبوو، زۆریشمان گوڵ لەبەر پشتمان راكرد، لە دەم بەستەكەدا شەڕە ئاومان كرد... گوڵ و پوونگەمان لە یەكدی ڕفاند و بۆ یەكدیمان هەڵدا و غارغارانێمان كرد... كەم كەم پەرتەمان كرد و لە یەكدی دوور كەوتینەوە، بەرەو كەلۆغانێك و بنە چەورۆكەیەكی گەورە چووم، لە ژێریاندا دوو چاوی رەشی كار ئاسكێكم دیت، بە ئەسپایی بۆی چوومە پێش، دوو شاخی بچكۆلەی زێرینی بریسكانەوە، وەك منداڵ جاجگ بجوێ، ئاوها كاوێژی دەكرد، دەمی راگرت و سەری بەرزكردەوە و گوێی مووچكرد، قەرێتەیەكی تۆكمەی زێڕی لە مل دا بوو، پڵپڵەی لیرەی پێوەبوو، لە شوێنەكەی خۆمەوە هەڵوەستەیەكم كرد، من سەیری ئەوم دەكرد و ئەویش دەیڕووانییە من...

كار ئاسكمان لە ماڵەوە هەبوو، خۆشم دەویست، متووم بوون، لەگەڵم دەخەوتن، بیرم كردەوە ئاخۆ بۆی بچم و بیگرم، ئەگەر هەر چوار پەلی نەگرم، ئەوا بۆم بەرزەفت نابێت، دوو پەلی دوواوەی زۆر بەهێزە و سمی زۆر تیژە، ماحە ماح دەكا و سەریش دەوەشێنێت...بگەڕێمەوە و بەوانی دیكە بڵێم، ئەوان دەیگرن و دەیكەنە هی خۆیان.

سووڕامەوە پشت كەلۆغانەكە، خۆم نەوی كرد، وردە وردە زۆر بە ئەسپایی بۆی چووم، دەرنەپەڕی! بە دەستێكم قەرێتەكەی و بەوی دیكە هەردوو پاشیم گرت... خۆی راپسكاند، بەژنێك بەرزبۆوە، لەبەر چاوما بوو بە هەلۆیەكی زەبەلاحی سەر و مل سپی...! هەردوو چنگی لە قایشەكەم توندكرد و هەڵستا!... ئەوانەی خوارەوەش هەلۆكەیان بینی، بە حەپەساوییەوە سەیریان كردین...چەند دۆڵ بستی بڕی، لە دۆڵێك نوی بۆوە... ماینەكەی باوكم بینی كەلەشی كارمامزێكی نێوچەوان سپی پێوە بوو...

هەڵۆ دووجار لەسەر ماینەكە سووڕایەوە و منی ئەوەندە نوی كرد كە بسك و كەزیم لە سەر و گوێ و بژی ماینەكە خشا. بە ئاسمانەوە گوتی: تەرمی ئەم كارە چاو رەشەت دیوە سەربڕاوە؟

ئەوە کچی منە و باوکە دڵڕەقەکەت کوشتی! منیش لە جیاتی بێچووەکەی خۆم کارەکەی ئەو دەبەم، بەڵام من دەستم ناچێتێ بێتاوانێك بکوژمەوە..

بەرەو قووڵایی ئاسمان باڵی کوتا، ئەوەندە بڵند بوو کە ماینەکەم هێندەی ماینە پێغەمبەرەیەك[٨] هاتە بەرچاو، لەم بەرزاییەوە هاشەی هات و بەتیژی  بەرەو بانییەکە دابەزی، لە دوورەوە یەکێکم بینی بە دووای دوو تاژی رەشدا رای دەکرد، تانجی کەروێشکێکیان لە خرتۆڵێ وەردا، گەیشتە تاژیان و کەروێشکی لە دەمیان کردەوە و بە خێرایی سەری بڕی، کە گەیشتینە سەریان هێشتا کەروێشك پەلی دەکوتا و لرخە لرخی دەهات و خوێن فیچقەی بەستبوو، پیاوەکە گوێی لە هاشەی باڵی هەڵۆ بوو و سەری بڵند کرد... باوکم بوو... منی ناسییەوە، بانگی کردم: مامزۆك!... کچم ئاسکۆڵەکەم... کار ئاسکە بچکۆلەکەم...

ماوەیەك هەڵۆ لە ئاستی باوکمدا بەرزبۆوە و نزم بۆوە، وەك شوان هەڵخەڵەتێنە، کەم کەمە دوور دەکەوتەوە و دەنیشتەوە. باوکیشم چاوی بە ئاسمانەوە بوو، بەدووای ئێمەدا رای دەکرد، دەکەوت و هەڵدەستایەوە و رایدەکردەوە... بە هانکەهانك گازی دەکردم : مامز... مامز... مامز.. دەوەستا[٩] و رادەوەستا و بە خۆی نەدەوەستا[١٠] و پێی پێوە دەناوە... هەڵۆ لە نزیك دار کەوەتێك نیشتەوە، پێنج بێچووە کەروێشکی خڕپن و نەرمۆڵەی بچووك، سەر و گوێ و چوار پەل و لەشیان گرمۆڵە کردبوو و پێکەوە خەوتبوون، لەگەڵ دەنگی باڵی هەڵۆ سەریان بڵند کرد و گوێیان مووچکردەوە... هەڵۆ بە هەنسکدانەوە گوتی: باوکە سەر ئاسنە دڵ پۆڵایەکەت، ئەم ساوایانەشی بێ دایك و بێشیرکردن...

باوکم بە هانەهان لە بەرزاییەکەوە سەرکەوت و ئێمەی دیت، لە شەکەتییان توانای غاردانی نەمابوو، هەر بە ڕۆیشتنی ئاسایی بەرەو دار تاوکەکە هات، دەستی بە سکییەوەگرتبوو، لەتریدەدا، هێڵنجی دەهاتێ و چاویشی بە منەوە بوو، بەر لەوەی لە جۆماییەکەدا سەرکەوێتەوە هەڵۆ هەڵفڕی و منیش لە ئاسماندا دەست و پێ و سەرم رادەوەشاند و گازم دەکرد:

---

٨- ماینە پێغەمبەرە، ماینێ حەسەن و حوسێنان، کوللە حاجی،حوشتر خوا، تاژیلە، بالووك،جۆرە مێرووێکە.

٩- دەوەستا:  لە شەکەتییان دەکەوت.

١٠- بەخۆی نەدەوەستا: دەرەقەتی خۆی نەدەهات، خۆی بۆ نەدەگیرا.



باوکە فریام کەوە!... باوکە... ئەویش چاوی بە منەوە بوو، بە هەنسکدانەوە بانگی دەکردمەوە، لە سەری خۆی دەدا ، بەدووامادا دەهات..

ئێوارە لە ئاگردانی دێوە، گۆشتی کاوڕێکی ران شکاومان دەبرژاند، سەرم بڵندکرد لە ناو تاقە گەورەکە و بنگەوەڕەکەدا دوو کەللە سەر و چوارپێ و دەیان بگرە سەدان کەوڵەسەر، دەیان رووانییە من، ماوەیەك بە شڵەژاوییەوە تێیان رامام... شیشە گەورە نووك تیژەکەم خستەوە سەر ئاگر... بە نیوە شیرەکەم لە ناو پەیندا بە دووای نیوەکەی دیکەیدا گەڕام... لە زۆر جێگەدا چۆکێکم هەڵدەدڕی... شیرە ژەنگنەی پڵنگم دۆزییەوە و لەبەر ئاگرەکە دانیشتمەوە و بیرم کردەوە... ئەگەر خزمانی دێوە بێن، ئاخۆ بە شیر و شیشەی سوورکراوە دەروەستیان دێم؟... مامزیش بێئارامی و پەشۆکاوی منی خوێندبۆوە، بڵندبوو، لە ئاگرەکە سووڕایەوە، دەستێکی خستە سەر شانم و گوتی: کاکە شێرکۆ! کە ترس و نیگەرانی شالاویان بۆ دێوە بهێنابایە ئەوا ...

سەرم سووڕاند و چاوم تێی بڕی و چاوەڕووانی تەواوکردنی گفتەکەی بووم، دەستی بۆ سەردەرگای ئەشکەوتەکە درێژکرد: ئەوا لەم دەلاقەی سەر دەرگاکەوە ئەنگوستیلەیەکی هێندەی بازنێکی منی دەکردە ئەڕنەمووتەی دەستە راستی و سێجار بەخێرایی بە لای راستدا دەیسووڕاند و حەوت جاریش بە هێمنی بە پێچەوانەوە دەیسووڕاندەوە، دووای چەند چرکە ساتێك هێور دەبۆوە. شەوێك زۆر نیگەران بوو... کە ترس و نیگەرانییەکەی رەوییەوە، ئەنگوستیلەی لە قامکی ناوەندێ دەرکردبوو و خەریك بوو هەڵیبگرێتەوە، بە سۆزەوە گوتی ((ئەم ئەنگوستیلەیەم لە باپیرەی داپیرمەوە بۆ ماوەتەوە، ئەو دەیگوت لەوەتی شاری واقواقێ هەیە ئەم ئەنگوستیلەیەش هەیە...)) دەستی بۆ شوێنی ئەنگوستیلەکە درێژکرد و گوتی: بەڵام دەستمان ناگاتە شوێنەکەی، لە وانەیە بچمە سەر شانی تۆ دەستم بیگاتێ...

لەسەر شانمەوە پێیەکی خستە سەر تەپڵی سەرم، خۆی بە لێواری دەلاقەکەوە هەڵواسی ، قورسایی لەسەر من نەما... کە گرانایی کەوتەوە سەرشانم گوتی: هەنگاوێك بەرەو دەستەراست بڕۆ!... دووبارە قورسایی لەسەر شان و سەرم نەما... هەردوو پێی لەسەر شانم بوو کە گوتی: زۆر بە زانایی، بە ڕۆخی ئەشکەوتەکەوە دامگرە!... با نەشکێ و نەڕژێ...

هاتینەوە بەر ئاگر، بۆنی گۆشتی سووتاو لووتمانی گرت، شیشە گۆشتەکەی کێشاوە، بازنێکی شێوە ئەنگوستیلەیی دایە دەستم... لە دەستەکەی دیکەشیدا کیفکە کەڵە شاخێکی بۆ راگرتم و گوتی: ئەوەش هەتوانی تێدایە، لە رۆژی بەستەڵەکدا یا لەو کاتانەی ژێر پێی زۆر ئازاری بدابایە، ئەمەی لە ژێر پێی خۆی هەڵدەسووی... پێڵاوەکانی سوارەی داکەند و ماوەیەك بە بەر ئاگرەکەوە ژێر پێی خۆی چەور کرد...

گوتم: دەبێ دوژمنانمان بە کەم نەزانین، ئەمشەو خزمانی دێوە دەرگامان لەسەر دابخەن... کێ بە هانامانەوە دێت؟ دەرگای ژیانمان لە سەر دادەخرێت و لە ناو ئەشکەوتدا وشك دەبینەوە... کە ئەشکەوتەکەش دەدۆزنەوە، هێسکە پەیکەرمان بە بێچووە دێو دەزانن و لە شووشەبەندی مۆزەخانەدا دای دەنێن....

کە ئێوارە هاتینەوە، ئەشکەوتێکی بچکۆلەم لە پشتی رێگاکەوە دیت، چووم سەیرم کرد، بەر دەرگاکەی زۆر حاسێ بوو، وڵساتی نەچۆتە ناو، لە پێشەوە تەسك و نوی و لە پشتەوە فراوان و بەرزە، جێگاکەی پەنا بایە و رووانگەیەکە دەنوارێتە دەرگای ئەشکەوت و دەوروبەرەکەی، وەك بڵێی لە کۆنەوە پاسەوان و دانیشتوانی ئەم ئەشکەوتە بۆ ئەم مەبەستە کۆڵیویانە... لە وێوە چاوەدێری تۆ و بەر دەرگەی ئەشکەوت دەکەم... دەستم دایە کەوڵەکان و هاتمە دەرەوە، لە دەرەوەڕا، بە دار، تیزوفیز و سەرەوژێر، دەرگای ئەشکەوتم گرت و گوتم: مامزۆك سەگەکان لەبەر دەرگا وەرکەوتوون، منیش چاوم پێتانەوەیە...

شەو راشکا، لێزمەی باران دایدا، شەستە بارانەکە نەبڕایەوە و کات لە دوای کات خرمەی رێژنە توندتر دەبوو، بەفری تواندەوە و لەگەڵ بەفراودا بوو بە سێڵاو، لە هەر چوار کەنارەوە لافاو هاژەی هات و دار و بەردی راماڵی، خڕمەی باران و خڕەی بەرد و گرمە و تەپپەی رووخانی لاشاخ و هاژەی لێشاوبوو... ترسم هەبوو دێوگەل هاتبن و تۆفانە بچکۆلەی نووح پێغەمبەریان هەستاندبێت و زەمین ژێر ئاو بخەن و چیامان بەسەردا بتەپێنن... سەرم بەرەو دەری ئەشکەوت هەڵکێشا، چاوم بەناو تاریکاییە ئەنگوستە چاوەکەدا گێڕا... لە تاریکاییەکی زێدە تاریك وتنووك بەولاوە هیچی دیکەم نەدیت!... گوێم راگرت، خوڕە خوڕی ئاو و خڕە خڕ و تەپە تەپی لێمشتەکە هەراسانی کردم...



ئەنگوستیلەی دێوەم وەك بازن کردە دەستی راستم، سێجار بە دەستی چەپم بە خێرایی بۆ لای راست سووڕاندم... حەوت جاری دیکەش بە هێمنی بە پێچەوانەوە سووڕاندمەوە... هەستم کرد بەرچاوم وردە وردە روونبۆوە، ئاو لەسەر تاوێرە لووسەکاندا بریسکایەوە، تاڤگە گەورە و بچووکەکان، هەندێکیان سپی شیریی، بڕێکیشیان لێخن لێخن هاژەیان دەهات! چەمە گەورەکەی خوارەوە زۆر نزیك دیاربوو، ئەمبەر و ئەوبەر شەپۆلی دەدا و داری گەورە گەورەی بە رەگەوە لەگەڵ خۆیدا رادەدا... ماوەیەك سەیری بەردەرگای ئەشکەوتم کرد سەگەکان لە تەك یەکدی خۆیان گرمۆڵەکردبوو و خەوتبوون... دووای چەند ساتێك هەور لە لای رووگەوە هەلیبرینگاند... لە لای تۆبزاوەشدا بڵاچەی برووسك و شریخەی هەورە تریشقە، شەڕە گورزی دێوان بوو و زەوی و ئاسمانی دەلەراندەوە.

## ژانی ژینگە

بەیانی رۆژی سێیەم بوو، لەبان ئەشکەوتەکەوە وەستابووین، بـەفری لووتـە بـەرزەکان نـەبێت، ئەوی دیکە هەمووی رەشببۆوە، مێگەل بە ناو پووش و پاوانی تەڕدا پەرتەی کردبوو، لە خـوار ئێمەوە کـوارگی مەنـدیل سـپی و چـووزەڵە رێواسـی سـەوزباو سـەریان دەرکردبـوو، لـە لای سەرەوەشماندا چەند پنکە بەفرێك لە ژێر دار و لە سەر تاتـە بەردەکانـدا بەسـتبووی... دڵـۆپ دڵـۆپ ئاویـان لێ دەتکـاوە و بەسـەر تـاوێڕە لووسـەکاندا دەبریـسکایەوە... لەچـیاکەی رۆژئاوامانەوە ئەو جووتە دارە گەورەیەم کەوتەوە بەرچاو کە بە نێوانیاندا هاتبووین... چاوم بۆ چەمەکە دا گێڕا، هێشتا شەپۆلە سەر شـێتەکان بازیـان دەدا و دەیانحیلانـد و داوای خوێنیـان دەکرد... دەستم درێژکرد و گوتم: بە نێوان ئەم دوو دارانە داهـاتین، هەوارەکـەشمان لـەو دیـوە، بەڵام چەمەکە هێندە هاتووە کە کەس تا حەوت رۆژی دیکەش ناتوانێت لێیبدات، ئـەویش تـا ئەوکاتە رووی لە رۆژهەڵات بوو، رووی بـۆ رووبـار و چـیا و شـوێن دەسـتی مـن وەرگێـڕا... ماوەیەك پێکڕا تێیان رامایـن...

بە وردە هەنگاوان پتر بەرەو بەرزایی چوو، بە دەست گـازی کـردم. چـووم لـە تـەکی وەسـتام، دەستی خستە سەرشانم و چاوی بە لووتکەی خۆرهەڵاتەوە بوو، گوتی: ئەم دوو لووتکە سپییەی تەك یەك دەبینی؟ (سەیری منی کرد. لە کەپکەکان رادەمام...) :- کاتی خۆی دێوە بە نێـوان ئەم دوو ترۆپکە سپییەدا ئاوای ئەم دیوەی کردم، ئەوکاتیش هـەر ئـەوها سـپیبوون، کـەمێك دەستی لەدووندەکان هێنایە خوارەو و گوتی: لە رووتەنەکـە وەرە خـوارەوە دەگەیتـە دارسـتانە چڕەکە، لە لای ژێری لێڕەکەدا، لاپاڵە رکەکە دەبینی؟ ئەم قانە رەشـەی نـاو پووشـە سـپییەکە دەبینی، دەڵێی قیڕاوەکەی بەسەردا باریوە؟ دێـوە لـەوێ لـە نـاو مێگەلـە سـتێورەکەی منـی



خستەوە سەر زەوی، پێکەوە بە پێیان هاتینە ئـەو قووڵاییـەی کـە لێـرەوە دیـار نییـە، لـەوێ کەندێکی تەسك و قووڵ لە شاخێکی سووردا هەیـە، لـە سـەر تەسـکاییەکەدا پردێکـی داری دروستکردووە و من و ئەو و مێگەلەکە بەسەریدا پەڕینەوە... ماڵی باوکیشم لەودیوی ئەم دوو لووتکە سپییەوەیە...

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، فرمێسکی سڕییەوە، ماوەیەك سەیری یەکدیمان کـرد و رووومـان کردەوە دندووکەکان و گوتی: نە من دەزانم ئەوان چییان بەسەر هاتووە و نە ئـەوانیش دەزانـن من ماوم...

کوتە مەڕێك و دوو سەگ رووەو ئێمە هاتن، گـوتم: ئـەم سـەگانە شـوانی چـاکن، دوو رۆژە... لێمی وەرگرتەوە: دوو رۆژ نییە... چەند ساڵە و چەند پشتە... دێوە دەیگـوت ((ئـەم سـەگانە شوانن و من هەر بۆ دڵنیایی لەگەڵیان دەچم... چونکە مـن گوجیلـەی تـۆڕی بـەخێو ناکـەم، سەگی خوێڕیش ناکەمە شوان...)) زۆر جاریش سەگەل مێگەلی دەردەکـەن و دێـوە لەگـەڵیان ناچێت و هەر بەخۆیان دەیلەوەڕێنن و دەیهێننەوە، بەڵام لە ئاخـەڵێوە و دوومـانگیش دوواتـر، هەموو رۆژێك دەچوو بەرخە ساوا و مەڕەزای دێنایەوە...

بیـست هـەنگاوێك بـەرەو مێگەلەکـە سـەرکەوتین، شـوێنی بارانـە رەشـەکەمان بینـی، ئـەم هەمـــــوو بەفر و بارانە کاری تێ نەکـــردبوو، شوێنەکەی وەك تەنیمۆك رەشبوو، مەڕ و بزن و سـەگ و مـامزۆکیش وەك پاسـاری[11] نانـدینیان لێ هـاتبوو! ددان و سـپیلکی چاویـشیان رەشداگەڕابوو... چاوم بە دوو لووتکە سپییەکە کەوتەوە و گـوتم: پێیـەکانت چـۆنن؟ . گـوتی: باشترن، چاویشم چاکترە... گوتم: بەرەو گوندەکەتان بڕۆین دەردەچیت؟ شوێن گوندەکەی خۆتان بە ئاسانی دەناسیتەوە؟... بە خەندەکردنەوە هاتە پێش و ویستی دەستم ماچ بکات... دەستی گوشیم و گوتی: ئەگەر ئەمەم بۆ بکەیت... لەم خۆشییە گەورەتر دەبێ چیبێت؟ بەری پـێم بـە بەردانەوە بەجێ بمێنێ ئەوا من لە راکردن ناکەوم... مەگەر هەناسەم ببڕێت...!

١١- پاساری ناندین: چۆلەکەی هێلانەی لە ناندین بێ، لەگەڵ دووکەڵ رەش دەبێ و لە دوورەوە دیارە.

بە ڕێ کەوتین، لە هەندێك شوێندا بە پێی خۆی دەڕۆیشت، یا بنباڵ و پیلیم دەگرت، لە جێگەی ئاستەمدا دەمکردە کۆڵم، یا لە قیلمقاچیێ[١٢] لەسەر شانم بوو، لە هەورازاندا دەستم رادەکێشا، چەند جارێکیش بە گوریس سەرم خست..

پووش و دار و دەوەن و پاوانی دێوە ئەوەندە چڕ و پڕ بوو نەبێتەوە، لە قەد پاڵەکاندا ڕەوە کەو و سوێسکەو هەوێردە و هەڵۆ و داڵ و چرگ... پێکەوە هەڵدەفڕین و پێکەوەش دەنیشتنەوە، گورگ و کەروێشك و ڕێوی و مامز و بێچووە ورچ بەیەکەوە وازییان دەکرد، بەدووای یەکدا بازرەقەیان دەبەستا و قەڵبازیان هەڵدەدا..

کە گەیشتینە نێوان دوو لووتکە سپییەکە من بنباڵیم گرتبوو... تۆپە زەردباوەکەی خۆر خەریك بوو دەکەوتە پەنا بانی ئەشکەوتەکەمانەوە، لە ناو ڕەشاییەکەدا مەڕ و بزن و سەگ بەرەو ئەشکەوت ئاودیو بوون.

کەوتینە رووکاری ڕۆژهەڵات و لە سەر گابەردێك وەستاین، بە دەست و بە دەم گوتی: ئەم پیرە دارانە دەبینی؟ ئەوە گوڕستانی گوندەکەمانە... دێیەکەشمان لەم بەرەیە، بۆیە لێرەوە دیار نییە... پتر راما و گوتی: ئەم بەستەی نێوان هەردوو گردەکە دەبینی؟ کاتی خۆی دێوە منی لەوێ هەڵگرت... دەستی گواستەوە: ئەم دارتاوکەی نەوراییەکەش دەبینی؟ لەو دیوی تاوکەکەوە (چاکە رووتە)یە.(سەیری کردم، منیش سەرم لەقاند) کاتی خۆی دێوە منی لەوێ داناوە و لەوێش بێچووە کەروێشکەکانم بینی، هەر لەوێش دوواجار باوکمم بینیەوە... بەڵام... فرمێسکی هاتە خوارەوە...

کە گەیشتینە ناو ئاوایی، نیوە شەو راشکابوو و مانگ رۆشانایی ئەستێرەکانی بڕی بوو، خانووەکان گۆڕابوون، دەرگەی حەوشەیان لەشوێنی پێشاندا نەمابوو، لە ناوەڕاستی کۆڵانێکدا هەڵوەستەیەکی کرد، بە چوار دەوری خۆیدا رووانی... بەرەو پەڕگەی ئاوایی چووین، لە خانوو و بەرەیەکی گەورە سووڕاینەوە، لە دەرگای دا، وەڵام نەبوو، من توندتر دەرگام کوتا، لە کەلێنی دەرگا دارینە شڕەکەوە، ژنێکی چرا بەدەستم بینی بەرەو دەرگا هات، لە ناوەڕاستی حەوشەکەوە هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی: کێیە بەم ناوەختە؟... پێکەوە گوتمان: خۆمانین... بە

١٢- قیلمقاچیێ: قەڵاندۆشکان.



ترسەوە دەرگای کردەوە. دەستێکی و چارۆگەکەی بە سکە پفدراوەکەی گرتبوو... یەکدییان نەناسییەوە، تێك رامان...

مامزۆك: ئەوە ماڵی رەسووڵ راو چییە؟ ژنەکە پتر ترسا و کشایەوە و گوتی: چیت لە رەسووڵ راوچی دەوێت؟... ئەویش پتر چاوی زەقکردەوە و لێی چووە پێش بەڵکو بیناسێتەوە، دەستی بۆ چراکە برد... ژنە زیڕەیەکی کرد و چراکەی بەو دادا... چرا و ژنە کەوتنە سەر زەوی، زەیتی چراکە ئاگری گرت و منیش بە خێرایی ژنەم لە ئاگرەکە دوورخستەوە، دامەنی کراسی مامزێش ئاگری گرتبوو، خەریك بوو دەیکوژاندەوە...

ژن و پیاو بەجلی نارێکەوە لە ژوورەکانیاندا دەرپەڕین و گەیشتنە سەرمان... پیاوێکی دەست بەخەنجەر، پیلی ژنە دوو گیانەکەی گرت و گوتی: لێیان داوی؟ رووی کردە من: ئێوە لێتان دا؟ مامز بە پەرۆشەوە بۆی چووەپێش و دەستێکی خستە سەر روومەتی ژنەکە و دەستێکیشی خستە سەر دەستی پیاوەکە و گوتی: کاکە رەشید بۆ خۆی ساتمەی کرد و کەوت، چراکەش کەوتە خوارەوە... دەستی رەشیدی ماچکرد، سووڕایەوە و شێتانە روومەتی برایەکەی دیکەشی ماچکرد...

رەشید بن هەنگڵی ژنەی گرتبوو و بەرزی کردبۆوە و ئەویش دەینالاند... هەموویان دەیانگوت: بسمیلا... بسمیلا... بسمیلا... ژنێکی تێکچەقی دەیگوت: شەوە... شەوە... مێملە گاورەکە... لەمە چێتر دەستیان لێوەشاند... قوڕمان بەسەر بوو... دایکە و بێچووەکەی برد... مامزیش بەناویاندا دەگەڕا و بە چاوی زەقەوە سەیری دەکردن و دەست و پێی ماچدەکردن...

خەڵکیئاوایی بەسەرماندا رژان... ئەویش هەر دەیگوت و دەیگوتەوە: کاکە رەشید! من مامزۆکم! مامزۆکتان لە یاد نەماوە!؟... بە گریانەوە: دایك و باوکم لە کوێن؟... حەشاماتێکی زۆر بەم شەوە ساردە بە حەپەساوییەوە لە حەوشە تێك دەسووڕان و چرپە چرپیان بوو...

چوار دەستە ژنەیان هەڵگرت، ئێمەش بە دووایاندا بەرەو دوو ژوورە گەورەکە چوین. ژووری لابیانەکە فراوان بوون و دەرگا و دەلاقەیەکی گەورەیان لە نێواندابوو.لەهەردوو ژوور قەرەپەستانێ[١٣] بوو...

ژنێکی منداڵ لە باوەش لە دەرگاوە هاواری کرد: دڕدەن[١٤] !!! ڕێمکەن!!! جێمکەن!!! ئەمن مامزێ خوشك دەناسمەوە... تاوسە پەڕجوانەکەم بە قوربانت بم... بوویت بە کول و مەینەتی دڵی دایك و باوکت... هاواری کردەوە: ڕەشید!!! ڕەشید!!! ڕێم بۆ بکەنەوە!!! ئەمن دەیناسمەوە... خاڵێکی ڕەشی گەورەی بە موو لە پشتی ملییەتی، ئەمن دەیناسمەوە... نینۆکی پەنجەی گچکەی دەستی چەپی ناتەواوە... ئەمن هەر چاو و برۆی ببینم دەیناسمەوە... دەم و لێو و پێکەنینی دەناسمەوە... منداڵەکەی بە گریانەوە نایە ئامێزی ژنە قەڵەوەکە، خۆی کوتایە ناو قەرەپەستانێی خەڵکەکە، گەیشتە سەری، سەیری دەموچاوی کرد و گوتی: چراکەم بۆ بێننە پێش!... سەرتان لادەن! با لە ڕووناکیدا چاو و برۆی ببینم ... دەستی چەپی ڕاکێشا و سەیری نینۆکی پەنجەی بچووکی کرد، دەستی بەرداو بە سۆزەوە ملچە و شەققەی ماچیان هات...

سووڕایەوە پشتی و گوتی چراکەم بدەنێ... بە حەزێکی شێتانەوە دەمی بە خاڵە ڕەشەکەی وەنا و بە خۆیەوە گوشی، چراکەی لە ناو دەستدا لەرزی و خەریك بوو بکەوێت، چرایان لێ وەرگرت، خاوبۆوە و دەمی لێ کردەوە و گوتی: هەو... هەو... بورایەوە...

هەندێکیان پێکەنین و بە شێکیشیان گریان...

ژنێك لەو دیوەوە گوتی: سکەکەی هەڵقەناوە، منداڵەکەی لەبەر دەچێت...

ریش سپییەکی بە کەلەش بە دەنگێکی ناساز گوتی: خزمینە ڕۆژێکی زۆر خۆشە... خۆزگە ڕەسووڵ و مەنیجە شۆڕمان لە دیار بوونایە... ئێستا شەوە و درەنگە، تکایە پەرتە بکەن و هەرکەسەو بچێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی، خودا یاربێت بەیانی چێشتمان خوارد، ئاهەنگێکی شایستەی ئەم خۆشییە ساز دەکەین.. .

---

١٣- قەرەپەستانێ: زۆر پڕ، بە شان پاڵ بە یەکدی وەبنێن، گەمەیێکی منداڵانە، بە پێچەوانەی گوریس کێشکانێ ئەمەیان بە شان پاڵ بە یەکتر وەدەنێن...

١٤- دڕدەن:- ڕێگە بەردەن، ڕێکردنەوەیێکی خێرا و بە ترس،.



من و خوشك و برایەکانی لە ژوورەکەدا مابووینەوە، ژنەش لەو دیوی دەینالاند، دەیچرووکاند و هاواری دەکرد: وای باوکە پشتم! وای دایکە سکم! خودایە تۆۆبە!

مامزۆك بە پەرۆشەوە: نەتان گوت دایك و باوکم لە کوێن؟

ڕەشید: لەو ڕۆژەوە تۆ ونبوویت، باوکم مێشکی تێکچوو، هەر دەیگوت دەیگوتەوە: ((هەڵۆی سەر سپی بردی... کارمامزەکەی من پەری بردییان...)) دەستی لە ڕاو و شکار هەڵگرتبوو و لە دەشتودەردا چاوی لە تۆ دەگێڕا، سەیری باڵندانی دەکرد... باڵدارێکی گەورەی بدیبایە یەك بەخۆی هاواری دەکرد ((هەوە... هەوە...)) بە دووایدا ڕایدەکرد و هاواری دەکردەوە. ڕۆژێك لە نزیك دار کەوەتەکەی نەورایی چاکە ڕووتە، چاوی لە ئاسمان دەبێت و بە دووای هەڵۆێك ڕادەکات، پێ لە مارێکی ڕەشی شاخدار دەنێت، مارەش پێی وەدەدات... شەو و ڕۆژێك پتر نەژیا... دایکیشم ساڵێك دوواتر...فرمێسکی هاتە خوارەوە...لە سوویێی تۆ و حەژمەتی باوکم بە زگیدا.

من و مامزۆك بە چاوی بە فرمێسکەوە سەیری یەکدیمان کرد، جار جارە پێدەکەنین و ناوە ناوەش چاومان لە مۆلەق دەوەستا...

خوشکێکی بە تاو هاتە ژوورەوە و خەناوکەیەکی زێڕی زۆر جوانی بە دەستەوە بوو گوتی: دایکم ئەم ملوانکەیەی بۆ داناویت و دەیگوت: حەزدەکەم بە دەستی خۆم لە ملی مامزۆکێی بکەم، بەڵام ئەگەر من نەمام و ئەو هاتەوە، ئەوا بیدەنە دەسگیرانەکەی با لە شەوی بووکێنی لەملی بکات... گەردانەکەی دایە دەستی... تێی ڕاما... هەمان قەرێتە و لیرە و زێڕ بوو کە لە ملی کار ئاسکەکەدا بینیبووی!!...

لە نێوان ئەمسەری گریان و ئەوسەری پێکەنیندا هاتوو چۆمان بوو... دووای ئەوەی چاوی بە یەك یەکیاندا خشاند و سەیری منی کرد و ڕووی کردەوە ڕەشید و گوتی: ئەگەر شێرکۆ دڵم نەشکێنێ و کاکم ڕەشیدیش ڕازی بێت، ئەوا دەبێ ئەو بیکاتە ملم... چونکە ئەو بە گیانی خۆی منی دەرباز کردووە و بە مەردایەتیش بە ئێوەی شاد کردوومەتەوە، داستان و پاڵەوانییەتیەکەی بە حەوت ساڵ ناگێڕدرێتەوە...

چاوەکان بە نۆرە سەیری من و ئەو و ڕەشیدیان کرد، ڕەشید گۆمی بێ دەنگییەکەی شڵەقاند و گوتی: ئەگەر ئێوە هەردووکتان ڕازی بن، ئەوا ئێمەش پیرۆزبایی بێژین...

دووبارە گشت چاوەکان بە مەنگی لە من ئاڵانەوە، چاوم بۆ هەرلایەك دەسووڕاند، پێشیان لێ دەگرتم، بە خامۆشی داوای وەڵامیان لێ دەکردم... رووم کردە رەشید و گوتم: ئەو ئەوە دەزانێت کە ئێمە سێ پیاو بووین و چۆن بەتەنها من رزگار بووم و ئەویشم دەربازکردووە، بەڵام نازانێت کە من دوو هاوسەرم هەیە و بەبێی ئەوان ناکرێت بەڵێن بدەم... بەم زووانە وەڵامتان بۆ دەنێرمەوە، دەبێ من هەر ئێستا بڕۆم، چونکە خەڵکێکی زۆر لەسەر پەنگر دانیشتوون و چاوەڕووانی منن، نازانم بە چ رووێك و چۆن چۆنی سەروپێی دوو جوانەمەرگیان بۆ ببەمەوە؟ رەشید: چەند رۆژێك لەلامان بە، تا ئاوەکان دەنیشنەوە و بڕدەدەن، ئەوکاتە پێکڕا بە سواری دەچین... لە جێگەی خۆمدا راستبوومەوە و گوتم: زۆر مەمنوون، پیاوەتی خۆتت کرد، دەبێ بمبوورن، من بە تەنها دەڕۆمەوە!... بە ساخی بگەم، ئاگادارتان دەکەمەوە...

رەشید کە زانی هەردەڕۆم، هەستایە سەرپێ و گوتی: ماینەکەی منی بۆ زینکەن، خواردن و پێویستی رێگەشی بۆ دانێن... زۆر حەزدەکەم یەکێکمان لەگەڵت بێین...

کە گوتم زۆر مەمنوون ئێوە ماندوو ناکەم ... ئەو گوتی: بە رێی زینی، سەرچیاو سەر چیا بڕۆ، ماینەکە شارەزایە، هەتا دەگەیتەوە دەشتاییەکەی خۆتان هیچ رووبارێکی قووڵت نایەتە رێیێ، بەفریش نەماوە رێگربێت یان رێگەکەت لێ ون بکات، ئێوارەی دادێت نا، بەڵام دوو بەیانی، پاش نیوەڕۆ دەگەیتەوە ماڵ....

مامزۆك زانی سوورم و هەر دەڕۆم و کەسیش لەتەك خۆمدا نابەم، لەوکاتەی کە سواری ماینەکە دەبووم، لێم نزیك کەوتەوە و بازنەکەی لە دەستی دەرکرد و بۆی هاوێشتم و گوتی: با ژنە جوانەکەت ئەنگوستیلەی دێوە لە دەست بکات. گەردانەکەشی هاوێشت و گوتی: لە تۆ بەولاوە کەسێکی دیکە ئەم ملوانکەیە ناکاتە ملی من... منیش بە ئەنقەست خەناوکەکەم نەگرتەوە، لێم تێپەری و لەو دیو ولاخەکەوە کەوتەوە سەر زەوی، ئەوچوو هەڵیبگرێتەوە، منیش قامچییەکم وەشاند و بۆی دەرچووم...

لە ناو ئەشکەوتەکەوە هەردوو کەللەسەر و کەوڵەکەیان و هەرچوار پێیانم خستە ناو خورجەزین و رووم کردە رێیەکەی کاك رەشید گوتبووی...

لە دیوەخانی مام هەیاس دانیشتبووین، بەسەر هاتەکەم بە کورتی بۆ گێڕابوونەوە.. حەشاماتێکی زۆر هات، دیوەخان و دەر و بەردیوەخانی پڕکرد، نێر و مێ... گەورە و بچووك



واقی وڕمابوو... هەبوو دەگریا... هەبوو ئاخی هەڵدەکێشا، رووخساری خاوەن مێگەلەکانیش نەژاکابوو و بە دڵیش پێدەکەنین...

سینەمی سوارەی لە تەك پەریزاددا دانیشتبوو، دەستی خستبووە سەر سکی و فرمێسکی دادەباراند...پیرەژنێکی بچکۆلەی بێ ددانی بسك سپی و چاو و دەم چاڵ، هات لە نێوان سینەم و پەریزاددا دانیشت، بە پەشۆکاوی گریا و لە سکی سینەم راما و گوتی: هەیاس! چەند ساڵە بەدبەختی بەرۆکمان بەرنادات... باشە باوکەکەم حەزیای نەگبەتی نووستبوو بۆ بە ئاگاتان هێنا؟... دێوە و حەزیا و شەوە... بەرۆکمان بەر نادەن....

ئێوارێ لە کانییێ ژنان **دیانگوت:** شەوە لە ژنۆکەی رەشیدی رەسووڵ راوچی داوە... هەشبەسەرە جمکێکی هەشت مانگانی لەبەرچووە... بەڵام بە خۆی دەمی خواربووە و نەمردووە...**دەڵێن** (ئالە)کە خۆی لە شێوەی کچە ونبووەکەی رەسوولی، پیشانی ژنە قووڕبەسەرەکە داوە، بەوەی باشە **دەڵێن** مێملەکەیان گرتووە، پێستەی پێستی بزنە و لاقێکیشیان سووتاندووە، **دەڵێن** لە ماڵی رەشیدی سندمییان کردووە و ناهێلن بێتە دەرەوە... **دەڵێن** نێرە (شەوە)یەکیشی لەگەڵ بووە، دێڵە شەوە **گوتیتییە** گۆڵەکەی جێم مەهێڵە و بۆخۆتم ببە... ئەویش **گوتوویەتی** دوو ژنم هەنە و بێ پرسی ژنێ خۆم ئەتۆ نابەم، ئەدی ... پیاوی (شەوە)ش پرسێ بە ژنێ خۆی دەکا ئینجا ژنێکی دیکە دێنێت... **دەڵێن** ژنە شەوەکە بازنێکی داوەتە پیاوەکە و گوتوویەتی ژنەکەی خۆتی پێ رازی بکە... خەناوکەیەکیشی بۆ هەڵداوە و گوتوویەتی تۆ بە دەسگیرانی بیکە ملم... پەریزاد لە بازنەکە راما و شەویش **پێی گوتم:** ئەم بازنە ئەنگوستیلەکەی پوورە (شیرن)ە و گەورە کراوە...

پیرەژن بە سۆزەوە سەیری سکی سینەمی کرد و گوتی: دەڵێن نێرە (شەوە)کە بە سواری ماینێکی ئاوس، چیا و چیا بەرەو ناوچەکەمان هاتووە... دیسان سەیری سکەکەی کردەوە: بە قوربانتان بم! ئاگاتان لە خۆتان و لە سکەکانتان بێت، بە شەو دەرگا مەکەنەوە و بە تەنیاش مەچوونە دەرەوە... (سەیری پەریزاد و دوواتریش سکی سینەمی کردەوە) سەد جار بەلاگێڕتان بم وجاغ کوێرمان نەکەن...

رووی کردەوە هەیاس و گەورە پیاوەکان: **دەڵێن** دەڵە دێوە یەکچاوەکە تۆپیوە و بۆتە هەورێکی چڵکن و رەشاوێك بەسەر حەوت ئاقاراندا باریوە، خۆڵ و دار و بەردیشی رەشکردووە...هەرگیانلەبەرێکیش

چ نێر چ مێ، لە مێروولەوە بگرە تا دەگاتە مەڕ و بزن و ماین و سەگ، ئەوەی ئەو بارانەی بەرکەوتبێت یا لەو ئاقارە بلەوەڕێت ئەوا نەزۆك دەبێت..

پیرە پیاوێکی سوور و سپی گوپ پڕی گەدگنی خاو و خلیسك: لە خەودا ئەم دەنگوباسانە بە فنشخان دەڵێن... ئەوە مێردەکەی سێ ژنی بەسەر هێناوە و پرسی پێ نەکردووە، پەنجا ساڵە پیرۆز فنشکراوە، تازە بە تازە پیرە فلقنی قسەچن، برینی بەژان دێنەوە... دیارە کاتی خۆی فنشۆك بارانی دێوەی بەرکەوتبوو بۆیە ماچە[15] دێزە نەزۆك بوو، دەمڕەشی دەمبەهاوار، جارێك بۆ دەرمان، مژدەیەك، تەرزە نوێکی خۆش لە ئاوایی بگێڕە...

پیرەژن هەڵچوو و چاوەقووڵەکانی زەقکردنەوە و لێوی هەڵقورچاند و بۆڵاندی: کوشمەی گڕە[16] ! گۆردە بەگی کوڕی قەوچەی! ئەتۆش سێ ژنت هێنا، بە هەرسێکیان دوو مانگ لە کنت دانەنیشتن، بیست جاریش بە مەمنوونییەوە داخوازیی منت کرد، بەڵام بێزم نەهات چڵمیشت پێدابدەم.. بیستوومە دەڵێن پیاوی کەچەڵ سەری خۆی دادەپۆشێت، کەچی تۆ شەرمە نازانی و لە هەموو مەکۆ و مەیدانێکیشدا شەڕە قۆچانێ دەکەی...هەرزە دێزەی بەدفەڕ! زرتەبۆزی مل پان! هەتا دەتۆپی هەر دەلەوچی و لووشکان داوێی...

هێور بۆوە و سەر و پۆتەڵاکی خۆی رێکخستەوە و چاوی بە هەموویاندا گێڕا: باوکی بەهەشتیم خودا لێیخۆش بێ لەگەڵ مردووی ئێوە... دەیگوت: ژیان ململانێیە، بەڵام هەر بەربەرەکانێیەك، خۆ بە تراندن دانی تێدابێت، ئەوی شەرم لە خۆ بکاتەوە نایکات... ئەم مەنگۆزە و زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆش شەرم لە تڕ و پاشەڵی تەڕی خۆیان ناکەنەوە... هەستایە سەر پێیان و بەرەو دەرگا چوو، وەستا و دەنگی بڵندتر کرد: هەر مەیدانێك کەمتیارێکی ورگ تێرکە گووی وەك تۆ زۆرەبانێی لێبکات... من بێزم نایێ لێی بوەستم... قسە رەقی دەم بۆگەنی...شفتوشۆت نەشکێنن خورشتت دانامرێ، ئێستاش بگەڕێیتەوە ئەو تەمەنی هەر بێزم نایەت خووزیشت پێدابکەم... لە دەرگا چووە دەرەوە و لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند...

---

١٥- ماچە : هێسترە مێ.

١٦- کوشمە: کەپوو کورتی کونە لووت فش، ئەفنەس.

گڕە: ددان گڕ. ددان زلی رووەو دەرەوە دەرچوو.



کاکۆڵ سەوز لە شوێنەکەی خۆی هەستا و چووە پێش پیاوەکان، سەری بەم لاو بەولادا گێڕا و گوتی: پلکە پیرۆزە فنش راست دەکات... گیانلەبەرەکان نەزۆك بووین... بەڵام ئەو نەیگوت لە زەوییەکەشیدا رووەك ناڕووێنەوە، ئەوانەیش کە پێشتر لەوێ سەوزبووبوون، ئەوا چیدیکە گوڵ ناکەن و بەر ناگرن و تۆ نادەن... ئەو ئاوەی بەسەر ئەم خاکەشدا بڕوات و بچێتەوە ناو رووبار و گۆماوەکان، ئەوا ماسییەکانیش نەزۆك دەکات... نەشی گوت ئەو گڕکان و گەردەلوولە رەشەی لەدێوە دەرچوو، تاریکیی دەروونی ئێوە و بەدرەفتاریتان بوو، ئەو خڕیکردبۆوە و لەناو جەرگی خۆیدا کپی کردبوو، بەڵام کە کوژرا، بوو بە دووکەڵ و ئاسمانی لە شێوەی کڵاوڕۆژنەیەکی گەورەوە کون کرد، تیشکێکی ئەوەندە گەرم بە ناویدا هات کە خۆڵ و بەرد و دار و شاخی تواندەوە... ئەوەش هۆشداری و پەندە، پێمان دەڵێ رۆژێك دادێت هەموو گۆی زەمین وەك ئەو پەڵە چڵکنانە رەش دادەگەڕێت و دەتوێتەوە، نەوەکانیشتان نەزۆك دەبن و دەبڕێنەوە...

وەك جاران قاقا پێکەنی و گوتی: لە ململانێ و کێبەرکێدا بە خۆمان نێزە لە چاوی خۆمان دەدەین، کە کوێربووین ئینجا پەشیمان دەبینەوە، (بە قاقای کەنینەکەی زەوی و ئاسمانی لەرانداوە) ئەو کاتیش پەژیوانی فریامان ناکەوێت... ها ها ها... ماوەیەکیش بە دەنگ گریا و هەنسکی دا... ژینگە دەستێکی بە کاکۆڵە سەوزەکەی داهێنا، قژی سەوزی وەك چیمەنی وشك هەڵکەندرا و بەدەستییەوە هات، چەند ساتێك لە ناو لەپی دەستی رووەو خەڵکەکە رایگرت... رەنگە سەوزەکەی رەش و زەرد هەڵگەڕا، هەندێکی هەڵوەراندە سەر زەوی، ماوەیەك دەستی چەپی خستە سەر سەرە رووت و بریقدارەکەی و گوتی: **سەیری کەللەی لووس و رووتی من و بێ پۆشاکی گۆی زەوی بکەن! چۆن لە تەنی بەدکاری و هەناسەی ئێوەدا سەوزایی پێوە نەماوە، لە رووتی و لە رەشییان دەبریسکێتەوە... بزانم چۆن چۆنی پەرچەمە سەوزەکەی من چاك دەکەنەوە؟...**

هەی ڕۆ دایپیرە سروشت رۆ!... هەی رۆ سەوزایی رۆ... هاوارە هاوارە... هاوارە بۆ کەللەی خۆم و گۆی زەوی ... هاوارە.... هاوار لەدەست ئێوە... هاوارە بۆ ئێوە و بۆ زیندەوەرانی سەر گۆی زەوی...

فەرموودەی پوورە فنش و کاکۆڵ سەوز راست دەرچوو... هەموو مەڕدارەکانی ناوچەکە فڕان فڕانیان بوو مەڕ و بزن و سەگی دێوەیان برد، سێ ساڵ بە پەرۆشەوە بێ هوودە چاوەڕووانی بێچوو بوون..

## ڕەحۆ تەڕنابێت

رووم کردە ڕەحۆ: دیسان لە سێ کەسان بە تەنیا من دەرچووم، گەلێك پەشیمانم لەوەی کردوومە، بەڵام داری وشك سەوزنابێتەوە... بازنەکەم بە دەستەوە بوو گوتم: ئەم بازنە، ژنەکانم کامەیان دڵی تەنگ و نیگەران بێ، دەیکاتە دەستی... پەشێوی و نائارامییەکەی دەڕەوێتەوە، منیش جارجارە دەیکەمە مەچەکم... بانگم کرد: خەناوکەکەی مامزم بۆ بێنن... مامزیش خەناوکەکەی دایە دەستم و بە رقەوە سەیری کردن و بەبێ دەنگی گەڕایەوە ئەو دیو چیغەکەوە...

گوتم: بەسەرهات و یادەوەری بێ وێنەی ئەم ملوانکە زێڕینەشم بۆ گێڕانەوە... پیاوی باش بن! جوانووە ئەسپی کەوێت و ماینەکی شێ ببەن... کە دەڵێن مەڕمان ناوێت و شوانیمان پێناکرێت، ئەوا هەر بەخۆتان برا گەورە و سەرپشك بن! لە جیاتی مەڕەکان، بازنەکە یان ملوانکەکە هەڵگرن، هەر یەکە و شتێکی باش و نایابتان بەردەکەوێت... ئەنۆ و دڵۆ بە پەرۆشەوە گوێیان شلکردبوو، کە وام گوت گەشانەوە، دلۆ منگەمنگێکی کرد، بەڵام قسەکەی خۆی قووتداوە.

گوتم: ماینێ کەوێت جوانکیلەیەکی لەبەرە و هێشتا حەفتەی نەچووە، ساوایەکە بێ دایك و دایکەکەش بێ بێچوو مەکەن... پیاوی چاك بن! من و پەریزاد چاومان لە ماینەکە بەرنابێت، ئەو بە کچی خۆی دەزانێت و وەك دایك گەورەی کردووە و فەرامۆشی پێی دێت... ستەمی بێ ئەندازە پەژیوانی بێ ئەندازەی بە دوواداوێت...



ڕەحۆ بەبێ ئارامییەوە: ئەگەر جوانووە گەورەکە نوما بوایە ئەوا لەبەر دڵی تۆ قبووڵمان بوو، بەڵام جوانووە ئەسپی کەوێت بۆ ئێمە دەست نادات، جوانکیلەی پەژمووردەشمان بۆ بەخێوناکرێت... ئەگەر دەیدەیت، ئەوا وەك لەیەکەمجاردا گوتمان ماینێ کەوێتی دامەنتاریمان دەوێت، ئەگەریش نایدەیت، ئەوا بێ پێچوپەنا بڵێ پاشگەز بوومەتەوە... وابزانم، بە منداڵمان دەزانی ئەم بینەو بەردەیەمان پێ دەکەیت، بۆئەوەی تەفرەمان بدەیت... (چاوی لە هاوەڵەکانی سوورکردەوە) دەیەوێت لە خشتەمان ببات و پێکمان وەنێت. پێشتر گوتمان درەنگمان بەسەر دامەینە و نەزیرۆکان مەخوێنەوە، منداڵ نین، فریو ناخۆین، وا دەزانیت ئێمە بە دووای ژەمە نانێك دەگەڕێین، یان هاتووین بمانکەیتە شوانی کوتە مەڕێك... ئەگەر ماینەکە حدود و بێهاوتا نەبێت، بۆ ماینی شێ و ئەسپی کەوێت و کوتە مەڕ و بازنی ئەفسووناوی و ملوانکەی زێڕی دێوانی لە جیاتی دەدەیت؟

بەبێ دەنگی هەردوو جوانووم بەستنەوە، ماینم زینکرد، جڵەوەکەم دایە دەست ڕەحۆ و بە شێوەی گلەیی گوتم: فەرموو! بەڵام بزانە نامروەتی دوو شەرمەزاری بە دوواوەیە...!

ڕەحۆ بە بزەوە دەستی گوشیم، وەك سەرکەوتوویەك ئاوڕی لە هاوەڵانی داوە و بە پێکەنینەوە: دەمزانی مەردە و لە گفتی خۆی پاشگەزنابێتەوە... پێی لە ئاوزەنگ نا و لە خانەی زینی دانیشت، ئەنۆ و دلۆش دووای کەوتن...

هێشتا ئەوەندە دوور نەکەوتبوونەوە کە پەریزاد بە هەڵەداوان لە ڕەشماڵ هاتەدەر و بە شڵەژاوی گوتی: چۆن دڵت هات کچەکەم بدەیتە چەتان؟ مەگەر هەموو جار نەتدەگوت من و تۆ و ماینێ کەوێت بۆنی یەکدیمان گرتووە؟ من بەبێی کەوێت لەم چۆڵەوانییە سەیری چی بکەم؟

گوتم: خۆم گڕم گرتووە، تۆش ئاگرەکە خۆش دەکەی؟ سەرکۆنەم مەکە! ماینی کەوێتت بۆ دێنمەوە!... ئەوانە گەلۆر و بێ دڵ و نەوێرن... پیاوی ڕەشید ڕێزی بەرامبەرەکەی دەگرێت و ئەوەندەش بێ ویژدانی ناکات... دڵت گەرد نەگرێت یا منیش نایەمەوە یا کەوێتت بۆ دێنمەوە... تا خۆم دەبەستم جوانووە ئەسپی کەوێتم بۆ زینکە!

بە دڵی بە فرمێسکەوە جڵەوی دایە دەستم، بەئاشکراش پەژیوانی لە رووخساریدا دەخوێندرایەوە، بەخۆی نەوەستا و بە پاڕانەوە گوتی: شێرکۆ! ئەوان سێ و ئەتۆش تەنیا...

وەرە مەردی خودابە! دەست لە کەوێت هەڵدەگرین، جوانووە ئەسپەکە جێی دایکی پڕدەکاتەوە، جوانکیلەکەش وەك دایکی بەخێودەکەم، ماینێکی لە دایکی جوانتری لێدەردەچێت و بێنی پێوە دەگرین...! گرژیمەوە، سواربووم و فڕیم...

بە ڕێگەیەکی قەدبڕ و بەربەیاردا، چووم لە سەر بەرزایی دەم چەمێك بۆسەم بۆ دانانەوە، لمووزی جوانووەکەم بەستا و لە ناو بێشەڵانی دەم چەمەکەدا بەستمەوە... ساتە وەختێك چاوەدێربووم... هەرسێکیان سواری ماینەکە بووبوون و گۆرانییان دەگوت... لە رووبارەکە پەڕینەوە و بەرەو جێگەی مەبەست هاتن...

بەردێکی گەورەم هاوێشتە پێش ماینەکە و بە دەنگێکی بەرزی نێرانە تێمراخووڕین: ئەوی ببزوێ دەیکوژم! یەك یەك، هەردوو دەستتان بخەنە سەر تەپڵی سەرتان و بێ دوواکەوتن دابەزن! ئەوەی تروکەیەکیش دووا بکەوێت یا هەڵپەی هەڵاتن بکات، ئەوا پەلەقاژەی مەرگ دەکا و خوێنی خۆی...

دەرفەتی هەڵاتن و دەسوەکەرییان نەبوو، بە شێواوی دابەزین و بە دەم لەرزەوە چاوەڕووانی فەرمان بوون... بە هەمان دەنگی پێشتر گوتم: چەکەکانتان فڕێ دەن و لە ماینەکەش دوورکەونەوە! ... چوار هەنگاو وەرنە پێشتر و بەرامبەرم بە ڕیز بوەستن...

کەوێت دەنگی ناسیمەوە و بە فرتکە سەرکەوت و لە تەك جوانووەکە وەستا و نەرمە قەپی لێدا و سەر و کلکی وەشاند و حیلاندی...

خۆم وەك (لەشکری) هاتە بەرچاو کە گوتم: دوو هەنگاوی دیکەش وەرنە پێش تاکو ئەوەی بیەوێت لە فەرمانم دەربچێت زوو تەواوی بکەم... رەحۆ! کورتەك و شەرواڵ و کڵاو و شەدە و پێڵاوەکەت بەخێرایی داکەنە! ئەگینا گیانت دەرچووە، خۆشت دەمناسی لە قسەی خۆم پاشگەز نابمەوە... ویستی خۆی بخافڵێنێ، چاوی لە دەرفەتی هەڵاتن گێڕا... بێ هوودە بوو... جارێکی دیکەش نەڕاندمەوە: دەزانم منداڵ نین و فریوناخۆن، بەڵام پیاوی مەیدان و دەسکردنەوەش نین... هەرسێکتان بە دوو خولەك، چرکەیەکیش پتر نا، جلەکانتان بە تەواوەتی دابنێن و تەنها کراسەکانتان لەبەردا بمێنێ و لە تەنکاوەکەدا بە ریز رووەو من بوەستن! ئەوی دووا بکەوێت ئەوا تەرمەکەی رووتدەکەمەوە.



هەرسێکیان بە کنگی رووتەوە لە تەك یەك بەرامبەرم وەستان..

: - رەحۆ! لێت پاڕامەوە بۆ ئەوەی جوانووە ئەسپی کەوێت و ماینێ شێ و کوتە مەڕێك ببەیت، وەك گوتم مەبەستم بوو هەرسێکتان بێ بەش نەبن... لە سەرەتای یەکتر دیتنماندا، گەوجی و کەللەپووکیی دوو هاوڕێکەت و چاونزی تۆم خوێندەوە، زانیم سکڕەشی ئەوەندە بەرچاوی لێڵ کردوویت کە بەتەنها لووتی خۆت دەبینی، ماینێ کەوێتیشت بە تەنها بۆ خۆت دەوێت، ئەویشت بۆ ئەوە بوو خۆتی پێ هەڵکێشی، دوو کەللە پووچەکەش لە داخانا ئاخت بۆ هەڵکێشن...

خەمۆ! دووپشك دۆست و ناحەز ناناسێت، هەر بۆی هەڵکەوت پێیان وەدەدات، ئەگەر تەنگاویش بوو و کەسی دەست نەکەوت چزەکەی تێبچەقێنێت ئەوا بە ژەهرەکەی، خۆی دەکوژێت، کەچی تۆی چوار پشك، لە سەرە مەرگیشدا هەر دەتەوێت ژەهر بکەیتە دڵی دەوروبەرەکەت، شێرپەنجەی خۆپەرستی، هەموو خانەکانی مێشکتی گرتۆتەوە، کڵپە و گڕی ئێرەیت، گەناوی گەندەکاریت، دەوروپشتتی ....

بۆیە منیش بڕیارم دا پۆزت بشکێنم و بەم شەوە بەرچاوت روون بکەمەوە و ئەوانیش بە ئاگا بێنمەوە... گوتم ستەم و بێ مروەتی بێ ئەندازە، چاوبەرەژێری بێ ئەندازەی بە دووادادێت... هەر بۆیەشە کە ناتکوژم... یەك یەك لە رووبارەکە بپەڕنەوە ئەوبەر، بەم مانگەشەوە فێنکە، بۆ خۆتان راوە ماسی بکەن...

وەك کاکۆڵ سەوز، قا قا پێکەنیم: دەزانم زۆر زۆر پەشیمانن... بەڵام...

کە هەر یەکە و لە ئاستی خۆیدا بێ ئاوڕدانەوە پەڕییەوە، دابەزیم و چەك و جلەکانیانم هەڵگرت، جوانووەکەم بەرەڵا کرد، سواری ماین بووم و بە تەقڵە کوت بە ڕێگەی خۆمدا گەڕامەوە... لە رێگەدا پەریزادم بینی جلی پیاوانی لەبەر بوو وەك با بە دووامدا دەهات... چاوی بە ماین و جوانووەکە کەوت، لە لاڕێدا وەستا. کە گەیشتمە ئاستی، بە خۆشییەوە گوتم: من و تۆ و ماینێ کەوێت، مردن نەبێت هیچ شتێکی دیکە لە یەکدیمان دانابڕێت... (بە پێکەنینەوە) پەریخان! سواری جوانووەکە بە! شێرە ژنی وەك تۆ لە سەر پشتی ئەسپی کەوێت دڵگیرە...

جڵەوی ماینەکەی گرت و بە چاوی پڕ خەندەوە ماچی کردم و گوتی: نا نا مرازمە بەدڵی خۆم لەسەر پشتی ماینە کەوێت لە ئامێزت بگرمەوە... ژن و مێرد دووپشتەکی سواربن دڵگیرترە...

سوار بوو، لێم هاته پێش و هەردوو دەستی تێوەرینام، چەناگەی خستە سەرشانم و سنگ و بەر سنگ و رانی بە منەوە گوشی و گوتی: خۆزگە لە نێو خەڵات و گۆڕیشدا پێکەوە دەبووین...

رەحۆ و ئەنۆ و دلۆ لە رووبار پەڕینەوە و هاتنەوە بەری گوندەکەی خۆیان، ماوەیەك بە سەرسامی لە جێگەی بەستنەوەی جوانووە ئەسپەکە وەستان، سەیری تەرسەقوڵی وڵاخەکانیان کرد... لە یەکدی رامان و گاڵتەیان بە خۆیان هات... تریفەی مانگ کاڵ ببۆوە، برژانگی چاوی خۆر، بریسکەی دا، رووناکی و گەرمی بەسەر پشتی زەویدا پەخشکرد... بیریان لە خۆیان دەکردەوە، هەتا کەی بە رووتی و بێ خۆراك لەم چەمەدا بمێننەوە؟ بە کنگی رووت و پێی پەتی بەرەو گوندەکەیان بچنەوە؟ بەرەو هەوار و تاوڵی کەوێتی دامەنتاری بگەڕێنەوە و لە شێرکۆ بپارێنەوە؟...

لە لای رۆژهەڵاتەوە هەڵۆی سەر سپی ورشەی هات، چەند جارێك سیڕاندی و بۆیان دابەزی و هەستایەوە و دوورکەوتەوە و هاتەوە سەریان... لە ناو زەمەندەکەشدا رەشە ماری شاخدار سەری بڵند کرد و کیفاندی... زمانە دوولکەکەی دەرکرد، سەری نوی کرد و خشی... سەری بەرزکردەوە و تێیان راما، بە دەورییاندا جلیتانێی کرد، ئەوانیش لە ژێر داری چڕ و لە ناو دڕك و قامیشەڵاندا خۆیان حەشاردا و پەلاریان هاوێشت، هەڵاتن، کەوتن و هەستانەوە و زیڕاندیان...دووای چەند ساتێك مار و هەڵۆ گومبوون...

دووای تۆقین و بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی زۆر، کراسەکانییان لە سمت و نێوگەڵیان و بەستا. رەحۆ بە نائومێدییەوە گوتی: تا ئێوارە لە جێگەی خۆماندا دەمێنینەوە، لەگەڵ تاریك کەوتندا دەردەچین، بە لاڕێدا بەرەو ئاوایی دەڕۆین، درەنگی شەو دەگەینەوە جێ، هەرکەسەو دەچێتەوە ماڵی خۆی...

بەرەبەری ئێوارە گەواڵە هەورێکی رەش لەلای باشوورەوە پەیدابوو، وردە وردە بەری ئاسمانی گرت... ناوە ناوە بارانی دڵۆپ گەورە و تاو تاوەش گلێرە و گاریسۆکی لێ هات، کاڵە پێیەك تەرزە کەوت...هەرسێکیان هەر بەرووتی و بە هەڵەت و دۆڵ و شیواندا بەرەو گوند گورگە لۆقەیان بوو، کە گەیشتنەوە بن ماڵان لە هەرچوار کەنارەوە پنکە هەورێك بە ئاسمانەوە نەمابوو...مانگ بیست شەوی و کاروانکوژەش سەرە تاتکێی بوو، دەسکە رووناکی کز لە چەندین کولانکەی خانوواندا شنایەوە، پتر بەرەو رووناکییەکە چوونە پێش ...



رەوە سەگێك، لەگەڵ دێڵەبەبا وەڕین و شالاویان هێنا... کسۆك تا ئێستا دەعبا و دڕندەی رووتیان نەدیبوو، بۆیێ لێیان نەدەگەڕانەوە، بازنەیان بە دەورییاندا کردبوو، هێرشیان بۆ دەبردن، ئەوانیش چەغەیان لێ دەکردن و بە کوچکە بەردان پاسی خۆیان دەکرد...

زاڵە، گەماڵێکی بەڵەکی کلك تووکنی قەرانگانییو کەللە زل و لمووز ئەستوور و گوێ بڕاو بوو، قەپی لە کراس وسمتی رەحۆ گرت و زیواڵە گۆشتی پچڕاند... دێڵەکەشیان گازی لە بەلەك و رەفیسکی دلۆ دا، تا دەنگی هەبوو زیڕاندی و لە هۆڕژنی گریانێیدا. هەرچۆنێك بوو سەگەکانییان بە گاشە بەردان لە خۆیان دوور خستنەوە، دوورە بەرد و پەلاریان تێ دەگرتن، بەڵام نەوێران هەنگاوێکی دیکە بەرە و گوند بنێن...

رەحۆ بە دەم ئازار و لەرزەوە بە ئەنگوچکی کراسەکەی خوێنی لا سمتی و لاقی سڕییەوە و گوتی: دێڵەبەبای دەویت خاوەن، هەی ژنی خاوەنەکت ...، هەموو سەگی گوندی وەدوو خۆ داوە و هاتۆتە سەر رێمان، گۆڵی سەر دێڵەبەباش لە چاوی مار سڵ ناکات... با بچینە لای ژێری ئاوایی، ئێستا ئەوێ کش و بێدەنگە... تووتکیش لە پیاوی رووت ناگەڕێتەوە...

کشانەوە دوواوە، دووراو دوور بە دەوری دێیەکەدا سووڕان، لە خوارەوە بەرەو ئاوایی هاتنەوە. سەگەل لەوێ بۆیان لە بۆسەدابوون، بە حەپین و مڕاندن و ددان گڕکردنەوە بۆیان چوون...

زاڵە دێڵەکەی بۆخۆی زەوت کردبوو، ئەو گورگخنکێنە ددانی بە چێرەوە ببردایە و مڕەی بهاتبایە، گۆڵەکانی دیکە دەتۆقین و لەو هەرێمان نەدەمان، کە خەریکی دێڵە بەبایەکە دەبوو ئەوانی دیکە بە پەرۆشەوە تێیڕادەمان و لە حەژمەتان لە دوورەوە دوورەژەنیان بوو... رەحۆ هێندەی هەموو گەماڵەکان لە زاڵە دەترسا، بۆیە هەر چاوی پێیان کەوت، باوەشێك خڕکەی پڕ بە دەستی بۆ ئامادەکرد، مەبەستی بوو لە نزیکەوە وای لێبدات سەکەتی بکات، یا پەکیبخات، ئەگینا ئەو زیواڵ زیواڵی دەکات. زاڵەی ملەوەزیش قاندڕی رەحۆ بوو.

هەر لە دوورەوە دەمی داپچڕی و گوڕیکردێ. بە هەموو هێزییەوە گاشەیەکی راوەشاندە کەللەی... زاڵە سەر و ملی لادا و بەردەکە بەر ئەستوورایی رانی کەوت. هەردووکیان لە شوێنی خۆیاندا حەپەسان، ماوەیەك بەرامبەر یەکدی مڕبوون... زاڵە مڕاندییەوە و شالاوی بردەوە، دوو سێ هەنگاوێکی مابوو بیگاتێ، گشت توانای خۆی کردە خڕکەیەك و خێواندییە

نێوان هەردوو برۆی، زاڵە چاوی تاریك بوو و قووڕاندی وتێك سووڕا و بە تاساوی بەرەو دوواوە گەڕایەوە. پتر گوڕی هێنایە بەر خۆی و گاشەیەکی دیکەی لە بن پیلی دا و سەگەکانی دیکەی لێ دەنگ دا... گەماڵێکی کلك و گوێ نەبڕاوی ڕەنگ و شێوە گورگانی، کە پێشتر لەسەر دێڵەکە چەند جارێك یەکدییان شێلابوو، بەڵام دەروەستی نەدەهات، هەلەکەی قۆستەوە و دوکمی کردێ، بارانگژی یەکدی بوون، کاریتەیان کرد[17]، خەریك بوون قەپ لە گوێ و مل و هەوکی یەکدی بگرن، گەماڵە گورگانی بناگوێی زاڵەی گرت و رایتەکاند، سەریان وەشاند، چەند جارێك دوو پەلی پێشەوەیان گەیشتەوە زەوی هەڵستانەوە سەر پاشووان و بەلاداهاتن و خۆیان گرتەوە (دەڵە و گەماڵەکان بە وشتی تێیان رادەمان) زاڵە بە کاسییەوە چەنگ و گەزەی دەهاویشت، بەڵام جێگەی خۆیان نەدەگرت، گورگانیش بناگوێ و کەزیلەی[18] ملی دەکرتاند و رایدەتەکاند، نەشدەوێرا بەریبدات، لە ئەنجامدا زاڵە کەوت و گورگانی دەمی نایە خنخنۆکەی... گەماڵەکانی دیکە پەلاماریان دا، لە هەموو لایەکەوە دەمیان تێنا، لێکیان کێشایەوە، گوێ و قووڕقووڕاگە و کیرەووڵ و گونی کەلاکەکەیان پچڕاند... گورگانی کشایەوە، گوێی مووچ و کلکی قیتکردەوە، بە فیزێکەوە بەرەو دێڵەکە چوو، بۆنی پێوەکرد، خۆی تێهەڵسووی، بۆ یەکدی نووسکاندییان، دووای ئەوەی دەڵەکەی گڕدا، ڕوویکردەوە گەماڵەکان و زاڵە ئاسا ددانی بە چیڕەوە برد و مڕاندی...

لە ژێر باری ترس و سەرما و بێ هیوایی‌دا بەرەو دوواوە کشانەوە...

ڕەحۆ: با بچینە ناو کەندەکەی بەرماڵان، لەوێ لە نزیك ڕێگەکەوە لە ناو زەندۆڵێکدا تا بەیانی خۆمان مات کەین... بەیانی زوو کە شوان مەڕ رادەدەن، بەم ڕێیەدا تێدەپەڕن، بانگی یەکێکیان دەکەین، بەبێ دەنگی بچێت جل و بەرگمان بۆ بێنێت، ئینجا دەچینەوە ...

لە نێو کەندڕەکاندا خۆیان گلۆڵە کردبوو، سەرسەری پاش تەرزە و باران لە نیوە شەودا کەروێشکەی بە گەنم و جۆ و گیاو گوڵ و گیانی دزە رووتان دەکرد، لەرز و مووچڕك و تەقەتەقی ددانیان تێکەڵاو بووبوو...

---

١٧- کاریتەیانکرد: حەمبارۆزبوون، زۆرەبانەی سەگ و ئاژەڵان لە شەڕدا، لەسەر پاشووان وەستان و بە قەپ و بە چڕنووك شەڕیان کرد.

١٨- کەزیلەی ملی: شاماسوولکەی ملی.



دلۆ بەدەم لەرز و نزگرەوە: ڕەحۆ... ! ڕەحۆ... ! هەتا سبەینێ شوان بێرە دادێن، ئەمن ڕەقبوویمەوە، تۆ خۆت کردە سەرۆك و گوتت: ((کاکە دلاوەر ئەتۆ هەر بۆ سەیران و پاش دزی وەرە، من بەخۆم دزییەکە دەکەم... گوتت تۆ ژنت مارە کردووە، دەبێ لە شایێ تۆدا بە ماینێ کەوێت سوار سوارانێ بکەین...)) باشە ئەگەر بە ماکەرە بۆزەکەی خۆمان لە مەیدانێ سوار سوارانێمان بکردبایە باشتر نەبوو، لەوەی لێرە لە سەرمانا ڕەق ببینەوە، ریسوا ببین و بە مردوویش نەتوانین لە ئاستی کەسدا چاو هەڵبێنین؟... کە تۆ ئەوەندە دلێر و بوێر بووی، دەستت لە سنگت دەدا و دەتگوت: ((دزی و کاری ترسناك و پیاوەتی و دەستوەشاندن پیشەی خۆمەو بەشی کەسی لێ نادەم...)) هەی خوێڕیی کوڕی توێڕی...! هەی قوونەکی سەگسار باوکی دایك ماکەر...! هەی رابە کرمییێت...! بۆ ئێمەت وا بەپەند برد؟ بۆ جوانووە ئەسپی کەوێت و ماینی شێ و کوتە مەڕێکت وەرنەگرت؟ کابرا لەسەر ماڵی خۆی دەپاڕایەوە و زۆریش مەمنوون بوو، کە هێندەش زاخدار و پڕدڵ و پاڵەوان وگفت نەگۆڕ بوویت... دەتگوت((فریومان مەدە... مەمانکە شوانەوێرە...)) حیزۆ! کابرا مەرد و هزرمەند و پیاوناسبوو، بە جگەرەکێشێك دەماری تۆی ناسی! کەچی من لە منداڵییەوە لەگەڵ تۆ لە دێیەکدابووین، فشە فش و نەوێریی تۆم نەدەزانی... حیزی حیزان! ... کابرای سەرناس دەیزانی بە چاو سوورکردنەوەیەك چەکت فڕێ دەدەیت و شەرواڵیشت دادەکەنی... تازە ناگەمەوە دڕکە زییەکان و بچمەوە ناو چاڵەکە و لەوێ بمرم، چونکە مردنی ئەوێم گەلێك باشترە لەوەی بەیانی باوکم و دەسگیران و کەسوکارم و ئاوایی بزانن لەسەر دزیێ شەرواڵیان...

خودا مەرگ!... باوکم دەیگوت: ((ببیە هاوڕێی بێفەڕ و بەدکاران، مەرگیش پێت رازی نابێت، لە شەرمەزاری دەربازت بکات...))

ڕەحۆ بەئەسپایی دەستێکی بەژانی بەجێگەی کەڵبەی سەگەکە داهێنا، بە دەم لێوەلەرزەوە: د د دلۆ!ئەتۆ من من منداڵی، خ خ خەتای من بوو بە پی پی پیاوم دانای، ئە ئە ئەگەر دز بیەوێت هە هە هەموو جارێك، دەسکەوتی باشی هەبێت و جارێکیش نەگیرێت، ئەو ئەو ئەوا بە بە بەهەڵە چووە، لە لە لەکاتی لێ قەومانیشدا ورەی بڕووخێت و دەست و پێی بشکێت، با با بابچێتە ناو چاڵێك و بۆ خۆی بمرێت باشترە... دەبێ جەربەزە و رووقایم بیت، لە پێشهات و ڕووداوی ترسناك نەترسیت... دووای ماوەیەك ئەم بەسەرهاتە ناخۆشە کۆن دەبێت و لەبیر

دەکرێت... کو کو کوڕم! تۆ شیرە خۆرەیت و نازانی تامی مفتەخۆری و دەسکەوتی خۆڕا چەند خۆش و مەزەدارە؟ چی لەمە شیرینترە کە ماڵ و سامان بە سووك و سانایی و بێ شەکەتی، بێتە ناو دەست و دەم و گیرفانت؟ ئەم خەڵکە هەر یەکەو بەرێگایەك دا دەڕوات و بە شێوەیەك بەرێوەدەچێت، سەربەرزی...! چاوشۆڕی...! حەڵاڵ...! حەرام...! قسەی خەڵکی نەوێر و کەللە پووکە، پووتی پوولێك ناکات.

تا بەیانی بەدەم ناڵین و ئاخ و ئۆفەوە هەرلەرزین...

دلۆ، بەدەم گرمۆڵە بوون و لەرزەوە: ئەم شەوە سارد و پڕ ترس و مەینەتە هێندەی تەمەنی باپیرم درێژبوو... وا رووناك داهات و خۆر هەڵات، مۆرەی پشت و برژانگی چاوم هەموی خووسە، هەناسەم شەختەیە و هەڵمی دەمم لەسەر لێو و سمێڵم و کونە لووتم بووەتە سەهۆڵ، دەست و پێم لە گۆچووە و مۆخ و ئێسقانیشم بەستوویەتی، سەد نەفرەت لەو رۆژەی کە تۆ بە قسەی گەرم مێشکی منت زووقمدا و نابیناتکردم... ئەمرۆ لە بەختی مندا مێگەلێکیش بەم رێیەدا نەهات، هەموویان بەرەو زوورگ چوون، کوڕی دەڵەبەبای...دووپشکی کلك حەوت گرێ! وەرە بزانم چۆن ئەمرۆش لێرە بمێنمەوە؟ ئەمە مەزەداری مفتەخۆری و دەسکەوتی بە خۆڕاییە؟... باوکم دەڵێ ((ئەوەی ماڵی زۆری هەیە و ئەوەیش کەمی هەیە کەدەمرن وەك یەك چوار گەز شاخبێزی دەبەن، ئەوی دیکە بەجێ دێلن... بەڵام ئەوەی ئابڕوو و مەردایەتی بدۆڕێنێت ئەوا بە سووك و چرووکی دەژیت و بە ریسواییش سەردەنێتەوە... (هەموو بەیانییەك لەسەر نان خواردندا باوکم دەڵێت) سامانی زۆر و ئابڕووی باشتان بووێت، نەداری و رووسووریشتان هەر گەرەك بێت، بەڵام دەوڵەمەندی ماڵ و هەژاری نامووس، بۆ کەسێك باشە کە ژیان و مردن نەناسێت... (دەشی گوت) هەر کەسێك ماڵی یەکێکی دیکە بە ناڕەوا بخوات، لە کونە تفنکانی دێتەوە... ستەمکاری، ناوزڕان و ئاگری هەردوو دونیای بە نێوچەوانەوەیە...))

بە لۆژە لۆژ لە کەندڕەکان هاتنە دەرەوە، بە رووتوقووتی، لە لیتە و خووس وەرچووبوون، بە گۆدە گۆدە بەرەو دێ سەرکەوتن، پیری گۆپاڵ بەدەست و منداڵی وشت و بزێوی لادێ، بەم بەیانییە لە ناو قەرسیلان لە پێش کار و بەرخ و مەڕەکەتران بوون... روویان کردە قەرسیلی فەقێ ئەبدالی...



بەر لەوەی لە پارچە جۆیەکە دەربچن و بگەنە ناوانی قەرسیلەکە، دلۆ دەست و پێی شکا، نەیتوانی هەنگاوێکی دیکە باوێت، حەزی دەکرد حەزیای رەش پێیوەبدات، نەوەك باوکی بەم شێوەیە بیبینێ... رەحۆ و ئەنۆش زۆر بەبێ باکی لە جۆیەکە دەرچوون و گەیشتنە قەرسیلی فەقێ ئالی و بە دەنگێکی بڵند گوتیان: مام ئەبداڵ! دلۆی کوڕت وا لەناو ئەم قۆپەنە جۆیەدا لە سەرمان دەست و پێی شکاوە.

مام ئەبداڵ لە پێشدا واقی وڕما ، بە چاوی کزی رووتەی کنگ قووڕاوی نەناسیەوە...گوێشی گران بوو... رەحۆ لە بەرامبەری بە دەنگێکی بڵندتر هەمان گفتاری دووبارەکردەوە، پیرەمێرد بۆیان چووە پێشتر و لێیان وردبۆوە: کورە خەمۆی کنگ خوێناوی!... خاپینۆکی لە گەندەکاریدا خاراو!... ختکێنە! چۆن لە قووڕ و خڵتاوێت وەردایـن و دایکی خۆم و کوڕەکەم و باوکە گەورەمت گا؟ قەڵبوونت کردین و بنەچەو پیاوەتیت ریشەکێشکردین! ویستی بە گۆچانەکەی لێیبدات... رەحۆش بە دەست ئاماژەی بۆ قۆپەنە جۆیەکە کرد و لەبەر دەستیشی هەڵات... گەنەی کوڕی گەندە کیرخۆرێ، **خوێنی گونمانت مژی، پووشتێك نەبوو دەستی گول و چەپەڵیت ببڕێتەوە، گۆمی زینگی گوندەکەت کردە گەناو...**

گەلە منداڵێکی چاوزیتی دەست بە گۆپاڵ، بەخۆیان و سەگەکانیانەوە جغزێنەیان بە دەوری دوو رووتە کنگ قوڕاویەکە دابەستا و بە ئاوازەوە هاواریان دەکرد: هۆی ها... هۆی ها...، هۆی ها...، هۆی ها... رەحۆ گونی دیارە...، هۆی ها حیزۆی قوونسوور... هۆی ها... پۆزی رووتە... هۆی ها خەمۆیی رابیێ... لە قووڕاویی نێن تەڕنابی... تۆز دەکا و تۆز دەکا... لەسەر قووڕێ تۆز دەکا...

لە ناو جغزەکەوە هاتنە دەرەوە، وەك نە (با)یان دیبێ و نە باران، وردە وردە بەرەو ماڵ بوونەوە، رەوە منداڵ و سەگیشیان بە دوواوە بوو....

ئەبداڵی ئەژنۆ شل و لەرزۆك گەیشتە سەر دلۆی، سەری بادا، دەستی خۆی گەستەوەو گوتی: نەمگوت هاوڕێی بەدفەڕ و بەدکردار... کەس نەما کوڕی رابییە کرمیێ نەبی؟... پاڵتۆ ئاودامانەکەی داکەند و کردییەبەری... : تووشتان بە تووشی مەردێکی بە ویژدان بووە و نەیویستووە بتان تۆپینێت، بەڵام گەرەکی بووە پەندێکتان دابدات، ئێوە و خەڵکی گوند تەمبێ بکات...

دلۆ بە پێوە وەستابوو و رووی نەبوو چاوی باوکی ببینێت، چاوی پەنادا، سەری بۆ لای مالآن سوورڕاند، دووبرایەکی لە ئاسماندا دیت، چاوی بڕینەوە زەوی و بە شەرمەزارییەوە: باوکە بڕووانە باڵندەکەی سەر بەرخەکانی خۆمان! بزانە هەڵۆ سەرسپییەکە نییە؟ ئاگادار بە رەشەمارە شاخدارەکە پێتەوەنەدات!...

بە حەپەساوییەوە ئاوڕێکی لەرزۆکی داوە و گوتی: کوڕم ئەوە کۆلارە جووجەڵە خۆرەکەیە، دوێنێش جووجەڵەیەکی دایکتی رفاند، بە لەرزە لەرز پتر سووڕا و روو بەڕووی بۆوە، ئەویش چاوی لەبەر خۆی نابوو و پشتی تێکرد و گوتی: باوکە بمبەوە لە ناو چاڵەکەی ناوەڕاستی دەوەنی زییەکان، لە نزیك چەمەسوور بمنێژە!... باوکە مردنیش پێم رازی... لە شوێنی خۆیا روو لە زەوی راکشا و خۆی رەقکرد... دەستە لەرزۆکەکەی خستە ژێر تەوێڵیێ: کوڕم بەدەم تاولەرزەوە وڕێنە دەکەیت... دلۆۆ!... دلۆۆ.... دلۆۆ! دلاوەر! ئێستا گەرم ... نووشتایەوە و وەریگێڕایە سەرپشت... ئەو هەردوو دەستی بە چاوی خۆیەوە چڕمساندبوو... کە دەستەکانی لادان، چاوی توند توند نووقابوو... بە ترسەوە زۆریش بە هێمنی بە لەرزە لەرز پێڵوی چاوی کردەوە... رەشکێنی تیا نەمابوو....